ژماره (١) تەمموزی ٢٠٠٩

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ناونان و هەست

ڕێژنە ئیسماعیل

با زمانەکەمان بپارێزین

مستەفا سەید مینە

چەمك و پێناسەی زاراوە

د. شەهاب شێخ تەیب

خوێندنەوە و نووسینی ژمارە بنجییەکان

بابارەسوڵ نوری

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ژمارە: (٣٥٣)**
**رۆژ: ١٧/ ٦/ ٢٠٠٩**

---

**تۆماری یاسایی**

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بریاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت رۆژنامە/ گۆڤاری (زمانناسی) کە خاوەن ئیمتیازی (سەلام ناوخۆش بەکر) و سەرنووسەرەکەی (نەریمان عەبدوڵلا کەریم)، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (٣٥٣) تۆمار کرا..

فەرهاد عەونی
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ١٧/ ٦/ ٢٠٠٩

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ژمارە (١)ی تەمموزی ٢٠٠٩

خاوەنی ئیمتیاز
سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی
پ. ی. د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

دەستەی راوێژکاران
پ.ی.د. فوئاد رەشید
ئیدریس عەبدوڵڵا
مستەفا سەید مینە

بەڕێوەبەری هونەریی
عەبدوڵڵا رەحمان

ناونیشان: کوردستان . هەولێر
ئیمێل:
Zimannasig@yahoo.com
Zimannasi@yahoo.com
Xoshnaw-n@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا


ناسنامەی گۆڤار ........................................................ ٣

سەروتار ................................................................... ٤

هەندێ وردەکاری و تێبینی لە بەکارهێنانی مۆرفیمی — لا— ...............ئەحمەد هیرانی ٦

ئامرازی پەیوەندی (ە) وەك پاشگر لە ڕێزمانی کاری ناسادەدا...........د. شێرکۆ بابان ١٨

خوێندنەوە و نووسینی ژمارە بنجییەکان ................... بابا ڕەسول نوری ڕەسول ٢٩

زمانەوانی ................................................. و: نەریمان خۆشناو ٤٢

هەندێ لایەنی سینتاکسی لە شێوەزاری ڕواندزدا............... ئا: رازاو ڕەشید سەبری ٥٧

سەلام ناوخۆش: دەسەڵاتی کوردی خۆی نایەوێت زمانی یەکگرتوو دروست بێت............٧٢

مۆرفۆنیم لە ڕوانگەی بابەتەوە............................................. بازیان یونس ١٠١

ناونان وهەست ............................................. ڕێژنە ئیسماعیل ١١٣

با زمانەکەمان بپارێزین ..............................................مستەفا سەید مینە ١٢٨

واتای ڕستە لای هالیدای .............................................شوکر محەمەد گەلاڵی ١٣٢

چەمك و پێناسەی زاراوە..................................... د.شەهاب شێخ تەیب ١٤٥

ئەرشیفی زمانناسی.................................................. ئا: زمانناسی ١٦٤

کتێبی زمانناسی ................................................. ئا : زمانناسی ١٧٠

هەواڵی زمانناسی ................................................. ئا: زمانناسی ١٧٣

# ناسنامەی گۆڤار

ئەمساڵ ٢٠٠٩، کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ و رۆناکبیر بیرمان لەوە کردەوە، کە گۆڤارێکی تایبەت بە (زمان) دەربکەین، چونکە تاکو ئێستا هیچ گۆڤارێك لەهەرێمی کوردستان تایبەت بەزمان دەرنەچووە، ئەم پرۆژەی ئێمە یەکەم پرۆژەی زمان دەبێت لە باشووری کوردستاندا. جگە لەسێ ئامانجە سەرەکییەکەی لە سەروتار ئاماژەمان پێکردووە کارنامەی زمانناسی بریتی دەبێت لەمانەی خوارەوە:

١ـ نووسینەوەی رێزمانێکی دروستی کوردی بەگوێرەی بنەماکانی زمانی کوردییەوە.

٢ـ بوژانەوەی زمان و کەلتووری کوردی.

٣ـ دۆزینەوەی ئیتیمۆلۆژی (رەسەنی) زۆر وشەی کوردی.

٤ـ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو وشەو زاراوانەی گوند، چونکە بە مردنی پیرەکانمان ئەو خەزێنە گەورەیەی زمانی کوردی دەکەوێتە مەترسییەوە.

٥ـ پەرەپێدان بە زمانی کارگێڕی کوردی.

٦ـ نزیککردنەوەی هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی، هەروەها گرنگی دان بە ئەوانی تر.

٧ـ دەرخستنی لایەنی فەلسەفی زمانی کوردی.

هەموو ئەوانە لەسەر بنەمای زارناسی ـ Dialectology ئەنجام دەدەین.

بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمان لەچوارچێوە ئەکادیمیەکە دەرنەچێ، ئەوە دەستەیەك لەڕاوێژکارمان لە پسپۆڕی زمانی کوردی پێکهێناوە، هەروەها دەستەی نووسەرانیشمان کەسانی شارەزان لەزمانی کوردی.

**خاوەنی ئیمتیاز:**

**پ. ی. سەلام ناوخۆش بەکر، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی لیژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردی.**

**سەرنووسەر:**

**نەریمان خۆشناو، مامۆستای زانکۆ و نووسەری بواری زمان و ئەندامی لیژنەی بیبلۆگرافیا لە ئەکادیمیای کوردی**

**سەرپەرشتیاری زانستی:**

**پ. د. شێرکۆ بابان، مامۆستای زانکۆ و رێزماننووس.**

# سەروتار

زمانناسی یاخود توێژینەوەیەکی زانستیانەو سیستماتیکیانەی زمان، مێژوویێکی هێندە کۆنی لە ئەوروپا نییە، بەڵام ئەوان هەوڵیانداوە لەو مێژووە کورتەدا زۆربەی ئەو بوارانەی پەیوەندییان بەخودی زمانەوە هەیە لێیبکۆڵنەوە، بەجۆرێ خەریکە هەریەك لەو بوارانە دەبێتە زانستێکی سەربەخۆ. وڵات نییە گرنگی بەزمانی نەتەوە نەدات، چونکە ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەماو شەنگستی نەتەوە دامەزراون، زمان بەناسنامەو بوونی خۆیان دەزانن، جەزائیرو مەغریبییەکان بودجەی زۆر تایبەتییان داناوە بۆ بەعەرەبکردنەوەی ئەدەب و کەلتوورو دام و دەزگای دەوڵەت. ئەوان دەیانەوێ نەوەیەك دروست بکەن کە جگە لەزمانی فەرەنسی زمانی عەرەبیش بزانێ و بەزمانی خۆی دابنێ. هەروەها بەحوکمی ئەوەی قورئانی پیرۆز بە عەرەبییە، ئەوان ئەو لایەنەش دەقۆزنەوە بۆ بیناکردنەوەی تاکی خۆیان.

نەتەوە نییە زمانی نەتەوەی خۆی لەلا شیرین نەبێ. یۆنانییەکان، چەند هەزاری بوون ئەوەندەش شۆڤینی بوون بەرانبەر زمانەکانی تر. ئەوان زۆر بە پیرۆزی تەماشای زمانی یۆنانیان دەکرد. ئەو دیاردەی بە پیرۆز زانینی زمانی نەتەوە ماوەیەکی زۆر ڕۆژئاواییەکانی سەرقاڵ کردبوو، بەچەندەها گریمانەو شێوازی بێهودە. دراوسێکانی کوردیش، عەرەب، تورك، فارس، لەڕۆژئاواییەکان زیاتر کەوتبوونە ناو ئەو گێژاوە نامەعریفییە. ئەوانە هەرسێکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی کوردی جگە لەچەند زارو بنەزارێك هیچی تر نییە!

ئەوان، لەسەر بنەمای نادادوەری و یەکسانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندووە. هەر لەو پێودانگەش دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەیی کوردو زمانی کوردی بسڕنەوە. ئەوانە چەند پێکولێ تریش بکەن، ناتوانن زمانی نەتەوەیەك بسڕنەوە، چونکە پێش هەموو شتێ زمانی نەتەوە و هەبوونی زمانی نەتەوەیی ئایەتێکی خوداییە، دووەمیش تاکی کورد ئامادەگی تێدا نەبووە دەستبەرداری زمانی شیرینی کوردی بێت!

بێگومان دەسەڵاتی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەپێناو گەشەپێدان و سەپاندنی زمانی نەتەوە لە دام و دەزگاکانیدا. لە ئەزموونی زۆربەی نەتەوەکاندا دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی سیاسی فاکتەری یەکلاکەرەوەی بەفەرمی کردنی زمانی نەتەوەییە. ئەفسووس لەسەردەمی حوکمڕانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ١٩٩١ ـ ٢٠٠٩ زمانی کوردی ئەو بایەخ و گرنگییەی پێنەدراوە، هەتا ئێستا کوردی نەبۆتە زمانی خوێندن لەهەموو دام و دەزگاکانی حکومەتدا،

چونکە ئەگەر کوردی بکرابووایە زمانی خوێندن و نووسین و زمانی پەرلەمانی کوردستان ئەوە دەبوو زمانی ستاندەری کوردی بەرەو دروست بوون بچووبووایە، نەك هەڕەشەی لێبکرێت وبیرۆکەی دوو ستاندەر لە خوێندن و دام و دەزگای پەروەردەو فێرکردن و حکومەت کاری لەسەر بکرێت!

زمان خۆی پرۆسەیەکی سیاسییە! لەهەر پرۆسەیەکی سیاسیدا ململانێ بەرپایە. لەو نێوەندە دەسەلاتی حوکمڕانی کوردستان ئەمەی نەکردۆتە یەکێك لەپرۆژە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. هەر ئەوەش وایکردووە ئەو کەلێنە لەناوبەرە لە پرۆسەی بەفەرمی کردنی کرمانجی ناوەڕاست دا ئایندەیەکی روونی نەبێت، هەروەها لەپاش تەواو سەقامگیربوونی دەسەلاتی بەغدا، عەرەبەکان لە کەناڵی زمانی کوردییەوە کەلێنی ناو ماڵی کورد دەقۆزنەوە بۆ لێدانی زمانی کوردی!

سەیرە! دەسەلاتی سیاسی ولات لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی دامەزرابێت تاکو ئێستا لەو سەدان گۆڤارو ڕۆژنامەیەی بە بودجەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی حکومەتەوە دەربچێت تەنیا گۆڤارێکیش تایبەت نەبێ بە زمانناسی کوردییەوە؟!

ستافی ((زمانناسی)) ئەو کەلێنە گەورەی لەبزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی بینی، بۆیە بیریان لەوە کردەوە گۆڤارێکی مانگانە دەربکەن. گۆڤاری زمانناسی یەکەم پێکۆڵی کوردییە لەپێناو زمانی کوردی! ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ پێکانی چەند ئامانجێك هاتووە:

١ـ دروستکردنی کۆڕی زانستی زمانی کوردی. لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو ولاتانەی قەدری زمانی نەتەوەیی خۆیان دەگرن، ئەکادیمیایەك هەیە بەناوی (کۆڕی زانستی زمان). ئێمەش هەوڵدەدەین بەهاوکاری زمانناسان و خەمخۆرانی زمانی کوردی ئەو کۆڕە زانستییەی زمانی کوردی لەئایندە دابمەزرێنین.

٢ـ زمانی ستاندەری کوردی بکەینە ئەمری واقیع! باوەڕمان وایە هەبوونی یەك زمانی ستاندەر لەخوێندن هۆکارێکی سەرەکی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تاکی کوردە، هەروەها دروستکردنی کەسایەتی نەتەوەیی کوردییە.

٣ـ ئەوەی بە هەڵەی پێی دەڵێن ئەلفبای عەرەبی یان ئەلفبای ئیسلامیی، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵکو ئەم ئەلفبێیە ئەلفبێیەکی کوردییەو تەواو لەگەڵ زمانی کوردی دەسازێ. لەم ڕوانگەوە ئێمە لەزمانناسی جەختی سەرەکی لەسەر ئەم ئەلفبێیە دەکەین.

ئەم سێ ئامانجە سەرەکییەی (زمانناسی) پرۆژەی ستراتیژی نەتەوەو ئاسایشی نەتەوەیی زمانی کوردییە، بۆیە چاوەڕێی دەکەین خەمخۆرانی زمانی نەتەوە لە لێکۆڵینەوە و وتاری گرنگ دەربارەی زمانی کوردی بێبەشمان نەکەن.

**خاوەنی ئیمتیاز**
**٢٠٠٩/٧/٤**

# هەندێ وردەکاری و تێبینی لەبەکارهێنانی مۆرفیمی ـ لا ـ لەڕێزمانی کوردیدا

بەشی یەکەم

ئەحمەد هیرانی

زۆر لە کۆنەوە کورد فەرمویە: ماڵ بە ماڵخۆی نەچێت حەرامە. گەرچی ئەو پەندە لە چەمك و واتادا زۆر شت دەگرێتەوە، کە: پەیوەستدارە بە خاوەن ماڵ، وەك ماڵ و کەرەستەی ناوماڵ لەبەکاربردندا، کە یەکێ خاوەنیەتی... . ئەو پەندە بەمشێوەیە گوتراوە مەبەست ڕووهەڵماڵینە، واتا دەرخستنی رووی چاك و خراپیە لە هەڵس و کەوت و بزێوی و دژواریدا لە جمو جۆل و بەکاربردنیدا. بەهەر چۆن و بۆچونێك بێت...
مەبەستی سەرەکی ئێمەش لەو پەندەدا ئەوەیە: کە زمان و ڕێزمانی کوردی ئاوێنەی بێگەردی ژیانی نەتەوەکەیە، لەرووی رسکان و بنچینەو بنەوانەوە، بنچینەی ئاڵۆزکاو، دارِشتنی وشەو بەکاربردنیان لەرِستەدا.
ئەگەر بەسەرنجێکی تیژرەو، بە هوردەکاریەوە برِوانینە زمانەکە، دەبینین کە چەندەها وشەی سەرگەردان و هەمە جۆر هەن لەو زمانەدا، کە بەزۆر واتای جیاوازو کاری جۆربەجۆر لەرِستەسازی و زمانەوانیدا بەکار دەبرێن و رۆڵی گرینگ دەنوێنن، هەر بۆیە ئەوە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ لایان لێبکاتەوە و ئاشکرایان بکا و لێیان بدوێت، وەك بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نەتەوایەتی پیرۆز.
مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە تەنینەوەی ئەو وشانە نییە کە هۆنەرە بەهرەمەندو لێهاتووەکان لەدێرە هۆنراوەکانیاندا بۆ پێزو پتەوی رسکانی هۆنراوەکەو جوان و ناسکی هەڵس و کەوت و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، لەشایانی رەوانبێژیدا هەڵیدەسەنگێنن.
نا... مەبەست لەوەیە: کە هێشتا زمانی کوردی ئامای زمانە زیندوەکانی گێتی

نەگەیشتۆتە کاروانی پێشکەوتن و پەل و پۆهاوێشتن، نەخاسما لەڕووی چەسپاندنی ڕێزمانێکی بەپێزو پتەودا.
هەروا نەبوونی فەرهەنگی زانستی زمانەوانی نەتەوایەتی بۆ هەمموو گروپە زارە زمانیەکانی کە لەیەك پشتی ئەم زمانەدان، هەرچەندە کەوا زاناو زمانزان و روناکبیرانی نەتەوەکە بێدریغ و شەوخونی لەدژوارترین بارودۆخ و رۆژگاری رەشدا کۆشاون بەگوێرەی تێگەیشتن و بۆچوونیان هەولّیانداوە کە رێساو یاساو دەستورێك بۆ زمان و رێزمانەکەی فەراهەم بێنن... بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانەکەو پاراستنی لەهێرشی بارەشی بێ بەزەییانەی داگیرکەران لەترسی لەناوچون و گومڕایی کردنی ئەو راستیانەی کە دەبنە هۆی بوونی نەتەوەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رێساو یاساو بنەماو بنەوانانە سەقامگیریان بەخۆیانەوە هەڵنەگرتووە، لەکەم و کوڕیشدا خاڵی نەبوون و نین... تا ئەو ئەندازەیە دەتوانم بڵێم: هەتا ئەو کتێبانەی کە وەك بەرنامەی پوخت رێکخراون بۆ خوێندنگەکان، بگرە لەگشت قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان هەروا پەیمانگەو زانکۆکان هەڵەی زەق و زۆریان تیادایە، چی لەڕووی رێکخستنی بابەتەکان یان لەڕووی راڤەکردن و راهێنانەکان و نموونەکانەوە یانیش لەڕووی رێنووس و شتی تر.
ئاشکرایە کە هۆی بنجی و سەرەکێش لەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخە ناپەسندو ناهەموارەکەی گەلی ستەمدیدەی کورد بەدەست پچرپچڕی و نەبوونی ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ، جگە لە ئاوارەیی و دەستبەسەری و تاوانەوەی چینی رۆشنبیرو روناکبیرانی لەنێو کونجی ئەژدەهای تاریکی و بەندیخانەکاندا.
ئەو زاناو پیاو ماقوڵانەی کوردیش کە بەکاری وابەجێ هەڵساون، هەمیشە جێی رێزو شانازی نەتەوەکەیانن، بۆ هەمیشە، هەرگیزاو هەرگیز ئاڵای بەرزکراوەی دەستی نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوون و فەرامۆشناکرێن... هەر ئاوی ئەوانە کە رشتویانە و ئێمەش پێی لێدەخشێنین.
قەرزاری ئەوانین لەرووی خۆراگری زمانەکەو مێژووی شکۆداری نەشێواوی نەتەوەکە بۆ تا هەتایە، هەر لەبەر ئەوەی کە هەولّی رۆناکبیرانی، شەوچراغێ بووە، بۆ خزمەتی زمانەکە، زۆر بێباکانە ئاسای مۆم دایساون، لەهەموو تەنگ و چەڵەمەو کۆسپێکدا، ئەگەر ساتمەشیان کردبێ، ئەوا سڵنەبوونەتەوە، پتر قەڵەمیان تیژکردووەو هەر لەدوای کاروان رۆیشتوون و دانەبڕاون. تا رۆژگارێ هات و کاروانەکەیان سپارد بەنەوەی نوێی

ئەمڕۆی خاکی نیشتمانی ئەم کوردستانە.
چرۆی ئەم ڕووگەشیە لەمێژووی ئەزموونی ژیان و خەباتی نەپچڕاوەی ئەم نەتەوەیە هاتووە وەك دەبینین... هەوڵی ئەو ڕۆناکبیرانە، بگرە هەر لەسەر هەڵدانەوەی کرمانجی ژووروودا، واتا لەساڵی ١٩٣٠ دا تا ساڵی ١٩٤٧، واتا تا سەربەخۆیی سوریاو لبنان، هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوەو ئەو مەیدانانەی گرتۆتەوە وەك:
١ـ ڕێکخستنی ئەلفبای کوردی بە لاتینی.
٢ـ گەڕان بەدوای فۆلکلۆرو بلاّوکردنەوەی تێکستەکان لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی دەکرد وەك: هاوار، ستێر، رۆژا نوێ، روناهی...
٣ـ بەرهەمی شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردستان بەتێکرشایی...
٤ـ بلاّوکردنەوەی چەندەها لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد، کە لێکۆڵینەوەکان خاسیەتێکی نوێیان پێوە دیاربوو، کە لەگەڵ بناغەو پەیڕەوی زانستی لێکۆڵینەوە دەگونجان، چونکە روناکبیرانی وا دەیاننووسی کە ئاگاداربوون لەبیری تازەو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوروپا... هەروا چەندەها زمانی ئەوروپیان زانیوە و زانیارییەکانیان گواستۆتەوە بۆ ناو زمانی کوردی.
ئەم تەوژم و بلێسە شکۆدارەی هۆشمەندو روناکبیرانی کورد تا سەربەخۆیی سوریاو لوبنانی خایاند لەساڵی ١٩٤٧ دا، بەلاّم سەد ئاخ و هەزار مەخابن، کە ئەو تەوژم و چالاکییە رۆشنگەریە ئەدەبیە لەژێر دەست و چەپۆکی رژێمی بورژوای لوبنان و سوریادا شکستی هێناو تێکشکێندراو کزکرا، کە نزیکی لەناوچوون بوو...
گڵپەی ئەم بیرە پاکانە بۆ خزمەتی زمان و کەلتورو ئەدەب و مێژووی کورد تا دەهات تاوی دەساند، تاوای لێهات سەرجەم، سەرتاپای کوردستانی گرتەوە، چزۆی ئەم ئێش و ئازارە نەتەوایەتییە خزایە نێو دەروونی رۆشنبیرو روناکبیرانی لەکوردستانی باشووردا. (بڕوانە ل ١٠٣ ـ ل ١٠٤ زمان و ئەدەبی کوردی ـ پێنجەمی ئامادەیی)، هەر بۆیە وەك دەردەکەوێت شوێن پەنجەی خامە رەنگین و پڕ بەهاکانی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ ـ ١٩٤٩)، هەروا گۆڤاری هیوا دیاربوو، کە بێدرێغ لەپاڵ وتارە سیاسی و شلەقاندنی بیری نەتەوەیی و مێژوویی و چیرۆك و چیرۆکی شانۆیی و وتاری کۆمەلاّیەتی و رەخنەو پێشخستنی لەبوارێکی زانستیدا، هەندێ لایەنی زمان و رێزمانی و وشەکاریش تیشکیان خستۆتە سەرو دەریانخستووەو بایەخیان پێداوە.
ئەمە، بێجگە لەو کتێب و نامیلکانەی کە دەربارەی زمان و رێزمانەوە چاپکراون

لەلایەن زمانزان و نووسەرانەوە، چ لە ناوەوەی کوردستان بوبێ یانیش لەجیهانی دەرەوەدا بوبێ... لەدوای پەنجاکانیش هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشە مەزنەکەی چواردەی گەلاوێژ لەساڵی ١٩٥٨ دا، ئەو ناڵەو گلپەو بلێسەی خامە رەنگینەکانی روناکبیرانی کورد زیاتر کەوتە پەرژکردنی گڕو خۆسەپاندن تا ئەوپەڕی کەشکەلانی فەلەك، بەوپەڕی ئازادی و بەرفرەوانی لەڕووی سیاسی کوردو جوگرافی و مێژوویی و کەلتوورو باری ئەدەبی و رەخنەو زانستی زمان و رێزمان، کەوتنە جموجۆڵ و نەخشەو پلاندانان بۆ ئایندەیەکی بێ گرفت و پڕ ئاسوودەو ـ وەرچەرخانێکی هەمیشەیی هاتە کایەوە دوور لە کۆسپ و تەڵخی و شێواندن.

رۆژ بەرۆژ رۆڵی پێشکەوتنی زمان و رێزمانی کوردی و زانستەکانی تری زمان بەرگی نوێیان لەبەر دەکردو خێراتر هەنگاوی دەهاوێشت بۆ پێشەوە و ئاسۆی فراوانترو رۆنتر دەکرد، پتر لەسەدەکانی رابردوو، پەل و پۆ و چرۆی دەکردو دەگەشایەوە و بەگوڕ. تەکانی بەرەو پێشبردنی زمان و رێزمانوەك کەرستەی بوونی نەتەوایەتی لەنێو رێساو یاسای تایبەت بەزمانەکەوە چەسپێنران. بەتایبەتی دوای بەستنی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە لەهاوینی ساڵی ١٩٥٩دا. کە تیایدا سەرجەم روناکبیرانی کورد کەوتنەوەخۆ سازی بۆ پلان و نەخشە دارشتن لەپێناو دروستبوونی زمانێکی نوسینی ئەدەبی یەکگرتووی نەتەوایەتی کورد.

یەکەم بەرهەمی ئەو کۆنگرەیە ئەوەبوو کە داوا کرا بەشی زمانی کوردی لەزانکۆی بەغدا لەساڵی ١٩٥٩ دا کرایەوە کە چەند مامۆستای لێهاتووی زمانزان وانەیان تیادا دەگوتەوە. هەر لە ئەنجامی ئەوەش بوو کە چەندەها روناکبیری کورد پسپۆرو زانای لێهاتووی ئەدەب و زمانەکەی رەوانەی دەرەوەی وەلاتکران بەتایبەتی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو.

تا بەشارەزاییەکی تەواوەوە دوای چەند ساڵێ هەر یەکەیانی لەبوارێکی تایبەت بە ئەدەب و زمانزانی بڕوانامەی پسپۆڕییان وەدەست هێناو بەسەر بڵندی و سەرفرازی دوای گەڕانەوەیان لەزانکۆی بەغدا لەبەشی زمانی کوردی دامەزران کە بێدرێغ بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی سەرشانیان بەرۆڵەو روناکبیرو کورد پەروەران بێ پشوودان و حەسانەوە، جگە لەمە لایان لەشتێکی دیکە نەکردۆتەوە.

دوای حەفتاکانیش بەتایبەت دوای رێککەوتنامەی ئادارو دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، کە چەندین کاری سەنگین و نگین و بەجێ و دانانی خشتەو پلانی کۆك و پوخت

و ڕێك و بەرنامەی خوێنگەکان و چەندەها کاری تر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زانستی زمان و ڕێزمانی کوردو کەلتورو ڕەحنەو مێژوو لەبەر ڕۆشنایی شەن و کەوکردن و پەرەسەندنابووە... بەدەرکردنی چەندەها گۆڤارو کتێب و ئەو بارانەی شادیان بەسەر کوردا ڕشتووە.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەو بارە ڕسکا کە کورد خۆی سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی چەند دانشگایەکی سەربەخۆ بگرێتە دەست و بەڕێوەی ببات. بۆ پێگەیاندنی هۆشمەندو کادری لێهاتوو، کە لەهەموو لایەنەکانی زمان و زانستەکانی تردا ئەسپی دڵسۆزی و تێکۆشان بۆ خزمەتی کورد تاو بدەن.

ئەگەرچی ئەم پێشەکییە بەرکولێەکی کەم و کورت بوو، چونکە باسەکە پتر لەوە هەڵدەگرێ کە تیایدا قوڵ ببینەوە و لێدوانی لەسەر بکرێ.. بەڵام تا توانیمان خاڵە سەرەکیەکانمان وەرگرت و لەدرێژدادڕیدا دزەمان کرد، چونکە درێژەدان بەهەر شتێ مرۆڤ تووشی گێژاوی سەرگەردانی دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆیە داوا دەکەم بەیەکەوە بگەڕێینەوە سەر سەکۆکانی مۆرفیمی ـ لا ـ با دابنیشین و لێی بڕوانین تا ئەو ڕۆڵ و دەورەی کە دەیگێڕێ لەزمان و ڕێزماندا یەکە یەکە بیانخەینە بەر شەنەبای نوکی خامە، هیواشم هەر ئەوەیە کە لەکەم و کوڕیەکانم چاوپۆشی نەکەن و کەسیش نییە لە ئەنجامدانی هەر کارێکی نوێدا سەدا سەد کارەکەی تەواو ڕاست دەربچێت...

**یەکەم: مۆرفیمی ـ لا ـ چیدەگەیەنێ؟**

وەك لە زانستی زمان بەشی مۆرفۆلۆژی، ئەو بەشە زانستەی کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی وشەوە، لەرووی ڕسکان و پێکهاتن و گۆڕانەوە. کەواتە لەم گۆشە نیگایەدا دەردەکەوێ کە: ـ لا ـ مۆرفیمێکی سەربەخۆی پیادەکراوەو ئامادەیە، لەزمانەکەماندا بە واتای ـ کن ـ دێت کە لەبنچینەو ڕێسای ڕێزمانیدا دەخزێتە نێو فەرهەنگی ئاوەڵکاری شوێن... مۆرفیمی ـ لا ـ لەژێر ڕکێفی خۆیدا کە ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر هەر وشەیەکی دەهێنێت لەروخسارو ناوەڕۆکیدا، خۆی هەر پابەند دەبێت بەکارە ئاوەڵکاریەکەی... بە دەگمەن نەبێ کە ئەو کارە و حاڵەتە لەکیس ئەدات... بەهەر حاڵ با لەخۆی و هاو واتاکەی، مانا ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بکەین. وەك لەم هۆنراوەی نالی هاتووەو دەڵێ:

لەکن تۆ خارو خەس گوڵزارە بێ من     لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ
لەکن من باوجودی ناس و ئەحناس     کەسی تێدا نییە ئەمشارە بێ تۆ

ئەگەر هۆنەر مۆرفیمی ـ لا ـ شی بەکاربردایە لەجێی وشەی ـ کن ـ هەر هەمان مەبەست دەپێکێ و ئەدا بەدەستەوە.

یاخود پیرەمێرد فەرمویە:

**لام وایە هەر لەراستیەوە رێی خۆم بگرمەبەر**
**رزگار ئەبم بەڕاستی هەموو ئیش دەچێتەسەر**

یانیش وەك بێکەس دەڵێ:

**خەیاڵاتی شەو و رۆژم ژیانی میللەتی کوردە**
**تەمەننام لای خودا دائیم ژیانی میللەتی کوردە**

هەروا مەولەوی وتویە:

**کۆچی بینایی دیدەی هەژاران**
**لای ئاسانکردم خەم و پەژاران**

یانیش پیرەمێرد دەڵێ:

**رەنگ هەڵبژێری لەشێوەی بەهار**
**لەو رەنگە خۆشی بێ لای دڵەی غەمبار**

لەو کۆپلە هۆنراوانەدا وا دەردەکەوێ، ئەگەر مۆرفیمی ـ لا ـ لابەرین و هاو واتاکەی لەجێی دابنێین، واتای هۆنراوەکان شێلوی نابێ و روخساریشیان تێکناچێ... بەڵام مۆرفیمی ـ لا ـ لە دیالێکتی باکوور، فۆنیمەکانی پێکهاتەی ئەو مۆرفیمە پێچەوانەی دیالێکتی باشوورە. واتا لەو دیالێکتەی باکوور، مۆرفیمەکە دەبێت بە ـ ئال ـ نەك هەر خۆی بگرە بۆ هاو واتاکەشی ئەم گۆڕانە لە ئارادایەو دەبێت بە ـ نك ـ کەواتە مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ هاوواتاکەی لە شێوەو رێکخستن و دەربڕیندا لەڕووی فۆنەتیکەوە دەگۆڕێت لەو زارەدا.

بەڵام لەناوەڕۆك و واتاو بەکاربردنیدا لەهەردوو دیالێکتەکەدا یەك مەبەست دەپێکێ و بەکاردەبرێت، بۆ نموونە:ـ

١ـ کەرەمکە ئالیٚ مەرونیٚ.

٢ـ ل هندەك شەڤا ژ ئالیٚ وی دمینم.

٣ـ هەمی گاڤا ژ ئالیٚ تەدا رودنیشم.

لەم نموونەدا ئەگەر لەبری مۆرفیمی ـ ئال ـ هاوتاکەی ـ نك ـ بەکاربرێت، مەبەستی ڕستەکان وەکچۆن هاتوە، هەروا دەمێنێ و شێرازەکەی ناگۆڕێ، نموونەیەکیش بۆ

هاوواتاکەی وەك:

**ل نك مرنێ ئو تەنگاڤی و نەخۆشیا**

**کەسێ نابیت مەفەر دۆست و هەڤالەك**

هەر ئەو رستانەی رابردوو، ئەگەر بەدیالێکتی باشوور بنوسینەوە و رێکی بخەین ئەبێ بلێین:

١ـ فەرموو لای ئێمە دانیشە یان فەرموو لامان دانیشە.

٢ـ هەندێ شەوان لای ئەو دەمێنمەوە.

٣ـ هەموو کاتێ لای تۆ دادەنیشم.

نیگایەك/ لەزۆر رێساو بنچینەو یاسای رێزمانیدا، جیاوازی بەرفرە هەیەو بەرچاو دەکەوێ لە نێوان ئەم دوو دیالێکتەدا، چی لەڕووی فۆنەتیك بێ یان پێکهاتەی وشەیی، یانیش سەبارەت بەڕاناوەکان و بەکاربردن و پێکهاتنیان، چی لەدیاری کردنی ـ نێرو مێدا ـ چی لەرووی نەبونی چاوگی دالی لە دیالێکتی باکوور، هەروا گەلێ تایبەتمەندی تریش کە ئێرە جێی لێدوانی نییە...!؟

**دووەم/ مۆرفیمی ـ لا ـ وەك پێشگر لەگەڵ هەندێ لەچاوگەکاندا...؟**

ئاشکرایە کە پێشگر و پاشگر بچنە سەر هەر وشەیەك، چی ناوبێ، چی فرمان (کار) بێ، یانیش ئاوەڵناو بێ، دەبێتە هۆی گۆڕینی و لادانی وشەکە لەواتا بنچینەییەکەی، بۆ واتایەکی نوێ و تازە، وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێ کە مۆرفیمی ـ لا ـ بەو کارە هەڵدەستێ، روخسارو ناوەرۆکی چاوگەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، کەواتە چاوگەکان دەکا بە داڕژاو، ئەمە لەروی روخسارەوە، واتاکانیشیان دەگۆڕێت بۆ واتایەکی تر، ئەمەش لەروی ناوەڕۆکدا، دوای لادانی نونی چاوگەکانیش دەبن بە کاری دارژاو، هەر بۆ نموونە:

٩ـ وشە (چاووگ دانانی پیچشگری ـ لا ـ چاووگی دارژاو لادان نونی چاوگ فرمان کاری دارژاو

A ـ چوون لاچوون لاچوو

B ـ کەوتن لاکەوتن لاکەوت

C ـ بردن لابردن لابرد

D ـ دان لادان لادا

E ـ نان لانان (وەلانان) لانا (وەلانا)

F ـ هاتن   لاهاتن   لاهات

G ـ مان   لامان   لاما

لەهەڵسوکەوتی زمانەوانیدا بۆ چاووگی ـ لانان ـ جار هەیە وەك گرێیەك (وەلانان) گۆدەکرێت، کە کاری لێدروست دەکرێت، واتا قەدەکەی دەبێ بە ـ لانا ـ وەك فرمانێکی دارڕژاو، یانیش وەك گرێ دەبێت بە (وەلانا) بۆ زیاتر قوڵبونەوە و تێگەیشتن با کارە دارڕژاوەکان لەڕستەدا بەکار ببەین:.

١ـ کە دانەکەم کێشا ئازارەکەم لاچوو   (لاچوو).

تادانەکەم نەکێشا ئازارەکەم لانەچوو .... لە شێوەی نەرێدا.

٢ـ هەر چاوی پێمکەوت هەڤاڵ لەجێی خۆی لاکەوت

هەر کە هەڤاڵ چاوی پێمکەوت لەجێی خۆی لانەکەوت   (نەرێ)

٣ـ بەردەکەم لەچەقی رێگەکەدا لابرد.

بەردەکەم لەڕێگەکەدا لانەبرد.   (نەرێ)

٤ـ کەچومە ژووری مامۆستا دووکەسی لابوو.

کەچوومە ژوور مامۆستا کەسی لانەبوو.   (نەرێ)

٥ـ دکتۆرەکە منی لانا (وەلانا)

دکتۆرەکە منی وەلانەنا   (نەرێ)

٦ـ کە هیوا دیتمی خۆی لادالێم.

کە هیوا دیتمی خۆی لانەدا لێم.   (نەرێ)

٧ـ دارەکە لەگەڵ رەشەباکە لاهات.

دارەکە لەگەڵ رەشەباکە لانەهات.   (نەرێ)

٨ـ پارەکەم دا بەڵام هەزار دینارم لاما.

لەپارەکە هیچم لانەما.   (نەرێ)

کاتێ رێژەی فرمانی ئەمری لەو فرمانە دارژاوانە وەردەگرین، ئەوا مۆرفیمی ـ لا ـ وەك ئامرازێکی ئەمری دەردەکەوێ و دەور دەبینێ، واتا ئەرکەکە لەو فرمانە دارڕژاوانە دەکەوێتە سەر ئەو، ئەگینا ئەمرەکە پێکنایەت وەك:

١ـ لاچوون ـ لاچوو ـ لەڕێژەی ئەمریدا دەگوترێ (لاچە ـ لاچۆ) لەڕستەدا وەك:ـ

خاکی خۆمە زێرو مەئوام   دوور لەشەڕو دوور لەدەعوام

لەناو ماڵما بێ جێگە مام   بوون بەدوژمن باب و برام

لاچۆ برۆ هەی دایکی هاڵ          بەجێم بێڵە سوورەی چاوکاڵ
قەت بەبێ باکی مەچۆ ناو لەشکری دوژمنەوە
شێری بێباکی شکاکت چوو بە دوو ڕێوی شکا
خۆش ڕەنگی لاچۆ سادەی بێڕەنگی
شادی بەسیەتی بابێت بێدەنگی

نیگایەك/ لەرووی ڕێزمانەوە بۆ ڕێژەی ئەمر لەو فرمانە دارژاوانە، دەبێ بگوترێ ـ لاچە ـ کە هەر ئەمەش ڕاستیەکەیەتی، چونکە لەرابردووی هەواڵیشەوە ئەم دوو ـ واوە ـ لەبەکارهێنانی زماندا وەك ـ ۆ ـ گۆدەکرێ، واتا لاچوون ـ لەڕێژەی ڕابردووی هەواڵیدا دەگوترێ (لاچوو ـ لاچۆ) تا میانەیەك هەبێ بۆ جودایی هەر دوو ڕێژەکە لەیەکتری .. ڕاستتر تەواوتر ئەوەیە کە لە ڕێژەی ئەمریدا بگوترێ ـ لاچە ـ کە دەڵێن : ئازاد لاچۆ.

نازانین ڕێژەکە ئەمریە یان هەواڵیە، بەلاّم کە سنووره ڕێزمانیەکە هەبێ، ئەوا کۆسپ و گومان نامێنێ، وەك:

أـ ڕێژەی هەواڵ: ئازاد لاچۆ (لاچوو) لەوێ.

ب ـ ڕێژەی ئەمری: ئازاد لاچە لەوێ ... ئازاد لاچۆ لەوێ...

**٢**ـ لاکەوتن ـ لاکەوت ـ لەڕێژەی ئەمریدا دەبێـ بە (لاکۆ ـ لاکەوە ـ لاکەو)، بۆ نموونە پرشنگ تۆ لاکۆ (لاکەوە ـ لاکەو) لە ڕێماندا.

**٣**ـ لابردن ـ لابرد ـ لەڕێژەی ئەمریدا ـ لاببە ـ لە دەربرین و گۆکردنا فۆنیمی ـ ب ـ یەکەم زۆر خێراو ڕەوان دێتە گۆ، واتا وەك ئەوەی کە یەکدیگیربێ لەگەڵ ـ ب ـ ی دووەم لە دەربڕینا هەستی پێنەکرێ، کە دوو ـ ب ـ یە بەتەنها. بەر لەوەی بکرێت بەفرمانی دارژاو بەهۆی مۆرفیمی ـ لا ـ وەك (لابرد ـ لابو)، لەکاتی گۆڕانی هەردوو فرمانەکە بۆ ڕێژەی ئەمری دەبێ بلێین ـ لا بە بۆ هەردووکیان لەیەك شێواز و شێوەدا، ئەمەشیان شێواندن و سەرسوڕمانێك پەیدا دەکا و ناکەوێتە ناو قالبێکی زانستی ڕێزمانی خاوەن دەستوورو ڕێسایی.

ئینجا بۆ ئەوەی ڕێژەی فرمانە ئەمرییەکە لەدوو فرمانە دارژاوەی (لابرد ـ لابوو) لەیەکتری جیابکرێنەوە و میانەیەك لەنێوانیاندا هەبێت و تێکەڵ نەبن بەیەکتر دووربخرێتەوە لەسەر سورمانی و سەر شێواندن، من وا بەپەسندی دەزانم کە ڕێژەی ئەمری لەفرمانی دارژاوی ـ لابرد ـ بنووسرێت ـ لاببە ـ کە هەردوو ـ ب ـ بێیەکە لە گۆکردنا وەك یەك فۆنیم دەربڕێت، واتا لە نووسیندا بنوسرێت ـ لاببە ـ بەلاّم لە

دەربڕینا بەدوو برگە دەربڕێت (لاب ـ ب) نەك بەسێ برگـە ـ La ـ bi ـ be ـ ئـەم کردارەش هەر بۆیــە ئــەنجام دەدرێ کــە ڕێــژەی فرمــانی ـ لابــوو ـ لــەکاتی ئەمریــدا جیابکرێتەوە لە ڕێژەی فرمانی ئەمری ـ لابرد ـ واتا ڕێژەی فرمــانی ئــەمری ـ لابــو ـ بنووسرێت ـ لابە ـ چونکە وانیە بۆ هەردوو ڕێژکە بگوترێ ـ لابە ـ ڕێزمانیش هەر بــۆ ئەم مەبەستانە هاتۆتــە کایــەوە و لەهــەمو زەمانێــدا، تــا وشــە لەشــایانی راســتی و سەقامگیری چەسپ بکات، وەك لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێ:

**هەرچی کە قۆرتی روحی تیانەبێ**

**بێ تام و کامە لای بەبانەبێ**

دیارە فرمانی (لایبە) لەڕێژەیەکی ئەمری ـ لابرد بــەکارهاتوە، لــەو حاڵەتــەدا ئەگــەر بگوترێ و بنوسرێ ـ لای ببە ـ هیچ لەکێشەکە ناگۆڕێت تەنها فۆنیمی ـ ب ـ ی یەکەم گۆناکرێ و دیاریش دەبێ کە ئەو ڕێژە ئەمرییە لەفرمانی ـ لابرد ـ هــاتووە نــەك لــە ـ لابوو ـ باسەیری ئەم هۆنراوەش بکەین:

**پێی وتم تۆ چاوەڕێ (بە) دوای سەعاتێ دێمەلات**

**ئەم سەعاتە چەند دڕێژە چی بوو هەر دوایی نەهات**

دیارە ـ بە ـ ڕێژەیی ئەمرییە لەفرمانی (بوون) هاتووە، لە فرمــانی ـ بــردنیش ـ هــەر دەگوترێ ـ بە ـ وەك : ئەو نامەیە بە بۆ براکەم. هەر بۆیە من وا بەپەسندی دەزانم کە بگوترێ ـ ببە ـ ئەو نامەیە ببە بۆ براکەم.

نموونەی تر :.

**لابە دیلی بگرە ئازادی لەشیعرو قافیەش**

**راست ئەرۆم و سەربەخۆ گەر بێتەڕێم پردی سیرات**

**راستتر وابوو لە شایانی رێزمانیدا بنوسرایە ـ لاببە ـ**

**٤ـ لادان ـ لادا ـ لە ڕێژەی ئەمریدا دەگوترێ ـ لادە ـ وەك:**

**لێم لادە گورگی (گورگە دەر)ی گەڕ کەراپەڕم**

**سەد گورگی وەك تۆ هەڵدەدڕم ئێستەش کوڕم**

**یان وەك خۆت لادەلێم زاهید تاکەی بەم کەش و فشیە**

**کۆگای خەم بەسەدانبێ و دوورمان کەی لەو خۆشیە**

**شیری بەهەشت و زبادە هەردوی بادە نۆشیە**

**یان وەك مەولەوی دەڵێ:**

**لامەدە پەردە لەرووی کردارم**
**مەمکە رووڕەشی یارو ئەغیارم**
٥ـ لابون ـ لابوو ـ لەرێژەی ئەمریدا دەگوترێ ـ لابە ـ وەك:
تا دەگەرێمەوە تۆ لای میوانەکە بە ـ میوانەکە، تادەگەرێمەوە تـۆ لای بـە بـۆ ڕێـژەی رانەبردووی هەوالێش لەو فرمانەدا دەگوترێ ـ لابی ـ وەك:ـ
أـ کە تۆم لابێ تف لە ئاسنیش دەکەم.
ب ـ ئەوەی کە تۆی لابێ هەرگیز ژێرناکەوێ.
٦ـ لانان ـ وەلانان ـ لەرێژەی ئەمریدا دەبێت بە ـ لانێ ـ یان ـ وەلانێ ـ وك:
ئەو هزرە لانێ (وەلانێ)، چونکە کۆنەو زیانت پێدەگات.
هەردوو گرێی ـ لانان ـ وەلانـان ـ کـە دوو چـاوگی دارژاون، دوو گرێـی ئاوەڵفرمـانن، هەندێ واتێدەگەن کە چاوگی ـ نان ـ چاوگێکی رەسەن نیە، چونکە زیاتر بەلای ناوێکی سادەی بەرجەستەیی دەڕوات، بەڵام لەراستیدا هەموو چاوگێك ناوە، لەبەر ئەوەی ناوی واتایین نەك بەرجەستەیی، لێرەشـدا، چـاوگی ـ نـان ـ هەرچـەند پـتر بـەلای نـاوێکی بەرجەستەیە دەکێشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە رەگـی هەیـەو لێـی وەردەگـیرێ کەواتـە چاوگە و ڕەگەکەشی کە زۆرجـار دەبێـت بـە ـ نـێ ـ گـەردانیش دەکـرێ بـۆ هـەموو تافەکان، بۆ نموونە:
**باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆن.**
**بانە ئاو وەخاك ئاسانەکە تۆن**
**نکەش عاجز کەرد خەیاڵ تێشدا**
**ئازیز بۆ جارێ پابنیە پێشدا**
بنیە/ لەرێژەی ئەمریدا لە چاووگی ـ نان ـ هاتووە، نموونەی تر وەك:.
**گیانە لەپرخەی خەوی خاومدا**
**پابنێ وە بان هەردوو چاومدا**
**مەڵێ برژانگت تیژە وەك چقڵ**
**دەچەقێتە پێی ناسکتر لەگوڵ**
بنێ/ فرمانێکی داخوازی ـ ئەمرییە ـ لە چاوگی ـ نان ـ هاتوە.
٧ـ لاهاتن ـ لاهات ـ لەرێژەی ئەمرییدا دەبێت بە ـ لاوەرە ـ بۆ نموونە:.
تۆ لاوەرە ، ئەویش دێت ﴿واتە تۆ پەشیمان بە، ئەویش پەشیمان دەبێت﴾
بەهـەرحاڵ مـۆرفیمی ـ لا ـ لـەو رسـتانەی رابـردوودا وەك ئـامرازی داخـوازی خـۆی دەردەخات، بـۆ ئەنجامـدانی کـاری ئـەمری چـونکە، کاتـێ فرمانـەکان بگەرێنینـەوە

سەرباری پێشویان، واتا رابردوی رووت و مۆرفیمی ـ لا ـ لابەرین بۆ کاری ئەمری شێوەیەکی تر دەنوێنن، وەك:
چوون ـ بچۆ ـ بچە، کەوتن ـ بکەوە، بردن ـ ببە، دان ـ بدە، بوون ـ بە، نان ـ بنە ـ بنێ، هاتن ـ وەرە.
کەواتە مۆرفیمی ـ لا ـ ئامرازێکی داخوازییە و جیاوازی نیە لەگەڵ ئامرازی ـ ب ـ داخوازی و هاوتەریبن لەکرداردا.

**سێیەم/ مۆرفینی ـ لا ـ وەك پێشگر لەناودا:.**

ئاشکرایە کە پێشگرو پاشگر بچنە پاڵ هەر وشەیەك، دەبێـە هـۆی گـۆڕینی چـەمکی واتای وشەکە، بۆ واتایەکی دیکەو دەیگۆڕێ، ئا لەو خاڵـەدا مـۆرفیمی ـ لا ـ دەبێـە پێشگر بۆ هەندێ ناو، ئەم کردارە ئەنجام ئەدا، بۆنموونە وەك:
١ـ مل ـ واتا ئەستۆ، کە مۆرفینی ـ لا ـ وەك پێشگر دێتە پـاڵی دەبێـت بـە لامـل مللیش بەواتای ـ مکوڕ ـ عینادیان (تَعنُّد) دێت لەڕستە دا وەك:

**أـ لاملی لەگەڵ باوکت مەکە.**

**ب ـ فەرمانبەر نابێ لامل بێت لەراست بەرپرسەکەی.**

**ج ـ نابێ لەگەڵ یەکتریدا لامل بین.**

**د ـ پیاوی لامل لەگەڵ خەڵکا هەرژێرکەوتووە.**

٢ـ لووت/ واتا کەپوو ـ بەهۆی مۆرفیمی ـ لا ـ دەبێـت بـە لالـووت ـ واتـا بـوو بـە ئاوەڵناو وەك ڕستەی یەکەم، لالووتیش بەواتا نارازی و سڵەمینەوە.
لەڕستەدا وەك:

**أ ـ نازانم بۆچی کاکم دووڕۆژە لێم لالووتە.**

**ب ـ ئێوە لەخۆڕایی لێمان لالووت مەبن.**

٣ـ گێرە/ وشەی گێرە، بەواتای ئەو بەردە نەرمە دێت کە کونکونە لە شێوەی گیپە.
وەك بەردی ئاسایی نییە، لەرەقی و لە شێوەدا، مۆرفیمی ـ لا ـ ماناکەی دەگۆڕێت بۆ واتایەکی تر و ناوێکی تری لێدادەرێژرێ، دەبێت بە: (لاگـێرە)، لاگـێرەش نـاوی جـۆرە خشلێکە لە زێر یان زیو دروستدەکرێت کە ژنان خۆیان پێی دەرازێننەوە، بۆ نموونە:

**أ ـ سەدای لاو هەی لاو زرەی زەڕ زنجیر**

**سلسلەو پانی سەر بە نزرێ و لاگێر**

**ب ـ لاگێرەی زێرە قەتارەی گولزار**

**هەیاسەی پشتە زنجیری روبار**

# ئامرازی پەیوەندی (ە)
# وەك پاشگر لە رێزمانی کاری ناسادەدا

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار

لەرێزمانی کوردیدا، ئامرازی پەیوەندی (ـە) ماکی خۆی هەیەو مۆرکی خۆی هەیەو زۆر ئاستەم و دژوارە کە نموونەکانی ئەم ئامرازە بەسفتی وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانێکی تر. هۆی ئەم راستیەش ئەوەیە کە ئەم ئامرازە ئەدگاری (راگویزتن) هەڵ دەگرێت و رووداوی کار دەباتەسەر ئاوەڵکارێك. لەلایەکی ترەوە، ئەم کەرەستە گرنگە هەر لەبەشە ئاخاوتنی (کار) دا چالاکی دەنوێنێت.

١- جێگای ئامرازی پەیوەندی:

لەئەو ئیشانەدا کە ئێمە ئەنجامان داوە لەسەر روخسارو فۆرمی (کار)، دووخانە کراوە بەجێگەی ئامرازی پەیوەندی، وەك:

<u>خانەی یەکەم</u>: خانەی (+ ٤) کە دەکەوێتە پێش کار، لەنێوان خانەی بەرکار (+ ٥)، و خانەی پێشگری واتاگۆڕ (+ ٣)، بۆ نموونە، دەگوترێت:

| بەرکار (+٥) | ئامراز (+ ٤) | پێشگر (+ ٣) | کار (سفر) |
|---|---|---|---|
| بەرد<br>بەرد | بەکەسێك<br>پێ | هەڵ<br>هەڵ | گرتن<br>گرتن |

**خانەی دووەم:** خانەی (- ٩) کە بەتەواوی دەکەوێتە پاش (کار) و لەپاش پاشگری دووپاتی (ەوە)، دا دەساکێت.
بێگومان ئەم پاشگرە لەخانەی (- ٨)دا، جێی خۆی دەکاتەوە وەك:

| (+ ٥)<br>بەرکار | (سفر)<br>کار | (- ٨)<br>پاشگری (ەوە) | (- ٩)<br>ئامرازی (ـە) |
|---|---|---|---|
| نامەکە (م) | دابوو | ەوە | بەشیلان |

بەواتایەکی تر، هەر کاتێك کە ئامرازی پەیوەندی لەخانەی (+ ٤) بترازێت، دەبێت بەدوا پاشکۆی کارو لەدوای ئەو خانەیە (- ٩) خانەیەکی تر نامێنێت کە بتوانێت روخساری (کار) یان (رستە) درێژ بکاتەوە. سەبارەت بە بەراوردی ئەو دوو خانەیە، هەندێك سەرنج هەیە و دەشێت تۆمار بکرێن، وەك:
**یەکەم:** لەپلیکانەی رستەدا، ئامرازی پەیوەندی لەدوو خانەدا دادەساکێت. خانەیەکیان دەکەوێتە پێش (کار)ەکەو ریزبەندی چوارەم داگیر دەکات و لەخانەی (+ ٤)دا، دادەنیشێت. خانەیەکی تر دەکەوێتە پاش (کار) و لەریزبەندی نۆیەمدا دادەنیشێت و ئەم خانەیە بریتییە لە (- ٩). بێگومان، هێمای کۆ (+) بەکارهێنراوە بۆ ئەو خانانەی کە دەکەوێتە لای راست (پێش کار) و هێمای کەم (-) بەکارهێنراوە بۆ ئەو خانانەی کە دەکەوێتە پاش (بنجی کار)، واتە خانەکانی لای چەپ. بۆ خوێنەری ئازیز رەنگە زەحمەت بێت ژمارەی خانەکان لەبەر بکات، بەڵام دەتوانێت بە هێمای کۆ (+) و کەم (-)، (پێشکار) و (پاشکار)ی (رەگی کار) دیاری بکات.
بێگومان، لەگشت ئیشەکانی ئێمەدا (بنجی کار) بریتییە لەبناغەی (کار) و کاریش

بریتییە لەبناغەی (رستە) و خانە (بنج) بەژمارەی (سفر) دانراوە، وەك:

| ئەو کۆلکانەی دەکەونە پاش کار | | | | | | | خانەی | ئەو کۆلکانەی دەکەونە پێش کار | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| - | ٦ - | ٥ - | ٤ - | ٣ - | ٢- | ١ - | (سفر) بنجی کار | 1+ | +2 | +3 | +4 | +5 | - |
| سنووری رستە | | | | | | | | | | | | | |

دووەم: هەرسێ ئامرازی پەیوەندی (لە، بە، بۆ) و هاوڕێکانیان بۆیان هەیە بکەونە پێش کارو لەخانەی (+ ٤)دا، دابنیشن. یان، دەتوانن بکەونە پاش کارو لەخانەی (- ٩)دا دابساکێن، وەك:


ـ لەپێش کار ، وەك:

**مـن (بەتۆ) گەیشتم**
**مـن (بۆ تۆ) دەنووسم**
**مـن (لە تۆ) دەپرسم**

ـ لەپاش کاری، وەك:

**مـن (...) گەیشتم (بەتۆ)**
**مـن (...) دەنووسم (بۆ تۆ)**
**مـن (...) دەپرسم (لە تۆ)**

بەسەرنجێکی هور دەرکەوتووە، کە بارگەی خانەی پێشکار (+ ٤) بازی داوەو بەسەر کارەکەدا لەخانەی پاشکار (- ٩) دا داساکاوە، وەك:




بەرانبەر بە ئەم دیاردەیە، ئەم دوو بارییەی کە لەئاستی ئامرازەکانی (بە، لە، بۆ) و هاوڕێکانیاندا هەیە، ئامرازێکی تر هەیە کەلەخانەی (- ٩) چەسپ دەبێت و نە (پاشەکشێ) و نە (پێشەکشێ) دەکات. ئەو ئامرازە بریتییە لە (ـە...)، کە دەلکێت بەکلکی کارەوە و بەری نادات، وەك:

**من گەیشتمـ (ـە تۆ)**

**من نامەکەم دابوو (ـە ئەو)**

یان، دەلکێت بەکلکی چاوگەوە، کە بریتییە لە (نوونی چاوگ)، وەك:

**گەیشتنە تۆ، دانە ئەو**

لەراستیدا، پێگری بوونی ئامرازی (ـە) بەخانەی (- ٩)وە، بێ مەلآمەت نییە و دەشێت رەگ و رەگێشەی ئەو خزمایەتییەی کە ئامرازی (ـە) دەری دەخات لەگەڵ ئامرازەکانی تردا، بکرێت بە (پێوەر) بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو دووبارییەی کە ئامرازەکانی تر پیشانی دەدەن. هەر لەبەر ئەو هۆیە لەخاڵەکانی داهاتوودا ئەدگارەکانی ئەو ئامرازە دەخەینە نێو چوارچێوە.

سێیەم: لەهەر چیەکدا کە ئامرازەکانی تر (بە، لە، بۆ) بتوانن لابچن و ئامرازی (ـە) ببێت بە جێگرەوەیان، دیاری ئاراستەگری، یان (Dative case) لەئارادایە، وەك:

**دام (بە) تۆ : دامـ (ـە) تۆ**

**رۆیشتم (بۆ) بازاڕ : رۆیشتمـ (ـە) بازاڕ**

هەر بۆ نموونە، بۆ رستەکانی:

**بردم (بۆ) تۆ**

**خواردم (بە) دەست**

**دام (لە) دیوارەکە**

ناتوانین بڵێین(*):

**بردم (ــە) تۆ(*)**

**خواردم (ــە) دەست(*)**

**دام (ــە) دیوارەکە(*)**

کەواتە، ئەدگاری راگوێزی و ئاراستەگری بریتییە لەئەو مەرجە بنەڕەتیەی، کە دەشێت ئامرازی (ــە) بکات بەجێگرەوەی ئامرزای تر.

**چوارەم**: ئامرازی (ــە) تەنها و تەنهاو تەنها هەر لەپەرێزی کاردا هەیــەو رووداوی ئــەو کارە (راگوێز) دەکات بە (ئاراستە)ی (ئاوەڵکار)ێك، نەك (ناوێك)، وەك:

**پۆلیسەکە دزەکەی دابووە (ە) پێش**

لە ئەم گۆشە نیگایەوە، ئاوەڵکارەکانی (دەر، بەر، پێش، دوا، پاش،...) دەکەونە پاش ئامرازی (ــە). بە ئەم پێیە ئامرازی (ــە) هەر لەپەرێزی کاردا هەیــەو هــەر لەپــەرێزی کاردا ئەرکی (جێگرتنەوە)ی ئامرازەکانی تر دەنوێنێت. بەشێوازێکی زۆر هوردتر و زۆر سفت تر، لەئەو رووبەرە بەرتەسکەشدا، هەر ئەو ئامرازانە هەڵ دەبژێرێت کــە ئاکــاری ئاراستەگری (dative case) دەنوێنن.

**پێنجەم**: بەپێی ئەوەی گوترا، ئەو بارگەیەی کە بچێتە نێو خانەی ئامرازی (ـــە)، کــە بریتییە لە (- ٩) دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا هەبن:

**مەرجی یەکەم**: دەبێت ئامرازەکە لەپەرێزی (کار)دا بێت، نەك بەشە ئاخاواتنێکی تر.

**مەرجی دووەم**: دەبێت ئەو ئامرازەی کە لەپەرێزی کاردایە ئەدگاری (ئاراستەگری) تێدا هەبێت:

**شەشەم**: بەپێی ئەو دوو مەرجەی سەرەوە، دەشێت ئامرازی (لە...) وەدەرنێین، چــونکە لەپەرێزی کاردا هەیە، بەڵام ئەدگاری ئاراستەگری تێدا نییە. هەر بۆ پراوە، دەگوترێت:

**وێنەکە (م) دا بوو (لە) دیوارەکە**

**وێنەکە (م) دابوو (بە) مندالّەکە**

ئێستا ئەگەر ئامرازی (لە) و (بە) بکەین ئامرازی (ــە)، دەبیــنین کــە رســتەی یەکــەم تێك دەچێت(*) چونکە ئەدگاری (ئاراستەگری) تێدا نییە، بەڵام نموونەی دووەم تێــك ناچێت و نابزڕکێت، چونکە ئەو ئەدگارەی تێدا هەیە. بەواتایەکی ئەستوورتر، هــەردوو

کاره ئامرازدارەکه (دان لە...) و (دان بە...) دەچنەسەر یەك ڕێچکەی واتایی، کە بریتییە لە (دان بە...)، وەك:

**وێنەکە (م) دابوو (ە) دیوارەکە(*)**

**وێنەکە (م) دابوو (ە) منداڵەکە**

لەگۆشە نیگای ئەم حەشارگەیەوە، دەردەکەوێت کە ئامرازی (بە) لەکاری (دان)دا بریتییە لەباڵێکی تەواوکەر بۆ (ئاراستەگری)، بەڵام ئامرازی (لە) بریتییە لەتوخمێکی (واتاگۆڕ) لەپەرێزی کاری (دان)دا.

**حەوتەم:** ئەو کارانەی کە بەئەدگاری ئاراستەگرییەوە ئامرازەکانی (بە) و (بۆ) وەر دەگرن، لیستی تایبەتی خۆیان هەیەو دەشێت کۆیان بکەینەوە، وەك:

- ئامرازی (بۆ):

**ڕۆیشتن (بۆ...) : بۆ (...) ڕۆیشتن**

**چوون (بۆ...) : بۆ (...) چوون**

**بردن (بۆ...) : بۆ (...) بردن**

**ناردن (بۆ...) : بۆ (...) ناردن**

**ڕوانین (بۆ...) : بۆ (...) ڕوانین**

- ئامرازی (بە):

**گەیشتن (بە...) : پێ گەیشتن**

**دان (بە...) : پێ دان**

**گوتن (بە...) : پێ گوتن**

- ئامرازی (بە...دا):

**دان (بە...دا): پێدا دان**

**کێشان (بە...دا): پێدا کێشان**

- ئامرازی (بە...ەوە):

**دان (بە...ەوە) : پێوە دان**

**نان (بە...ەوە) : پێوەنان**

**چوون (بە...ەوە) : پێوە چوون**

بەسەرنجێکی هورد لەئەو نموونانە، دەبینین کە نموونەکانی ئامرازەکانی (بۆ، بە، بەدا) دەتوانن جێی (ئاوەڵکار)ێك بکەنەوە لە ئەو بۆشاییەدا کە دیاری کراوە، کەچی

لەئاستی ئامرازی (بە...ەوە) زێدەڕۆیی روویداوە، چونکە ناتوانین (ئاوەڵکار)ێك بار بکەین. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە ئامرازی (بە...ەوە) ئاکاری ئاراستەگری تێدا نییە.

**هەشتەم**: لەنموونەیەکدا، وەك:

**دەچم (بۆ) هەولێر (بۆ) ئیش کردن**

لەئامرازی یەکەمدا، کاری (چوون) ئامرازی ئاراستەگری تێدا هەیە و دەشێت بکرێت بە (ـە)، بەڵام لەبۆ ئەوەی دووەم ئاوەها نییەو ئامرازی (بۆ) لەرەسەندا بریتییە لە (لەبۆ)، بەواتای (لەبۆ مەبەستی ئیش کردن). هەر لەبەر ئەو هۆیە، هەردوو ئامرازی (بۆ) لەیەکتر جودا دەبنەوە، وەك:

**دەچم (ـە) هەولێر (لەبۆ) ئیش کردن**

کەواتە، دووجۆر لەئامرازی (بۆ) لەیەکتری جودا کرانەوە، وەك:

**بۆ: ئامرازی ئاراستەگر**

**بۆ: ئامرازی هۆکارگر.**

**نۆیەم**: ئەوەی سەیرە، ئامرازەکانی (بە، بۆ) ناتوانن لەسەر یەك بنکەی (کار) کۆ ببنەوە لەیەك نموونەدا، چونکە یەك رەگێشەی رێزمانی پێك دەهێنن. لەهەمان کاتدا، ئەگەر ئامرازی (ـە) هاتە کایەوە، ئەوا ئەو ئامرازانە (ئاودیو) دەبن، چونکە هەمان رەگێشەی رێزمانیان هەیە لەگەڵ ئامرازی (ـە).

**دەیەم**: بەکۆی ئەو خاڵانەی پێشەوە، بەرەنجامێك دەکەوێتەکار. ئەو بەرەنجامە ئەوەیە کە دەشێت لەخانەکەی (+ ٩)دا، سەرەڕای ئامرازی (ـە) جێی ئەو سێ ئامرازە بکەنەوە، کە لەپەرێزی کاردا رۆڵی (ئاراستەگری) دەگێڕن وەك (بە...، بۆ...، بە...دا). بە ئەم پێیە دەتوانین کێشەی (پێشکار) و (پاشکار) لەیەکتری جودا بکەینەوە، بە ئەم چەشنە:

**ـ خانەی پێشکار (+ ٤)، بۆ گشت ئامرازەکانی پەیوەندی**

**ـ خانەی پاشکار (- ٩)، بۆ ئامرازی (ـە) و ئامرازی (بە، بۆ، بە...).**

لەئەم هەڵوێستەدا، دەتوانرێت بە (پۆلێن کردن) ئەو ئامرازانە جودابکەینەوە کە دەشێت بخرێنە نێو خانەی پاشکار (- ٩). واتە، مەرج نییە بارگەی خانەی (- ٩) هەر ئەو بابەتانە بێت کە لەسەرەوە دیاری کراون.

**یازدەیەم**: لەئاستی (چاوگ)دا، ئامرازی (بە) و (لە) دەبن بەدیوی (پێ) و (لێ) و

دەگەڕێنەوە بۆ نێوخانەی (+ ٤)، وەك:

**دان (بە...) : (پێ) دان (...)**

**دان (لە...) : (لێ) دان (...)**

**<u>دوازدەیەم</u>:** لەخانەی (- ٩)دا، ئامرازی (ــە) دەتوانێت (ئاوەڵكار)ێك وەربگرێت:

**چوون (ــە ناو)**

**گەیشتن (ــە ناو)**

**كەوتن (ــە ناو)**

ئەم جۆرە دەستەواژەیە دەگۆڕێت بە (تێ) و دەكەوێتە پێش كارەكە وەك (تێ چوون، تێ گەیشتن، تێ كەوتن،...).

**<u>سیازدەیەم</u>:** لەخانەی (- ٩)دا، ئامرازی (ــە) بۆی هەیە ئاوەڵكاری تر وەربگرێت، وەك:

**كەوتن (ــە سەر)**

**كەوتن (ــە ژێر)**

**كەوتن (ــە پێش)**

**كەوتنە (ــە پاش)**

**كەوتنە (ــە دوا)**

لەئەم دەستەواژانەدا، ئامرازی (ــە) دەگۆڕێت بە (وە) و لەگەڵ ئاوەڵكارەكە دەهێتە پێشەوە، وەك:

**(وەسەر) كەوتن ← سەركەوتن**

**(وەژێر) كەوتن ← ژێركەوتن**

**(وەپێش) كەوتن ← پێش كەوتن**

**(وە پاش) كەوتن ← پاش كەوتن**

**(وە دوا) كەوتن ← دوا كەوتن**

تەنانەت، لەگەڵ ئاوەڵكاری (بەر، دەر، لا) هەمان میكانیزم هەیە، وەك:

**كەوتنە دەر ← وەدەركەوتن ← دەركەوتن**

**كەوتنە بەر ← وەبەركەوتن ← بەركەوتن**

**بردنە لا ← وەلابردن ← لابردن**

به ئەم پێیە، پێشگرە ئاوەڵکارییەکان لەچەشنی (سەر، ژێر، پێش، پاش، دوا، بەر، دەر، لا، ...) ڕەگێشەیان لە ئامرازی (ـە) دایەو بەسووك کردنی ئامرازی (وە) بەرووتی دەرکەوتوون. بەواتایەکی تر، هەر یەکێك لەئەوانە ئامرازی (ـە)ی گۆڕیوە بۆ (وە)، بەڵام لەپاش سووك کردنی ئامرازی (وە) بووە بە پێشگرێکی رووت.

**چواردەیەم:** بەپێی ئەوەی گوترا، ڕەگێشەی ئەو کارانە دەرخرا کە بەئامرازی (ـە) کراون بەدوو کەرت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پەرێزە رێزمانییە دیاری کرا کە ئامرازی (ـە) گەمەی تێدا دەکات. هەر بۆ نموونە، هەرکارێکی (لێکدراو بە ئاوەڵکار)، لەچەشنی (دەر، بەر، وەر، لا)، یان ئاوەڵکارەکانی هەردوو کاری جووت هێز (کەوتن: خستن)، کە بریتین لە (سەر، ژێر، پاش، پێش، دوا)، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنی ئامرازی (ـە). لەراستیدا، ئەگەر ئەو کارانە بەئامرازی (وە) وەك (وەسەرکەوتن، وەدەرخستن، ...)، بنووسرابان، دەشیا بە (کاری لێکدراو) بناسرێن، بەڵام وەك ئەو ئامرازەیان فڕێ داوە، دەشێت بە (کاری داڕێژراو) بناسرێن، چونکە ئاوەڵکارەکان بریتین لەوشەی رێزمانی و خشتەی دیاری کراوی خۆیان هەیە لە رێزمانی کوردیدا.

**٢- نموونەیەك لەشرۆڤەکاریدا:**

لەئەم نموونەیەی خوارەوەدا، دەتوانین سێ کار وەربگرین، وەك:

**سەرکەوتن، لابردن، دەرخستن**

بێ گومان، ئەم کارانە بە ئەم روخسارەی ئێستایان، ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، بەڵام ڕەگێشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئامرازی (ـە)، وەك:

**سەرکەوتن ← کەوتن (ـە) سەر**

**لابردن ← بردن (ـە) لا**

**دەرخستن ←خستن (ـە) دەر**

لەپاشتردا، ئەو ئاوەڵکارانە (سەر، لا، دەر) گوێزراونەتەوە و ئامرازی (ـە) بووە بە (وە)، وەك:

**کەوتن (ـە) سەر ← (وە) سەر کەوتن**

**بردن (ـە) لا ← (وە) لا بردن**

**خستن (ـە) دەر ← (وە) دەرخستن**

لەهەنگاوێکی سەرووتردا، ئامرازی (وە) لابردراوە و ئاوەڵکارەکان بەرووتی ماونەتەوە، وەك:

(وە) سەر کەوتن ← (ــ) سەرکەوتن
(وە) لابردن← (ــ) لابردن
(وە) دەرخستن ← (ــ) دەرخستن

لەرووی واتاوە، ئەم کارانە واتایان گۆڕاوە و بە ئەم چەشنەی دوایی کەوتوونەتەبەر چالاکی ڕێزمانی. بەڵام بەرانبەر بە ئەم نموونانە، تەنها و تەنها لەئاستی ئاوەڵکاری (ناو) واتای ئامرازی (ــە) تواوەتەوە و ئامرازێکی تری چێ کردووە لەچەشنی (تێ) وەك:

کەوتن (ــە) ناو ← (وە) ناو کەوتن ← تێ کەوتن
خستن (ــە) ناو ← (وە) ناوخستن ← تێ خستن

بەواتایەکی تر، هەرچی کاری ناسادەیە بەئاوەڵکار داڕێژراوە بەرەگێشە دەگەڕێتەوەسەر ئامرای (ــە). بەهەمان شێوە، هەرچی کاری داڕێژراوە بەئامرازی (تێ) دەگرێتەوە بۆ ئامرازی (ــە) و ئاوەڵکاری (ناو).

**٣- لەبەرەنجامدا:**

- ئامرازەکانی پەیوەندی لەچەشنی (بە، لە، بۆ)، بۆیان هەیە بکەونە پێش کار یان پاش کار، بەڵام ئامرازی (ــە) هەر دەکەوێتە پاش کار.
- ئامرازی (ــە) هەر لەپەرێزی (کار)دا هەیە، بەڵام ئامرازەکانی تر لەبەشە ئاخاوتنی کار و بەشە ئاخاوتنی تردا هەن.
- ئامرازی (ــە)، ئەگەر زۆری لێ بکرێت کە بکەوێتە پێش کار، ئەوا روخساری دەگۆڕێت بە (وە + ئاوەڵکار). بەڵام ئەم ئامرازە تازەیە ئاودیو بووە و هەر ئاوەڵکارەکە لەنزیکەی (١٠) کارێکدا ماوەتەوە.
- ئاوەڵکاری (ناو) لەگەڵ ئامرازی (ــە) ئاوێتە بووە و روخسارێکی تازەی چێ کردووە لەچەشنی (تێ).
- پێ دەچێت کە ئامرازی (ــە) بریتی بێت لە ئەو پردەی کە رووداوی (کار) دەگەیەنێت بە پێگەی (ئاوەڵکار). واتە، هەندێك (ئاوەڵکار) لەزمانانی تردا ئاوەژووە بە ئامرازێکی نادیارەوە، بەڵام لەکوردیدا ئەو ئامراز دابڕاوە لەئاوەڵکار. بۆ نموونە ئاوەڵکاری (تحت، فوق) لەعەرەبیدا، پێویست ناکات بە (ئامراز) لەبەکارهێنانندا، کەچی لەکوردیدا ئامراز پێویستە وەك (لەژێر، لەسەر)، یان (ــەژێر، ــەسەر).

**سەرچاوە:**

ــ د. شـێرکۆ بابـان، ئـەو کارانـەی کـە لەسـەر ئـامرازی (ـــە) و ئامرازەکـانی تـر بڵاوکراونەتەوە.

ـ مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمـانی کـوردی، کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا ١٩٧٦.

ـ د. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسـۆیەکی تـر لەزمانەوانیـدا، پاشـبەندەکان ل (٣٨ ـ ٤٥)، یاسایەکی فۆنۆلۆژی، ل (١٣٨ ـ ١٤١)، هەولێر ٢٠٠٤.

# خوێندنەوەو نووسینی ژمارە بنجییەکان

بابا ڕەسول نوری
مامۆستا لە کۆلێژی زمان – قەڵادزێ

ژمارەکان کاتێ بە نووسین دەنووسرێن، بەپێی زمانە جیاوازەکانی سەر رووی زەوی خوێندنەوە و نووسینی جیا جیا لە خۆیان دەگرن، هەر نەتەوەو ناوێکی بۆ ژمارەیەك داناوە. (جگە لە ژمارەکانی وەکو: ملیۆن، ملیار،... نەبێ کە شێوەیەکی جیهانیان وەرگرتووە).

هەموو ژمارەیەکی سەرە گرێ لە ژمارە (١ ـ ٩) و ژمارە (سفر) پێك هاتوون: (١٠، ٢٠، ...، ٩٠، ١٠٠، ٢٠٠، ١٠٠٠، ١٠٠٠٠٠،...)، واتە چەندی ژمارەی سفرەکان زیاد بکەین، ژمارەکە گەورەتر دەبێت. ناوی ژمارەکان بە گۆڕینی ئەو نیشانەی کە بۆی دانراوە بۆ نووسین بە پێی دەرچوونی لە دەم پێکدێت، هەر ژمارە و نیشانەیەکی

| نیشانەی ژمارە | ناوی بەکوردی | ناوی بەعەرەبی | ناو بە ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| ١ | یەك | واحد | One |
| ٢ | دوو | اثنان | Two |
| ٣ | سێ | ثلاثة | Three |
| ٤ | چوار | أربعه | Four |

هەیە و ناوەکانیشیان بە پێی زمانەکان دەگۆڕێت. وەك:

لەڕووی نووسین و خوێندنەوەوە، ژمارەکان سێ جۆرن:

**١ـ** ژمارەکانی (١١ ـ ١٩): ئەم ژمارانە لەزمانی کوردیدا، کاتێ بەنووسین دەنووسرێن، لەڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێن و هەر بەو شێوەش دەخوێنرێنەوە. (واتە خانەی یەکان دێت، ئینجا خانەی دەیان). ناوی ئەم ژمارانە لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزیش بەهەمان شێوەی زمانی کوردی دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە.

وەك: چواردە (چاردە) /أربعە عشر/ Fourteen

**٢ـ** ئەو ژمارانەی بەهۆی مۆڕفیمی (و) ی پەیوەندیی پێك هاتوون: نووسین و خوێندنەوەی ناوی ئەم ژمارانە لەزمانی کوردیدا، لەچەپەوە بۆ ڕاست دەبێت (سەرەگرێکان دەوترێ ئینجا خانەی یەکان)، وەك:

**٢٥**: (بیست و پێنج) /**١٢١**: (سەدو بیست و یەك)/...

ناوی ئەم ژمارانە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە شێوەی زمانی کوردی دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە:

**٢٥**: (Twenty Five) /**١٢١**: Hundred – Twenty one/... کەچی لە زمانی عەرەبیدا، پێچەوانەیە و خانەی یەکان دەوترێ ئینجا سەرە گرێکان:

**٢٥**: (خمس و عشرون) /**١٢١**: (مائە و واحد)/....

**٣ـ** ژمارەکانی وەکو (٢٠٠، ٩٠٠، ٢٠٠٠، ٩٠٠٠٠٠،... هتد): ئەم ژمارانە کە بە ژمارەکانی چەندجارەی سەدەکان و هەزارەکان و... هتد ناسراوە، (ئەوانەن کە ژمارەیەکی بنجی دەدرێتەپاڵ سەدێك یا هەزارێك... هتد، بەبێ (و)ی پەیوەندی). لەزمانی کوردیدا ئەم ژمارانە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە (واتە ژمارەی یەکان ئینجا سەد یا هەزار...)

۲۰۰: دوو سەد / ۲۰۰۰۰: بیست هەزار/...

ناوی ئەم ژمارانە لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا، وەك زمانی كوردی دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە ((جگە لەژمارە (۲۰۰) نەبێ كە بەشێوەی (مائتان) دەنوسرێ و دەخوێندرێتەوە)).

۳۰۰: ثلاثمائة/۳۰۰۰: ثلاثة الاف/۱۰۰۰۰: عشرة الاف/...

Ten :10000 /Three thousand :3000 / Tow hundred :200 .thousand

**هەندێ لایەنی فۆنۆلۆجی ناوی ژمارەكان:**

هەرچەندە وامان دانابوو باسی ئاستی دەنگ سازی نەكەین، بەلاّم بوونی دیاردەكانی (گونجان، تێچوون، پەیدابوون،...) ی دەنگی هەندێ لەژمارەكان و دروست بوونی ئەلۆمۆرف لەهەندێ ژمارەی تر (سیانزە، سێزدە، سیانزدە،...)، وای لێ كردین كەمێك لەسەر لایەنی فۆنۆلۆجی ژمارە بدوێین.

فۆنۆلۆجی Phonologe: ((ئەو بەشەی زانستی زمانە كە لەو یاسایانە دەكۆلێتەوە كە بەهۆیانەوە دەنگەكانی زمانێك لەیەك دەدرێن بۆ دروست كردنی بڕگە. یەك نرخ دەدا بەكۆمەڵە دەنگێكی جیاواز، كە هەمان كۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لەزمانێكی تردا دەركەون وتیایا كۆمەڵە نرخێكی جیا پێشان بدەن)). (وریا عومەر ئەمین ۱۹۸۲: ٤٤١).

ناوی ژمارەكان لە زمانی كوردیدا لە ڕووی ژمارەی بڕگەكانیانەوە چەند جۆرێكن، لەوانە:

۱- یەك بڕگەیی. وەك: (یەك - نۆ)، (دە، بیست، سی، چل، سەد).

۲- دوو بڕگەیی. وەك: (یازدە - نۆزدە)، (پەنجا، شەست،...).

۳- سێ بڕگەیی. وەك: (بیست و یەك، سی و چوار،...).

٤- چوار بڕگەیی. وەك: (نەوەدو یەك، نۆوەد و هەشت،...).

۵- پێنج بڕگەیی. وەك: (سەدو بیست و سێ، هەزارو نۆزدە،...).

لەسەرێكی ترەوە لەدەربڕین و نووسینی ناوی هەندێ لەژمارەكان دیاردەكانی (وێكچوون، پەیدابوون، تێچوون، توانەوە،...) بەدی دەكرێن و دێنە ئاراوە، هاتنە ئارای ئەم دیاردانە بەندە بەچەند هۆكارێك، یەكێ لەو هۆكارانە كارتێكردنی زمانێكی ترە، لەو ڕووەوە زمانە ئێرانییەكان بەگشتی و ئاڤێستاو فارسی بەتایبەتی ڕۆلی

سەرەکی و کاریگەریان هەبووە. زمانی عەرەبیش کاریگەریی لەم گۆڕانە فۆنۆلۆجییانە هەبوو، بەڵام ئەم کاریگەرییەی زمانی عەرەبی کەم و سنوورداره. گڕی و کپی دەنگەکانیش هۆکارێکی تری ئەم گۆڕانانەن.

دەنگی {ص} کە لەوشەی (صەد، شەصت)دا دەبیسترێ، ئەلۆفۆنی دەنگی {س}ە، هەرچەندە نازانرێ لەژێر کاریگەری چ دەنگێکدا {س} دەگۆڕێ بۆ دەنگی {ص}، دەگونجێ کێشەکە پەیوەندی بە یاسای دەنگییەوە نەبێت، دەنگی {س} سەرەکییەو لەزمانی کوردیدا و لەکاتی دەربڕیندا دەبێت بە دەنگی {ص} لەهەندێ وشەی کەمی وەك (سەد، شەست،...)دا، دیارە ژینگەش لەم بوارەدا رۆلی کاریگەری هەیە. دەنگی {ص} لەو ئەلۆفۆنانەیە کە مۆرفیم دیاری دەکەن (**محەمەد مەعروف فەتاح ١٩٨٢: ٢٣٣ ـ ٢٣٤**).

دوو دەنگی {س} و {ص} لەزمانی کوردیدا، دوو شێوەی جیای یەك فۆنیمن، جیاوازیی نێوانیان لەئەنجامی ئەو ژینگە (بیئە) جیاوازانەیە کە تیایدا دەردەکەون ئاڵوگۆڕی لە{س} و {ص} کار لەمانا ناکات (سەد، صەد)، کەچی لەزمانی عەرەبیدا، {س}، {ص} دوو فۆنیمی جیان و ئاڵوگۆڕیان کار لە واتا دەکات و واتای پێ دەگۆڕدرێت. (سارَ ـ رۆیشت) جیایە لە (صارَ ـ بوو). (وریا عومەر ئەمین **١٩٨٩: ٢٥٣**).

ئەو دیاردە دەنگیانەی کە لەیاسای دەنگەکانەوە بەسەر ناوی ژمارەکانی کوردیدا هاتوون بریتین لە:

وێکچوونی هەمەکی (گونجانی تەواو) (Complete assimilation):

وێکچوونی هەمەکی بەو بارە دەوترێ کە دوو دەنگ بە تەواوی وەك یەکیان لێ بێت، بەهۆی کاریگەری دەنگی دەوروبەری: (کرتان) بە (کرتتان) دەرەبڕدرێت.

لەناوی ژمارەکانیشدا، ←ژمارە (حەڤدە) ئەم دیاردەیەی بە سەردا دێت، لە شێوەی سلێمانیدا، هەر وشەیەکی ناسادە ئەگەر مۆرفیمی یەکەمی، کۆتایی بەیەکێ لەم دەنگانە {ز، م، ڤ، ن، ڵ، ر،...} هاتبێت و مۆرفیمی دووەمی بەدەنگی {د} دەستی پێ کردبێ، ئەوا دەنگی{د}وەك ئەو دەنگانەی کۆتایی مۆرفیمی یەکەمی لێ دێت: حەڤدە(١) (حەڤ + دە) حەڤڤە (ئەورەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠: ٢٥).

وێکچوونی هەندەکی (گونجانی ناتەواو) (Partial assimilation):

وێکچوونی هەندەکی ئەوەیە کە دوو دەنگ بە هۆی کاریگەری دەنگی دەوروبەرەوە لە

هەندێ خاسیەت وەکو یەکیان لێ بێت.
گۆڕینی دەنگێکی کپ بۆ دەنگێکی گڕ نموونەی ئەم دیاردەیە، لەژمارەشدا گۆڕانی دەنگی {ش} ی ژمارە (١٨) کە دەنگێکی کپە بۆ دەنگێکی ژێداری وەکو {ژ} نموونەی ئەو گۆڕانەیە یا ئەو دیاردەیە.
(هەشت + دە ←—— هەشتدە > هەژدە) لێرەدا دەنگی {ش} لەبەردەم دەنگی ژێداری {د} دا، وەك {ژ} گۆ دەکرێت و دەردەبڕرێت، بەڵکو هەروإش دەنووسرێ، چونکە دەنگی ژێداری {د} زیاتر لەگەڵ دەنگی ژێداری {ژ} دا، دەگونجێت، نەك لەگەڵ دەنکی کپی {ش}دا، بۆیە دەنگی {ش} لەوشەی (هەشت + دە) دا بەدەنگی {ژ} دەگۆڕێت و لەمەشدا یاسای گونجان کاری کردووە.
لەسەرێکی ترەوە لەوشەی (هەشت + دە)دا، کە دەبێتە (هەژدە) دەنگی {ت} تێچووەو لەمەشدا بەر یاسای تێچوون کەوتووە.
تواندنەوە:
توانەوە یا تواندنەوە ئەوەیە کە دەنگێکی ژێدار بە هۆی دەنگێکی کپی پێش خۆیەوە بەشێوەی کپ گۆبکرێت. تواندنەوە، جیاوازی لەگەڵ گونجانی ناتەواو (وێکچوواندنی هەندەکی) لەوە دایە کە لەگونجانی ناتەواودا گۆڕانەکە لەدەربڕین (گۆکردن) و نووسینە، بەڵام لە تواندنەوەدا، گۆڕانەکە تەنیا لە گۆکردنە. بۆ نموونە گەلێ جار دەنگی ژێداری {ژ} کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە، وەك {ش} کۆ دەکرێت، بەڵام بە {ژ} دەنووسرێت لە ژمارە (هەژدە)دا، ئەم دیاردەیە دەبینرێ، چونکە دەنگی کپی (ە) وای لەدەنگی ژێداری {ژ} کردووە کە بە {ش}گۆ بکرێت، بەڵام هەر بە {ژ} دەنووسرێت. (هەژدە).
هەژدە ←—— هەشدە (د. ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٥٧).
کەواتە لەژمارە (هەژدە)دا، دیاردەکانی (تێچوون، گونجانی ناتەواو، تواندنەوە) بەدی دەکرێت.
تیاچوونی دەنگ:
تیاچوونی دەنگ ئەوەیە کە دەنگێك یا زیاتر لەوشەیەکدا نەمێنێ و لەناو بچێ یا بسوێ، ئەمەش بەمەبەستی ئاسان دەربڕینە. ئەم دیاردەیە کەبەسەر هەندێ مۆرفیم و وشەکاندا دێت لەئەنجامی هەڵکەوتن و دەرکەوتنیان لەسنووری جیاوازدا دێتە کایەوە. لەناوی ژمارەکانیشدا، ئەم دیاردەیە بەسەر چەند دەنگێکی ناوی هەندێ لەژمارەکاندا

دێت:
أ ـ تێچوونی دەنگی {ت} لە وشەی (حەوت)دا:
حەوت > حەو
حەوت سەد > حەو سەد (گالب حسين على ١٩٨٩: ٥٨ ـ ٦٠).
هەرچەندە ئەم دیاردەیە تایبەتە بە شێوەی سلێمانی و تەنیا لە گۆکردندا بەدیدەکرێن.
ب ـ تێچوونی دەنگی {و} ی نیمچە بزوێن لە ژمارە (چوار)دا:
چوار > چار (رەحمان ئیسماعیل حەسەن ١٩٩١: ٨٠).
هەرچەندە بە بۆچوونی ئێمە (چار) لە (چوار) دروست نەبووە و (چـار) مێژووەکـەی زۆر کۆنترە لە (چوار)، چونکە ئەم وشەیە لـە ئاڤێـستاو هینـدی و بلوجیـدا بـەکارهاتووە. (بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٩٨: ٦٩)، بەڵام زۆر لەمێـژ نییـە دەربڕینـی ژمارە (٤) بـە (چـوار) لـە هەنـدێ شـێوەزاردا بـەدی دەکرێـت، واتـە جیـاوازی زارو شێوەزارەکان ئەمەی هێناوەتە ئاراوە، نەك (چار) لە (چوار) پەیدابووبێت.
ت ـ تێچوونی دەنگی {د}: لەناوی ژمارەکانی (١١ ـ ١٩)دا، گەلێ گۆڕان فۆنۆلۆجی بەدیدەکرێت یەکێ لەو گۆڕانانە تێچوونی دەنگی {د} ی ناوی ژمارەکـانی (١١، ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧)، لەشێوەی سلێمانیدا: (یـانزە، دوانـزە، سـیانزە، پـانزە، شـانزە، حەڤڤە)، چونکە لەشێوەی سلێمانیدا، وەکو یاسایەکی گشتی لێهـاتووە، دەنگـی {د} قووت دەدرێ، ناوی هەندێ لەژمارەکانیش لەم دەستوورە بێ بەش نین.
پەیدابوونی دەنگی {ز} و {ن} ی ئەو ژمارانەی سەرەوە هەر بۆ تێـچوونی ئـەم {د} ە، دەگەڕێتەوە. چونکە تێـچوونی دەنگـی {د}، جـۆرە قورسـیەك لـەگۆکردنی نـاوی ژمارەکان دێنێتـە ئـاراوە و دەربڕینـی ژمارەکـانی (١١، ١٢،...) بەشـێوەی (یـازە، دوازە،...) تا ڕادەیەك لەکۆکردندا گرانن، بۆیە {ن}، {ز} لـە نـاوی ئـەم ژمارانـەدا پەیدا بووەو بەر یاسای پەیدابوون کەوتوون. دووبارە بوونەوەی دەنگی {ڤ} یش لەناوی ژمارە (١٧)دا، هەر بۆ تێـچوونی ئـەم {د}ە، دەگەڕێتـەوە. (د. ئـەورەحمانی حـاجی مارف ١٩٩٨: ٧٤). بەڵام بەبۆچوونی ئێمە تەنیا پەیدابوونی دەنگی {ن} بۆ دیاردەی تێچوونی دەنگی {د} دەگەڕێتەوە، چونکە لەشێوەزاری هـەولێر و هەنـدێ شـێوەزاری تریشدا، دەنگی {د} تێ ناچێ و کەچی دەنگی {ز} هەر لەم ژمارانەدا بەدیدەکرێت و دەنووسرێت: (یازدە، دوازدە، سێزدە،...)
گۆڕینی دەنگ:

گۆڕینی دەنگ ئەوەیە کە دەنگێك جێگەی دەنگێکی تر بگرێتەوە، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر گۆڕینی واتا. بەمەرجێ دەنگە جێگرەوەکە لەوشەکەدا نەبێت، وەك: دەڕۆم > ئەڕۆم لەناوی هەندێ ژمارەکانیشدا، دیاردەی گۆڕینی دەنگێك بەدەنگێکی تر بەدیدەکرێت. بۆ نموونە:

نەوەد > نەوەت

حەوت > حەفت

سەد > سەت          سەد > صەد

نیو > نیم

(دولبەر ئیبراهیم فەرەج ، ٢٠٠٠: ٨٩ ـ ٩٢).

جێگۆڕکێی دەنگ:

جێگۆڕکێی دەنگ بریتییە لە گۆڕینی شوێنی دەنگێك یا بڕگەیەك لە نێوان دەنگە دراوسێکانی وشەیەکدا، هۆکاری پەیدابوونی ئەم دیاردەیەش یا هۆی بوونی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانە یا بە هۆی نزمی ڕادەی ڕۆشنبیری قسەکەرە یا بەهۆی نەهاتنی هەندێ دەنگە لە دوای هەندێ دەنگی ترەوە: یۆنان > وێنان/ کن > نك/ جومعە > جوعمە دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگ لە هەندێ ناوی ژمارەکانیش دا بەدی دەکرێت، وەك:

ملیۆن > ملوێن

هەندێ لەڕێزماننووسان هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ بە دوای یەك نەهاتنی هەردوو دەنگی {و} ە {ۆ}، بە دوای دەنگی {ی} دەگەڕێنەوە، بۆیە دەڵێن کورد بە ناچاری ئەو وشە بێگانانەی (یو)، (یۆ) یان تێدایە، جێگۆڕکێیان پێ دەکات و دەیانکاتە (وێ). (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٩).

بە بۆچوونی ئێمەش ئەم جێگۆڕکێیە دەنگییەی کە لەوشەی (ملیۆن) هاتۆتە ئاراوە و بووە بە (ملوێن)، هۆکارەکەی نزمی ڕادەی ڕۆشنبیری قسەکەرە نەك نەهاتنی دەنگێك بەدوای دەنگێکی تردا، چونکە لە لای قسەپێکەرانی کورد زۆر ئاساییە دەنگی {و} و {ۆ} لەدوای {ی} بێت. گۆکردن و نووسینی وشەکانی وەکو (یۆنان، ملیۆن، یۆرۆ،...) لە لای زۆربەی خەڵکی کورد بەڵگەی ئەم ڕاستیەن.

پەیدابوونی دەنگ:

زۆرجار دەنگێك لەنێوان دوو دەنگی تر پەیدا دەبێت، دەشێ دەنگی پەیدابوو، وەك

ناوبەندێك بكەوێتە نێوان دوو دەنگی بزوێن و بەهۆی یاسا دەنگیەكانەوە ئەم دوو دەنگە بزوێنە لەیەك دابڕێ، دەگونجێ ئەم دەنگە پەیدا بووە لەنێوان دوو بزوێندا نەبێت.

لەگۆكردن و دەربڕینی ناوی ژمارەكانیش دیاردەی (پەیدابوونی دەنگ) لەهەموو دیاردەكانی یا گۆڕانەكانی تر زیاتر بەرچاو دەكەوێ، دەنگە پەیدابووەكانی ناوی ژمارەكانیش ئەمانەن:

أ ـ پەیدابوونی دەنگی {ی ـ y } : هەموو ئەو ژمارانەی كۆتاییان بەدەنگی {ا، ۆ، ێ، ی، ە} هاتووە، لە كاتی دانەپاڵی (ەم)، (ەمین)دا، بۆ دروستكردنی ژمارەی پلەیی، دەنگی {ی ـ y } لە نێوان گیرەكەكە و ژمارە بنجیەكەدا پەیدا دەبێت، كە ئەمەش بەهۆی یاسا دەنگیەكەیە و بۆ دابڕینی دوو بزوێنەكەیە.

پەنجا ⟵ پەنجایەمین(٢)
نۆ ⟵ نۆیەم (نۆیەمین)
سێ ⟵ سێیەم (سێیەمین)
سی ⟵ سییەم (سییەمین)
دە ⟵ دەیەم (دەیەمین)

ب ـ پەیدابوونی دەنگی {و ـ W } : ئەم دەنگە لەنێوان ناوی ژمارە (٢) و پارتیكڵی (ەم) و (ەمین)ی سازكردنی ژمارەی پلەییدا پەیدا دەبێت، كە لەم بارەدا بزوێنی (وو ـ Ü) كورت دەكرێتەوە بۆ بزوێنی (و ـ u) و ئینجا (و ـ W) ی نیمچە بزوێن لەنێوان ژمارە بنجیەكەو گیرەكەكەدا پەیدا دەبێت:

دووەم + ەم (ەمین) ⟵ دووەم (دووەمین)

هەروەها دەنگی (و ـ W) لە نێوان هەندێ وشە و مۆرفیمی كۆی (ات) پەیدا دەبێت، وەك: (ئاغا وات، سەوزەوات،...).

ت ـ پەیدابوونی دەنگی {ه}: لەزۆربارادا دەنگی {ه} لەنێوان ژمارەی بنجی و پارتیكڵەكانی (ەم) و (ەمین)دا پەیدا دەبێت، ئەمش یا بۆ دابڕینی دوو بزوێنە، یا هەر بۆ ئاسان دەربڕینە، وەك ئەم نموونانە:

دووهەم (دووهەمین)

سێیەم > سێهەم (سێهەمین)

چوارەم > چوار هەم (چوار هەمین)

گەلێ جار دەنگی {ه} لەنێوان هەندێ ناو و مۆرفیمی کۆی (ات) پەیدا دەبێت، وەك:

دێ + ه + ات ⟵ دێهات

میوە + ه + ات ⟵ میوەهات

(بۆ دابڕینی دوو بزوێنە)

هەرچەندە لەهەندێ باردا لەجیاتی دەنگی {ه}، دەنگی {ج} پەیدا دەبێت، وەك:

میوە + جـ + ات ⟵ میوەجات.

پ ـ پەیدابوونی دەنگی (ز): ئەم دەنگـە لـە نـاوی ژمارەکـانی (١١، ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ١٩)دا، پەیدا دەبێت (دوازدە، سێزدە،...).

ج ـ پەیدابوونی دەنگی {ن}: ئەم دەنگە لـەناوی ژمارەکـانی (١١، ١٢، ١٣، ١٦)دا پەیدا دەبێت:

(یانزە، دوانزە، سیانزە، شانزە). هەرچی {ن}ی ژمارە (پانزە)یە، ئەوا هـی خۆیـەتی و پەیدا نەبووە چونکە لە (پێنج + دە) پێکهاتووە.

گیروگرفتی نووسینی هەندێ لە ژمارەکان:

نەبوونی رێنووسێکی یەکگرتووی کوردی بـۆ نووسـین و بـوونی چـەندین زارو شـێوەزار لەزمانی کوردیدا، بۆتەهۆی سەرهەڵدانی گەلێ گیروگرفـت، یـەکێ لـەو گیروگرفتانـە، گیروگرفتی نووسینی هەندێ لەژمارەکانە:

گیروگرفتی نووسینی ژمارە (٤):

لە گۆکردن و نووسینی ژمارە (٤)دا، ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدا کە ئایا (چوار) بـنج و ئەسڵە یا (چار)؟ بە لای (مەسـعود محەمـەد) ەوە، (چـوار) و (چـواردە) لـە (چـار) و (چاردە) بنجیترو ڕاست ترن، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کـە گوایـە دەنگـی (و)ی وشەی (چوار) لە زمانەکانی تـردا بـەکارهێنراوە و بـەکاردەهێنرێت. وەك: (Four) و (چارەگ quarter)ی ئینگلیزی. (مەسعود محەمەد ١٩٨٢: ٣٤٢).

بە بۆچوونی ئێمەش (چوار، چواردە) و (چار، چاردە) راستن، بـەڵام (چـار، چـاردە) لـە (چوار، چواردە) بنجی تر و رەسەنترە، چونکە ئەگەر سەیری زمانە کۆنەکانی هینـدی و ئێرانی بکەین، کە کوردیش یەکێکە لە ئـەوان، دەبیـنین: بەرامبـەر وشـەی (چـوار) ی کوردی لە زمانی ئاڤێستادا (چەتور، چەتڤار) بەکارهێنراوەو لـەزمانی هینـدی کۆنـدا (چەتڤار) و لە فارسی ناوەڕاستدا (چەهار)و لەفارسی نوێدا (چهار) و لەبلوجیدا (چـار)

و لەهیندی نوێدا (چار) بەکارهێنراوە، هەروەها لەزمانی رووسیدا (چتیری) و لە زمانی لاتینیـدا (quattuor) و لـە زمـانی فەرەنسیـشدا (کـاتر)... بـەکارهێنراوە. (د. ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٩٨ : ٦٩). کەواتە وشەی (چـار) لەوشـەکانی (چـەتڤار، چەهار، چهار، چار) نزیکترە نەك وشەی (چوار).

گیروگرفتی نووسینی ژمارەکانی (١١ ـ ١٩):

نـاوی ژمارەکـانی (١١ ـ ١٩) لـە ڕووی نووسـین و دەربڕینـەوە، گـەلێ گیروگرفتـی ڕێنووسیان تیا بەدیدەکرێت، ژمارە (١٤) ی لێ دەرچێت، ئەگینا ژمارەکانی تـر هـەر هـەموویان گـۆڕاون و کـەم و زیادەیـان بەسـەرداهاتووە و لـە سـازکردنیاندا گـۆڕانی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی زۆر بەدی دەکرێت.

لە زمانی ئاڤێستادا ناوی ژمارەکانی (١١ ـ ١٩) بە لێکدانی ئاسایی ژمـارەی یـەکان لەگەڵ ژمـارە (دە) (نـاوی ژمـارەی یـەکان + دەسـە) سـازدەبێت و هـیچ گـۆڕانێکی دەنگسازی لەم لێکدانە روونادات، وەك:

پەنجە + دەسە ⟵ پەنجە دەسە (پازدە)

خشڤەش + دەسە ⟵ خشڤەش دەسە (شازدە)

(د. ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٩٨: ٧٥).

لەزمانی کوردیدا، بوونی دیاردەکانی (پەیدابوون، توانەوە، تێچوون،...) لە ژمارەکانی (٧، ١١، ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧، ٧٠٠) گەلێ گیروگرفتی نووسینی ئەم ژمارانـەی پەیداکردووە:

(یازدە، یانزە، یانزدە، دوانگزە)

(سێزدە، سیانزە، سیانزدە، سانگزە)

(پازدە، پانزە، پانزدە، پانگزە)

(شازدە، شانزە، شانزدە، شانگزە،

(حەڤدە، حەفدە، حەڤڤە، هەفدە)

(حەود سەد، حەوسەد، حەوت سەد، حەفت سەد)

لە پێشەوە، بەدرێژی لەدیاردەکانی (گۆڕینی دەنگ، پەیـدابوون، تێـچوون،...) ی ئـەم ژمارانە دواوین، بۆیە دووبارەیان ناکەینەوە، بـەڵام دەمانـەوێ کـەمێ لەسـەر وشـەی (حەڤدە) بدوێین.

ناوی ژمارە (٧) بە (حـەوت)، (حـەفت) نـاونرا، بـەڵام راسـتیەکەی (حـەفت)ە، نـەك

(حەوت)، چونکە گۆکردنی ژمارە (١٧) و (٧٠) بە (حەڤدە) و (حەفتا) ئەوە دەسەلمێنێ کە (حەفت) راسترە لە (حەوت). لەلایەکی ترەوە وشەی (حەفت) زیاتر لەوشەکانی (هەفت، هفت) ی فارسی و وشەی (هەپت)ی بلوجی و (هەپتە)ی ئاڤێستایی نزیکە، نەك (حەوت).

کەواتە وشەی (حەڤدە) بنجەکەی یان بنەڕەتەکەی (حەفت دە)یە، بەلاّم لەپێشەوە دەنگی {ت} تێچووەو سواوە، ئینجا بەپێی داخوازی دەنگ سازی، دەنگی کپی {ف} بۆ دەنگی ژێداری {ڤ} گۆڕاوە بە هۆی دراوسێتی دەنگی {د} ی ژێدارەوە و وشەکە بۆتە (حەڤدە). (مەسعود محەمەد ١٩٨٢: ٣٤٤).

(نوری عەلی ئەمین) یش پێی وایە ((هەر یەکێ لەو ژمارانە لەپێش ئەوەدا کە گۆڕان و سوانیان بەسەر داهاتبێت، وەها پێك هاتبن:

١ـ ژمارەی ئەبنەڕەتی.

٢ـ ئامرازی (ان) کە نیشانەی تەوزیعی یە.

٣ـ ئامرازی لێکدەری (نیز) کە ئاسارەکەی هێشتا لەژمارە (نۆزدە)دا ماوە.

٤ـ ژمارە (دە) )) (نوری علی امین ١٩٨٢: ٣٩٦).

لەدوایدا لەلاپەڕە (٣٩٧) ی هەمان سەرچاوەدا بۆ زیاتر روونکردنەوە، ئەم خشتەیەی خوارەوەی ڕێکخستووە.

| ژمارەکە لەپێش سوان و گۆڕان | ژمارەکە لەدوای سوان و گۆڕان | ئامرازی تەوزیعی | ئامرازی لێکدەر بە نەسواوی و بەسواوی | ژمارە دە | شێوەی پێکهاتن |
|---|---|---|---|---|---|
| یەك | یـ | ان | نیز (ز) | دە | یانزدە |
| دوو | دو | ان | نیز (ز) | دە | دوانزدە |
| سێ | سی | ان | نیز (ز) | دە | سیانزدە |
| چوار | چوار | ...... | ......... | دە | چواردە |
| پێنج | پـ | ان | نیز (ز) | دە | پانزدە |
| شەش | ش | ان | نیز (ز) | دە | شانزدە |
| حەوت | حەو/حەف/حەڤ | ..... | ........ | دە | حەڤدە |
| هەشت | هەژ | ..... | ........ | دە | هەژدە |
| نۆ | نۆ | ..... | نیز (ز) | دە | نۆزدە |

(مەسعود محەمەد) پێی وایە پەیدابوونی {ن} لەژمارەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٦) ناچاریەکی فۆنەتیکییەو پەڕاندنی (دالەکە) پەیدای کردووە. ئەمەشی بەسێ بەڵگە پشتڕاست کردۆتەوە، بەڵگەکانیش ئەمانەن:

١ـ وشەکان بە ئەسڵ دالیان تێدایە.

٢ـ لەهیچ کەرتێکی ئەو وشانەدا جگە لەژمارە پانزدە ـ بە ئەسڵ دەنگی نون نییە.

٣ـ بەشی هەرە زۆری کورد نەدالەکە دەقرتێنن و نەنونیش بەزیادەوە دەهێنن. (مەسعود محەمەد ١٩٨٢: ٣٤٣).

ئەورەحمانی حاجی مارف و کۆڕی زانیاری کورد، وشەکانی (یازدە، دوازدە، سیازدە، پازدە، شازدە، حەڤدە) بەبنج و راستدا دەنێن لەنوسین و زمانی ئەدەبیدا. (د. عبدالرحمن حاجی معروف ١٩٨٩: ١٠٢).

بەبۆچوونی ئێمەش وا باشترو گونجاوترە ژمارەکانی (٤، ٧، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧) بەم شێوەیە بنووسرێت: (چار، حەفت، یازدە، دوازدە، سێزدە، چاردە، پازدە، شازدە، حەڤدە) بە پێی ئەو بەڵگانەی کە پێشتر باس کران.

**پەراوێزەکان:**

١ـ وشەی (حەڤدە) لە بنجدا لە (حەفت + دە) پێکهاتووە، دەنگی {ت} تێچووە... ئینجا نەبزوێنی کپی {ف} ی پێش دەنگی ژێداری {د}، خاسیەتی ژێداری وەرگرتووە و بووە بە {ڤ}: حەوت دە > حەودە > حەڤدە > حەڤڤە (سەرچاوەی پێشوو: ٢٥).

٢ـ ئەگەر (ەم) بخەینەسەر (پەنجا)، ئەوا لە ڕووی دەربڕینەوە زۆر ئاسایی نابێت (پەنجایەم)، بۆیە لەشێوەی (پەنجایەمین) دەری دەبڕین. کە لەو بارەدا {ی ـ y } پەیدا نابێت، بەڵام دەنگی {ە} لە ناو دەچێ.

**سەرچاوەکان:**

١ـ وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەند تێبینیەك ، گ. کۆڕی زانیاری کوردستان — دەستەی کورد، بەرگی (٩) ، بەغدا.

٢ـ وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩) فۆنەتیك و فۆنەلۆجی ، گ. کۆڕی زانیاری کوردستان — دەستەی کورد، بەرگی (٣٠) ، بەغدا.

٣ـ محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٢) ڕێنووسی کوردی لەروانگەی فۆنەتیکەوە ، گ. کۆڕی زانیاری کوردستان — دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم ، بەغدا.

٤ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠) دیاردەکانی دەنگی(د) لە شێوەی سلێمانیدا ، بەغدا.

٥ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٦ـ طالب حسین علی (١٩٨٩) فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکانی لەزاری سلێمانیدا ، گ. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٧ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ( وشەسازی) ، بەرگی چوارەم ( ژمارە و ئاوەڵکردار) ، بەغدا.

٨ـ ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١) بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین .

٩ـ دولبەر ئیبراهیم شالی (٢٠٠٠) یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی.

١٠ـ مەسعوود محەمەد (١٩٨٢)، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی ئەلف وبێی کوردی ،گ. کۆڕی زانیاری ، بەرگی نۆهەم.

١١ـ نوری عەلی ئەمین (١٩٨٢)، گیروگرفتی نووسینی کوردی لەتای تەرازووی پیتە بزوێن و نەبزوێنەکاندا ،گ. کۆڕی زانیاری عێرا ، بەرگی نۆهەم.

# زمانەوانی

وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناو

١ـ زمانەوانی: زمانەوانی، (کە بەزمانناسی و زانستی زمان) یش ناسراوە، بەوە پێناسە دەکرێت کە (توێژینەوەیەکی زانستیە بۆ زمان)، ئەویش بۆ جوداکردنەوەی ئەم زانستە لە کۆششە تاکییەکان و بیرۆکەکان و لەو سەرنج و تێبینیانەی کە بەدرێژایی مێژوو ئەو کەسانەی کە گرنگیان بە زمان داوە پێی هەستاون.
ئەوەی زانراوە ئەوەیەکە لە مێژووی توێژینەوەی زمانەوانیدا، هیندیەکان و گریکەکان پێش دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ گرنگیان بە زمان داوە، زۆرجاریش مێژوونووسانی توێژینەوەی زمانەوانی رۆژئاوایی ئاماژەیان بە کۆششە زانستیەکانی هیندیەکان و گریکەکان کردووە، بەڵام کۆشش و هەوڵە زانستییەکانی عەرەب و مولسمانانیان لەم بوارەدا فەرامۆشکردووە.
هەروەك زۆر لەخوێنەرانی زمانی عەرەبی دەزانن، کە رێزمانزان و عەرەبەکان توانیویان وەسفی زمانی عەرەبی بکەن و یاسا و رێسای رێزمانی بۆ دابنێن و وەسفی دەنگەکانی بکەن و سیستەمی دەنگی عەرەبی شرۆڤە بکەن، هەروەها چەندها فەرهەنگ و کتێبی جۆراو جۆری زمان بنووسن، گەورەترین ئەو دەستکەوتە کەلتووریانەش لەبواری زمانەوانیدا بەشداری رەسەنزانەکانە (الأصوليين) لە شیتەڵکردنی وتار و جیاکردنەوەی جۆرەکانی واتادا، هەروەها باسکردنی ڕەگ و ریشەکانی گووتار، و چەمکەکانی گووتار

و بەرهەمهاتوو ئەو بنەمایانەی کە پشتیان پێوە دەبەستن.

هەندێ مێژوونووس پێیان وایە، کە زمانەوانی وەکو زانستێك لەسەدەی (١٨)هەمدا لەسەر دەستی (ویلەم جۆنز) پەیدابووە، ئەم زانایە ئەو هەستەی لەلا دروست بوو، کە وێکچونێك لەنێوان زمانی ئینگلیزی لەلایەك و زمانە ئاسیایی و ئەوروپییەکان لەلایەکی ترەوە هەیە؟ بەزمانی سەنسکریشەوە، بۆیە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندیەکی مێژوویی و رەچەڵەکێکی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا هەیە، جا بۆ پەیی بردن بەم جیهانە، دەستی دایە پەیرەوکردنی پرۆگرامی (ئیتۆمۆلۆجیکەل) کە رێچکەیەکە بۆ زانینی پەیوەندی نێوان زمانەکان و پێشڤەچوونە مێژووییەکانیان جا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا توێژینەوە زمانەوانیەکان سیمایەکی زانستیان بەخۆوە گرت، ئەویش لەسەر دەستی زمانزانی سویسری (فردیناند دی سۆسێر) (١٨٥٧ ـ ١٩١٣)، کە دواتر نازناوی باوکی زانستی زمانەوانی هاوچەرخی پێ درا، هەرچەندە ئەم زانایە بەدرێژایی ژیانی گرنگی بەرەوشی مێژووی زمانەوانی دابوو، کەچی ئەو بەشەی کە لەکۆتایی ژیانیدا بۆ توێژینەوەی کاتی تەرخانی کرد. رۆڵێکی ریشەیی لە کۆششە زمانەوانیە هاوچەرخەکاندا هەبوو، بەڵام پێش ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە بلاوبکاتەوە، کۆچی دوایی کرد، پاشان دوو هاوەڵی ئەم زانایە بەناو (چارلز بالی) و (ئەلبەرت شیشیهە) سەرجەم ئەو وانانەیان کۆکردەوە کە لەماوەی ژیانیدا وتوییەوە، ئەویش بەیارمەتی و کۆمەك وەرگرتن لەو قوتابیانەی کە ئەو وانانەیان لێوە وەردەگرت، جگە لەپیاچوونەوەی پاداشتە تایبەتیەکانی دی سۆسێر پاش خۆی بەجێی هێشتبوو، هەموو ئەمانەیان تۆمارکردو لە پەرتوکێکدا چاپیان کردو ناویان نا (چەند وانەیەك لەزمانەوانی گشتی)، ئەم پەرتووکەش بە شۆرشێك دادەنرێت لەم بوارەدا. جا لەگەڵ ئەم گرنگی دانەی (دی سۆسێر) و راکێشانی سەرنجی زمانەوانیەکان بۆ پرۆگرامی ئێستایی لە توێژینەوەی زماندا، زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی بەناوی (فرانز بواز) لە ئەمریکا پەیدابوو، کە توانی بنەماکانی پرۆگرامی وەسفسازی لەزماندا دابمەزرێنێت، (بواز) لە پێشەکی ئەو پەرتووکەیدا کەناوی نا (رێبەی زمانە هیندییە ئەمریکیەکان). بەکورتی پرۆگرامە زانستیەکەی خۆی دارشتووە.

لەوبوارەشدا بووە پێشەنگی زانا زمانەوانیەکانی پاشی خۆی. لەو قۆناغەشدا ئەمریکیەکان گرنگیان بە توێژینەوەی زمان و شێوازەکانی هاوڵاتیە رەسەنەکانی کیشوەری ئەمریکا دەدا، کە خەریك بوو هەندێك لەو شێوازە رۆمانانە بەر لەناوچوون

بچن.
پرۆگرامی ئەوانەش لــە ئەنجامــدانی توێژینــەوە زمانەوانیەکانــدا مــۆرکی خۆدیــەت و سەربەخۆیی بەخۆوە گرتبوو.
هــەروەها لەتوێــژەرە ناســراوەکانی بــواری بەزانــستکردنی توێژینــەوە زمانەوانیــەکان، زمانزانی ئەمریکی (لیونارد بلۆمفیلــد)ە، کــە بەیەکــەم بانگەشــەکاری پــەیڕەوکردنی پرۆگرامی بابەتی بوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیاردە زمانەوانیەکان. جا لەبەرئەوەی بە قوتابخانەی ئاکاریەوە پابەند بوو، خۆی دوورەپەرێز گرت لە پەیرەوکردنی زۆرێك لــەو پرۆگرامانەی کــە لــە توێژینــەوە زمانەوانیەکانــدا پــشت بەخودیــەت دەبەســتن، وەکــو بەکرۆککردن ئەم زانایە بانگەشەی بۆ فراوانخوازی زیاتر کرد لەبواری کۆکردنــەوەی ئــەم مادە زمانەوانیانەی کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها بانگەشەی بۆ ئــەوەکرد کــە لێکۆلینەوەیــەکی زانــستی رێــك و پێــك دەربارەیــان ئــەنجام بــدرێت، لەلایــەکی ترەوە(نەوام چۆمسکی) و قوتابییــەکانی رەخنەیــەکی تونــدیان ئاراســتەی قوتابخانــەی ئاکاری کرد، (چۆمسکی) دەیوت کە ئێمە چەندە لە کۆکردنەوەی مادەزمانەوانیەکانــدا فراوانخوازبین، ئەوا کارەکەمان هــەموو پێکهاتــەی زمانەوانیــەکان ناگرێتــەوە، چــونکە قسەکەر بەگشتی ئەو توانایەیان هەیە کە چەند پێکهاتەیەك دروست بکەن کــە پێــشتر گوێیان لێ نەبوو بێت، هەر لەبەرئەوەی پێویستە گرنگی بە توانای قسەکەر بدەین، کە ئەم داهێنانە زمانەوانیەی بۆ مەیسەر دەبێت نــەك گرنگــی بــە ڕســتە زمانەوانیــەکان بدرێت.
بەمشێوەیە ئیتر گرنگی دان بە بنەماکانی ستەمی زمانەوانی دەستی پێکرد کە توانای قسەکەر لەسەر بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری ڕستە زمانەوانیــەکان شــرۆڤە دەکــات، ئەویش بەپشت بەستن بەژمارەیەکی ســنووورداری بنــەماو رێــسا زمانەوانیــەکان، ئــیتر بەمشێوەیە (چۆمسکی) ڕێزو ئیعتیباری بۆ ئەو ئامرازانەی توێژینەوە گەڕاندەوە ، کــە ئاکاریان پشت گوێیان خستبوو، وەکــو بــۆ نموونــە، (بــەناوەرۆك کــردن) و (پێــشبینی) چونکە بەهۆی ئــەم دوو ئــامرازەوە توێــژەران و قــسەکەران دەتــوانن ئــەو گوزارشــتانە بخەملێنن کە لەڕستە درکێندراوەکەدا لابردراوە، هەروەها ئەو جیاوازیانەشی بدۆزنــەوە کە دەووترێت و ئــەو شــتانەش کــە دەشــێ لــەرووی زمانــەوە بووترێــت. بەمــشێوەیە (پێشبینی) دەبێتە ئامرازێکی بەسوود کە زمانزان دەتوانێ لە حکومدان لەسەر بابەتــە زمانەوانیەکە کە پشتی پێ ببەستێ و شرۆڤەی شیاوی بداتێ، هەموو ئەو بیروڕایانــەش

وای کردووە کە توێژینەوەکان لەرەهابوون رۆبچن، جگە لەوەی کە ئامانجێکی تازەی بە توێژینەوەی زمانەوانی پێشکەش کرد، کە لە سەقفی وەسفسازیەوە بترازێ و سەرباری ئەوەش سەرنجی توێژەرانی راکێشا بۆ گرنگی ناسینی زمان سەبارەت بە قسەکەر، هەر بەو شێوەیەی کە لە مێشکیاندا هەیە نەك بەو سیستەمەی کە قسەی پێ دەکەن، بەلاّم بۆچونەکانی (چۆمسکی).

تۆزێك پاشەکشەی کرد، ئەویش بەدەرکەوتنی پراگماتێك، کە هەندێك لە زمانزانە عەرەبەکان بە یان (التداولیە) وەری دەگێرن، ئەم وەرگێڕانەش زۆر وردە و دروست نین، چونکە ئەم زاراوەیە کە بەرەچەلەك گریکیە، رۆژئاواییەکان بە (زانستی بەکارهێنان) شرۆڤەی دەکەن، ئەمەش لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەدا یەك دەکاتەوە کەباسی بەکارهێنانە هەمبەرەکان دەکەن و لەلای زانایان و رەوانبێژە عەرەبەکان بە (الوضع) ناسراوە، هەرچەندە (بەکارهێنان) لە کەلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا نەبۆتە زانستێکی زمانەوانی سەربەخۆ، وەکو (الوضع) کەواتە وەرگێڕانی وشە پراگماتیك بۆ زانستی (بەکارهێنان) لەوانەیە لەبەکارهێنانەکانی دی باشتر و شیاوتر بێت.

هەرچەندە هەر پێم وایە بەزانستی (گووتاربێژتن) وەربگێڕدرێت، کە وەرگێڕانێکە رەچاوی راستگۆیی ئاخافتنەکە دەکات و ڕەچاوی مانا لۆجیکیەکەی هەردوو زاراوەکە ناکات، چونکە مەبەست لە وتارەکانی بەکارهێنان ئەو وتانەیە کە دەچنە چوارچێوەی گووتاریەکانەوە.

جا بەدەر لەوەرگێڕانی ئەم زاراوەیە ئەوەی گرنگە بیدرکێنین ئەوەیە کە ئەوانەی گرنگی بەم زانستە دەدەن پێیان وایە کە توێژینەوەی وتە زمانەوانیەکان بەجودا لەو رێچکانەی کە تیایاندا بەکاردەهێنرێت، مەسەلەیەکی دروست نییە، چونکە رێچکەو توخمە دەرەکیەکانی دی وەکو قسەکەر یان گوێگر، یان قسەکانی پێشوو، برادەران و دۆستانمان شارەزاییەکانی پێشوو و توخمەکانی پێکهێنانی پێگەی قسەکەران. توانای گوێگران لەسەر لێکدانەوەی مانا، هەموو ئەم شتانە ناتوانین کەلە تێگەیشتنی رێك و رەوانی قسەکەرەکە و گەیشتن بە ئاستێکی قسەکەرێکی سەرکەوتوو فەرامۆشی بکەین.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سروشتی بابەتی زمانەوانی و پرۆگرامەکانی توێژینەوە، کە لەم بوارەدا پەیڕەو دەکرێت، هەموو بوونەتە زانستێك کە تایبەتمەندیەکانی زانستەکانی سروشت و زانستە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە گرێ دەدات، چونکە ئەم زانستە زانستێکە مامەڵە لەگەڵ زمانی مرۆڤایەتیدا دەکات بەو وەسفەی

که سیستەمێکی هێماییە، ئەوا دەتوانین ئەم زانستە بەلقێکی زانستی (هێماکان) هەژمار بکەین(١)

لقەکانی زمانەوانی :ـ زمانەوانیەکان لەچەند رەهەندێکی جوداوە لە (زمان) دوکۆڵنەوە، ئەویش بەپێی مەرامە هەمە جۆرەکانیان، بۆیە وەك دەرئەنجامێك چەندەها لق بۆ ئەم زانستە هاتە ئاراوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

١ـ زمانەوانی گشتی و زمانەوانی وەسفی: زمانەوانیەکان جیاوازیەك دەخەنە نێوان هەردوو (زمانەوانی گشتی) و (زمانەوانی وەسفی)، زمانەوانی گشتی لەو لایەنەوە گرنگی بەزمان دەدات، کە دیاردەیەکی مرۆییە و مرۆڤ لەئاژەڵ جودا دەکاتەوە، سیستەمێکیشە لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەی رەوانبێژیدا جیاوازی هەیە.

زمانەوانی وەسفی باسی لەوەسفکردنی زمانێك دەکات. هەروەك روون و ئاشکراشە کە ئەم جوداکردنەوەیە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی بەجوداکردنەوەی زمان وەکو دیاردەیەکی گشتی و زمانە دیاریکراوەکە هەیە. هەردوو لقەکەش سوود لەدەرئەنجامەکانی یەکدی وەردەگرن، (زمانەوانی گشتی) چەمکەکان و ئەو وتانە پێشکەش دەکات کە زمانە دیاری کراوەکانی پێ دەکۆلرێتەوە.

(زمانەوانی وەسفی) ئەو ماددەیە دەخەنە ڕوو یان ئەو دۆزو نێوانە پووچەڵدەکەنەوە کە (زمانەوانی گشتی) باسیان لێوە دەکەن. بۆ نموونە لەوانەیە پسپۆرێکی زمانەوانی گشتی وا گریمانە بکات کە هەموو زمانێك (ناو) و (کار)ی تیادا هەیە. ئەوکات پسپۆرێکی (زمانەوانی وەسفی) بەبەڵگەی کردەیی هەڵدەستێت بە پووچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونە، کرۆکی هەوڵەکەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە یەك زمان بەلای کەمیەوە لەجیهاندا هەیە کە ئەو وەسفەی لەسەر پراکتیزە بێ، کە جیاکاریەك لە نێوان (ناو) و (کار)دا دەکات، بەڵام پسپۆرێکی وەسفی گەر بیەوێ ئەم گریمانەیە پوچەڵ بکاتەوە، دەبێ مامەلە لەگەڵ هەردوو چەمکی (ناو) و (کار) بکات، کە لەپسپۆری زمانەوانی گشتی بۆیانی دەستەبەر کردووە.(٢)

بەم شێوەی توێژینەوە وەسفیەکانی زمانی دیاریکراو دەرئەنجام بۆ فۆرمەلەکردنی ئەو تایبەتمەندیە گشتیانە پەلکێشمان دەکات کە هەموو زمانەکان تیایدا هاوبەشن.

شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بەو ئاوێتە بوونە دەکەین، کە لەنێوان هەر دوو زانستی (زمانەوانی وەسفی) و (زمانەوانی بەراورد)دا هەیە، بەڵام دیارترین جوداکاریەکانیان لە جیاوازی پرۆگرامەکانیان بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەوانەی کە گرنگی بە بواری یەکەم

دەدەن لەرووی پرۆگرامی وەسفسازی ئێستاییەوە، زمان لە قۆناغێکی دیاری کراودا دەخوێنن و ناڕوانە پێشڤەچوونە مێژووییەکانی، کەچی (زمانەوانی بەراوردی) زانایانی زمان، ئەو زمانانە لەهەردوو لایەنی مێژوویی و ئێستایی پێشنیاز دەکەن.

٢ـ زمانەوانی مێژوویی:

توێژینەوەی زمانەوانی لەسەدەی (١٩)دا مۆرکێکی مێژوویی بەخۆوە گرتبوو، واتە زمان وەکو پێشڤەچوونێکی قۆناغگەلی مێژوویی باسدەکرا، هەروەها لەو کاتەدا تێروانینێك لەناو زمانەوانەکاندا سەری هەڵدا، کە زمان هەروەکو ئاژەڵ و رووەك کائینێکی زیندووە، لەم بۆچونەشیاندا کاریگەریان بە تیۆری پێشڤەچوونی زانستی (زیندەوەرزانی) کرد، کە (داروین) لە پەرتووکی (بنەچەی جۆرەکان)(٣)دا دای ڕشتبوو، جگە لەوەی کە تیۆەردانێکی لەبواری پرۆگرامەکاندا هەبوو لە نێوان توێژینەوەی زمانی مێژوویی و توێژینەوەی زمانی ئێستایی، بەڵام زمانەوانی بەناوبانگ (فردیناندی سۆسێر) توانی ئەم دوو پرۆگرامە جودا بکاتەوە، ئەم زمانەوانە هەستا بە جوداکردنەوەی توێژینەوەی دایکرۆنی و توێژینەوەی (سایکرۆنی)، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەردوو پرۆگرامەکە تێکەڵ نەکرێن، چونکە مێژووی زمان و پێشڤەچوونی وشەکان و پێکهاتەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەقۆناغە کاتیەکانەوە نیە، ئیتر لەو کاتەوە گرنگی زیاتر بە پرۆگرامی ئێستا درا وەك لە پرۆگرامی (دایکرۆنی) توێژینەوە مێژووییەکانیش تەنها لەژمارەیەکی کەمی زمانەوانیەکاندا سنووردا بوو.

زۆر گرنگە لێرەدا ئەوە روون بکەینەوە کە زمانەوانیە مێژووییەکان هەر کەسێك بۆی هەیە کە زمانێکی دیاری کراو بخوێنێت یان زمانێك بەو شێوازە بخوێنێت کە هەر خودی خۆیەتی(٤).

٣ـ زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی پراکتیکی:

مەبەست لەزمانەوانی تیۆری: تیۆرێکی بونیادی زمانە، هەروەها دامەزراندنی ئەرکەکانێتی بەجودا لەکردارە پراکتیکیەکانی، کە لەوانەیە توێژینەوەکە لە تویێ بگرێت، هەرچی زمانەوانی پراکتیکییە، ئەوا گرنگی بە پراکتیزەکردنی چەمکە زمانەوانیەکان دەدات، و دەرئەنجامەکانی لەسەر ژمارەیەك لە ئەرکە کردەییەکان پراکتیزە دەکات، بەتایبەتی وتنەوەی زمان(٥)، هەروەها بواری زمانەوانی پراکتیکی بە (پلانی زمانەوانی) و (فێربوونی زمانی کۆمپیوتر و پەیوەندی زمان بەپەروەردەو وەرگێڕان و پەروەردەی ئامێر) و (زمانەوانی کۆمپیوتەریی و زیرەکی دەستکرد و

...هتد دەدات).

کاتێك کە زاراوەی زمانەوانی پراکتیکی دەدرکێنین زۆر کەس وا گومان دەبەن کەباس لە فێربوون و فێرکردنی زمانە بیانیەکان دەکەین، بەمشێوەیە فێربوونی زمانەکان بەتایبەتی زمانە بیانیەکان، کارو پیشەی ئەو کەسانەیە کە گرنگی بە زمانەوانی پراکتیکی دەدەن، بە پێچەوانەی چەند قوتابخانەیەکی زمانەوانی تیۆری، زمانەوانیە پراکتیکیەکان سوورن لەسەر باسلکردنی گووتارەکانی قسەکەران کە بە گوێرەی قسەکەرەکە و لە هەلۆێستە گووتاریە کردەییەکانی زمانە فێربووە کە بەرەو باشتر دەچێت دەکولێتەوە.

**٣ـ١** زمانەوانی تیۆری:

زمانەوانی تیۆری چەندەها لقی گرتۆتە خۆ، کەباس لەچەندەها ئاستی جۆراو جۆر دەکەن، (کە لەوانەیە ئەو ئاستانە تێکەلێش بن)، ئەویش لەبواری لێکۆلینەوەی زمانەوانیدا، کە گرنگترینی ئەو لقانە ئەمانەن:

١ـ فۆنەتیك: ئەم زانستە گرنگی بەدەنگەکانی ئاخاوتن دەدەن و ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆ:

أـ دەنگ دەرکردن لەرووی درکاندنەوە، و ئامادەسازیەکان و ئەو توانا بۆماوەییانەی کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دەنگەکان بدرکێنێ، هەروەها ئەو لایەنەی دەنگسازی درکاویش دەگرێتەوە.

ب ـ بونیادی دەنگەکان، کە لەرێچکەکردن دایە بۆ گوێگر و لایەنەکانی دی گوێگرتن، کە پەیوەندی پێیەوە هەیە. ئەم لایەنە فونەتیکی بیستن دەگرێتەوە.

ج ـ کردە دەرونیە دەمارگیریەکان، کە پەیوەندیان بەدەرکردنی دەنگەکانەوە هەیە، ئەم بوارەش لە (فۆنەتیکی دەمارگیری) دەکۆلێتەوە.

٢ـ فۆنۆلۆجی: ئەم زانستە گرنگی بەو دەنگانەی ئاخاوتن دەدات، کە پەیوەندی بەواتاکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە ئەلۆفۆنەکانی زمان وتایبەتمەندیەکانی و سیستەمەکان و رێسا دەنگیەکانەوە هەیە، کە کۆنترۆلیان دەکات، کەچی فۆنتێك لایەنە مادیەکانی دەنگە شیمانە کاراوەکان هەموو زمانەکان دەگرێتەوە، (فۆنۆلۆجی) سیستەمی دەنگی لە زمانێکی دیاری کراودا دەگرێتەوە، هەرچەند بەراوردکردن لەگەلْ سیستەمێکی دەنگی لە زمانێکی دیدا لەتوانادا هەیە.

٣ـ مۆرفۆلۆجی: ئەو بوارەیە کە باسی لە بونیادی رێسایی وشەکان(٦) و

سیستەمەکانی بونیادی وشەکان و(٧) ئەو ڕێسایانە دەکات کە کۆنترۆلی ئەم (پێکهاتانە) دەکەن.

٤ـ ڕستەسازی:

ئەم زانستە باس لە بونیادی ڕستە زمانەوانیەکان و لایەنەکانی دەکات و پەیوەندی نێوان وشەکان و ئاسەوارو کاریگەریەکانیان و ئەو ڕێسایانەی کە ئەو پەیوەندیانە کۆنترۆل دەکات و دەخاتە ڕوو. جا لەبەر ئەوەی مۆرفۆلۆجی باسی لە ڕێساکانی بونیادی وشە دەکات و ڕستەسازیش باس لە ڕێساکانی بونیادی ڕستە دەکات، لەبەر ئەوە لەوانەیە کە ئەو بوارەی نێوان ئەم دوو زانستە کۆدەکاتەوە بە (ڕێزمان) ـ ناوزەند دەکرێت، خۆ جاری واش هەیە نێوان هەریەکە لەلایەن و یەکە ڕێزمانیەکان و لایەن و یەك فەرهەنگیەکانی زمان جیادەکرێتەوە، زۆریش لە زمانەوانیە هاوچەرخەکان هەردوو زانستی (فۆنۆلۆجی) و (واتاسازی) لە تۆێی زانستی ڕێزماندا باسی دەکەن، ئەمەش جۆرێك لە ئالۆزی دروست دەکات.(٨)

٥ـ واتاسازی: ئەم زاراوەیە لەلایەن (میشێل برێل)ەوە بۆ ئەو بوارە دانراوە، کە گرنگی بە لێکۆلینەوەی مانای وشەی ئاخافتنە زمانەوانیەکان و وەسفەکانیان دەدات، تەنها گرنگی بەلایەنی فەرهەنگیەکانی مانا نادات، بەڵکو لایەنە ڕێزمانیەکانیش دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە باس و خواسەکانی ئەم زانستە تەنها مانای وشەکان ناگرێتەوە، بەڵکو مانای ڕستەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەندە زمانەوانیەکانی پێش هەشتاکان زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لە فەرهەنگەکانیاندا مانای وشەکان نەك ڕستەکان و توخمەکانی ڕێزمان شرۆڤەبکەن، هەروەها پەیدابوونی ڕێزمانی بەرهەمهێن ڕۆلێکی مەزنی لە فراوانکردنی چەمکی (واتاسازی بونیادی فەرهەنگی)دا هەبوو، بۆ ئەوەی پاشتر توێژینەوەکانی واتاسازی نەك هەر وشە بەڵکو بونیادی ڕستەش بگرێتەوە، بەمشێوەیە هەندێك لەو بابەتانەی کە ئەم زانستە دەیانگرێتەخۆ ئەمانەن:

أـ بونیادی واتایی وشەکانی زمان.

ب ـ پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان، وەکو وشە هاوواتاکان و وشە هاودژەکان.

ج ـ مانای تەواوی ڕستەکە و پەیوەندیە ڕێزمانیەکانی نێوانیان.

د ـ پەیوەندی ئاخافتنە زمانەوانیەکان بەو راستەقینە دەرەکیانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەمەش لەواتاسازی هێمایدا دەخوێندرێن(٩).

جا لەو توێژینەوە تەقلیدیانەی کە لەرۆژئاوادا باوە، واتاسازی مێژوویی لە وشە

تاکـەکان و مێـژوویان و پێـشڤەچوونی ماناکانیـان دەکۆڵێتـەوە، ئـەویش لـەقۆناغ و سەدەکانی مێژوودا، ئەم زانستەش لەسایەی دوو ناونیشاندا جێی دەبێتەوە، کـە پێیـان دەووترێت (ئیتیمۆلۆجی) و (گۆڕانی واتـایی)، توێـژەران بەگـشتی لەچـەندەها رووەوە گرنگیان بەواتاسازی دا، تاکو گەیشتنە ئاستێك کەبشێ باس لە زانستەکانی واتاسازی بکرێت، واتە واتاسازی ببێتە چەند زانستێك نەك یەك زانـست، بۆنموونـە دەبیـنین کـە (جۆن لاینز) جیاوازی دەخاتـە نێـوان واتاسـازی زمانـەوانی و واتاسـازی فەلـسەفی و واتاسـازی ئـەنترۆپۆلۆجی و واتاسـازی دەروونـی و واتاسـازی ئـەدەبی و ئـیتر بـەم شێوەیە(١٠)، بەڵام کاتێك کە بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك و بەبێ هیچ وەسـفێك دەڵـێین واتاسازی، ئەوا ئەوکاتە هزرمان بەلای واتاسازی زمانەوانیدا دەچێت.

٦ـ پراگماتیك: ئەم زانستە بەوە پێناسە دەکرێـت کـە (توێژینـەوەی چـۆنیەتی بـوونی مانایە بۆ وتەکان، ئەویش لە رێگەی گووتارەکاندا(١١)، ئەم زانـستە پێـشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش بەکۆشـشی زمانـەوانی و فەیلەسـوفە ئەمریکیـەکانی وەکو (ئۆستین) و (سێرل) و (گرایس) تاماوەیەکی نزیکیش هەنـدێ زمانـەوان واتایـان لەبابەتی توێژینەوەکانیان بـەدووردەگرت، ئـەویش لەبـەر ئـەو سروشـتە ئـاڵۆزەی کـە بوارەکانی توێژینەوەی جۆراوجۆری فەلسەفە و لۆجیك و کۆمەڵناسی ... هتد) ئاوێتەی دەبن، تەنانەت ئەوانەی کە بانگەشەی توێژینەوەی واتا دەکەن، بەبەهانەی ئـەوەی کـە ناتوانرێت رێزمان و واتا جودابکرێنەوە وەکو زمانەوان (لاکوف) بەشـدارەکان و توخمـە گووتاریەکانی دەرەوەی بونیادی زمانەوانیان پەراوێز خستووە، وەکو قسەکەر و گـوێگر و بەکارهێنانی دەرەکی.

هەروەها (مۆریس) لە پێگەی باسـکردنی جیاکاریـە سێگۆشـەییە ناسـراوەکەیدا، لـە بواری زانستی هێمایەکاندا (هێماسازی) (ڕستەسازی و واتا و پراگماتیك) وتوویەتی کە ڕستەسازی لە پەیوەندیەکانی هێما زانـستیەکان دەکۆڵێتـەوە، واتاسـازیش پەیوەنـدی هێمـا بەشـتەکانەوە بـاس دەکـات و پراگماتیـك پەیوەندیـەکانی ئـەو هێمایانـە بـە شرۆڤەکارانی دەخاتەڕوو.(١٢)

لەبنەرەتیـشدا ئـەم پۆلێنکاریـە سێگۆشـەییە بـۆ (پێـرس) دەگەرێتـەوە، هەرچـەندە (مۆریس) یەکەم کەس بوو کە بەروونی ئەم پۆلێنکاریەی خستەروو و (کارناب)یش لەم بوراە پشتگیری کرد. (١٣)

جا لەو جوداکاریە پێشنیارکراوانەی واتاسازی و پراگماتیك ئەوەیە کە واتاسـازی بـاس

لەواتا دەکات، کەچی پراگماتیك باسی بەکارهێنانی دەکات. (١٤)
ئەم جوداکاریەش وێکچووی ئەو جوداکاریەی زانایانی (أصول الفقه)ە، کە دەیخەنە نێوان زانستی دانان (بەکارهێنانەوە)، چونکە هەریەکە لە (دانان) و واتاسازی بەدوور لە رێچکەکە باسی مانا دەکەن، بەڵام بەکارهێنان و پراگماتیك بەدوور لە رێچکەکانی باس لەزمان دەکەن، بە جیاوازی توێژینەوەی رۆژئاواییەکان و زانایانی کەلتوور لەوەدایە کە واتاسازی و پراگماتیك هەردووك بونەتە دوو زانستی جودای بواری زمانەوانیە هاوچەرخەکان، بەڵام تەنها (دانان) بووە زانستێکی سەربەخۆی کەلتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەرچی بەکارهێنانیشە تاکو ئێستا نەبۆتە زانستێکی سەربەخۆ(١٥)، هەرچەندە لەپەرتووکی ( Medieval lslamic Pragmatical) کۆششێك خراوەتەروو بۆ فۆرمەلەکردنی رەگوریشەو تیۆرو پرۆگرامەکانی. هەروەها جیاوازی نێوان واتاسازی و پراگماتیك لە جیاوازی نێوان ڕستەو وتەدا بەرجەستە دەبێت.
ئەم جیاوازیەش لە جیاکاریەکانی نێوان زمان و قسەوە پەیدا دەبێت، کەچی ڕستە (کە چەند کیانێکی زمانەوانی روون و رەهان) سەر بە زمان و وتەکانیش (کە ڕەنگدانەوەیەکی کردار و جێبەجێ بوون و بەرجەستەبوونە کردەییەکانی ڕستەکان) سەربەئاخافتنن، لێرەشدا واباشە ئاماژە بەوە بکەین کە واتاکانی ڕستە بابەتگەلێکی واتاسازین، کەچی مانای وتەکان بابەتگەلێکی سەر بە پراگماتیکن، هەروەها جیاوازی نێوان مانا زمانەوانیەکان و مەرامی قسەکەران و مەبەستەکانیان پەیوەندی بەواتاسازی و پراگماتیکەوە هەیە، ئەو مانا زمانەوانیانەی (کە ماناگەلێکی (عربی)ین لەوشەو پێکهاتەکانیانەوە سەرچاوە دەگرن)، هەموو لە ژێر سایەی واتاسازیدا جێیان دەبێتەوە، چونکە لێکدانەوەی ناوەڕۆکەکەی پێویستی بە چەند توخمێکی دەرەوەی بونیادی زمانەوانی نیە، بەڵام مەرام و مەبەستی قسەکەران ناکرێ پەی پێ بەرین، مەگەر بەزانینی ئەورێچکانە نەبێ، کە قسەکانی تیادا بەکارهێنراوە، هەروەها بەناسین و زانینی قسەکەر و گوێگرەکە و کارکردنی تواناکانی لێکدانەوە کە لەلای قسەکەرەکە هەیە، ئەویش لەکاتی ئاخافتندا.
زمانەوانەکان لە ژێر کاریگەری ئەو پێشەچوونانەی کە باسمان کرد هەمیشە ئەوەیان رەت دەکردەوە کە بەبێ رێچکەکان لەڕستەکان بکۆڵنەوە، ئەوان بیرۆکەی چۆمسکیان رەت کردۆتەوە سەبارەت بە (قسەکەری نمونەی بە سەلیقە)، جا لەسەرەتای ساڵانی

هەفتاكان لەبواری پراگماتیكدا تـەنها تیـۆری كردەكـانی ئاخـافتن ( Speech act Theory) بـاس دەكـرا، پاشـان زیـاتر گرنگـی بـە توێژینــەوە مەیدانیــەكانی ئــەو ئاخافتنانە درا، كە (گـرایس) لەسـاڵی (١٩٧٥) ئـەنجامی داو نـاوی نـا (بنـەماكانی ئاخافتن)، جا بەهۆی زیادبوونی دەرككردن بـە نزیـك بوونــەوە و ئاوێتــە بــوونی نێــوان هەردوو ماناو بەكارهێنان، ئـەو مەیلـە پەیـدا بـوو، كـە توێژینــەوەكانی پێــشوو لــە چواچێوەی واتاسازییەكی فراوانتردا مامەڵەیان لەگەڵـدا بكرێـت. نـەخاسما لـەكاروبارە رووالەتیەكان وەكو واتاسازی پێگە (sistua tion semantics)(١٦) و لۆجیكی گووتاربێـژی (illocutionary logic) (١٧)، جـا لەبــەر گرنگـی دان بەلایــەنی گووتارەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ ماناد‌ا، پرۆگرامــی رەوانبێــژی لــە توێژینــەوەی ئــەم زانستەدا هاتە كایەوە(١٨).

٤ـ زمانەوانی تەسك و زمانەوانی فراوانخواز: كاتێك كە زمانەوان توێژینەوەكانی خـۆی تەنها لە بونیادی زمان و سیستەمەكانیدا چڕ دەكاتەوە و لابەلای رەهەنـدە دەروونــی و كۆمەلایەتی و رەگەزە ئەدەبیەكاندا ناكاتەوە، ئەوا دەلێین كە ئــەو توێــژەرە باســی لــە زمانەوانی تەسك دەكات، بەلام ئەگــەر هــاتوو تێكــەڵی چــەند رەهەنـدێك بـوو، ئــەوا توێژینەوەكە دەچێتە بواری زمانەوانی فراوانخواز، كە ئەمانە دەگرێتەوە:ـ

١ـــ زمانــەوانی كۆمەلایــەتی social linguistics: (لاینـز) ئـەم زانسـتە بـەوە پێناســـەدەكات كـــە زانـــستێكی توێژینـــەوەی زمانـــە لـــە رووگـــەی پەیوەندیـــە كۆمەلایەتیەكانەوە(١٩)، ئەم زانستەش لقێكە لە هاریكاری بەشە زمانەوانیــەكانیان و كۆمەلناســیەوە پەیـدابووە، كـە بــاس لــە مانــای كۆمەلایــەتی سیــستەمی زمــان و بەكارهێنانی و ئەو مەرجەی هاوبەشانە دەكات، كـە لــە نێــوان بونیــادی زمانــەوان و بونیادی كۆمەلایەتیدا هەیە.(٢٠)

٢ـ زمانەوانی رەگەزی (یان رۆشـنبیرەكان) ethno linguistics : (لاینـز) بـەوە پێناسەی ئەم زانستە دەكات كە (توێژینەوەی زمانە لـەو رووگەیەوەكـە پەیوەنـدی بـە رۆشنبیریەوە هەیە).

جا لەبەرئەوەی رۆشنبیری وا پێویست دەكـات كـە لەبنەوانەیــەكی كۆمەلایەتیـدا رەگ دابكوتێت، و كۆمەڵگاش سەری بۆ رۆشنبیری دانەنواندووە، ئەوا توێژینەوە زمانەوانیە كۆمەلایەتیەكان و زمانەوانی رەگەزییەكان بە هەموو مانا فراوانەكانیەوە لەگەڵ یەكدی تێكەلكێش دەبن(٢١).

٣ـ زمانەوانی دەروونی psyche linguististics : ئەم زاراوە بیانیە لە دوو وشە پێك دێت، کە وشەی یەکەمیان گریکیە (psyche) بەمانای (عەقل) یان (مێشك)ە، وشەکەی تریش لاتینیە (lingua) بەمانای زمان دێت، لەرووی زاراوەییشەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە توێژینەوەی زمان و بیرە (٢٢)، هەروەك زانراویشە کە پەیوەندی نێوان مانا زمانەوانیەکە و مانا زاراوەییەکە توندو تۆڵە.
جا لەو بابەتگەلەی کە ئەم زانستە باسی دەکات، چۆنیەتی فێربوونی زمان و وەرگرتن و تێگەیشتنیەتی، هەروەها زمانەوانی دەروونی لە کۆششدان بۆ ناسینی سروشتی کرۆکی پێکهاتەی کەسی توانا زمانەوانیە مرۆییەکان و دۆزینەوەی ئەو رێگایانەی کە زانینی زمانەوانی بە بەکارهێنانی کردەیی زمانەوە دەبەستنەوە.
هەروەها لەو پرسانەی کە زانستی زمانەوانی دەروونی باسی دەکات و بە رکمانیەك هەژمار دەکرێت بۆ ئەوانەی کە گرنگی پێ دەدەن، مەسەلەی دەست نیشانکردنی لایەنە بۆماوەییەکانی زمانە، جا لەو بیرورا رۆچوانەی کە لەم بوارەدا لەئارادا هەیە، بۆچونەکانی چۆمسکیە سەبارەت بەوەی کە بونیادە رێزمانیەکان و بونیادی چەمکەکان کە زانینی زمانەوانی لەلای باڵغبوان بەرجەستە دەکەن، هەر لەمنداڵیەوە لە مێشکی مرۆڤدا هەن، بەڵام تیۆرێکی دی میانرەوتر لەئارادا هەیە، کە زۆر لە توێژەران باوەڕیان پێیەتی، ئەم توێژەرانە پێیان وایە کە مرۆڤ بە فیترەت زمان تێ دەگات، ئەم بۆچونەش ئەو حالەتە شرۆڤە دەکات کە منداڵ مامەڵە لەگەڵ ئاڵۆزیەکانی زماندا دەکات و چۆنیش کردە ژمێریارییە سادەکانی وەك جاران کردن و دابەش کردن ئەنجام دەدات. (٢٣)
هەروەها (ستینشال و وندت و بوهلر)، لەکۆتایی سەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پرسە سەرەکیەکانی زمانەوای دەروونیان خستۆتە روو، هەروەها ناو و پلان و چەمك و پرۆگرامی ئەم زانستە لە هاوینی ساڵی (١٩٥٣) لەکۆبونەوەیەکی گفت و گۆ لە پەیمانگای زمانەوانی لە زانکۆی (ئیندیانا) دامەزرێنرا، کە دەستەیەك لەزمانەوانەکان و و زمانەوانە دەروونیە ئەمریکیەکان بەشداریان تیادا کرد و بڕیاریاندا کە ئەو بونیادە زمانەوانیەی کە زمانەوانەکان دەیدۆزنەوە دەکرێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەویش بەبەکارهێنانی دەروونناسی و تیۆرەکانی. (٢٤)
٤ـ شێوازناسی stylistics: ئەم زانستەش لقێکی زمانەوانیە فراوانخووازەکانە، کە باس لەهەمەجۆری شێوازەکانی زمان و ئەو رێگایە دەکات کە چۆن بەکارهێنەرانی

زمانێك سوود لەهەمەجۆریەکە وەربگرن. زۆرجاریش ئەم زانستە لە چوارچێوەی توێژینەوەی زمانی دەقە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە(٢٥)، (لاینز) باسی ئەوە دەکات کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە توێژینەوەی ئەدەبی و زمانەوانیەکاندا جۆرێك لەدووبەرەکی پەیدابوو، کەلە بەدحاڵیبون و حوکمدانی پێشوەخت لەلایەك و لاف و گەزافی هەندێك لە زمانەوانەکان و رەخنەگرە ئەدەبیەکان لەلایەکی دیکەوە، سەبارەت بە ئامانجەکانی پسپۆری هەر یەك لە وان و دەستکەوتەکانیان سەری هەڵدا. (لاینز) ئاماژە بەوەدەکات کە بەدحاڵیبون و حوکمدانی پێشوەختە کەمتربوو، چونکە زمانەوانەکان وەکو جاران خاوەنی ئەو پلەو پێگە زانستیە نەماون، هەروەها زیاتریش لەو رووەوە بەئاگان کە پرنسیپی گرنگی دانی پلەیەك بۆ زمانە درکێندراوەکە رەچاو بکەن نەك زمانە نووسراوەکە، جگە لەبەئاگابوونیان لە رەخنەگرتنی ئەدەبی و معیارخوازی رێزمانی تەقلیدی.

هەروەها هەندێك رەخنەگرە ئەدەبیەکان دەزانن کە سووربوونی زمانەوانێك لەسەر ئەو بیرۆکەی کە بەکارهێنانی زمان لەئەدەبدا تاکە بەکارهێنان نیە، بگرە بەکارهێنانی سەرەکی نیە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو رایەیان کە دەڵێت ئەرکە ئەدەبیەکان شایانی توێژینەوەن، سەرباری ئەوەش زۆر لە زمانەوانەکان هەن ئێستا لەبواری شێوازناسی ئەدەبیدا کاردەکەن و هەردوو زمان و ئەدەب لە توێژینەوەکانیان گرێ دەدەن.

ئەم بابەتگەلەش لەبابەتەکانی شێوازناسین وەکو لاچوونی شێوازی (واتە دەرچوون لە شێوازە کارپێکراوەکان) و تێکەڵکێش کردنی مەرامدار و جورئەت و بوێری لەبەکارهێنانی ناراستەقینەکان و دووبارەکردنەوە و رەگەزدۆزی و عەرووز و قافیە... هتد(٢٦). ئیتر بەم شێوەیە گرنگی شێوازەکان و گرنگی دانی زانایانی رەوانبێژی تارادەیەك لەیەك دەچن ، هەرچەندە پرۆگرامەکانیان جۆراوجۆرن.

لەکاتێکدا کە رێزمان گرنگی بە بونیادی رێسایی دەدات، ئەوا شێوازناسی گرنگی بەدەق و بەکارهێنانە جوانکارەکانی زمان و رەنگدانەوە جوانکاریەکانی وەرگر دەدات، واپێ دەچێ کە شێوازناسەکان دەستیان بەوە کردبێ کە توێژینەوە دەربارەی دەقە غەیرە ئەدەبیەکان ئەنجام بدەن وەکو فۆرمەلەکردنی بەڵگە و نووسینی نامە سەرباری گرنگی دانە تەقلیدیەکانیان بە رۆمان و شیعر. هەروەها بوارەکانی توێژینەوەی شێوازەکان سەرباری زمانی نووسراو ـ پەل بۆ راگەیاندنە بیستراوەکان و دەقە درکێندراوەکانی وەك پەخشی بیستراو و وتارەکان و تەنانەت ئاخافتنی ئاسایش دەکێشێت.

بەگشتی بۆچوونێکی باو لەلای شێوازناسان هەیە کە ڕەنگدانەوەی جوانناسی لەکاتێکدا ڕوودەدات کە بونیادی زمانەوانی بە شێوەیەکی قەشەنگ و جوان بەکاربهێنرێت، جا ئەو چەشەو تامە کتو پڕەی کە لەڕێکخستنی نایاب و ناچاوەڕوان کراوەوە پەیدا دەبێت. دەبێتە هۆکاری گرنگی دان بەزمان، لەباتی ئەو پەیامەی کە لەمەڕ ئەو زمانە گوزارشتی لێ دەکات.(٢٧)

پەراوێزەکان:

1) Hadumod Busmann, Rontledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge, 1996 p 284)
2) John Lyons, Language and Lingusties: An Introduction, (Cambridge: Cambridge university Press 1981 p, 34)

٣- جفري سامسون،مدارس اللسانيات : التسابق وتطوره، ترجمة محمد زياد كبة (الرياض: جامعة الملك سعود ١٩٩٦، ص ٤.

4)See Lyons 1981:35
5)Lyons 1981:35
6)R.H. Robins, General Linguisties: An Introductory Survey, 2nd edn (Lengman 1978), p.181.
7)E.A. Nida, Morphology, 2nd edn (Michigan: The university of Michigan press, 1962),p.1.
8)Lyons, 1981:100.
9)See Busman ,1996:423
10)John Lyons Linguistic Semantics :An Introduction (Cambridge :Cambridge university press,1995),p.xii
11)Geoffrey Leech, principles of pragmatics (New york Longman, 1985)p.x.
12)John Lyons semantics (Cambridge: Cambridge university press, 1977).1:115.
13)Lyons, 1977:1:114.
14)S.C. Levinson, pragmaties(Cambridge :university press,1983),p.5.
15)Mohamed M. yunis Ali, Medieval Islamic pragmatics Sunni le gal the or ists models of tex tual colonization (London: Curzon press, 2000), p.9.

16)M.Gawron, and Stanley peters, Anaphora and Quantification in situation semantics (Stanford: csl,1990)
17)See Bussmann ,1996:374
18)Leech ,1983:xi
19)Lyons ,1981:267
20)Busman .1996;439
21)Lyons ,1981:267
22)Lyons ,1981:268
23)See McLeish ,1993:606-7.
24)See Busman ,1996:390.
25)Lyons ,1981:295-296..
26)Lyons ,1981:295-7
27)See McLeish ,1993:718
27) See Mcleish, 1993: 718.

ئەم بابەتە لەم کتێبە وەرگێڕدراوەوە وەرگیراوە:ـ

د. محمد یونس علی، مدخل الى اللسانیات، دار الکتاب الجدید المتحده، ٢٠٠٤، ص ٩ ـ ٢٤.

# هەندێ لایەنی سینتاکسی لە شێوەزاری ڕواندز

**بەشی یەکەم** **ئا : رازاو رەشید سەبری**

**ڕاناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی شێوەزاری رەواندزدا :**

یەکەم: راناوی کەسی سەربەخۆ:

لەشێوەزاری ڕواندز شەش راناوی سەربەخۆمان هەیە، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ئەمن (من) | ئەمە (ئێمە) |
| دووەم | ئەتو (تۆ) | ئەنگۆ (ئێوە) |
| سێیەم | ئەو | ئەوان |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم خشتەیەی سەرەوە دەبینین راناوە کەسییە سەربەخۆئان لە شەش ڕاناوی سەربەخۆ پێك هاتوون، سییانیان (ئەمن، ئەتو، ئەو) بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك بەکاردەهێنرێن، سییانەکەی تریشیان (ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان) بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ بەکاردەهێنرێن.

بە بیروبۆچوونی (نوری عەلی ئەمین) ئەم سێ راناوە تاکە (ئەمن، ئەتو، ئەو) سێ ڕاناوی بنجین و سێ ڕاناوە کۆیەکانی تری لێکەوتۆتەوە( ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان) بۆیە دەڵێت: ((بەبیروڕای من وەك لە هەندێ شێوەدا دەبیسترێت لەبری ڕاناوی (من) و (تۆ)

دەڵێن (ئەمن) و (ئەتو)، پێشگری (ئە) یان خراوەتە سەر. ئەمانیش (ئێمە) و (ئێوە) دەبێت لە بنەڕەتدا. (ئەمە) و (ئەوە) بووبن، وە بۆ جوێ کردنەوەیان لە راناوی ئیشاری پێشگری (ئە) کراوە بە (ئێ) و بوون بە (ئێمە) و (ئێوە)، وەك چۆن (ئەمساڵ) و (ئەمڕۆ) لە هەندێ شێوەی کوردیدا بوون بە (ئیمساڵ) و (ئیمڕۆ)، بەڵگەش بۆ زیادکردنی پێشگری (ئە) ئەوەیە هەتا ئێستاش شێوەی کرمانجی سەروو، لەبری (ئێمە) و (ئێوە) دەڵێن (مە) و (وە)(١).

کەواتە ئەم راناوە سەربەخۆیانە لە شێوەزاری ڕواندز لە ئاستی قسەکردندا (ئەمن، ئەتو، ئەمە، ئەنگۆ) بەکاردەهێنرێت. هەروەك لە شێوەزاری هەولێریشدا ئەم راناوانە بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێن، ئەگینا لە ئاستی نووسیندا (من، ئێمە، تۆ، ئێوە) بەکاردەهێنرێن.

لەشێوەزاری ڕواندز راناوە کەسییە سەربەخۆیەکان خاسیەت و بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین دەورو ئەرکی ئەو راناوانە بخەینەڕوو و لەسەریان بدوێین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ئەرك و بەکارهێنانی راناوە کەسییە سەربەخۆیەکان:**

١ـ ئەرکی بکەر: راناوە کەسییە سەربەخۆیەکان دەشێن وەك گرێیەکی ناوی لە شوێنی بکەردا دەربکەون، لەگەڵ هەموو جۆرە کارێکیشدا بەکاردەهێنرێن لە شێوازی ڕاگەیاندن و دانانیدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١ـ لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕدا:

لەشێوەی ڕواندز راناوە کەسییە سەربەخۆیەکان ـ جگە لە کەسی سێیەمی تاك نەبێت ـ دەبنە بکەری هەموو دەمەکانی کاری رابردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن و دانانیدا لەناو ڕستەدا بەهەمان ئەو فۆرمەی کە لە خشتەی ژمارە پێشەوە هاتوون. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا روون دەبێتەوە:

رابردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن:

ئەمن کراسەکەم هێنا.

(من کراسەکەم هێنا.)

ئەمە نانن خوارد.

(ئێمە نانمان خوارد.)

ئەتو نانت خوارد.

(تۆ نانت خوارد.)
ئەنگۆ نانو خوارد.
(ئێوە نانتان خوارد.)
ئەوان نانیان خوارد.
(ئەوان نانیان خوارد.)

**رابردووی تێپەڕی دانانی:**

بریا ئەتو گورەکەت بکڕیبا.
(بریا تۆ گوڵەکەت بکڕیبایە.)
بریا ئەنگۆ کراسەکەو بهێنابا.
(بریا ئێوە کراسەکەتان بهێنابایە.)

بەڵام راناوی کەسی سێیەمی تاك کاتێك کە دەبێتە بکەر بۆ دەمەکانی ڕابردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن و دانانی لەڕستەدا، شێوەکەی هەر ئەو شێوەیە نییە کە لە خشتەی پێشەوەدا هاتووە، چونکە دەکەوێتە دۆخەوە ـ هەروەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان بۆی کردووە ـ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

رابردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن:

رابردووی رووت: ئەوی نان خوارد.
(ئەو نانی خوارد.)
رابردووی تەواو: ئەوی نان خواردییە.
(ئەو نانی خواردووە.)
رابردووی دوور: ئەوی نان خواردبوو
(ئەو نانی خواردبوو.)
رابردووی بەردەوام: ئەوی نان ئەخوارد.
(ئەو نانی دەخوارد.)

رابردووی تێپەڕی ئینشائی:

بریا ئەوی گورەکە بکڕیبا.
(بریا ئەو گوڵەکەی بکڕیبایە.)
خۆزگە ئەوی هەویرەکە شێلابایە.
(خۆزگە ئەو هەویرەکەی شێلابوایە.)

**٢ـ** لەگەڵ کاری رابردووی تێنەپەڕ: راناوە کەسییە سەربەخۆیەکان لەشێوەی راوانـدزدا دەبنە بکەری کاری رابردووی تێنەپەڕیش لەهەردوو شێوازی ڕاگەیاندن و دانانی دا، وەکو:

رابردووی تێنەپەڕی ڕاگەیاندن:

رابردووی دوور: ئەتو نوستبووی.

(تۆ نوستبوویت.)

رابردووی تەواو: ئەمە شکاندیتن.

(ئێمە شکاندومانە.)

رابردووی تێنەپەڕی ئینشائی:

بریا ئەمە وەرن بگرتبا.

(بریا ئێمە وەرمان بگرتبایە.)

**٣ـ** لەگەڵ کاری رانەبردووی تێپەڕ: رانـاوە سـەربەخۆیەکان وەکـو گرێیـەکی نـاوی لـە شوێنی بکەر دەردەکەون لەگەڵ کاری رانەبردووی تێپەڕ لەهەردوو شێوازی ڕاگەیانـدن و دانانی دا، وەکو:

رانەبردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن:

ئەمن ئەخوێنم.

(من دەخوێنم.)

رانەبردووی تێپەڕی دانانی:

ئەمن بخوێنم.

(من بخوێنم.)

ئەو بخوینیت.

(ئەو بخوێنێت.)

٤ـ لەگەڵ کاری رانەبردووی تێنەپەڕدا: وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

**رانەبردووی تێنەپەڕی ڕاگەیاندن:**

ئەنگۆ ئەچنە بازاڕی.

(ئێوە دەچن بۆ بازاڕ.)

**رانەبردووی تێنەپەڕی دانانی:**

ئەمن بچمە بازاڕی.

(من بچم بۆ بازاڕ.)
ئەتو بچیە بازاڕی.
(تۆ بچیت بۆ بازاڕ.)
**٥ـ** لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ: لەشێوەزاری ڕواندز ڕاناوە سەربەخۆیەکانی کەسی دووەمی تاك و کۆ (ئەتو، ئەنگۆ) وەکو گرێیەکی ناوی دەشێن ببنە بکەری کاری داخوازی تێپەڕ لەهەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێدا، وەکو:
ئەتو زەوییەکەی بکێرە.
(تۆ زەوییەکە بکێڵە.)
ئەنگۆ خانییەکەی بفرۆشن.
(ئێوە خانووەکە بفرۆشن.)
حاڵەتی نەرێ:
ئەتو زەویەکەی مەکێرە.
(تۆ زەویەکە مەکێڵە).
ئەنگۆ خانیەکەی مەفرۆشن.
(ئێوە خانووەکە مەفرۆشن.)
**٦ـ** لەگەڵ کاری داخوازی تێنەپەڕ: وەکو ئەم نموونانەی لای خوارەوە:
لە ئەرێدا: ئەتو بنوو.
(تۆ بنوو)
ئەنگۆ بگەڕێن.
(ئێوە بگەڕێن.)
لە نەرێدا: ئەتو مەنوو.
(تۆ مەنوو.)
ئەنگۆ مەگەڕێن.
(ئێوە مەگەڕێن.)
ب ـ ئەرکی جێگری بکەر: لە شێوەزاری ڕواندز ئەم ڕاناوە کەسییە سەربەخۆیانە دەشێت وەکو گرێیەکی ناوی ئەرکی جێگری بکەر ببینن لەگەڵ هەموو دەمەکانی کاری رابردوو و رانەبردووی شێوازی ڕاگەیاندن و دانانی دا وەکو:
**١ـ** لەگەڵ کاری رابردوودا، وەکو ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

رابردووی ڕاگەیاندن:
ئەمن هەر خەرەتێنرام.
(من هەڵخەڵەتێنرام.)
رابردووی دانانی:
ڕەنگە ئەنگۆ هەر خەرەتێنرابن.
(ڕەنگە ئێوە هەڵ خەڵەتێنرابن.)
٢ـ لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا: وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:
ڕانەبردووی ڕاگەیاندن:
ئەتو دەکوژرێی.
(تۆ دەکوژرێیت.)
ڕانەبردووی دانانی:
ئەبی ئەنگۆ سوند بدرێن.
(دەبێ ئێوە سوێند بدرێن.)
ج ـ ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ: ڕاناوە سەربەخۆیەکان لە ڕستەدا دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو جۆرە کارێك، بەم شێوەیەی خوارەوە:
١ـ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا: لەشێوەزاری ڕواندز ڕاناوە سەربەخۆیەکان کە دەبنە بەرکار بۆ دەمەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن و دانانی شێوەیان هەر ئەو شێوەیەیە کە لە خشتەی پێشەوە دا هاتوون. وەك ئەو نموونانەی لای خوارەوە:
ڕابردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن:
ڕابردووی ڕووت: نەسرینێ ئەمن گرتم.
(نەسرین منی گرت.)
ڕابردووی تەواو: ئەمن ئەتوم گرتییە.
(من تۆم گرتووە.)
ڕابردووی دوور: ئەوی ئەنگۆ گرتبوو.
(ئەو ئێوەی گرتبوو.)
ڕابردووی بەردەوام: ئەوی ئەو ئەگرت.
(ئەو ئەوی دەگرت.)
رابردووی تێپەڕی دانانی:

خۆزگە ئازادی ئەو بگرتبا.
(خۆزگە ئازاد ئەوی بگرتبایە.)
**٢ـ** لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕدا: لە شێوەزاری ڕواندز کاتێـك کـە ڕانـاوە کەسـییە سەربەخۆیەکان دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری ڕانەبردوو لە شـێوەزاری ڕاگەیانـدن و ئینشائیدا شێوەیان هەر ئەو شێوەیە یە کە لە خشتەی پێشەوەدا هاتوون.
ـ جگە لە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك کە لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا دەکەوێتە دۆخەوە ـ وەکو:
ڕانەبردووی ڕاگەیاندن:
ئەمن ئەتو ئەبینم
(من تۆ دەبینم.)
ئەمە ئەنگۆ ئەبینین.
(ئێمە ئێوە دەبینین.)
ئەتو ئەمن دەبینی.
(تۆ من دەبینیت.)
ئەنگۆ ئەمە ئەبینن.
(ئێوە ئێمە دەبینن.)
**ڕانەبردووی تێپەڕی دانانی:**
لەوانەیە ئەمن ئەتو ببینم.
(ڕەنگە ئەمە ئەنگۆ ببینم.)
ڕەنگە ئەمە ئەنگۆ ببینین.
(ڕەنگە ئێمە ئێوە ببینین.)
ڕەنگە ئەتو ئەمن ببینی.
(ڕەنگە تۆ من ببینیت.)
ڕەنگە ئەنگۆ ئەوان ببینن.
(ڕەنگە ئێوە ئەوان ببینن.)
بەڵام ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ ڕانـەبردووی تێپـەڕی ڕاگەیانـدن و دانـانی دا دەکەوێتە دۆخەوە ـ وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێی کردووە ـ وەکو:
ڕانەبردووی تێپەڕی ڕاگەیاندن:

ئەمن ئەوی ئەبینم.
(من ئەو دەبینم.)
ئەمە ئەوی ئەبینین.
(ئێمە ئەو دەبینین.)
ئەو ئەوی ئەبینی.
(ئەو ئەو دەبینێت.)
ڕانەبردووی تێپەڕی دانانی:
ڕەنگە ئەمن ئەوی ببینم.
(ڕەنگە من ئەو ببینم.)
ڕەنگە ئەنگۆ ئەوی ببینن.
(ڕەنگە ئێوە ئەو ببینن.)
ڕەنگە ئەو ئەوی ببینی.
(ڕەنگە ئەو ئەو ببینێت.)

**٣ـ** لەگەڵ کاری داخوازی: ڕاناوە کەسییە سەربەخۆیەکان ـ جگە لە کەسی دووەمی تاک و کۆ ـ دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری داخوازی تێپەڕ لە شێوازی ئەرێ و نەرێدا. وەك ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

لە ئەرێدا:
ئەتو ئەمن ببە.
(تۆ من ببە.)
ئەنگۆ ئەمە ببەن.
(ئێوە ئێمە ببەن.)
ئەتو ئەوان ڕابسپێرە.
(تۆ ئەوان ڕابسپێرە.)
لە نەرێدا:
ئەتو ئەمن مەبە.
(تۆ من مەبە.)
ئەتو ئەوان ڕامەسپێرە.
(تۆ ئەوان ڕامەسپێرە.)

راناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) کە دەبێتە بەرکاری راستەوخۆ لەگەڵ کاری داخوازی دەکەوێتە دۆخەوە، لەشێوازی ئەرێ و نەرێدا وەکو:
لە ئەرێدا:

ئەتو ئەوی ڕابسپێرە.
(تۆ ئەو ڕابسپێرە.)
ئەنگۆ ئەوی ڕابسپێرن.
(ئێوە ئەو ڕابسپێرن.)
لە نەرێدا:
ئەتو ئەوی ڕامەسپێرە.
(تۆ ئەو ڕامەسپێرە.)
ئەنگۆ ئەوی ڕامەسپێرن.
(ئێوە ئەو ڕامەسپێرن.)

ح ـ ئەرکی بەرکاری ناراستەوخۆ: لەشێوەزاری ڕواندز راناوە کەسییە سەربەخۆیەکان لەڕستەدا بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندییەوە دەبنە بەرکاری ناراستەوخۆی هەموو دەمەکانی کار لە شێوازی ڕاگەیاندن و دانانی دا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
١ـ لەگەڵ کاری ڕابردوو بەهەردوو جۆرییەوە (تێپەڕ، تێنەپەڕ):ـ لە شێوەی ڕواندز راناوە سەربەخۆیەکان کە دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆی کاری رابردوو بەهەردوو جۆرییەوە (تێپەڕ، تێنەپەڕ) شێوەیان هەر ئەو شێوەیەیە کە لە خشتەی پێشەوە دا هاتوون. جگە لە راناوی کەسی سێیەمی تاك، چونکە دەکەوێتە دۆخەوە، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

أ ـ رابردووی تێپەڕ: شێوازی ڕاگەیاندن:
ئازاد گورەکە لۆ من
مە
تو
نگۆ

وان نیشانەی دۆخ

وی چاند

ئازاد گولەکەی بۆ

مـن

ئێمە

تۆ

ئێوە

ئەوان

ئەو

چاند

شێوازی دانانی:

بریا نەسرینێ گورەکە لۆ

مـن

مـە

تو

نگۆ

وان

وی نیشانەی دۆخ

چاندبایە

(بریا نەسرین گۆلەکەی بۆ

مـن

ئێمە

تۆ

ئێوە

ئەوان

ئەو

چاندبوایە.)

بـ رابردووی تێنەپەڕ:
شێوازی ڕاگەیاندن:
ئەمن هاتمە کنە تو.
(من هاتمە لای تۆ.)
ئەمە هاتینە کنە نگۆ.
(ئێمە هاتوینە لای ئێوە.)
ئازاد هاتە کنە وی.
(ئازاد هاتە لای ئەو.)

شێوازی دانانی: خۆزگە ئەمن بهاتبامە کنە تو.
(خۆزگە من بهاتمایە لای تۆ.)
بریا ئەتو بهاتبایە کنە وی.
(بریا تۆ بهاتایە لای ئەو.)

**٢ـ لەگەڵ کاری ڕانەبردوو بەهەردوو (تێپەڕ، تێنەپەڕ):ـ** ڕاناوە سەربەخۆیەکان کاتێک کە دەبنە بەرکاری ناراستەوخۆ بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی لەگەڵ کاری ڕانەبردوو بەهەردوو جۆرییەوە (تێپەڕ، تێنەپەڕ) هەمان ئەو فۆڕمەن کە لە خشتەی پێشەوە دا هاتوون. تەنها کەسی سێیەمی تاک نەبێت، چونکە دەکەوێتە دۆخەوە. وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

أ ـ ڕانەبردووی تێپەڕ:
شێوازی ڕاگەیاندن:
ئەنگۆ خانیەکەی ئەفرۆشنە

من
مە
تو
وان
وی — نیشانەی دۆخ

(ئێوە خانووەکە بە

من
ئێمه
تۆ
ئەوان
ئەو
دەفرۆشن.)

شێوازی دانانی:
ڕەنگه ئەوان خانیەکەی بفرۆشنه
من
مه
تو
نگۆ
وی

(ڕەنگه ئەوان خانووەکه به
من
ئێمه
تۆ
ئێوه
ئەو
بفرۆشن.)

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت له شێوەزاری ڕواندز ئەوەیه، ڕاناوه کەسییه سەربەخۆیەکان که ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینن و لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ بەکاردێن لەشێوازی ڕاگەیاندن و ئینشائیدا، دەکەونه کۆتایی ڕستەو شوێن گۆڕکێ دەکەن لەگەڵ کاری ڕستەدا، هەروەها ئامرازه پەیوەندییەکه به تەواوی دەرناکەوێت.
ب ـ ڕانەبردووی تێپەڕ:

شێوازی ڕاگەیاندن:
خانیەکە بەسەرە
من
مە
تو
نگۆ
وان
وی
ئەڕوخێت.

(خانووەکە بەسەر
من
ئێمە
تۆ
ئێوە
ئەو
ئەوان
دا دەڕوخێت.)

شێوازی دانانی:
رەنگە خانیەکە بەسەرە
من
مە
تو
وان
وی
بڕوخێت.
(ڕەنگە خانووەکە بەسەر
من

ئێمە
تۆ
ئێوە
ئەو
ئەوان

دا بڕوخێت.)

**٣ـ** لەگەڵ کاری داخوازی: راناوە سەربەخۆیەکان ـ جگە لە کەسی دووەمی تاك و کۆ (ئەتو، ئەنگۆ) ـ بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندییەوە دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ بۆ کاری داخوازی تێپەڕو تێنەپەڕ، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی ڕێزمانی بەخۆیانەوە ببینن، بەڵام کەسی سێیەمی تاك (ئەو) گۆڕانی بەسەردا دێت و دەکەوێتە دۆخەوە. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١ـ کاری داخوازی تێپەڕ:

گورەکەی لۆ

من
مە
وی
وان

بچینە.

(گوڵەکە بۆ

من
ئێمە
ئەو
ئەوان

بچێنە.)

ئەتو لە

من
مە
وی

وان

دڵنیابە.

(تۆ لە

مـن

ئێمە

ئەو

ئەوان

دڵنیابە.)

**پەراوێز:**

[1] - نوری عەلی ئەمین، ئەرك و شوێنی راناوە كەسییەكان لە ئاخاوتنی كوردیدا، لاپەڕە ٩

پ .ی. سەلام ناوخۆش :

# دەسەڵاتی کوردی خۆی نایەوێت زمانی یەکگرتوو دروست بێت

سازدانی: نەریمان خۆشناو

**زمانی یەکگرتووی کوردی یەکێکە لە بابەتە هەستیار و پڕ کێشە لەسەرەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردی، ئەم چاوپێکەوتنەی بەڕێز( پ . ی . سەلام ناوخۆش) پێشتر بەچوار ئەڵقە لە رۆژنامەی ( بارزان) بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی چاوپێکەتنەکە دووبارە لێرە بڵاوی دەکەینەوە.**

سەلام ناوخۆش لەساڵی ١٩٦٦ لەدێی زێبارۆك لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٦٩ ەوە هاتوونەتە هەولێر، خوێندنی سەرەتایی لە ١ ـ ٣ لەسەرەتایی زاگرۆس و لە ٤ ـ ٦ لەسەرەتایی مەولەوی تەواو کردووە. قۆناغی ناوەندی لە (قوتەیبە) تەواو کردووە، ئامادەیی لەهەڵمەتی کوڕان تەواو کردووە.

لەساڵی ١٩٩٠ بەکالۆریۆسی بەشی ئینگلیزی لەئادابی زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٩٦ لەهەمان بەش ماستەری تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٩٦ هەتا کۆتایی ٢٠٠٣ لەبەشی ئینگلیزی ئادابی دهۆك مامۆستا بووە، لە ٢٠٠٤ ەوە تا ئێستا مامۆستایە لەبەشی ئینگلیزی پەروەردەی بنیات زانکۆی سەلاحەددین .

بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١ لەزانکۆی مالیزیا لە فەلسەفەی ئەدەب لەدکتۆرا وەرگیراوە.

نازناوی زانستی: لە ٣٠/٦/ ١٩٩٦ مامۆستای یاریدەدەر، لە ٢٠ / ١/ ١٩٩٩ مامۆستا، لە ٢٠/ ٣/ ٢٠٠٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

***کورد ئەمڕۆ سێ ئەلفوبێی هەیە، یەکێکیان ئەلفوبێی عەرەبی کە لەکوردستانی عێراق و ئێران بەکاردەهێنرێ، دووەمیان ئەلفوبێی**

**لاتینییه کە کوردستانی تورکیا و سوریا و کوردەکـــانی دەرەوەی وڵات بـــەکاری دەهێنن، سێیەمیان ئەلفوبێی سلاڤی کە کوردەکـانی ڕووسـیا و قـەفقاز بـەکاری دەهێنن، وەکو تێبینــی هــیچ یـەك لـەم ئەلفوبێیانە لەبنەڕەتدا ئەلفوبێی کـوردی نـــین، بـــەڵام لـــەنێو زمانەکەمانـــدا بەکاردەهێنرێت، بـەڕای جـەنابت کامـە ئـــەلفوبێ بـــۆ زمانەکـــەمان گونجـــاو و لەبارترە؟ لەبەرچی؟**

ــ ئـــەلفوبێی لاتینـــی ڕەوشـــی سیاســـی لەبیستەکان دروستی کرد، ئـەو دەمـەی کەمالییەکان توانیان دەوڵەتی خەلافـەت لە ئەسـتەمبۆل بـڕوخێنن و دەوڵـەتێکی عەلمانی عەسـکەرتاریەت لـە (ئەنقـەرە) نەك (ئەسـتەمبۆڵ) دابمـەزرێنن، هـەموو بنەمایەکی ئەو دەوڵەتە نوێیە ڕۆژئاوایی بـــوو! ئینگلیـــز بەچـــەند مـــەرجێك بەدامەزراندنی ئـەو دەوڵەتـە عەلمانییـە ڕازی بوو، لەوانە:

١ـ سیستەمی حوکمڕانی وڵات عـەلمانی بێت.

٢- سیـــــستەمی (ســـــەلتەنەت) و (خەلافەت) هەڵبوەشێنرێتەوە.

٣ـ ژیان و ڕەفتار و گوتاری خەڵکەکە بە ڕۆژئاوایی بکرێ!

٤- تـەواو لـە کـەلتوور و ئـەدەبیاتی عوسمانی دا ببڕێ!

بێگومان هەرچی کولتـوور و ئـەدەبیاتی عوسمانلی هـەبوو بـە ئـەلفبای عـەرەبی عوسمانلی بوو، جا بۆ ئەوەی نەوەی نـوێ تەواو لەو مێژووە دابڕێ ئەلفبای لاتینی بەسەر هەموو دام و دەزگـای دەوڵـەت و دام و دەزگـــای خوێنـــدن و فێرکـــردن سەپێنرا! بەشێك لەڕوناکبیرانی کـوردیش بۆ ئەوەی بەنەهجی دەوڵەتی نـوێ بـڕۆن، ئەلفبایەکی لاتینی (کوردی)یان داڕشت!! لەمـەدا جـەلادەت و کـامیران بـەدرخان پێشەنگ بوون هەتا گۆڤار و کتێبیان بەو ئەلفبایە نوێیە بڵاوکردەوە.

ئـەو بزاڤـە بـە لاتینیکردنـی ئـەلفبای کوردی، هەر لـەباکوور خـۆی پێـداگیرا، بەڵام لەباشوور هـەر چـەندە (د. جـەمال نەبـەز) و (گیوموکریـــانی) و ئیـــدیش هەوڵیانـدا، بـەڵام دەرەقـەتی کولتـور و ئەدەبیاتی باشوور نەهاتن، بۆیە هـەموو هەوڵ و پیکۆڵەکان شکستیان هێنا!.

بەڕاستی ئارێـشەی سـەپاندنی ئـەلفبای لاتینی ژێدەرێکی سیاسی هەیـە! کێـشە لەوەدا نییـە، ئـەلفوبێی لاتینـی دەگـەل زمانی کوردی دەسازێ.

چەندان پیتی کوردی هـەن لـە ئـەلفوبێی لاتینی دەبێ هێمایان بۆ دابنرێ ئەگـەرنا لەگـەڵ یـەکتر تێکـەڵ دەبـن!! هەرچـی مەسەلەی (بزرۆکە)یە، بە ڕای من ئـەوە تـەنها لـەگۆکردن pronunciation

دەردەکەوێ، نەك لەڕێنووس spelling، بۆیە ئەمە بەهیچ جۆرێ بیانوو نییە! ئاریشە زمانییەکانی لاتینی زۆر زیاتر لەچارەسەرییەکانی!

***خاڵێکی تر، وابزانم ستەم لەئەلفوبێی کوردی بە (پیتی عەرەبی) دەکرێ بەوەی بە ئەلفبای عەرەبی دەناسرێنێ! ئەوەی کوردی زۆری لەگەڵ هی عەرەبی جوودایە، چەندان پیت لەکوردیدا هەیە، لەعەرەبی نییە، هەروەها چەند پیتێکیش لەعەرەبی هەیە لە کوردیدا نییە! جا ئەگەر کوردییەکە لەسەر ئەو داڕێژرابێ هیچ نەنگییەك نییە بۆ زمانەکە، ئەدی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی، هتد. لەگەڵ هەندێ جیاوازییەك ئەلفوبێ بەکارناهێنن؟!**

بەکورتی من پەسەندی ئەلفوبێی کوردی بەهەندێ ڕێنووسی عەرەبی دەکەم، چونکە هیچ کێشەیەکی زمانی تێدا نییە، وێڕای ئەمەش زەخیرەیەکی دەوڵەمەندمان بەو ئەلفوبێیە هەیە، کەچی ئەوەی بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراوە چارەگی ئەوە نابێ کە بە ئەلفوبێی کوردی نووسراوە! سەپاندنی سلاڤیەك هەر لەپەتای سیاسەتەوە بوو! هەر لەسەر دەمی دەسەڵاتی جۆزیف ستالینەوە ١٩٢٤ ـ ١٩٥٣ ەوە شەڕی کوردی موسلمان لەسۆڤیەت کراوە، هەرچی کوردە ئێزیدیەکەیە، ئەوە هەر لەئەرمینیا مانەوە، دووچاری ئەو هەموو چەوسانەوە نەبوون، زۆربەی هەرە زۆریشیان بەتایبەت نووسەر و روناکبیرەکانیان شیوعی بوون...

بۆیە سلاڤیەکە بەکارهێنانی سنووردارە و هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە!!

***ئەمڕۆ باسی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی دەکرێ، هەندێ کەس پێیان وایە (کرمانجی ناوەڕاست)لەڕووی واقیعەوە لەکوردستانی عێراق و ئێران بۆتە شێوەی ستانداردی زمانی کوردی، کەچی هەندێکی تر پێیان وایە دوو شێوە ستانداردی زمانی کوردیمان هەیە، یەکێکیان (کرمانجی ناوەڕاست) و ئەویتریان (کرمانجی سەروو)وە، هەشیانە دەڵێ کورد زمانی ستانداردی نییە، ئایا بەڕای جەنابت زمانەکەشمان وەکو خاکەکەمان پارچە پارچە نەبووە. یاخود بەواتایەکی تر کورد تا هەنووکە خاك و زمانی یەکگرتووی نییە؟**

ــ کورد نەزمانی ستاندەری هەیە نەزمانی یەکگرتوو!! زمانی یەکگرتوو زمانی نەتەوەیە، ئەو زمانە نەتەوەییە لەدوای دەسەڵاتی عەلمانی کوردییەوە ١٩٠٠ ـ ٢٠٠٨ شێوێندرا. لەو سەد ساڵەدا نەك هەر زمانی نووسین بەڵکو

زمـــانی ئاخـــافتنیش والێکـــراوه زۆر بـــه دژواری کوردی دوو ناوچه لەیەك دەگەن!! گومـــان لـــەوەدا نییـــه کـــه کـــورد وەك نەتەوەیەك زمانی خۆی هەیە، هـەبوونی ئەو زمانـەش فاکتـەری مانـەوەی کـورد بـــووە، بـــەڵام هۆکـــارە سیاســـی و کۆمەڵایـەتی و سروشـتییەکان فاکتـەری (بـــەرەو پوکانـــەوە بردنـــی!) زمـــانی یـــەکگرتووی کـــوردین! بێگومـــانیش دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردیش هەر لەسەر دەمی میرانەوە تاکو ئەمڕۆ لەبەرژەوەندی لەباربردنی زمانی یەکگرتووی کوردین!! هەرچی زمانی ستاندەرە لەلایەن وەرگری کـــوردەوە خوێندنـــەوەی جیـــاوازی بـــۆ دەکرێ، زۆرانێك هەتا لەچەمکی زمـانی ستاندەر ناگەن!! بۆیە بوونەتە وەرگرێکی نێگەتیڤ تەئویل و ڕاڤەی نـالۆژیکی بـۆ چەمکی ستاندەر دەکەن ئەوانە نازانن کە زمـــانی ســـتاندەر خـــۆی زمـــانی دایـــك mother tongue نییـە، هـەروەها ستاندەر خۆی زمـان language یـش نییـــە، بـــەڵکو دایەلێکتـــە Dialect دایەلێکتێك لەزمانێکدا هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەنـدی و ئـەدگاری هەیـە، بۆیـە خودی خـۆی دەشـێ هـەژموونی زمـانی linguistic Hegemony بسەپێنێ!! زمانی دایك زمانی ئاخاوتنـە نەك زمانی نووسین و خوێندن و فێرکردن!

منداڵ لەماڵەوە لەڕێگای زاراوە زمـان و لایەنی کۆمەڵایەتی زمـانیش لـەدایك و باوکەوە وەردەگرێ ئەوەی لـەماڵ ڕوودەدا پرۆسـەیەکی فێربـوونی زمـانی یەکەمـە First Language acquisition ئەمـــــــــــەش بەلاســـاییکردنەوە دەبێـــت، لـــەهیچ شـوێنێکی دنیـا، منـداڵ بـە (زمـانی دایکی) ناخوێنێ، بـەڵکو ئـەو زمانـەی لەقوتابخانە دەخوێنێ ڕاستە پێدەوترێ کوردی بۆ نموونە بەڵام تەواو ئـەو زمانـە نییە کـە لـەدایك و بـاوکی وەردەگـرێ!! لێرەدا وەرگری پۆزەتیڤ پەیامی خوێندن ئەوەی منداڵ لەقوتابخانە فێری دەبێ ئەو بەزاری خـۆی بـۆ منداڵەکـەی شـرۆڤەی دەکـــات! لـــەم ڕوانگـــەوە پرۆســـەی بەستاندەربوونی دایەلێکتێك بە دابڕینـی لەئـــەدگار و خاســـڵەتی ناوچـــەگەریی و لاسایی کۆمەڵایەتی هـەم لەپرۆسـەیەکی سروشتییە و هەم پرۆسەیەکی فێرکردنـە، بەواتایـــەکی تـــر ســـتاندەربوون لـــەخۆوە دروســـت نابـــێ جگـــە لەسروشـــتی دیالێکتەکـــە هۆکـــاری تـــر هـــەن وەك هۆکاری سیاسی هاوکار دەبن لەدروست بوونی زمانی ستاندەردا.

ئاریـشەی کامـەیان لـەنێوان کرمـانجی ســـەروو و ناوەڕاســـت ببێتـــە زمـــانی ستاندەر، ئاریشەیەکی دەستکردە، ئـەوە

وەردەگرێ نێگەتیڤی ئەو حاڵەتە دروست دەکات.
ئێمە کۆمەڵە مامۆستایەکی (سۆرانی!) ماوەی دە ساڵێك لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی دهۆك بووین، ناچاربووین شێوەی سۆرمانجی (سۆرانی، کرمانجی) دابهێنین و بتوانین لەگەڵ قوتابییەکان باشتر لەیەکتر بگەین، کە هەر یەکە بەدایەلێکتی خۆی قسەی دەکرد، تەواو لەیەکتر نەدەگەیشتین!! ئەم نموونەیەم بۆ ئەوەیە دەبێ ئێمە لەنووسینیش وەك (ئاخاوتن ناچاری) هەردوولا لەیەکتر بکەین!
ئەم ناوەندەش ناوەندی لەیەکتر گەیشتن پێویستی بەزمانی فەرمی official language بە ئێمە کە بەخۆمان حوکمڕانی خۆمان دەکەین، دەبێ ئەو حوکمڕانییە زمانێکی هەبێ، نووسراوەکانی هەموو قەڵەمڕەوییەکەی لێی تێبگات! ئەگەر دەرفەت بدرێ، یەکێ لەو دوو دایەلێکتە هەژموونی خۆی دەسەپێنێ. بەواتای ئەوەی لەدوای بابەتەکانەوە هەبووە زمانی ستاندەر نەبووە. بەڵکو کاریگەری مەڵبەندە سیاسییەکە دروستی کردووە بەجۆری هەتا کەرکوك و هەولێر کە بەشێکن لەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دەوریان لەو پرۆسەیە فەرامۆش کراوە هەرچی کرمانجی سەرووە بەحوکمی ئەوەی لەدوای رووخانی میرنشینی بەخۆیەوە بینیوە بۆیە لەرووی خۆیان هەیە، لەو پرۆسەیەدا، بۆیە ناکرێ وەك سلێمانیەك بیر بکەینەوە ئەوان زەنیان وایە ئەوەی پێدەوترێ زمانی ستاندەر رێك شێوەزارەکەی ئەوانە، کەچی خودی بەستاندەربوون، ئەوها نییە، ئەو شێوازە نووسینەی ئێستا هەیە، بەتایبەتی لەدوای راپەڕین سنووری کۆمەڵایەتی و ناوچەگەریی شێوەزارەکەی تێپەڕاندووە!! مەسەلەی ستاندەر بوون هێندە پەیوەست نییە بە ژمارەی قسەکەرانی!!
من ناڵێم دەوڵەتی کوردستانی گەورە خەونە! بەواتای هەرگیز نایەتدی!! بەڵام لەپرۆسەی پلانی زماندا Language planning کار لەسەر ئەوەی هەیە دەکرێ. لەمێژووی نوێی کورد دا ئەوە یەکەمجارە کورد لەبەشێکی وڵاتەکەی حوکمڕانی خۆی دەکات ئەو بەشەی وڵاتیش دوو دایەلێکتی سەرەکی لێیە! کێشەیەك لەم دەقەرە دروستکراوە، خەریکە دەبێتە قەیرانێکی سیاسی لێناگەرێ کورد لەحوکمەت و دام و دەزگای خوێندن زمانێکی سیاسی و زانستی هەبێ. هەریەکە بە بیانوویەك دەیەوێ دایەلێکتەکەی خۆی بکاتە زمانی ستاندەر و زمانی فەرمی

دەسەڵات! بەهدینییەکانی باشوور ئەم بیانووانەی خوارەوەیان هەیە، کە بۆ ئەوەی دایەلێکتەکەی ئەوان بکرێتە ستاندەر:

١ـ قسەکەرانی دیالێکتەکەیان زۆر زیاترە. هەموو باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها بەشێك لەرۆژهەلات و بەشێك لەباشوور بەو زارە دەدوێن!

٢ـ یەکەم چیرۆکی کوردی، یەکەم وتاری کوردی، یەکەم رۆژنامەی کوردی هەتا یەکەم شیعری نوێی کوردی بەو زارە بووە! ئەمەش شکۆیەکە بۆ رۆناکبیرانی ئەو زارە!

١ـ ئەوە سەد ساڵ زیاترە بەو زارەی ئێمە کتێب و گۆڤار و رۆژنامە بلاودەبێتەوە. ئەمەش زەخیرەیەکی گەورەیە.

٢ـ لەدامەزراندنی حکومەتی عێراقیەوە، دەولەت بەرەسمی ئەو زمانەی ئێمەی بەزمانی کوردی ناسیوە!

٣ـ لەدامەزراندنی حکومەتی عێراقیەوە خوێندن و نووسین بەو زارە بووە.

٤ـ زمانی راگەیاندنی هەموو و ئەو شۆڕشانەی لەبیستەکانەوە بەرپابوونە، هەر بەو زارەوە بووە.

٥ـ ئەو زارەی ئێمە تەنها یەك ئەلفوبێی هەیە.

هەرچی ڕای منە ئەوەیە، زۆری قسەکەر نابێتە پێوەر! ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئێمە لەبەرنامەی خوێندن لەباشوور قسە دەکەین نەك هەموو کوردستان!

وەك وتمان زمانی ستاندەر، زمانی ئاخاوتن نییە، بەڵکو زمانی نووسینە، خوێندنە!! لەو سێ ملیۆنە کوردە کرمانجییە چەندی لەزمانی خۆی خوێندوویەتی!! چەندی دەتوانێ بەو زمانە بنووسێ و بخوێنێتەوە؟! بێگومان ئەو سێ ملیۆنە بەقەد ئەو (سێ) ملیۆن سۆرانییە بە زمانی خۆی نەیخوێندووە؟! لە تورکیا و ئێران سوریا خوێندن بەزمانی کوردی نەبووە و نییە. بۆیە کرمانجییەکان دەتوانن تەنیا (قسە) بە زمانەکەیان بکەن نەك پێی (بنووسن) یان (بخوێننەوە)!!

کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە شەرەفخانی بەدلیسی، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نووسەر و توێژەر و زمانەوانی وەك مەلا مەحمودی بایەزیدی و میقداد بەدرخان و رەحمی هەکاری پێشەنگی بزاڤی رۆناکبیریی کوردی بوونە، هەموو بە کرمانجی سەروو نووسینیان نووسیوە! بەلام لەدوای ئەمانە تەواوی باکوور و رۆژئاوا و هەتا دەڤەری بادینان. دووچاری قۆناغی متبوون بوون! وێڕای ئەمانەش قسەکەرانی ئەو زارە بەسێ ئەلفوبێ دەنووسن:

لاتینی، سلاڤی، کوردی، عەرەبی!! هەرچی شێوەزاری سلێمانییە هەرگیز زمانی ستاندەر ناو دەبەن ئەگەرنا ئاخاوتن و نووسینە بەم شێوەیە زۆر لەیەك جودان. ئێستا لەدوای ڕاپەڕین زمانی نووسین و خوێندن بەکرمانجی ناوەڕاست گۆڕانی تێدا کراوە. ئەو شێوازە نووسینە هەر تایبەت نییە بە شارێکەوە بەڵکو هەولێر بەپلەیەك و کەرکووکیش ڕۆڵی خۆیان هەیە لەنشونما پێکردنی ئەو زارەدا. دروستکردنی دوو ستاندەر پاشخانێکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتییە.

ئەوە عەقڵی ئاغا و میرە ئەوە دروست دەکات، ئەگەرنا ئەوەی زاتی ئەوە بکات بەخۆی بڵێ ڕوناکبیر جورئەتی ئەوە ناکات هەتا بیر لەو پرۆسە داگیرکارییە بکاتەوە نەك ئیشی بۆ بکات!!

بێگومان سەپاندنی دوو نەتەوەیی لێدروست دەبێ. ئەوە سۆرانی! و بادینی! لەقسە لەیەك ناکەن، جا ئەگەر لەنووسینیش لەیەك نەگەین بێگومان بەرەو دوو نەتەوە دەچین!!

عەرەبەکان چ ئەوانەی ئیسلامین چ ئەوانەی (قەومی) (مارکسی) یان (لیبرالین) تەنها بە (فحصی) دەنووسن بەهیچ جۆرێ بەدایەلێکتی ناوچەیی خۆیان نانووسن! ئەمە وەنەبێ هەر خەمی زمانی ستاندەری عەرەبییان بێ، بەڵکو خەمی کەسایەتی ڕوناکبیری خۆشیانن، چونکە ئەو نووسەرە عەرەبەی بەدایەلێکتی خۆی دەنووسێ هەتا خەڵکی دایەلێکتی خۆشی نووسینەکانی ناخوێنێتەوە نەك عەرەب بەگشتی!!

جا ئەگەر (یەکێتی نەتەوەیی) و (یەکێتی خاکی) لەلای هەندێ کەس ببوتە خەونی شاعیران یان وڕێنەی ڕوناکبیران ئەوە بێگومان لەدەستی ڕوناکبیرانی خۆمان بڕیاری تیرۆرکردنی زمانی خۆمان دەدەین! چونکە هیچ دیالێکتێك بێ ئەوەی تر تەواو نابێتە زمانێکی ستاندەر و کۆکەرەوەی تاکەکانی نەتەوە!!

دووبارەی دەکەمەوە، بەستاندەربوونی دیالێکتێك کە بەڕای من لە باشوور دەکرێ کرمانجی ناوەڕاست بەتایبەتی شێوەزاری هەولێر نەك سلێمانی بکرێتە بنەما. چونکە ئەگەرەکانی ئەو شێوەزارە بەحوکمی مەڵبەندی سیاسی جوگرافی هاوبەشە لەگەڵ ئەدگارەکانی شێوەزارەکانی دی کرمانجی ناوەڕاست، هەروەها کرمانجی سەروو ـ ڕەدکردنەوەی دیالێکتی تر نییە!!

ئەوانەی بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە منداڵی بادینی لە قوتابخانە لەکرمانجی ناوەڕاست ناگات، ئەوە جگە لەخۆدزینەوە لەڕاستی هیچی تر نییە!

ئەدی نازانم ئـەدی چـۆن ئـەوەی پێـشوو (عـەرەب) لەمـەکتەب گەیشتووە؟! دەبـێ عەرەبی لەسۆرانی ئاسانتر بێ بۆ منداڵی کوردی بادینی؟!

چـوار پارچـەیی یـان پێـنج پارچـەیی کوردسـتان کارنامـەی ئیمپریـالیزمی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی بووە، بەڵام ئـەوە کـورد خەریکـە بەقەڵـەم و کـاری روناکبیرانی دیالێکتەکانی کـورد بـەرە و نەتەوەی جودا ببات!!

***بەڕای جەنابت بۆ خۆ رزگارکردن لـەم مەسەلەیەدا ناشێ کورد پەنا بباتـە بـەر زمانی ئینگلیزی بۆ رێنـووس و زمـانی ئاخاوتن. ئیتر لەلایەکیەوە لە ئـەوروپاو ئەمەریکاو نزیك دەبێتـەوە و لەلایـەکی تریشەوە لەگێـژاوی زمـانی سـتانداریش دەچێتە دەرەوە؟**

ـ زمانی ستاندەر، زمانی نوسین، زمانی فەرمی بۆ هـەر نەتەوەیـەك هۆکـارێکی ناوەندی دەبێ بۆ گردبوونەوە لەسەر پرسە سـتراتیژییەکانی نەتـەوە. چـۆن (بـاوەڕ) ئومەتێکی یـەکگرتوو دروسـت دەکـات. یەك زمانیش تاکەکانی نەتـەوەك لەیـەك نزیك دەکاتەوە!

هەبوونی زمـانی سـتاندەر یـەك زمـانی خوێندن بۆ کـورد پێدڤییـەکی ناچـاری و حەتمییە!

فەرامۆشکردنی زمانی نەتەوە لە نووسـین و خوێنـدن نەوەیـەکی نـامۆ بەمێـژوو و کولتووری کوردی دروست دەکات ئەوەتە عەرەبەکان جەزائیرو تونس و مـەغریب و کە بە پاڵپشتی مەعنەوی و عەسـکەری فەرەنسا هێنـدە لـەزمانی عـەرەبی دوور کەوتبوونـەوە، ئـەوە چـەندین سـاڵە بوودجـەی تایبـەت دادەنـرێ بـۆ بەعـــــەرەبیکردنی کـــــەلتووری و ئەدەبیاتیان، بـەڵام هێـشتا سـەرکەوتوو نەبوونە!!

بێگومان کە زمـانی نەتـەوە لەخوێنـدن پەراوێز دەکرێ، هەسـتی نەتـەوەیش کـە شادەماری ناسیۆنالیزمی خۆرسـکە لاواز دەبێ!

ئەوە داگیرکاری رۆژئاوا و عـەرەب نییـە (گێژاوی زمانی ستاندەری دروستکردووە، بەڵکو بەشێك لەخوێندەوار و دەسـەڵاتی کوردییـــە، هەلبـــژاردنی دیالێکتێـــك و موتەربەکردنی بـە پـەیڤ و زاراوەکـانی دیالیکتەکانی تر، بڵاوکردنەوەی فاشـیزم نییـــە، بـــەڵکو رزگـــارکردنی نەتەوەیـــە لەپەرتـەوازەیی! لـەو پێودانگـەوە، مـن لەلام گرنگە خەخۆرانی زمانەکـە رژدتـر بـن لەسـەر دۆزینـەوەی رێگاچـارەیەکی ناوخۆ بۆ کارکردن بە زمانێکی فـەرمی، زمانێك بۆ خوێنـدن کـە زۆربـەی کـورد لەسەری کۆك بێ.

ئەمڕۆ گرنگە ریفراندۆمێك بۆ ئەو پرسە چارەنووسازە بكرێ! حكوومەت و پەرلەمان خۆی بەخاوەنی ئەو پرۆژە ستراتیژییەی نەتەوە بزانێ، ئەمە پرسی نەتەوەیە نەك كات و سەروەت بەفیڕۆدان بە (خەتەنەكردن) و (فرەژنی) و (مارەكردن لەناو بێشكە) چونكە ئەمانە نەماون ئەوەی هەشبێ هەتا دیاردەش نییە بەڵكو حاڵەتە! هەروەها ئەوانە لەچوارچێوەی رەفتاری كەسین!!

من لەگەڵ ئەوەدام زمانی ئینگلیزی زمانی دووەم یان سێیەم لەخوێندن، بەڵام نەك زمانی یەكەم و ئاخیر بێ ئەگەر نا وەك جەزائیرو مەغریبییەكانمان لێدێ!! ئەوەتە لەهیند و پاكستان زمانی ئینگلیزی زمانی خوێندن و راگەیاندنی دەوڵەتە، كەی هیندییەكان هێشتا هەر (بتپەرستن) (گاپەرستن) و (مانگا پەرستی) دەكەن و هەر لە عەقڵانیەتی ئەوروپا دووردەكەونەوە و پاكستانیەكانیش هەر خەریكی دەمارگیری خێڵەكی و پرۆژەی كوشتنسازی یەكترن!

*** لەئەلفوبێی عەرەبیدا زۆر ئاریشە دێنە بواری نووسین، وەكو یەك هێما بۆ پیتەكان (و، ی) نەبزوێن و بزوێن، یاخود نەبوونی هێما بۆ بزرۆكە (أ) لەئەلفوبێی عەرەبیدا، ئایا بۆچی تا هەنووكە ئەم ئاریشەیە چارەسەر نەكراوە ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە، ئەم حاڵەتانە لە ئەلفوبێی زمانانی تریشدا هەن؟**

ـ ئەو دوو ئاریشەیە پاساو نین بۆ ئەوەی ئەلفوبێیەكی مێژوویی پەراوێز بكەین، ئەوەتە لەزمانێكی وەك زمانی ئینگلیزی كێشتەی پیتەكانی (W) و (y) هەندێ جار دەبنە نیمچە بزوێن هەندێ جار نەبزوێن یان نیمچە بزوێن، كێشەی بزرۆكەش بەڕای من پەیوەندی بە رێنووسەوە نییە بەڵكو پەیوەندی بە گۆكردن و بڕگەسازی هەیە!

زمان نییە كێشەی نووسین و گۆكردن یاخود تاك هێمای نەبێ بۆ چەند پیتێك لەگۆكردن ئینگلیزی كێشەی ئەوەندە زۆرە، ئەگەر چوارچێوە context نەبێ تەنیا بەدەنگ گوێگر دەیان وشە تێكەڵ دەكات، هەر بۆ نموونە:ـ

كوڕ son, sun رۆژ فرۆشتن sale,sail پاپۆڕ.

بەلەم لێخوڕین... هتد دەبوو چەندان توێژینەوەی فۆنۆلۆژی بكرێ، بەڵام ئەمە سروشتی زمانەكەیە لەو جۆرە رێنووسە رێنووسی لاتینی و سلاڤیش ئەو جۆرە كێشانەیان هەیە. وەك وتم لەئینگلیزیش هەیە.

*** هەندێ لەنووسەران دروستنەبوونی دەوڵەتی كوردی دەكەنە فاكتەرێك**

**لەبەردەم ئاریشەکانی بەستانداربوونی زمانی کوردی، بەڕای جەنابت ئەمە لەڕووی زانست و بارودۆخی واقیعی ئەمڕۆی کوردستان چەند نزیکە لە راستییەوە؟**

ـ ئەوەی حەڤدە ساڵە حوکمڕانی دەکات چییە؟! هەموو دام و دەزگایەکی دەوڵەتی هەیە. وەزیری پەروەردە هەیە کە کاری پرۆگرامی خوێندنی لەئەستۆیە. وەزیری خوێندنی باڵا تەواوی پرۆگرامی خوێندنی باڵای بەدەستەوەیە! ئەدی کۆڕی زانیاری یان ئەکادیمیای کوردی رۆڵیان چییە؟! کورد دەوڵەتی هەیە، بەڵام نازانێ حوکمڕانی مۆدێرن بکات! ئەمەش بەڵگەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەتی لەناو کوردان رێگرە! نەك هاندەر! لەبەرامبەر دروست نەبوونی زمانی ستاندەری کوردیدا وەك لەدەستپێکیش وتم پرۆسەی بەستاندەربوون بەشێکی سروشتییە، بەشەکانی تری مرۆڤکردەن جا سیاسی بێ یان زانستی و ئەکادیمی و مەعریفی!

*** د. وریا عومەر ئەمین لەوتارێکیدا (زمانی ستاندارد دروست نابێت بەڵکو دروست دەکرێت) بەواتایەکی تر دکتۆر وریا پێی وایە بارودۆخ خۆی زمانی ستاندارد دروست دەکات لەهەمانکاتیشدا (د. شێرکۆ بابان) لەچاوپێکەوتنێکدا ئەوەی روونکردەوە کە کورد پێویستی بە (تێگەیشتنی هاوبەش) هەیە بۆ زەمینە سازکردنی زمانی ستاندارد. ئەم دوو بۆچوونە لێك دەدەینەوە؟**

ـ ئەدگارەکانی دایەلێکتێك لایەنێکی دروستبوونی ستاندەربوون جێبەجێ دەکەن، رەوشی سیاسی، دەسەڵاتی سیاسی، ئەکادیمیای زانستی کە کار لەسەر ئەو ئەدگارانە دەکەن، دەتوانن ئەو دایەلێکتە لەچوارچێوەی دایەلێکتێکی ناوچەیی Regional یان کۆمەڵایەتی social رزگار دەکەن کورد دایەلێکتێکی هەیە ئەدگاری هاوبەشی تێدایە، هەروەها رەوشی سیاسیش هاندەر بووە، بەڵام نەیتوانیوە زمانێکی ستاندەر لەفەزای دەسەڵات و خوێندن دروست بکات. ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی کورد لەعەقڵیەت و سیستەمی (میرنشینی) رزگاری نەبووە لەناو قەڵەمرەوی میرنشینیش مەحاڵە تێگەیشتنی هاوبەش بەرپا بێت.

*** لە هیچ شوێنێکدا وا رێکەوتووە دیالێکتی پایتەخت ئامادەبوونێك لەبەرامبەر زمانی ستاندەر دروست بکات؟**

- من کە دەڵێم فاکتەری جوگرافی و سیاسی و سروشتی زاری هەولێر بنەمای

دروست بوونی زمـانی سـتاندەر، زمـانی فـەرمی یـاخود نووسـینی تێدایـە لـە ڕووێکی ناوچەگەری و شارچیەتیەوە قسە ناکەم! وەك زمانەوانێك گەیشتوومە ئـەو قەناعەتە ئیشکردن لـەو بارەیـەوە هـەر ئاکـامێکی زمانـەوای نـابێ بـەڵکو ئاکامێکی سیاسیشی دەبـێ، بەشـەکانی ئـەو زارەی هـەولێر لـە زۆر شـوێنی دەوروبـەری هـەولێر هێـشتا دیـاردەی جێندەریش پاراستووە !

ناوەنـدی سیاسـی فاکتـەرێکی هاریکـار دەبـێ لـە پەرەسـەندنی دیـالێکتی پایتـەخت، ئەوەتـە عەرەبـەکانی بەغـدا چـەندان سـاڵە لـە کۆشـشی ئـەوەدان دیـالێکتی بەغـدای بکەنـە زمـانی نووسینەکانیشیان، هەرچی میـسریەکانن بە حوکمی ئـەوەی لـە هـەموو عـەرەب زیاتر مژوڵی فلیمکارین، هـەروەها هـەر میسریەکان بوون بەر لە زۆر شوێن خۆیان لە هەژموونی عوسمانیەکان رزگـار کـرد! لە قاهیرە بە تایبەتی هەموو میـسر بـە گـشتی دیـاردەی دیگلۆسـیا Diglossiaلـە نێـوان زمـانی کلاسـیکی عـەرەبی (سـتاندەر نـوێی عەرەبی یاخود زمانی قورئانی پـیرۆز) و دیالێکتی میسری حزورێکی هـەژموونی هەیە .

دیالێکتی میسری ئەوەندە زاڵە بەجۆرێ لە هەموو میسر لە هەر تـەنها نزیکـەی شـێوەی پێگەیـشتووانی aducts دەتوانن بە عەرەبی سـتاندەر بنووسـن و بخوێننەوە، مانەوەی زمانی سـتاندەر لـە لای میـسریەکان تـەنها بـۆ دوو هۆکـار دەگەڕێتەوە !

یەکەمیان قورئانی پـیرۆز بـە زمـانێکی سـتاندەر نووسـراوە هـەموو عـەرەبێك تێدەگات، میسریش ناوەندێکی چـالاکی بزاڤی ئیسلامی و هزری ئیـسلامیە، بـە جۆرێ یەکەم کۆمەڵەی ئیسلامی سیاسی لەساڵی ١٩٢٨ لـە میـسر دروسـتبووە، ئەو تێروانینـە هەمەلایەنـە بـۆ ئیـسلام لەمیـسر سەرچـاوەی گرتـووە، ئەمـەش کاریگـەری پـۆزەتیڤی لەسـەر تـاکی عەرەبی هەبووە، بۆیە دژوارە میسریەکان دەستبەرداری ئەو زمانەبن .

دووەمیـان ئینتیمـای ئومـەمی یـاخود نەتەوەیی بۆ ئومە و نەتەوە لەڕێگای ئەو زمانـەوە دەبـێ کـە هـەموو عـەرەب لەسەری کۆکن! بێگومان ئەو دووهۆکارە نەبوایە هەژموونی دیـالێکتی میـسری لـەرێگای فیلمـەکانیان و راگەیانـدن زۆر بەرفرانتر دەبوو .

***باسـت لـە دیگلۆسـا کـرد! چـەند زاراوەیەك هەن زۆر لەیـەك نـزیکن وەك لینگوا فرانکا، کـۆد، گـۆڕین هـەروەها**

**دوو زمـانی Bilingualism و فـره زمـانی Multiling ualism پەیوەندی دیگلۆسیا بەمانە چییە؟**

- دیگلۆسیا دیاردەیـەکی زمانەوانییـە، ئەو دیاردە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی (کۆ زمانـەوانی) شـوێنێکی گرنگـی هەیـە بـە گـوێرەی بنیاتنەری دیگلۆسیا چارلز فێرگـسن کـە دوو شـێوە (variely) ی زمـان لـە زمانێکدا هەبوو یەکێکیان (شێوەی باڵا (High verily یەو ئەویتر بە شێوەی نزم (Low verily )ە، هەر یەك لەو دووە ئـەدگاری تایبـەت بـەخۆی هەیـە، شێوەی باڵا ئەو زمانەیـە لـە خوێنـدن و زانکـۆ و دام و دەزگـای حکوومــەت و رۆژنامە وتەلەفزیۆن و ئـەدەب بـەکاردێ هەرچـی شـێوەی نزمــە زیـاتر زمــانی ئاخاوتنــە، نووســین زۆر کــەم پێــدەکرێ، ئەوەیەی بەو شـێوەیە نووسـراوە ئـەدەبی فۆلکلۆرە یان ئـەدەبی میللییـە! ئـەوەی گرنگــە لــە دیگلۆســیا لــە کۆمــەڵگای یەکزمانیـــدا Monolingual community ئەوەیە هەردوو شێوەی باڵــاو نــزم دەبــێ زۆر پەیوەســت بــن بەیەکــەوە بەشــێوەیەکی دوو زاری یــان شێوەزاری زمانێك بن .

هەرچی (فیشەرمانە) باوەڕی وایە دەکرێ دیگلۆسیا لە کۆمەڵگایەکی فرە زمانیش دا هەبێ لەوانەیە ئـەو دوو زمانــە نــەك پەیوەندی و خزمایەتی زمانەوانیان نەبێ، بــەڵکو هــی دوو نەتــەوەی جــودا و دوو کەلتووری جودا، دوو دینی جودا بن، بـۆ نموونە لە کۆمەڵگای میـسری دیگلۆسـیا هەر لەنێوان شێوەزاری میسری و زمـانی ستاندەر نییــە، بــەڵکو لــەنێوان زمــانی ئینگلیـــزی، عـــــەرەبی، فەرەنـــــسی، عــەرەبیش هەیــە!، لــە کــەرکووکیش دیگلۆسیا لـە نێـوان زمـانی عـەرەبی و زمانی کوردی هەیە، هەروەها لـە نێـوان زمانی عەرەبی و تورکمـان هەیـە، ئـەو جۆرە دیگلۆسیا لە رۆژهەڵات لە ئاکامی داگیرکردنی هزری و سیاسی بـەرپا بـووە هەژموونی زمانی دەسەڵاتدارە کە زمانی خوێنـدن بـووە، بۆیـە زیـاتر کاریگـەری بەسـەر توێـژی رۆنـاکبیران elite دا هەبووە و هەتا هەندێکیان هەتا بەزمانی داگیرکـــەر ئینگلیـــزی یـــان عـــەرەبی سـەبارەت بـە کـوردەوە دەنووسـن و بـە زمانی خۆیان نازانن بنووسن وەك سـەلیم بەرەکات و یەشار کەمال .

هەرچــی لینگوافرانکــا Lingua franca یــە ئــەویش دیاردەیــەکی کۆمـەڵایەتییـــە لـــەرووی زمانـــەوە، لینگوافرانکــا زاراوەیەکــە لــە بــواری زمانەوانی کۆمـەڵایـەتی بـەکاردێ، ئـەم جۆرە زمانە زمانی ئاخاوتنە نەك نووسین

و خوێندن، ئەم جۆرە زمانە خەڵکانی وڵاتێکی فرەنەتەوە بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانەی تاوتۆیان بەکاری دێنن، لەم بارەیەوە دەیڤد کریستال ۱۹۹۱:۲۰۰۳ دەنوسێ لینگوا فرانکا بە پێچەوانەی دیگلۆسیاوە، ئاخاوتنکەری، قسەکەری جیاوازی هەیە، ئەو نەتەوە جودایانە بەکاردێنن بۆ دایەلۆگی ڕۆتینی ڕۆژانە، هەرچی wardhaugh ە، دەڵێ یونیسکۆ لێنگوا فرانکا وەك زمانێك پێتان دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی دایکیان mother tongue جودایە جا بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی فرە زمان تێك بگەن ئەو جۆرە زمانە وەك هۆکارێك ئاسانکاریەك بە کاردێنن. (ساماڕین) دەڵێ چوار جۆری لینگوافرانکا هەیە یاخود دەکرێ لە چوار شوێن ببینرێ :

١ـ زمانی بازرگانی( زمانی سواهیلی لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا) .

٢ـ زمانی گەیاندن(کۆنی یۆنانی لە دنیای کۆندا).

٣ـ زمانی ئەنتەر ناسیۆنالی(ئینگلیزی لە جیهانی هاوچەرخدا).

٤ـ زمانی ناچاری ئەلتەرناتیڤ ( ئیسبرانتۆ لە بەیسیك).

وەك دەبینین (دیگلۆسیا) و( لینگوافرانکا) تەنها لەوەدا یەکدەگرنەوە کە زیاتر لە زارێك، شێوەزارێك یاخود هەتا زمانێك لە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوە لە هەردوو دیاردەکە دا هەیە، دیگلۆسیاکەی فێرگوسۆن تەنها لە کۆمەڵگایەکی تاك زمانی بەرپایە، ئەو جۆرە کۆمەڵگا زمانییەین چەند زارو شێوە زارێکی هەیە، دەکرێ بەکۆکیان بکرێتە ستاندەر هەرچی لینگوا فرانکایە زمانێکی ئاخاوتنی ستاندەری یەکگرتوە!، هێما گۆڕین یاخود code switching -دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگای فرە زمان و فرەزار بەرپایە، زاراوەی هێماگۆڕین یاخود( زمان - گۆڕین یان زار گۆڕین دیاردەیەکە لە ناو کوردان بە چەندەها شێوە حزووری هەیە، لەشارێکی وەك کەرکووك و بەغدا کوردە فەرمانبەرەکان لە ناودام و دەزگاکانی دەوڵەت ناچار بوون بە زمانی عەرەبی قسە بکەن و بە عەرەبی نووسراوەکان بنووسن، بەڵام زۆربەی ئەو کوردانە لە(ماڵەوە) یاخود لەگەڵ یەکتری بە کوردی قسەیان دەکرد، لەوانەیە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام ئەو دیاردەیە لە کەرکووك کەمتر بووبێت، بەڵام هەرماوە جاران، هەر بۆ گاڵتە بە کوردەکانیان دەووت سێ مەوج! ئەو سێ مەوجییە ڕێك زمان - گۆڕینی code -sewitchingپێ دەوترێ

له هەولێر، ئەم دیاردەیە بە چەند جۆرێك هەیە .

١ـــ رۆنـــاكبیران و مامۆســـتایان لـــە قوتابخانە و زانكۆ زمانێك بەكار دەهێنن كە دەگەڕێنـــەوە ماڵـــەوە بـــەزاری یـــاخود زمانی ماڵەوە قسە دەكـــەن - ئەمـــە زار گۆڕینە .

٢ـــ ئـــەو بادینیانـــەی بـــە تیابـــەتی ئاكرەییـــەكان كـــە ئێـــستا كۆلۆنیـــەكی بادینی لە هەولێر پێكـدێنن لـە هــەولێر دەژین، لە دەرەوەی ماڵەوە بە (سـۆرانی) قسە دەكەن یاخود هـەر هـیچ نـەبێ بـە (سۆرمانجی!) بەڵام لە ماڵەوە بە بـادینی لەگەڵ یەك قسەدەكەن .

٣ـدیانەكان( مەسیحییەكانی) عـەنكاوە كــە زەمانێكــە لەگــەڵ كــورد دەژیـــن هەرچەندە لە بنەڕەتدا زۆربـەیان كـوردن، بەڵام موسڵمان نین لە دام و دەزگاو بـازاڕ كوردی یان عەرەبی بەكار دێنن، بەڵام لە ماڵەوە یان لەگەڵ یەكتر بە زمانی خۆیان قسە لەگەڵ یەك دەكەن .

٤ـــ توركمانـەكانی هــەولێر ئـەوانیش زۆربەیان بە بنەچە كوردن و لەگەڵ كـورد هاو دینیشن لەدام و دەزگایەكانی هەرێم بە كوردی قسە دەكەن، بەڵام لە ماڵــەوە بە توركمانی لەگەڵ یەك دەپەیڤن .

٥ـ دكتۆرەكان لەگەڵ یەكتر بە ئینگلیزی قسە دەكەن، بەڵام لەگەڵ نەخۆشەكان بـە كوردی قسە دەكەن .

لەمـــەدا دەردەكـــەوێ كـــە- code sewitchingلە هەولێر لە نێوان یەك دیالێكت(كرمانجی ناوەڕاست و كرمـانجی ســـەروو) دوو زمـــــان( كـــــوردی - سریانی)،(كورد - توركمانی) (كوردی - ئینگلیزی) بەرپایە .

هەرچـــی دیـــاردەی دوومـــانی- O Bilinguilismئـــەوە بـــەگوێرەی فیشەرمان خـۆی لـە خۆیـدا حاڵـەتێكی دیگلۆســیایە، هەرچـی رای بنیاتنـــەری دیگلۆسـیایە، ئـەوە دوو زمـانی تـەنیا جۆرێكە لە دیگلۆسیا، بـەڵام دیگلۆسـیا نیە، چونكە دیگلۆسیا لە دیالێكتـەكانی زمانێكـــدا هەیـــە، نـــەك دووزمـــانی كۆمەڵگایـەك یـان دوو كۆمـەڵگا!، دوو زمـــانی لـــە زۆر وڵاتـــدا لـــە ئاكـــامی داگیركردن بەرپابووە، ئەوەتە هــەژموونی ئینگلیـــزی بەســـەر هیندســـتانی كـــۆن( هیندســـــتانی ئـــــەمرۆ، پاكـــــستا، بـــەنگلادیش) لـــەئاكامی داگیركردنـــەوە بـــووە، هـــەژموونی فەرەنـــسی بەســـەر ئەفریقیاو، عەرەبی بەسەر كوردی باشوور و رۆژئاوا، توركی بەسەر كوردی بـاكوور هەر لەئاكامی داگیركردن دروست بـووە، ئـــەو جـــۆرە كۆمەڵگایانـــە دوو زمـــانی

ناچــارین ئەمــە و لــە زۆر حاڵــەتیش دووزمانی لـەئاکامی خوێندنـەوە بـەرپا دەبــێ، لێــرەدا مەســەلەیەك گرنگــە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەویش زمان وەرگرتنە Language Acqisitonچـونکە بمانــەوێ و نەمانــەوێ دوو زمــان لــەو کۆمەڵگایانە هەیە. یەکەم زمان و دووەم زمان، لێرەدا هەندێ جـار وارێکدەکـەوێ لەیەك کاتدا منـداڵ دوو زمـان پێکـەوە فێردەبێ زمانی دایك و زمـانی خوێنـدن لێرەش ئاساییە زمانێك بەسەر زمانێکی تر زاڵ ببێ، لە کۆمەڵکای کوردی زمانی دایك بەسـەر زمـانی عـەرەبی و زمـانی ئینگلیزی زاڵتر بێ، چـونکە چوارچـێوەی بــەکارهێنانی ئــەو دوو زمانــە زۆر سنووردارە تەنیا لـە خوێندنـە، ئەمـە و دیـاردەی فـرە زمـانیش Multi هەیـە بەڵام لە ناو کـوردان ئـەم دیاردەیـە زۆر زەق نییــە، چــونکە لــە باشــوور تــەنها عــەرەبی و کــوردی زمــانی خوێنــدن و قسەکردنن، ئینگلیزی ئـەو ئامادەگیـەی کوردی و عەرەبی نییە !

*** وا هەست ناکەی دیگلۆسـیا وزمـانی ستاندەر لەیەك نزیکن؟**

- لە ڕواڵەت لەیـەك دەچـن، بـەڵام لـە بنەڕەتدا لەیەك جوودان، لە دیگلۆسـیادا کـە زمـانی باڵـاو زمـانی نـزم هەیـە، هەردووك دایەلێکتی یـەك زمـانن، ئـەو دووشێوە زمانـە هەریەکـەی لـە بوارێـك بــەرکاردێ، بــەڵام لــەو کۆمەڵگایــەی دیگلۆسیای تێدا بەرقەرارە هیچ کەسـێك بە زمانی باڵا قسە ناکـات، بـەڵکو بـەو زمانە (دەنووسێ) بە شێوەی نزم (قـسە) دەکـا، بــەڵام لــەو شــوێنانەی زمــانی ستاندەر و دایەلێکتی تـر هـەن، هەنـدێ ئاخاوتنکەری زمانەکە لـە زمـانی قـسە دەکــــەن و دەنووســـــن، هەرچـــــی دایەلێکتەکانە وەك زمانی دایـك بـەکار دەهێنن، ڕەوشی دروست بوون و گەشـەی دیگلۆســیاو ســتاندەر لەیــەك جــودان، سەبارەت بە دیگلۆسـیاوە ئـەو ڕەوشـانە یــاخود فاکتەرانــە ڕۆڵ دەبیـــنن لـــە دروستکردن و فراژووبوونیدا :

١ـ هەبوونی دەقێکی ئەدەبی پـڕ بـەها یاخود هەبوونی کتێبێکی دینی نووسـراو بە زمانێکی پارا و وەك قورئانی پیرۆز بۆ نموونە .

٢ـ خوێندەواری ڕێـژەی خوێنـدەواری لـە هــەر وڵاتێــك ئەگــەرێکی گرنگــە لــە دروستبوونی زمانی باڵا .

٣ـ دیگلۆسیا نە بەشەو و ڕۆژێك دروست دەبێ نـەك بـە هەڕەشـەیەکیش لـە نـاو دەچێ .

ئەدگارەکانی سـتاندەر بـە جـۆری تـرن، جگە لە قورئـانی پـیرۆز هـیچ دەقێکـی

دینی ئەو کاریگەرەی نەبووە، زمانی قورئان ستاندەر پێوەر بووە بۆ دارشتنی زمانی ئەدەبی عەرەبی، ئەو زمانەی قورئان دەستووری زمانی عەرەبییە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی زمانی قورئان زمانی زاتی خودایە، زمانێکی پڕ بەلاغەتە، ئەو زمانە مرۆڤ ناتوانێ وەك ئەو دەقێکی پڕ بەلاغەتی قورئان ئاسا دابڕێژێ، شیمانەی ئەو دەکرێ هەر ئەو ئەگەرەش وەیکردبێ زمانی نووسین و خوێندن لە جیهانی عەرەبی بە زمانێکی سەد لەسەدی قورئانی نەبێ، بەڵکو زمانێکی ئەدەبی بێ لەبەر رۆشنایی زمانی قورئان دارێژرابێ، ئەمە و فاکتەری دین بەتایبەتی دەسەڵاتی کەنیسا نەیتوانی هەژموونی زمانی لاتینی رابگرێ، ئەوەتە زمانی لاتینی لە ئەوروپا نەك هەر زمانی خوێندن و نووسین و ئەدەب و فەلسەفە بوو، بەڵکو زمانی حکوومەت و رێو رەسمی دینیش بوو، کەچی بە نەمانی یاخود دوورخستنەوەی دەسەڵاتی کەنیسا لە دەوڵەت، زمانە ناوچەییەکانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی....هتد هەریەکە لە ناوچەیەك وڵاتێك بوونە زمانی ستاندەر زمانی لاتینیش مرد، ئەو رێزمان نووسانەی دەقێکی ئەدەبی باڵایان دەکردە ستاندەر بۆ (پاراوی)و( دروستی) زمانێك نەیانتوانی زمانێکی ستاندەر بۆ خوێندن و نووسین بسەپێنن، چونکە بەکورتی سروشتی زمانی ستاندەر ئەوها نییە ئەوهاش دروست نابێ .

*** کورد لە مێژوودا زمانی ستاندەری هەبووە؟ ئەگەر هەیبووە چۆن لەنێو چووە؟**

- بەڕای من کورد یەکێ لەو نەتەوانەیە کە (فرە - نەژادە) ئەو فرە نەژاد و رەچەلەکیە لە ئاکامی رووداوی مێژووییەوە دروست بووە، کورد بەرلە هاتنی هۆزە هیندۆ ئەوروپیەکان بۆ کوردستان بە چەندناوێك هەبوون، ئەوانە پێش دەرکەوتنی میدییەکانیش هەبوون، پێش کۆچکردنی هۆزی ئاری رەچەلەکەکان دواتر ئێرانی رەچەڵەکان زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بە زمانی (خوری -هۆری - هوری) قسەیان کردووە، دەڵێین قسە یان کردووە نەك بەو زمانە نووسین یان کردبێ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی زانستی و مۆزەخانەیی لە ژێر دەست دانین کە کورد بەو زمانە نووسین هەبوو بێ ئەوەی هەبوو پاشماوە بووە، ئەمە و ئەو زمانە لەگەڵ ئەو رەوەی هۆزە ئاری و ئێرانییەکان لە ناوچوو، لە مێژووی زمانەوانییدا دەردەکەوێ کە زۆرجار وارێککەوتووە

داگیرکـار هـەر خـاکی داگـیر کـردووە و میلەتەکەی تەپەسەر نـەکردووە، بـەڵکو زمانەکەشی چەوساندۆتەوە، ئەو زمانـەی خوریەکانیش لەنێوان بەرداشی ئەو هـۆزە داگیرکارانەدا بەرە بەرە لە ناوچـووە یـان بۆتە بەشێك لە زمانی داگیر کـار، هـەر ئەو تێکـەڵ بوونـە ناچـارییە وایکـردووە زمانی گەلانی ئەو ناوچانە لەیـەك بـچن زۆربـــــــــــــــــــــــــەیان گـــــەردانکردنی conjugatiom کارەکانی لەیەك نزیك بێ ئـەو دیاردەیـە لە نێـوان زمانـە ئەوروپیـەکانیش هەیـە هەموو رەچەڵەکێکیان بۆ دانراوە proto لە نێوان ئەو زمانانەی ئەمڕۆ بە زمـانی کۆمەڵی زمانانی ئێرانی ناسراون، زمانی کوردی بەشێکە لە چڵی باکوری رۆژئاوای لقی ئێرانی زمانە هیند و ئەوروپیـەکان، کەچـی زمـــانی فارســی بــە زمانـــانی باشووری رۆژئاوایە، خزمایەتی کوردی و فارســی وەکــو خزمایــەتی ئــەڵمان و دانیمارکی یـە چـەهلەوی گروپـی کـۆنی زمانی کوردییە، گروپی پەهلەوی لە دوو لقـی سـەرەکی پێکـدێ( ریمیلـی -زازا) (گـۆرانی) پێکـدێ لـە (هـەورامانی) و (لەکی) نەك هەر (زەند)ە کەی ئاوێـستا، بـــەڵکو بارســـتێکی گـــەورە و گرانـــی ئەدەبیاتی کوردی پێنووسراوەتەوە کەهی زیاتر لە هەزار ساڵی رابـردوون، ئەمـە و دیـالێکتی (گـۆران) بـۆ ماوەیـەکی زۆر زمـــانی ســتاندەر بــووە لــە حــوجرە ی موســـــــلمانان و فەرماشــــــتەکانی زەردەشــتیەکانی پــێ نووســراوەتەوە و وکراوەنتــە زمــانی ئــەدەب و دەســەڵات بووە .

*** هیچ ئاماژەیەك هەیە کە لەسەردەمی وڵاتگیری ئیسلامیدا زمان و کـەلتووری کــوردی کەوتبێتــەوە بەرهەرەشــەوە و زمانی کوردی قەدەغە کرابێ؟**

- لـە ئیـسلامدا (زمـان) و( جیـاوازی زمانەکان) ئایـەتی خـودایین سـڕینەوەی یـــاخود قەدەغـــەکردنی هـــەر زمانێـــك سڕینەوەی ئایـەتێکی خـودا دەگەیـەنێ، ئەمە لەلایەك، لەسـەردەمی وڵاتگیریـدا زمـــانی کـــوردی دەســـەڵاتی نـــەبووە، کوردستان دابەشـکرابوو بـۆ دوو پارچـە پارچەیەکی لە ژێر حـوکمی ساسـانیەکان دابوو، پارچەیەکی تری لـە ژێـر رکێفـی بیزنتینیـەکان دابـوو، دەقـی ئاڤێـستای زەردەشت لە سـاڵی٣٣٢ ی پـێش زایـین ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ناوی برد بوو، ئـــەو دەقـــەی ئاوێـــستای ســـەردەمی ساسـانییەکان دەقێـك بـوو بـە گـوێرەی بەرژەوەنـدی ساسـانییەکان نووسـرابوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەبوونی ئـەو دەقـە وای کرد لە موسڵمانەکان کرد کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن کتاب حسێب بکـەن،

بەپێچەوانەوە هاتنی موسوڵمانەکان هیچ پەیوەندی بە تەعریبەوە نییە، چونکە تەعریب سڕینەوەی ئەویتر دەگەیەنێ، ئەگەر ئەوسا پرۆسەی تەعریب هەبوایە، ئێستا کەس لە کوردستان بە کوردی قسەی نەدەکرد، بەڕاستی تەعریب لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیونالیزمی عەرەبی دەستیپێکرد، هەر ئەو راستیەش وایکرد خەمخۆرانی زمانی کوردی ئەلفوبێیەکی کوردی دروست بکەن بۆ ئەوەی زمان و ئەدەبی کوردی پێ بنوسنەوە، ئەو ئەلفوبێیە لەسەردەمی حوکمی ئیسلامی دروست بوو نەك هەژموونی دەسەڵاتی عروبە، هەر ئەو لێبوردە دینیە بوو وایکرد هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی و ئاینی دروست نەبێ و مەزهەبی لە کوردستان هەتا سەردەمی عەلمانیەت دروست نەبێ و زمانی کوردیش نەك هەرەشەی لێنەکرێ بەڵکو بە پەیڤی قورئان لە رووی زاراوەی ئیسلامیەوە دەوڵەمەند بکرێ، ئەمە و لەسەردەمی حوکمی ئیسلامی یەکێتیەکی نەتەوەیی و زمانیی لەنێوان هەردوو پارچەی (ساسانی)و (بیزەنتینی) بێتە کایەوە .

*** راتت چییە سەبارەت بە خوێندن بە دوو دیالێکتی جیاواز؟ !**

- خوێندن و پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا باشترین کەناڵە بۆ دروستبوونی زمانی ستاندار و "یەکزمانی خوێندن". یەکزمانی خوێندن و یەك ئەلفوبێ ئەزموونێکی سەرکەوتووە. ئەوە کەمالییەکان، لەو رێگایەوە توانیان بە تەواوی نەوەی نوێ لە رابردوو دابڕن و زمانی تورکی بکەنە زمانی فەرمی ستاندار و لە زۆرێك وشەی عەرەبی هەتا "عوسمانی" پاکی بکەنەوە. ئەمە لە رێگای خوێندنەوە نەبووایە، تورکە کەمالیەکان هەرگیز نەیاندەتوانی زمانەکەیان ئەوها پەرە پێبدەن .

لە ئەزموونی دوو دەسەڵاتی کوردیدا، ماوەیە دوو جۆرە سیستەمی خوێندن پێڕەو دەکرا. حکوومەتەکەی هەولێر قۆناغی سەرەتایی خوێندن بە دوو دیالێکت دارشتبوو. ئەم ئەزموونەی هەولێر و دهۆك بە پرۆگرام کاری لەسەر نەکرا. ئەگەرنا بنەمایەك و شەنگستێکی باش دەبوو بۆ قۆناغەکانی تر. بەڵام ئاریشەی بنەڕەتی "مامۆستا" بوو نەك قوتابی! پەروەردەی حکوومەتی هەولێر کە ئەو جۆرە پرۆگرامەی بەسەر خوێندندا سەپاند، بە هیچ جۆرێك کادیری بۆ ئەو پرۆسەیە بەرهەڤ نەکرد! مامۆستا سۆرانیەکە نەیدەتوانی بە تەواوی "تێکستە بادینیەکە" بخوێنێتەوە! جا چۆن شلۆڤەی پەیڤەکانی بکات، بە

هــەمان شـێوەش مامۆسـتا بادینیەکـە تەواو لە دەقە سـۆرانیەکە نەدەگەیـشت، جا چۆن قوتابیەکان حاڵی بکات؟ !
ئەگەرنا منداڵ کە بتوانیٚ لە یـەك کاتـدا لە دەرەوەی دەوروبەری خۆی بـایلینگوەڵ بیٚ "دوو زمان فێربیٚ". جا چۆن ناتوانیٚ لە دەقێك بگات، کـە بـە لای کەمیـەوە نیوەی وشەکانی بە دیالێکتی خۆی بـیٚ؟!
ئامرازی زمان وەرگرتن Language Acquisition Devilلە منداڵـدا زۆر چالاکە. منداڵ دەشیٚ زۆر بە ئاسانی نەك هەر زمانێك، بەڵکو چـەند زمانێـك لە یەك کاتدا فێر ببیٚ. ئەو دەرفەتەیە کە لە ئایندەدا یەکزمانی نوسین و خوێندن و یەکزمانی ئاخاوتنیش لێدەکەوێتەوە .
ئەفسوس ئەو ئەزموونە لە باربرا، یاخود رێکتر بڵێین هــەر لـە بەراییـەوە چـونکە سـتراتیژیەت نــەبوو، بــەڵکو تــەنها تاکتیکی سیاسی بوو، بـە مـردووی لـە دایـك بـوو. پرۆگرامەکـەی حکوومـەتی سـلێمانی زیــاتر لەســەر شــێوەزاری سلێمانیش ئیشیی لەسەر کرابوو. ئـەوەی بادینیەکە هیچی بـۆ نـەکرابوو! هەرچی کەرکوك بوو ئەوە سیٚ جـۆرە پرۆگرامـی هــەبوو، ئــەوەی هــەولێر و ســلێمانی و هەروەها بەغدا !
پرۆگرامی دوو دیالێکتی-هەر ناوچـەیەك بە دیـالێکتی خـۆی بخـوێنیٚ- دربێکـی کوشــندەیە لــە لاشــەی دابەشــکراوی کوردستان دەدریٚ. بەو رێگایـە هـەروەك چۆن ئیتـاڵی و فەرەنـسی و ئینگلیـزی و ئیـسپانی...لـە قەڵـەمرەوی "لاتـینی" دەرچوون، لە ئاکامیشدا بوونـە خـاوەنی زمانی سەربەخۆ، بە جۆرێك هـەر یەکـە ئــەدگار و خەســڵەتی خــۆی هەیــە و کەسیش لە یـەك ناگـەن!! ئـەو منداڵـە فەرەنسی و ئیتـاڵی و ..هتـد جـاران بـە لایتـینی دەیانخوێنـد، هـەموو لـە یـەك دەگەیشتن لە نوسین و ئاخاوتن، بەڵام بـە جیابوونەوە لە لاتینی، ئێستا کـەس لـە یــەکتر تێناگــەن. خــۆ ئەگــەر زمــانی کوردیش بۆ دوو گروپ-کۆمەڵە دیالێکت پــۆلێن بکــەین: کرمــانجی ســەرو و ناوەڕەست هەروەها پەهلـەوی (گـۆرانی، هەورمانی، زازایی)، ئەوە دەبینین گروپی یەکەم زۆر بـە کـەمی لـە گروپـی دووەم دەگات. هەر ئەو درزە لە گیـانی زمـانی کوردی کەسانێکی لە هەورامی و زازایی بــە ئاقارێــك دابــرد کــە نکــۆڵی لــە کوردیبوون بکەن و خۆیان بە هەورامی و زازایی وەك دوو نەتەوەی جودا بناسـێنن! هەرچی ئاخێوەری کرمانجی ناوەڕاسـت و باکوریشە هێشتا کەناڵێکیان لە نێوانـدا مــاوە، بــەو پرۆگرامــە دوو دیالێکتیــە ئەوسەری ئەو تونێلەش دەگـیریٚ! ئـەوەی کۆن لە ئاکامی فاکتەری سیاسی (رۆڵـی

داگیرکــەران) و جوگرافیــا بــوو، بــەڵام ئەوەی هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و ناوەڕاست بەرەو "دوو زمان" دەبات، دەســەڵاتی کــوردی خۆیــەتی، ئەگــەرنا فاکتەری سیاسی و جوگرافی هــەڕفتوون و توانای جارانیان نەماوە! لەونەیە بپرســی چــۆن؟! ئــەو پرۆســەی بــەدوو دیالێکــت خوێندن خۆی لــە خۆیــدا پەیوەســتە بــە بیرکردنەوە و تێڕوانینی خێڵەکی! کورد لە چـــەرخی هاوچەرخیـــشدا هێـــشتا زۆر خەسڵەتی قۆناغی دەرەبەگی لە گوفتار و رەفتاریدا ماوە، جاران کە کەسـانی وەك مەسعودی لە (مروج الذهب) دەیـانگوت کورد چەند عەشیرەتە ئەوەنـدە زمانەیـە پێی قەڵس دبووین، بـەڵام ئـەمڕۆ کـورد خــۆی (دەیــەوێ!) و کاردەکــات! لەســەر بوژاندنەوەی هەمان نــەریت! مــن نــازانم منداڵی کورد (چ سۆرانی بێ یا بادینی)، کە بتوانێ عەرەبی و ئینگلیـزی فێربێـت بۆچـــی نـــاتوانێ دیـــالێکتیکی دی زمانەکەی خۆی فێر بێت؟ !

***ئایا ئەمڕۆ لە هیچ وڵاتێك ئەم جـۆرە دیاردەیە هەیە؟**

-دەربارەی هەبوونی دوو زمانی خوێنـدن بۆ نەتەوەیەك تـەنیا لـە نـەرویج هەیـە. نەرویج وڵاتێکە زیاتر لە حەفتا لە سەدی لــە ژێــر حــوکمی دانیمــاڕکی و ســوێدی دابــوو ۱۳۰۰-۱۹۰۵. لــەو ماوەیــەدا زمــانی نــەرویجی هێنــدە کــەوتبووە ژێــر کاریگەری ئەو دوو زمانە بە جۆرێك ئەو سێ نەتەوە لــە ئاخــاوتن بــاش لــە یــەك دەگەیشتن. لەو ماوەیەدا زمانی نــەرویجی چ ئەوەی شار یا ئــەوەی لادێکــان زیــاتر هەر زمانی ئاخاوتن بــووە، نــەك زمــانی نووسین .

لە پاش سەربەخۆبوونی نەرویج لە ســاڵی ۱۹۰۵ زمانێــك لــە شــارەکانی نــەرویج هەبوو، زمانی شاریی بوو تـژی بـوو لـە پەیڤ و فرێزی دانیمارکی و سوێدی. ئەو زمانە کە بە زمانی (مۆلبـوك) ناسـراوە لە بەراییی**۷۵٪** هەتا ۸۰٪ی نەرویجیەکان پێیـــان دەخوێنـــد، زمـــانی دووەم کـــە بەرهەمی ناسیۆنالیستی نەرویجی بوو لـە هەمبەر عـەزووی کەلتوری دانیمـارکی و سوێدی ناوی نینۆرشلە لە بەرایی زمـانی خوێنــدنی نزیکــەی ۲۰٪ی نەرویجیــەکان بوو. بەڵام بـە حـوکمی ئـەوەی ئـەو دوو زمانــە زۆر لــە یــەك نزیــك بــوون و لــە ئاخاوتن زۆربـەی نەرویجیـەکان لـە یـەك دەگــەن، هــەروەها بــە حکــومی ئــەوەی (مۆلبوك-بۆکمۆل) دەسـەڵاتی زیـاترە و جگە لە خوێندن ئــەوە ئەدەبیــشی زیــاتر پــێ دەنوســرێ، هــەروەها دەســەڵاتی نەرویجیش کار دەکات بۆ زیاتر لـە یـەك نزیك کردنەوەی هــەردوو شــێوە، ئــەوەتا ئێــستا زمــانی بۆکمــۆڵ زمــانی ۸۷٪

خەڵکی نەرویجە لە باشووری ئەو وڵاتە زمانی فەرمی و خوێندنە، هەرچی نینۆشلە ئەوە زمانی تەنها ١٢٪ی خەڵکی باکوری وڵاتە هەروەها لە باکوور زمانێکی تر هەیە بە ناوی (سامی) زمانی لە ١٪ی نەرویجە کۆچەرەکانە! وەك لە ڕێژەکە دەردەکەوێ زمانی نینۆشل، نەرویجی نوێ-زمانی گوندیەکان بەرە بەرە دەپوکێتەوە و چاوەڕێدەکرێ بکرێتە فاکتەری پاککردنەوەی زمانی مۆلبوك لە وشەی دانیمارکی و سوێدی !! ئەزموونی نەرویجی بۆ هەر کەسێك دەستبدات بۆ کورد دەست نادات، چونکە لە ناو کورددا دەبێتە فاکتەری دیفاکتۆبوونی دوو زمانی کوردی!! نازانم بۆ ئێمە چاو لە عەرەب و فارس و چینی ناکەین، عەرەب ئەو هەموو دیالێکت و شێوە دیالێکتەیان هەیە، بەڵام هەر پەسەندی یەك جۆری زمانی نوسین دەکەن. جولەکە فارسەکانی ناو ئیسرائیل هەر پەسەندی زمانی ئەدەبی فارسی دەکەن، تایوانیەکان هەموو شەڕێکی سیاسی دەوڵەتی چین دەکەن، بەڵام لەسەر ئاستی زماندا، هەر بە زمانی (ماندەرێن)ی چینی دەنوسن و دەخوێنن. کامەیان بۆ ئێمەی کورد هۆکاری یەکبوونە ئەوەی نەرویج یان ئەوەی عەرەب و فارس و چین؟! بێگومان ئەوەی دوایی .

***سەبارەت بە زمانی عەرەبی ئایین و زمانی تورکی دەسەڵات و ئینگلیزی رۆشنبیری هۆکاری دروستبوونی زمانی ستاندەر بوون. دەکرێ بڵێین قۆناغەکانی بابان هۆکاری بەدەسەڵاتبوونی زمانی کرمانجی ناوەڕاست بوو؟**

-سەبارەت بە عەرەبەکان قورئانی پیرۆز نەبوایە هەرگیز نە خۆیان دەبوونە ئەو نەتەوەیە نە زمانەکەشیان دەبووە یەکێك لە زمانە جیهانیەکان، بەڵام لە سەردەمی عەلمانیەکانی کلاسیکی عەرەبیدا، بزاڤی عەرەبایەتی نەیتوانی لە ڕێگای زمانێکەوە "یەکێتی عەرەبی" دروست بکات! بە پێچەوانەوە تورکەکان بە پەسەندکردنی زمانەکەیان، توانیان یەکێتیەکی نەتەوەیی بۆ خۆیان بنیاد بنێن. عەلمانیەتی تورکی زمانی تورکی دروست کرد، هەرچی عەلمانیەتی عەرەبیە زمانی عەرەبی نەتەوەی عەرەبی بەرەو پارچەپارچەبوون برد .

سەبارەت بە ئینگلیز، تەنها رۆشنبیری فاکتەری بە عالەمیبوونی زمانی ئینگلیزی نیە، داگیرکردنی عەسکەری و فیکری و کەلتوریش لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم کاریگەری خۆیان هەبووە. هەرەسی میرنشینی ئەردەلان هەرەسی

دیالێکتی گۆرانیشی لێکەوتەوە. لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلاندا، دیالێکتی گۆران بووە زمانی دەسەڵات و ئەدەب و خوێندن، بەڵام بە هەرەسهێنانی میرنشینەکە، ئەو دەرفەتەش بۆ دیالێکتی گۆران نەما، هەرچەندە شاعیران هەر لەو دیالێکتە شیعریان دەنوسی. میرانی بابان ئەو ئەزموونەیان گواستەوە ناو میرنشینەکەی خۆیان لە سلێمانی رۆڵی هەر سێ شاعیری ناوداری کورد، نالی و سالم و وردی لە بنیاتنانی قوتابخانەی بابان، هەروەها دەرگاکردنەوە بە رووی نوسین بە دیالێکتی کرمانجی ناوەراست لە رۆڵی سیاسی میر زیاتر نەبی کەمتر نەبووە! ئەمە هەرچەندە هەتا بەرپابوونی راپەرینەکانی شێخ مەحمود و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق زمانی فارسی لە کوردستاندا هەر زمانی خوێندن و نوسین بووە. هەرچەندە مێجەرسۆن بە نیازێکی داگیرکەرانە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی و پێشکەوتنی دەکرد، بەڵام پێشکەوتن رۆڵێکی زۆر پۆزەتیڤی بینی لە چەسپاندنی دیالێکتی کرمانجی ناوەراست. رۆژنامەکە دەرگای بەسەر زۆربەی شاعیر و نوسەرانی سلێمانیدا کردەوە کە نوسینەکانیان لەوێ بڵاو بکەنەوە، ئەو وشیارییە سیاسی و نەتەوەییە لە پاش مێجەرسۆنەوەش درێژەی کێشا، دەسەڵاتی شێخ مەحمود سێ رۆژنامەی دەکرد، لە پاش هەرەسهێنانی شێخ مەحمودیش ئەو بزاڤەی نوسین لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی سلێمانی هەر درێژەی هەبوو، هەروەها چەند رێکخراو و کۆمەڵەیەکی نەتەوەییش، کە لە سلێمانی دامەزران، هاوکاربوون لە گەشەکردنی ئەو دیالێکتەی کرمانجی ناوەراست. بێگومان لە دەوڵەتی عێراقیشدا کە باس لە زمانی کوردی دەکرا، مەبەست لێی هەر ئەو دیالێکتە بوو، چونکە سلێمانی ئەوسا هەم ناوەندێکی سیاسی بوو، هەم ناوەندێکی رۆناکبیری بوو. هەرچی کرمانجی سەروو بوو هەرچەندە قوتابخانەی بۆتان بە ئەلفوبێی کوردی (نەك لاتینی) ئەو بنەمایەی دروستکرد، چەندان شاعیریش وەك جەزیری و ئەحمەدی خانی هانی زمانی کوردانیان دا، کە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن، بەڵام وەك لە مەموزینی خانی دەردەکەوێ، هەر دەسەڵاتی کوردی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ رێگر بووە لەسەر پویتەدان بە زمانەوە. ئەمە وەنەبێ روناکبیرانی کورد بە عەقڵی میرەکان بیریان کردبێتەوە و دەستبەرداری ئەو کۆششە زمانیە بن. ئەوان توانیان یەکەم

چیرۆکی کوردی و (ئـەوەی بایەزیـدی) و یەکەم رۆژنامەی کـوردی بـەو دیالێکتـە بنوسن، هەروەها پێش گۆران شاعیرێکی وەك رەحمی هەکاری قەسیدەیەکی لەسەر شێوازی نوێ نوسیوە. هەرچەندە کرمانجی سەروو/باکوور قسەکەری زۆر زیـاترە لـە کرمانجی ناوەڕاسـت، بـەڵام بـە حـوکمی ئەوەی کەمالیەکان زمانی کوردیان هـەر لە بەرایی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیـا قەدەغـــەکرد، رۆشـــنبیرانی کـــوردی بـــاکوریش پـــشتیان لـــەو ئەلفوبێیـــەی جـــەزیری و ئەحمـــەدی خـــانی کـــرد، ئەلفوبێیـــەکی لاتـــینی وەك ئـــەوەی کەمالییەکانیان داڕشت، هـەر بۆیـە لـە بیستەکانەوە کرمانجی باکوور وەك زمانی نوسـین (هـەروەها وەك ئاخـاوتنیش لـە دامودەزگاکان) قەدەغەکرا و چی ترشـی لە ناو بـاکووری کوردسـتان ئـەدەب بـە ئەلفوبێی کوردی و زاری کرمانجی باکوور نەنووسرا. ئەو پێکۆڵەی لە ئەوروپا هەیە زۆر سـنورداره نـاتوانێ وەك کرمـانجی ناوەڕاست ئەو رۆڵە پۆزەتیڤەی هەبێ .

***کـورد بـە سـێ ئـەلفوبێ دەنوسـێ: ئەلفوبێی عـەرەبی، ئـەلفوبێی لاتـینی، ئـەلفوبێی سـلاڤی. کامـەیان ئـەلفوبێی زیاتر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێ؟**

-جارێ وەك لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەو ئەلفوبێیـەی لـە باشـووری کوردسـتان نوسـینی پێـدەکرێت "عـەرەبی" نیـە، بەڵکو لەسەر شێوازی ئەلفوبێی عـەرەبی دامەزراوە. چەندان پیتی وەك (ڤ، ژ، گ، ڵ، ڕ، پ) لـە کوردییەکـە هـەن، لـە عەرەبیەکەدا نین، هەروەها چەندان پـیتی وەك (ص، ض، ذ، ث) لە عەرەبی هـەن، لە کوردییەکـەدا نـین، کەواتـە بـۆ پێـی بگوترێ عەرەبی؟!! کوردی و عەرەبی لـە دوو خێزانە، زمانی تەواو لە یەك جودان . هەرچی سلاڤیە ئـەوە لـە سـنورێکی زۆر سـنوردار کـاری لەسـەر دەکـرێ، تـەنها کوردەکـانی سـۆڤیەتی پێـشوو بـەو ئەلفوبێیە دەنوسێ. ئەمەش پرۆسـەیەکی خۆهێشتی نـەبوو، بـەڵکو شـیوعیەکانی سۆڤیەت سەپاندیان، بۆیە لە جێی خـۆی نیە. سەبارەت بە کوردی ئەو ئەلفوبێیەی وەك ئەلفوبێیەکی کوردی دابنرێ. ئەمـە و ئەو ئەزموونـە تاڵـەی شـیوعیەت لـە سۆڤیەت بەسەر ئـەو کوردانـەی ئـەوێی هێنـا، لـە هـی عـەرەب و تورکـەکان و فارسەکان دژوارتر بوو، چـونکە پرۆسـەی کۆچپێکردن و پەرتـەوازەکردنی کـوردی موسوڵمان نـەك یەزیـدی لـەوێ بـەر لـە عێراق دەستی پێکـرد. بۆیـەێ ەوەی بـە سلاڤیش نوسراوە دەکرێ بە لاتـینی یـان کوردی بنوسرێتەوە .

هەرچی لاتینیەکەیە ئەوە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی ئیستیعماری بـوو، ئینگلیـز

بەسەر کەمالیەکانیاندا سەپاند، ئەوانیش بەسەر کوردی باکوریاندا سەپاند. وێڕای ئەمەش کە دەڵێین لاتینی، کامەی پەسەند بکەین؟ ئەوەی بەدرخانیەکان، گیو موکریانی، د. جەمال نەبەز، د. شەفیق قەزاز، یان ئەوەی راگەیاندنی حیزبەکانی باکوور؟؟ چونکە ئەمانە هیچیان سەدلەسەد وەك یەك نین !!

بە کورتی من خۆم پەسەندی ئەلفوبێی کوردی دەکەم لەسەر ئەو بنەمایە:

١- ئەلفوبێتیکە کوردییەکە، ئەوەی لەو ئەلفوبێیەدا هەیە لە ئەلفوبێی لاتینی و سلاڤیدا نیە.

٢- مێژوویکی زۆر کۆنی هەیە و دەستکردنی کوردانە و دەقێکی یەکجار زۆری پێنوسراوەتەوە.

٣-ئەلفوبێیەکە وای لە زمان کردوە کە چۆن دەنوسی ئەوهاش بخوێندرێتەوە. لێرەدا رۆڵی ڤاوڵ بەدەردەکەوێ. لە کوردیدا ڤاوڵەکان بە پیت دەنوسرێن نەك هێمایان بۆ دابنرێت. هەرچی ئەلفوبێی عەرەبیە بۆ غەیرە عەرەب ئاسان نیە، چونکە بۆ ڤاوڵەکان هێما هەیە لە جیاتی پیت. هەر بۆ نمونە سەیری ئەم سێ پیتە بکە (ك، ت، ب)، بە هۆی هێماوە واتاکەیان چەند دەگۆڕێت: :كتب: نوسی، كتب : نوسرا، كتب: کتێبەکان. ٤-هیچ گرفتێکی فۆنەتیکی و رێنوسی نییە لەگەڵ پیت و دەنگەکانی کوردیدا، یەکەیەکی پڕ هارمۆنی پێکدەهێنێ، هەرچی لاتینیەکەیە، ئەوە هەر وێنەی بۆ ئەو دەنگانە دانەناوە (ح، ع، غ، ق، ڵ، ڕ،..) کورد لە رێگای دین و دراوسێتی لەگەڵ عەرەب و فارس بە چەندان وشەی بەو رەنگانەوە هەیە. ٥- سامانێکی گەورەی رۆحی کوردە هەروەها ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردە. کورد بەو ئەلفوبێیە لە غەیری خۆی جیادەکرێتەوە، هەروەها دەکرێ ئەم جۆرە ئەلفوبێیە بە بەرهەمێکی مەعریفی عەقڵی روناکبیری کوردی دابنێین.

سەدان وشەی هاو واتا لە نێوان شێوەزاری شەنگاری و زمانی هەنگاری هەیە کەچی هیچ توێژەرێك جورئەت ناکات بڵێ شەنگاری و هەنگاری یەك زمان

***کۆنترین دەقی کوردی کە بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسرابێ کامەیە؟**

-دیارکردنی کۆنترین دەق کارێکی دژوارە زۆرێك لە زمانەوان و توێژەران هەوڵیان داوە کە ئەو دەقە کوردییە بدۆزنەوە .

یەکەم رێزماننووسی کورد کە لە کوردستان رێزمانی کوردی بە ئەلفوبێی کوردی نووسی بێ سەعید صدقی کابانە- کتێبەکەش بەناوی (مختصر

صـرف و نحـوی کـوردی) یـه لـه سـاڵی ١٩٢٨ له بەغدا چاپی کردووه هەر لـەو ساڵە تۆفیق وەهبی کتـێبی (دەسـتووری زمانی کـوردی) چـاپکردووه، لـه سـاڵی ١٩٣٣ کتێبی (خوێندەواری باو) چاپکرد توێــژەرێکی وەك د. جـەمال نەبـەز لـه حەفتاکان باوەڕی وابوو کـه خوێنـدەواری باوی تۆفیق وەهبی یەکـەم دەق بـێ کـه پیتـه ناعەرەبیـەکانی وەك (ظ،ث، ...) بـەکارهێنا بــێ! ئەمـــه و جگـــه لـــه کتێبەکـەی سـەعید صـدقی کابـان، زۆر کتێبی تر یـاخود دەقـی دی کـوردی بـه ئـەلفوبێی کـوردی نووسـراون. هـەر بـۆ نموونه د. ئەورەحمانی مارف دەنوسێ ئەو دەستنووســەی کــه ســاڵی ١٢٧٤ ی ك /١٥٨-١٨٥٩ی ز مـــەلا مـــەحمودی بایەزیدی به ناوی (عـادات و رسـوماتی نامەی اکرادیه)ەوه نووسـیوێتی تێکـڕای ئەو پیته کۆنسۆنانته کوردییانەی تێدایه، که له ئەلفوبێی عەرەبیـدا نـین. ئەمـه و هەر له سەدەی نۆزده چەند دەقێکـی دی کوردی به ئـەلفوبێی کـوردی نووسـراون. وەك کتێبه ڕێزمانیەکەی عەلی تەرەمافی فەرهەنگی ناسـراوی (الهدیـة الحمیدیـة في اللغة الکردیة) هەروەها یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژنامەی کوردستان .

بەڵام دەبـێ مێـژووی دەقـی کـوردی بـه ئەلفوبێی کوردی تەمەنی ئەوەندە کـورت بـێ؟! بێگومـان نـەخێر چـەندان دەقـی کوردی چەند سەدەیەك بـەر لـه سـەدەی نۆزدەهەم به ئەلفوبێی کـوردی ناسـراون. شیعرەکانی مەلای جزیری ئەحمەدی خانی و مەولودنامەی مەلا باتـەیی هـەر بـەو ئەلفوبێیه نەنووسـراون؟! ئـەدی چـوارین یـاخود مەسـنەوییەکانی بابـا تـاهیری هەمەدانی له سەدەی ٩ و ١٠ هـەر بـەو ئەلفوبێیـه نەنووسـراون؟! لـەو ماوەیـەی مژۆڵی ئایین و زمانناس بووم، چـاوم بـه دەقـــه کوردییـــەکانی جلـــوە و (مەسحەفارەش) کـەوت کـه یەکـەمیان شـــیمانه دەکـــرێ لەســـەدەی دوازده نووســرابێ و ئــەویتریان لــه ســەدەی چواردەهەم هەربەو ئەلفوبێیـه نووسـراون بێگومان دەقی بابەتاهیر و هەردوو دەقی (جلوه) و (مەسحەفا رەش)یەکـەم دەقـی کوردی نـین، بـەڵام بێگومـان بـه چـەند سەدەیەك کۆنترن له دەقەکەی بایەزیدی و (ئینجیلی کـوردی)و دیباچـەکەی مـەلا ئیبن ئادەم و خوێندەواری باو !

ئەگەر رای من وابێ که دەقی بابه تـاهیر یـان جلـوه مەسـحەفا رەشـی ئیزدیـان بەبـەراورد لەگـەڵ ئـەوانی دی کـۆنترین دەقـن، ئەگـەر پێکـۆلی زیـاتر بکـرێ ژێدەری تر دەدۆزرێنـەوه. لێـرەدا ئـەوەی گرنگـه توێژینەوەیـه نـەك گریمـانکردن. توێژینــەوه بەڵگـەی بەرجەسـتەی دەوێ

ئــەوە رای عەلائــەدین ســەجادی و د. جەمال نەبەز ...هتد کە دەڵێن ئەلفوبێی کــوردی هاوکاتــە لەگــەڵ جێگیربــوونی دەسەڵاتی ئیسلامی لە کوردستاندا !

*** رایەك هەیە دەڵێ نەك کورد ئەلفوبێی لە عەرەبەکان وەرنەگرتووە بەڵکو عەەب لە کوردیان وەگرتووە؟ !**

-عەرەب کە هاتنە کوردستان قورئـانی پــیرۆز بــە تــەواوی دابــەزی بــوو، هــەتا هـــــەوڵی نووســـــینەوەی قورئــــانیش دەستیپێکردبوو. ئەمــە لــە لایــەك، لــە لایەکی تر کورد لە سـەردەمی فتوحـاتی ئیسلامیدا دەسەڵاتی سیاسی نەبوو هەتا زمانی سیاسی خۆی هەبێ و لە دەوڵەتی خۆی بە نووسین بە کـاری بـێنێ! راسـتە هەنـدێ نووسـەر (زەن)یـان وایــە کــە پیتەکانی (گ، ڤ، ص، چ، پ، ژ) پـیتی رەســەنی کــوردین، عــەرەب خۆمــاڵی کردوون. هەروەها دەڵـێن کـە ئـەلفوبێی عــەرەب لەســەر بنــەمایی ئــەلفوبێی (ماسی سۆراتی) دامەزراوە، بـەڵام ئـەو رایانە لە (زەن) و (گریمان) تێپەڕ ناکـەن، چونکە لـە رووی مێژووییــەوە پەیوەنـدی هەمەلایەنــە و راســتەوخۆی کــورد و عەرەب لە دوای فتوحاتــەوە بـووە. ئـەو کاتــەش قورئــانی پــیرۆز بــە ئــەلفوبێی عـــەرەبی دابـــەزی بـــوو هـــەروەها نووســـرابۆوە. لـــە رووی زمانـــەوەش پیتەکانی ئەو دوو زمانـە بـە ئـەلفوبێی کــۆنی کــوردی و عــەرەبی زۆر لەیــەك جیاوازن !

*** دەتەوێ بڵێی کوردیش پـێش ئیـسلام ئەلفوبێی خۆی هەبووە؟ !**

-پــێش ئیــسلامبوونی کــورد، چــەند ئەلفوبێیـــەك هەبوونـــە بـــەڵام ئـــەو ئەلفوبێیانە سەد لەسەد کـوردی نەبوونـە بۆ نموونە بە حـوکمی ئـەوەی ناسـنامەی نەتەوەیی زەردەشـت لـە ئاوێـستا تـەواو ساغ نەبۆتەوە بۆیە لـە رووی زانـستیەوە مرۆڤ جورئەتی ئەوە ناکات ئەو دووە بـە کورد و کـوردی دابـنێ. هەنـدێ دەڵـێن دەقــی ئــەو ئاوێــستایەی بــۆ زەردەشــت هاتووە (یان ئەوانەی باوەڕیان وایـە ئـەو ئاوێستایەی زەردەشت نووسیویەتی!!) بە خەتی مێخـەکی مـسماری بـووە، بـەڵام هەرچی (زەنـدە) (راڤـەی ئاوێـستا) بـە کوردی پەهلەوی کۆن بووە. ئەو دەقە بـە (ئەلفوبێی ئاوێستایی) یاخود (ماد)ی ی نووسراوە .

جگە لە ئەلفوبێی ئاوێـستان (ئـەلفوبێی پەهلەوی) و ماسی سۆڕاتی-یش هەبووە. ئەحمەد بن وحشیەی نەبتی لـە پـەراوێزی (شوق المستهام في معرفة رمـوز الاقـلام) کە لەساڵی ٢٤١ ی کۆچـی بـۆ خەلیفـە (عبدالملك مروان) دەنووسێ:.. لە بەغـدا چاوم بە سی بـەرگ کتێـب و نووسـراوی

کوردی کەوت کە بە پیتی ماسی سۆڕاتی پــیتی رەســەنی کــوردی نووســرابوون ئێستاش لە شام دوو بەرگ لەو کتێبانــەم لە لایە یەکێکیان باسـی چـاندن دەکـات وئەویتریشیان لە بابەت دۆزینەوەی ئـاوە لە جێگای وشك و بیٚ ئاودا .

هەروەها هەندێ توێژەری تر ئامـاژە بـە ئەلفوبێیــەکی تــر دەکــەن، بــە نــاوی ئەلفوبێی ئێزیدی بەڵام بـەڕای مـن ئـەو ئەلف و بێیەی ئێزیدی کۆن نییە. چونکە ئێزید پاش سەدەی دوازدەهەمی زایـینی سەریهەڵداوە، ئەو جۆرە ئەلفوبێیە زیـاتر لـە ئـەلفوبێی ئاوێـستایی و پەهلـەوی و هەتا عەرەبی وەرگـیراوە. هـەر بـۆ ئـەو جلیوە و مەسحەفا رەشیان پێنووسـیتەوە بۆ ئەوەی وەك لە جلـوە هـاتووە غـەیرە ئێزیدی ئاگای لەم دینە نەبیٚ :

( ام کتیبە کە ناوی جلوەیـە و خوێنـدنی درست نیە بوکسی کە لم ملتە بدرە)

(ئەم کتێبە کە نـاوی جلوەیـە خوێنـدنی دروست نییــە بــۆ کەسـێك کـە ئێزیـدی نەبێت)

*** بوونی ئەو هەموو پێکچوونە لە نێوان وشەکانی ئاوێستا وزمانی کوردی بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئاوێستا بە کوردی نووسرابیٚ؟**

-دیاردەی پێکچوونی وشە لە دوو زمـان فاکتەری یەکلاکەرەوەنییـە کـە ئـەو دوو زمانە یەك بن یاخود هەتا خزمیش بـن. زۆرجار پێکچوون لە ئاکامی (هاوسیٚ ی) دەبــیٚ وەك پێکــچوونی هەنــدیٚ وشــەی (کوردی و عــەرەبی)(کــوردی و تــورکی) (کوردی و تورکمانی) هەنـدیٚ جـار دیـن ئەو رۆڵە دەبینیٚ.ئەوەندەی دەقی قورئـان کاری لەزمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی کــردووە زمــانی ئــەدەبی عــەرەبی ئــەو کاریگەریــــەی نــــەبووە. ئــــەو وشــــە عارەبیانــەی لــە دەقــی قورئــانین لــەوەی عەرەبی ئـەدەبی بـن! وشـەکانی زمـانی فەرەنــــسی و ئینگلیــــزی لــــە رووی رێنووســـەوە زۆر پێکدەچـــن، کەچـــی هەردووك دوو زمانی لەیەك جیاوازن .

شێوە زاری شـەنگالی(سـنجاری) لەگـەڵ زمانی(هەنگاریا) لە جوگرافیاو کـەلتوور و دینــەوە زۆر لەیــەك دوورن کەچـی بـە دەیان بگرە سەدان وشە لە نێوان ئەو دوو زمانە دا هەیە بە هەمان (واتـا) و هـەتا (فۆنــەتیك) کەچــی هــیچ توێــژەرێك جورئــەت ناکــات بڵــیٚ شــەنگالی و هەنگاری یەك زمانن !!

ئەمەو وشەکانی دەقی ئاوێستا بە فارسی و هیندی و ئەفغانیش دەچن.. ئـەدی بـۆ ئەوان چ بڵـێین؟! لەلایـەکی تـریش ئـەوە خودی ئاوێستا نییە کە هەندیٚ وشەی بە کــوردی ئــەمرۆ دەچــیٚ بــەڵکو زیــاتر گاتــەکان و زەنــدی ئاوێــستایە، ئەمــە

ئەوەش ناگەیەنیٚ کـە ئەوپێکـچوونە کـە زۆری لە رووی فۆرم و واتاوەش دەقاودەق نییــە، ناســنامەیەکی دی ئــەتنیکی بــۆ ئاوێستا دروست بکەین !

*** زمانی ئاوێستا زمانی دینی مادەکان بــووە، زمــانی ئاخــاوتن نــەبووە. هەرئەمەش وایکردووە زمـانی ئاوێـستا لەگەڵ رووخانی نەك هەر ئەمپراتۆریەتی میــدیا، بــەڵکو حەخامەنــشینی و ئەشکانیش لە ناو نەچیٚ..**

**کۆمەڵێك وشـە و زاراوەی لـە کـوردی و فارسیدا هەن. لە رووی ئیبستمۆلۆژیاوە چۆن دەتوانین رەسەنی ئەو وشـانە بـەلای زمانێکدا ساغ بکەینەوە !؟**

-کورد لەگـەڵ دراوسـێکانی کۆمــەڵێك وشەی هاوبەش هەیە. بە حوکمی ئــەوەی کــوردی و فارســی هــەردووك ســەر بــە خێزانە کۆمەڵـە ئێرانیـەکانن. هـەروەها هەردووك مێژوویێکی هاوبەشـیان هەیـە. لەم روانگە دیاردەی وشە لەیەك وەرگرتن هەر روودەدات. لە رووی هەتا دیارکردنی رەســەنی وشــەش ئاســان نییــە رەســەنی ئــەتنیکی ئــەو وشــانە دیــار بکــەین د.ئەورەحمانی حاجی مارف هەندیٚ وشەی وەك سروشت و نمایش و وەرزش نایـاب و ئەندێـشە و بـاڵویز بـە نموونـەی وشـەی فارسی لـە نـاو کـوردی دەیانهێنینـەوە، هەرچەندە هەندیٚ لەو وشانە بـە هــەمان فۆرم و فۆنەتیك و واتا لـە فارسـی نـین!! نازانم بۆ دەبیٚ فارسی بن. خۆ کورد پێش فارس دەوڵەتی هەبووە؟! بـەڕای مـن بـۆ ســەدان وشــەی لەیەکـچووی فارســی و کوردی دەبیٚ بگەڕێینەوەبۆ زمانی دایك protoی ئەو دوو زمانە نەك ئەو جۆرە لێکدانــەوەی بــۆ بکــریٚ. ســەبارەت بــە لەیەکچوونی وشــەی زمــانی فەرەنــسی، ئەڵمانی، ئینگلیـزی دیاردەکـە ئاسـانتر چارەسەر دەکریٚ لەلایەك بە کۆنی یــەکیٚ لەوسیٚ زمانە. دووەمیش زۆربەیان وشـە هاوبەشەکانی ئـەو دوو زمانـە لـە رووی ئیتمیۆلۆژیــەوە یۆنــانی یــان لاتیــنین!! ئەگــەر وشــەی ســوێدی و دانیمــارکی و نەرویجی بەراورد بکەی ئەوە زۆرێـك لـەو وشانەی لە زمانی مۆلبۆکی نـەرویجی دا هــەن لــە رووی ئیمتمۆلۆژیــەوە ئەگــەر ســویدی و دانیمــارکی نــەبن، لاتیــنین. هەرچی دایکە زمانی فارسـی و کوردیـە تــەواو دیــار نییــە بۆیــە ئیمۆلــۆژیش چارەسەری ئەو دیاردەیە ناکات .

عەرەب و کوردیش زۆر وشەی هاوبەشیان هەیە ئـەو وشـانەی کـورد لـە عـەرەبی وەگرتوون هەنـدێکیان تـەنها فۆنـەتیکی گۆڕیــون وەك( وقــت-وەخــت) نــاوە عەرەبییـەکانی بـە جـۆریٚ گۆڕیـوە هـیچ عــەرەبێك وشــەکەی خــۆی نەناســێتەوە هەربۆنموونە :

ئیسماعیل- سمکۆ- سمە
محمود- خولە- هتد
عەرەبیش زۆر وشەی لە کەلتووری کوردیەوە وەرگرتووە دەکرێ لە رووی جوگرافیاوە رەسەنی ئەو وشە کوردیانەی ناو زمانی عەرەبی بدۆزینەوە: گویز- جوز، جێزەر- جزر..هتد
ئەمەو بەسەدان وشە لە فیلمە کۆنەکانی هیندی هەن دەقا و دەق بە فۆنەتیك و واتاوە وەك ئەوەی کوردین جا ئەگەر بۆ زمانی دایك نەگەڕێینەوە ناتوانین بڵێین ئەو وشانە لەرەسەندا نە کوردی نە فارسین نە هیندین .
*** ئەمڕۆ لە زانکۆکانی کوردستان چەندان بەشی زمانی کوردی هەن هەروەها جگە لە ئەکادیمیای کوردی- کۆلیژی دراساتی کوردی لە دهۆك کوردۆلۆژی لە سلێمانی هەن. ئایا دروستکردنی ئینسایکلۆپیدیایەك بۆ زاراوە و چەمکی زمانەوانی بەگرنگ نازانی بۆ ئەوەی ببێتە مەرجەعێك بۆشیکردنەوەی ئەو هەموو چەمك و زاراوانە؟**
-لەم بوارە هەوڵدراوە. د.ئەورەحمان فەرهەنگێکی زمانەوانی لە رووسیەوە کردۆتە کوردی. هەروەها لە رووی زاراوەش بەشێك لە ماستەر و دکتۆرانامەکانی بەشەکانی کوردی چەند لاپەڕەیەکیان بۆ هەندێ زاراوە تەرخان کردووە. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی- کوردی لیستێك بۆ زاراوە گرنگەکانی بواری زمانەوانی هەیە، بەڵام ئەوانە بەهیچ جۆرێ ناچنە خانەی ئینسایکلۆپیدیاوە. بەڕاستی ئەم پرۆژەیە دەبێ پرۆژەی دام و دەزگایەکی ئەکادیمی بێ، چونکە وابزانم نەتەوەیەکی دیار نییە کە ئینسایکلۆپیدیایەکی لەم بوارەوە نەبێ. ئەگەر نەشکرێ بنووسرێ ئەوە دەکرێ ئینگلیز زان و فەرەنسی زانەکان هتد. دەتوانن فەرهەنگە ناسراوەکانی ئەو بوارە وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی
چونکە بەڕاستی ئەو بوارە لە دیراساتی کوردی زۆر هەژارە هەتا قوتابیانی ماستەر و دکتۆراش بۆ روونکردنەوەی ئەو چەمکانە هەر مامۆستا و هەندێ ژێدەری عەرەبیان مەرجەعە.

# مۆرفۆفۆنیم له ڕوانگەی بابەتەوە

**بازیان یونس**
**مامۆستا له کۆلێژی پەروەردەی سۆران**

**پێشەکی**

مۆرفۆفۆنیم وەك ئاستێکی ناوەند له نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی زمان ڕۆڵێکی چالاك دەبینێت بۆ پەیوەندی و پێکەوەبەستنی هەردوو ئاستەکە ، بەشێوەیەك تێکچڕژانێکی بێ ویست (بەخورتی) دروست دەکەن له هەریەك لەو بابەتانەی که دوو لایەنی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجین .

**ناساندنی مۆرفۆفۆنیم :**

مۆرفۆفۆنیم بەزۆر شێوە ناساندنی بۆ دەکرێ ، لەوانەش :

تێکڕژان و پەیوەندی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە .

پەیوەندی یەکەکانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی دروستکردنی مۆرفۆفۆنیمی زمانە ، یەکەکانیش بریتیین له : مۆرفیم و مۆرف و ئەلۆمۆرف و وشە له ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنیم و فۆن و ئەلۆفۆن له ئاستی فۆنۆلۆجی ، هێزیش وەك فۆنیمێکی ناکەرتی بەژدارە له نێوان هەردوو ئاستەکە هەرچەندە دەوری زیاتر له ئاستی مۆرفۆلۆجی دا ئاشکرا دەبێت .

ئەو مۆرفیمانەی لە شێوەی فۆنیمێك خۆیان دەنوێنن مۆرفۆفۆنیم دروست دەكەن .
گۆڕانە فۆنۆلۆجییەكان لە هەر وشەو مۆرفیمێك دا بن مۆرفۆفۆنیم لە زمانـدا دەنـوێنن بە واتایەكی تر هەر گۆڕانێكی دەنگسازی وەك ( دەنگی گڕوكپ ، گواستنەوەی هێـز ، گۆڕانی ڤاوڵ و كۆنسنانت ، نیمچەبزوێن لە ژینگەی جیاجیادا ) لە ئاستی وشەسـازیدا وەك یەكەی (مۆرفیم و مـۆرف و ئـەلۆمۆرف ، وشـەو جۆرەكـانی ) ڕووبـدات ئاسـتی مۆرفۆفۆنیمی دروست دەكەن .

شایانی باسە ئەوەی لێرەدا لە بارەی مۆرفۆفۆنیمەوە باسی دەكەین دوو بابەتـە كـە مۆرفۆفـۆنیمی دروسـت دەكـات بـە پێـی ئـەو پێناسـانەی پێـشتر خرانـەڕوو ، ئـەم دووبابەتەش (مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردوو ، هێز ) ن كە ڕۆڵێكـی گـرنگ و چـالاك لـە پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی فۆنۆلۆجی دروست دەكەن بۆ دروسـتكردنی ئاستێكی ناوەند كە (مۆرفۆفۆنیم ) ە لە زماندا .

**مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردوو دروستكردنی مۆرفۆفۆنیم :**

ئاشكرایە لە زمانی كوردیدا چـەند دەنگێـك لـەپێش ( ن ) ی چـاوگ دا ئـەرك و ڕۆڵیّ مۆرفیمی كات دەبینن ، لە هەر چـاوگێكدا دوای لادانـی ڕەگـی كـار و ( ن ) ی چاوگ ، ئەو پیتەی ئەمێنێتەوە ( ت ، د ، ا ، ی ، وو ) مۆرفیمی كاتی ڕابردووە.

چاووگ ⟵ ڕەگی كار + مۆرفیمی كاتی ڕابردوو + ( ن ) ی چاووگ .

بۆ نموونە : مردن ⟵ مر + د ( مۆرفیمی كاتی ڕابردوو ) + ن

خزان ⟵ خز + ا ( مۆرفیمی كاتی ڕابردوو ) + ن

چوون ⟵ چ + وو( مۆرفیمی كاتی ڕابردوو ) + ن

بردن ⟵ بر + د ( مۆرفیمی كاتی ڕابردوو ) + ن

شووشتن ⟵ شووش + ت ( مۆرفیمی كاتی ڕابردوو ) + ن

بەم جۆرە مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردوو ئەو مۆرفیمانەن كە لەپێش ( ن ) ی چاوگدا وەستاون ئەركی كاتی ڕابردوو بەجیّ دەگەیەنن، واتە مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردوو لەگەڵ ئەو كارانەدا بەكار دەهێنرێن، كە پێش ئاخاوتن ڕوویان داوە ( كەوت ، مرد ، كـێلاّ ، بوو ..... هتد ) .

هەریەكە لەم مۆرفیمانە بەتەنها ( فۆن ) ێكەو ( فۆنیمێك ) دەنوێنیّ و لەڕێگـەی (پیت) ەوە نیشانەكانیان لە نووسین بـۆ دیـاری كـراوە ، واتـە ( ت ، د ، ا ، وو ، ی ) پێنج فۆنیمن لە زمانی كوردیدا سیماو شێوەی گۆكردن و هەڵوێستی فۆنەتیكی تایبەت

بەخۆیان هەیە لە زمانداو لەئاستی فۆنۆلۆجی زماندا دیراسە دەکرێن و شێوە جیاجیا ( ئەلۆفۆن ) ی فۆنیمی وەردەگرن . سەیری ئەم نموونانە بکە : فـۆنیمی / د / بـچووکترین فۆن دەنوێنێت کە بریتی یە لە فۆنی [ د ] ئەم فۆنیمە دوو شێوەی هەیە ئـەوانیش [ د ] ، [ ت ] ە بەم شێوەیە :

/ د / ← فۆنیم لەئاستی فۆنۆلۆجی

[ د ] [ ت ] ← فۆن لەئاستی فۆنەتیك

ئەلۆفۆن ← [ د ] ، [ ت ] ئەلۆفۆنی فۆنیمی / د / ن .

وەك لە وشەی : / کرد /

[ کرد ] [کرت]

بەهەمان شێوە فۆنیمەکانی تریش شێوەی جیاجیا نیشان دەدەن وەك :

/ ی / ← لەسەرمایا > لەسەرمادا / و / ← بەو > بەد

قەو > قەد

[ ی ] [ د ] [ و ] [د ] ( بڕوانە ئەورەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠ : ٢٢ )


/ ا / ← [ شار ] > [ شار ] / ت / ← مهابات > مهاباد

[ا ] [ ا ] [ ت ] [ د ]

درێژ کورت

کەواتە فۆنیمەکان ( د ، ا و ، ی ، ت ) لەئاستی فۆنۆلۆجیـدا شـێوەی جیاجیـای فۆن نیشان دەدەن ، لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ئەم فۆنانە لە ( چاوگ ) دا وەکـو وشـەیەك لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئەرکی مۆرفیمی کـاتی ڕابـردوو دەبیـنن بەواتایـەکی تـر ئـەم

دەنگانە فۆنیمن لە ئاستی فۆنۆلۆجی دا بەلاّم مۆرفیمیشن لە ( چاوگ ) دا چونکە ( چاوگ ) وەك وشە یان وەك بەشە ئاخاوتنێك لەئاستی مۆرفۆلۆجی دا دراسە دەکرێ ، بەمەش دەنگەکانی پێش ( ن ) ی چاوگ دەبنە (فۆنیم) و ( مۆرفیم ) ، ئەم دوو یەکەیەش هەریەکەیان ئاستی تایبەت بەخۆیان هەیە ئەوانیش ئاستی ( فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی )یە ، لێرەدا ئەم دوو ئاستە تێکەڵ بەیەك دەبن و پەیوەندی یەکی بەتین پەیدا دەکەن و هەرگیز لێك جیانابنەوە . تێکەڵ کردنی ئەم دوو ئاستە بە گوێرەی ئەم فۆنیمانە بەپیێ ی ئەم هێڵکاری و خشتەیەی خوارەوەیە :



| یەکەکان | چاوگی دالی | چاوگی واوی | چاوگی تائی | چاوگی یائی | چاوگی ئەلفی |
|---|---|---|---|---|---|
| چاوگ | خوێندن | چوون | شووشتن | بڕین | سووتان |
| چووگ | بردن | بوون | هەڵخستن | فڕین | برژان |
| چاوگ | کردن | هەڵچوون | فرۆشتن | کڕین | خزان |
| چاوگ | چاندن | دروون | ناشتن | چنین | ڕمان |
| چاوگ | دڕاندن | ڕۆچوون | کوشتن | سڕین | هەڵدان |
| مۆرف | « د » | « وو » | « ت » | « ی » | « ا » |
| ئەلۆ - مۆرفیم مۆرف | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو |
| فۆنیم | / د / | / وو / | / ت / | / ی / | / ا / |
| ئەلۆ - فۆن فۆن | [ د] [ د ] | [ وو ] [ وو ] | [ ت ] [ ت ] | [ ی ] [ ی ] | [ ا] [ ا ] |

**هێز وەك مۆرفۆفۆنیم:**

هێز وەك دانەیەكی زمان لەزۆربەی ئاستەكانی شیكردنەوە دراسە دەكرێ ، بەپێی دیدو بۆچوونی جیاجیای قوتابخانەو زمانەوانەكانی زانستی زمان . بەلاَم ئەوەی كە زیاتر باسی لێوە دەكرێ ئەوەیە كە لە ئاستی فۆنۆلۆجی زمانێكدا وەك فۆنیمێكی ناكەرتی لێكدەدرێتەوە كە سیستەمێكی دەنگی زۆر گرنگە لە زمانا ، بێ ئەوەی لە نووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەیەكی بۆ دیاری بكرێت ، بەمەش كەرەستەیەكی دەنگی یە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی مۆرفۆلۆژی زماندا بەتایبەت لە مۆرفیمدا ڕۆڵی كارا دەگێڕێت بەشێوەیەك توانەوەی دەنگی لە وزەیەكی زیادە لەسەر بڕگەیەكی وشەدا نیشان دەدات ، كە ئەمەش جۆرە پەیوەندییەكی ترە لەنێوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی زماندا لەڕێگەی دیاریكردنی پێناسەو ئەركی جۆراوجۆری هێز ( هەر زمانەوانەی لەڕوانگەیێكەوە دەڕوانێتە هێز ، لای ستاگ بێرگ : پلەی دەركەوتنی بڕگەیە (

Stagberg1971 : 45 ) . لای مالبێرگ : پلەی شـەکەتی ماسـولکەیی یـە بـۆ دەنگێـك یـا دەنگـەکانی بڕگەیـەك ( Malberg 1970 : 155 ) . لای ڕەحمـان ئیسماعیل : دەست نیشان کردنی ئـەم لایەنـەی زمـانی کـوردی دەبـێ لەچوارچـێوەی ئاسـتەکانی شـیکردنەوەدا ڕوون بکرێتـەوە ( ڕەحمـان ئیـسماعیل ١٩٩٨ : ٦٤ ) . بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیـەو دوور نەکەوتنـەوە لـە بابـەتی ( مۆرفۆفـۆنیمی زمـانی کوردی ) لێرەدا باسی هێز دەکرێت لەڕوانگەی دوو ئاسـتی فۆنۆلـۆجی و مۆرفۆلـۆجی بـەگوێرەی پێویـستیش ئاسـتی واتـا چـونکە هێـز لـە دروسـت کردنـی پەیوەنـدی مۆرفۆفۆنیمی دا واتا دەگۆڕێت ، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا بەچەند پێناسەیەکی هێـز لەڕوانگەو ئاستی جیاجیا ( فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی ) دەست پێ دەکەین .

**پێناسەکردنی هێز**

پێناسەکردنی هێز کارێکی ئاسان نییـە، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەوڵ دەدەیـن هەندێ لەوانە پێشکەش بکەین کە لە پێناسەکردنیا گوتراون :

هێز ئەنجامی سەرنج و ووردبوونەوەیە ( انطباع ) لەو وزەیە زیادەیەی کە لە گـۆکردنی بڕگەی هێزدار بـەکاردێ و ئاوازەکـەی لـە گۆکردنـدا بڕگەیـەکی بلّنـدترو درێـژترە لـە بەرامبەر بڕگەکانی تری هەمان وشە .

هێز تاوێکی تایبەتی یە کە ئەدرێ بە کـەرتێکی وشـە کـە سـەرف کردنـی بڕێکـی تایبەتی یە لە وزەیەکی پتر لە بڕگەیەك لە بڕگـەکانی وشـە کەدەبێتـە هـۆی بـەهێزتر گۆکردنی بڕگەکە.

هێز زیادە وزەییێکی دەنگی یە لەپڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا .

هێز ئەو دەرکەوتنەیە دەدرێتە بڕگەیەك ، لەچوارچێوە پێکهاتووی یەکەی دەرکـەوتن کە لەزۆربەی زمانەکان لەگەڵ وشەدا یەکسان دەوەستێ .

سترێس ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە . واتە ئەو وشـەیەی کە بریتییە لە دوو یا زیاتر لە دوو بڕگە ، بڕگەیەکیان هێزی ئەکەوێتە سەرو بەگۆڕینی ، واتای ئەو وشەیە دەگۆڕێت وەیا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لەڕوی ڕێزمانەوە.

هەروەکو لە پێناسـەکاندا دەردەکـەوێت کـە هێـز سـەر بـە ئاسـتی فۆنۆلـۆجی و مۆرفۆلۆجی یە چونکە مەسەلەی بڕگەو وزەو گۆکردن و درێژی و بلّنـدی لـە زمانێکـدا تایبەتە بە ئاسـتی فۆنۆلـۆجی هـەروەها وشـەو گـۆڕینی واتـاش تایبەتـە بـە ئاسـتی مۆرفۆلۆجی . بەلای ئێمەشەوە پێناسەی هێز هەرکامەیەکیان بێـت لەمانـەی سـەرەوە

گرنگ نییە، چونکە مەبەستی ئێمە دۆزینەوەو دیاریکردنی جۆرە پەیوەندییەکی ترە لەڕێگەی هێزەوە ، پێناسەکان وەکو لایەنی تیۆری و زیاتر پەیوەست بوونیان بەئاستی دەنگەوە خراونەتەڕوو ، بۆ ئەوەی تەنیا تایبەتمەندی نەکەین بە ئاستی مۆرفۆلۆجی یەوە و دووریشی بخەینەوە لە ئاستی فۆنۆلۆجی یەوە .

**هێزو ئاستەکانی هێز**

هێز لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تردا بڕگەیەك یان زیاتر لەهەر وشەیەکی تەواو ( واتادار ) هێزدارە، چونکە ( کاتێك وشە بەتەنهایی گۆ دەکرێ ، واتە بەجیاو لە دەرەوەی چوارچێوەی فرێزو ڕستە ، لەم بارەدا وشە بە بەردەوامی شێوەی هێزداری تایبەتمەندی خۆی هەیە ( Abdulla , Mecarus1967 : 136 ) بەمەش ( لە هەندێ وشەدا ڕەنگە یەکێك یان زیاتر لە بزوێنێك هێزداربێ ، بەلاّم ئەگەر وابێ ، یەکێ لەو بزوێنە هێزدارانە هێزێکی زۆرتر لەوانی دی وەردەگرێ . ئەو بزوێنەی هێزی هەرەزۆریان بەرزی وەرگرتووە ئەمە هێزی سەرەکی وەرگرتووە ، بڕگە هێزدارەکانی تر هێزی دووەکیان وەرگرتووە ( Fromkin and Rodman 1978 : 89 ) . بەپێی زۆربەی سەرچاوە زمانەوانیەکان چەند ئاستێك بۆ هێز دیاری کراوە لەوانە : ئاستی سەرەکی کە ئەمەیان بە ئاستی یەکەمی هێز دادەنرێت و زۆرترین بڕی هێزە کە لەسەر یەکێك لە بڕگەکانی وشە دەوەستێ ) ئاستی دووەکی هێز کە بڕەکەی لە هێزی سەرەکی کەمترە ، ئاستی سێ یەکی کە بڕەکەی لە هێزی سەرەکی و دووەکی کەمترە ( هەرزمانێك دەستەییێك یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆوەی هەیە بەهۆیانەوە شوێنی هێزی سەرەکی و هێزی دووەم و سێیەم لەسەر وشەکاندا دەستنیشان دەکرێت . لە زمانی کوردیدا — بەشێوەیەکی گشتی — هێزی سەرەکی کە دەکەوێتەسەر دوا بڕگەی وشەوە . هەندێ ناوێزە بەرچاو دەکەوێ وەك ( چونکە ، بەلاّم ، هێشتا ... هتد ) لەم وشانەدا هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی یەکەم ( وریا عومەر ٢٠٠٤ : ٢٨٥ ) بۆ نموونە : لە فرێزی ( مامـــۆستاکان ) دا ئاستەکانی هێز بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

کان / هێزی سەرەکی وەردەگرێ .

تا / هێزی دووەکی ( ناوەند ) وەردەگرێ .

ما - مۆس / هێزی سێ یەکی ( لاواز ) وەردەگرێ .

بەشێوەیەکی گشتی ئەم سێ ئاستە بۆ هێز دەستنیشان کراوە ، بەلاّم مەرج نی یە

له وشەیەكدا هەرسێ ئاستەكە بەژداربن یاخود هەبن بەتایبەت لەو وشە سادانەی كە لەیەك بڕگە پێكدێن و تاكە مۆرفیم دەنوێنن وەكو ئامرازەكان ( بۆ ، تا ، كە ... هتد ) كە ئەمانە تەنیا هێزی سەرەكی یان لەسەرە ( هەر وشەیەك بەلای كەمەوە یەك هێزی سەرەكی هەیە ( Macaras 1958 : 34 ) دیاریكردنی ئاستەكانی هێز نیشاندانی لایەنێكی تری هێزە لەڕووی ئاستی فۆنۆلۆجی یەوە بەوەی شوێنی هێزەكان لەسەر بزوێنی بڕگەكاندا جیاوازی لە كەم و زیادی بڕی وزە دەنوێنن ، ئەمەش دیسان بە مەبەستی لایەنی تیۆری بابەتەكەیە .

**هێزو ئاستی مۆرفۆلۆجی**

پێشتر هێز لە ئاستی فۆنۆلۆجی دا ئاماژەی پێ كرا كە لە چوارچێوەی ئاست و دانە جۆربەجۆرەكانی زمانێكی دیاریكراو ڕۆڵ و ئەركی جیاواز دەبینێت و ، هەر زمانێك كۆمەڵێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچەندە ئێستاش لە ئاستی مۆرفۆلۆجی دا ڕۆڵ و ئەركی نیشان دەدەین بۆئەوەی بزانرێت چ جۆرە تێكەڵیەك و گۆڕانكاریەك لەنێوان هەردوو ئاستە نیشان دەدات چونكە ( هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە كە هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجی یەو دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ ( وریا عومەر ٢٠٠٤ : ٢٨٤- ٢٨٥)، بەلاّم ئەم بڕیارە بۆچوونێكە كەڕۆڵی هێزی تێدا دیاری كراوە، چونكە ئاشكرایە كە هێز خۆی هیچ نیشانەیەكی نییەو سەر بە فۆنیمە ناكەرتیەكانە لە زماندا . پەیوەندی هێز بە ئاستی مۆرفۆلۆجی خۆی لە گیرەكەكاندا دەبینێتەوە ( گیرەكەكان ( پاشگرو پێشگر ) ئەوانەن كە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا وشەو واتای نوێ دروست دەكەن و كاریگەری تەواویان بەسەر هێزو شوێنی هێز هەیە . بەتایبەت پاشگرەكان ( ڕەحمان ئیسماعیل ١٩٩٨ : ٨٤ ) بەمەش پەیوەندی لەنێوان هێزو پاشگرو پێشگردا هەیە واتە پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی پێكیان دەبەستێتەوە ، كە لە زۆر سەرچاوە زمانیەكاندا ( هێز لە هەردوو بەشی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی بەپێی پێویست ئاماژەی پێ كراوەو چەندین زانیاری و سەرنجی بەكەڵك لەسەر هێزی گیرەكی دارشتن و ڕێزمانی خراوەتەڕوو ( بڕوانە مەكنزی ١٩٦١ : ٥٠ ) هەروەها شوێنی هێزی سەرەكی وشە لەڕوانگەی پەیوەندی هێزو گیرەكەوە دیاری دەكرێت ، بۆ ئەو مەبەستەش گیرەكەكان لەڕووی هێز وەرگرتنەوە دابەش دەكرێت ، گیرەكی وشەداڕێژ بەگشتی بە هێزدارو گیرەكی ڕێزمانی بەگشتی بە هێز وەرنەگر دادەنرێت. واتە ( هێزی سەرەكی لە تاكە وشەدا دیاری دەكرێ بە لەبەرچاوگرتنی

پێکهاتنی مۆرفۆلۆجی ، بەشێوەیەك ئەگەر وشەیەکی داڕێژراو گیرەکێکی هێزوەرگری چووە سەر ئەمە هێزەکە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت ، خۆ ئەگەر گیرەکەکە هێز وەرنەگربوو ئەوە هێزی سەرەکی لەسەر دوا بڕگەی ڕەگی وشەکە دەمێنێتەوە ( بڕوانە محمد معروف ١٩٨٠ : ١٧٩ ، ١٨٩ ) وەك ئەم نموونانە :

با′ش ———— باشتر′ [ تر ] هێز وەردەگرێ .

با′شە ، قەڵە′م - قەڵەمەکە′ — قەڵەمەکان′ [ ەکە — ان ] هێز وەردەگرن .

( گیرەکی هێز وەرنەگر )

شایانی باسە گیرەکەکان وەکو وتمان جیاوازن لەڕووی وەرگرتن و وەرنەگرتنی هێزی سەرەکی ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند گیرەکێك بە نموونەوە نیشان دەدەین کە ئەم بارەی هێز دەسەلمێنن ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

گیرەکی وشەداڕێژ لەخۆوە هێزدارن ، وەك :

[ ی ] نیشای دیارخەری ناوی مەعنەوی ، نموونە : خۆش — خۆشی .

[ گا ] شوێن دیارخەر ، نموونە : دەزگا ( دەست + گا ) ◄——— دەزگا .

[ دار ] ، [ — ەوان ] کار دیارخەر ، نموونە : دوکاندار ، مەلەوان .

[ ەر ، یار ] پیشە دیارخەر ، نموونە : نووسەر — فرۆشیار .

[ ستان ] شوێن دیارخەر ، نموونە : کورد — کوردستان .

[ دار ] خاوەنیەتی ، نموونە : مەڕ — مەڕدار .

[ ی ] نەسەب ، نموونە : هەولێر — هەولێری′ ( سەرچاوەو لەمەڕبوون ) .

[ — ن ] جۆر دیارخەر ، نموونە : چڵك — چڵکن′ .

[ مەند ]خاوەنیەتی ، نموونە : هۆش — هۆشمەند .

[ انە ] ئاوەڵکار دیارخەر ، نموونە : شێر — شێرانە′ ، ڕۆژ — ڕۆژانە′ .

[ ێ ] ئاوەڵکار دیارخەر ، نموونە : شەوێ′ .

گیرەکی ڕێزمانی هێز وەرنەگرن ، وەك :

[ تر ، ترین ] پلەی بەراوردو بالاّ ، نموونە : جوانتر — جوانترین .

[ ان ] کۆ ، نموونە : کوڕان ، کچان .

[ ەکە - نوسەك ] ناسیاری ، نموونە : گوڵەکە ، باخەکە .

[ ێك ] نەناسیاری ( تەنیا لەو وشانەی کە / i - بزرۆکە / ناوکی بڕگەیە هێز

وەردەگرێ ( محمد معروف ١٩٨٠ : ١٨٩) .          نموونە : ژنێك′

أ - ( هەر کە دوو مۆرفیمی هێز وەرگر یان پتر بەڕیز لەدوای یەك بێن کێشەکە بە سوودی هێز بۆلای خۆی ڕادەکێشێت . نموونە :

هونەر′ ⟵ هونەرمەند′ ⟵ هونەرمەندێتی′

ب — ( هەرکە فرمان هیچ گیرەکێکی هێز وەرگری لەگەڵدا نەبێت ، دوا بڕگەی ڕەگی فرمانەکە هێز بۆلای خۆی ڕادەکێشێت . نموونە :

هاتن′ ( گیرەکی هێزدارە )

دەها′تم ( گیرەکی هێزداری نی یە بۆیە هێز لەسەر ڕەگەکە دەبێ ) .

چاووگ : هێزدارن ، وەك :

[- ن ] نموونە : مردن′ ، نووستن′ ، پشمین′ ، چوون′ ، سووتان′ .

گیرەکی فرمان دیارخەر ( پێشگرەکان — ڕووکارەکانی نەفی کردن و داخوازی ) هێزدارن ، وەك :

نیشانەی ناکردن ( نە ، نا ، مە ) ( نووسەك ) نموونە : نە′ڕۆی ، نا′خۆم ، مە′چوو

پێشکارەکان ( دا ، ڕێ ، تێ ، هەڵ ) نموونە : دا′خست ، ڕا′خست ، تێ′ گرت ، هەڵ′ خست .

/ وو / نیشانەی بارتیسیبل ( بەردەوامی ) : ( ئەم پاشگرە هەمیشە هێزدارە ( محمد معروف فتاح

تێ گەیشت ⟵ تێ گەیشتوو′ ( ١٩٨٠ : ١٩٢ )

هات ⟵ هاتوو′

نووسەکەکان ، وەك :

پاشگری فرمان : سێ جۆرن :

( أ ) — م ، - ت ، ی ، مان ، تان ، یان ( لەگەڵ تێپەڕی ڕابردوو ) .

( ب ) — م ، - یت ، Ø ، ین ، ن ، ن ( لەگەڵ تێنەپەڕی ڕابردوو ) .

( ج ) — م ، - یت ، - ات - ێت ، ین ، ن ، ن ( لەگەڵ ڕانەبردووی تێپەڕوتێنەپەڕ ).

( ئەو پاشگرانە هێز وەردەگرن هەر کە بەشدار دەبن لە پێکهێنانی :

کاتی مەرجی ( ڕابردوو مەرجی ) ، نموونە : بم′ خواردبایە ، بتا′ن گرتبایە .

کاتی ناتەواو ( ڕابردووی بەردەوام ) لەگەڵ فرمانی تێپەڕدا : دەم′ گرت ، دەیا′نگرت .

خەبەری ئێستا : دەزانی′ ، دەتوانی′ .

ئەوانە لەهەر جێگەیەکی تر بن هێز وەرناگرن . ( محمد معـروف ١٩٨٠ : ١٩١ — ١٩٢).

بەم جۆرە هێز وەك فۆنیمێکی ناکەرتی لەئاستی فۆنۆلۆجی پەیوەندی یـەکی بـاش لەگەڵ گیرەك و نووسەکەکان دروست دەکات کە ئەمانەی دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجین بـۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ئاسـتی مۆرفۆلـۆجی بـە فۆنۆلـۆجی زمـان لەڕوانگـەی هێزەوە جۆری پەیوەندییەکان لەگەڵ گیرەك و نووسەك دەست نیشان دەکەین بەواتایەکی تر تیشکی زیاتری دەخرێتە سەر ، بەم شێوەیە :

هێز وەك ڕەگەزێکی جیاکەرەوە لە بەرانبەر کردنی گیرەکی دارِشتن و ڕێزمـانی یـا نووسەك دەور دەبینێ ، واتە ئەو پاشـگرە هاوشـێوانەی دەچـنە سـەر هـەمان فـۆرِم و بەرانبەری دەکرێن ، پاشگرە دارِشتنەکە هێز وەردەگرێ کەچی لەباری پاشگری ڕێزمانی یەکە هێزەکە لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە ( هێز لە وشەی دارِێژراودا ، پەیوەسـتە بـەو گیرەکانەی کە بە سروشت هێز وەردەگرن یان وەرناگرن ، بەمەش گیرەکەکان بەسەر دوو چین دابەش دەبێت چینی ( ١ ) ئەوانـەی هێـز وەردەگـرن چـینی ( ٢ ) ئەوانـەن هێـز وەرناگرن یان هێز لەسەریاندا سەرەکی نی یە بەڵکو هێزی دووەکی و سێ یەکی یە واتە بەپێ ی ئاستەکانی هێز دەبێت ، بێ ئەوەی باوەڕ بـە بـوونی هێـزی لاواز هـەبێت لـە زمانی کوردیدا ( بڕوانە محمد معروف ١٩٩٧ : ٤٥ — ٥٧ ) بۆ نموونە بەراوردی ئەمانە بکە :

[ ن ] ی چاووگ ( گیرەکی وشەدارِێژ ) : [ ن ] ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەم و سێ یەمی کۆ ( نووسەك ) .

[ ی ] ی پاشگری ناوی مەعنەوی ( گیرەکی وشـەدارِێژ ) : [ ی ] جێنـاوی لکـاو بـۆ کەسی دووەمی تاك (نووسەك )

[ ە ] ی پاشگری ناودارِێژەر : [ ە ] ی مۆرفیمی کاتی ئێستا .

وەك لەمانەی خوارەوەدا :

| ستوونی یەکەم | | ستوونی دووەم |
| --- | --- | --- |
| مرد نʹ [ چاووگ ] | : | مـــرʹ دن [ ئەوان مردن ] |
| ئازاد یʹ [ ناو ] | : | ئـــاʹ زادی [ تۆ سەربەستی ] |
| جوا نەʹ [ ناو ] | : | جوʹ انە [ ئەو شتەجوانە ] |

لەئەنجامی بەراوردکرنی ئەم نموونانەو دەیان نموونەی تر ئەوە دەدا بەدەستەوە ( کـە

ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هەر وشەیێ و وشەی تازەی خاوەن مانای تازەی لێ پێك هێنا ئەوە كار لەشوێنی هێزەكەی دەكات و دەیگوێزێتەوە سەر دوا بڕگەوە . ئەگەر كاری لە مانا نەكرد ، هێزەكەی لە شوێنی خۆی دەمێنێ و جێ ی خۆی ناگۆڕێ یا ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هەرچ وشەیێك یان مۆرفیمێكی ترو شوێنی هێزی گۆڕی ئەوە مۆرفیمێكی مۆرفۆلۆجی یە ( وشەداڕێژە ) ( وریا عومەر ٢٠٠٤ : ٢٨٦ ) لە وشەكانی ستوونی یەكەم ( ن ، ی ، ە ) سێ پاشگرن ، مۆرفیمی وشەداڕێژن و واتای نوێیان پێك هێناوە بۆیە هێزی وشەكانیان بۆخۆیان ڕاكێشاوە . بەلاّم لە وشەكانی ستوونی دووەم ( ن ، ی ، ە ) سێ پاشگرن ، نووسەكن یاخود گیرەكی ڕێزمانین ، ئەركی سینتاكسیان جێ بەجێ كردووەو كاریان لە مانای وشەكان نەكردووەو بەشە ئاخاوتنیان نەگۆڕیوە بەمەش هێز ئەركی بەرانبەری و جیاوازی هەیە، ئەو گیرەكانەی وشەو واتای نوێ و حالّەت دەگۆڕن هێز ڕادەكێشن.

سەرچاوەكان

- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٠ ) دیاردەكانی دەنگی ( د ) لەشێوەی سلێمانی دا .
- ڕەحمان ئیسماعیل حسن ( ١٩٩٨ ) پەیڕەوی فۆنیمە ناكەرتی یەكان لە كوردیدا ، كۆلێجی پەروەردە — ئیبن روشد ، زانكۆی بەغدا ، نامەی دكتۆرا .
- صباح رشید قادر ( ٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەكدا ، نامەی ماستەر ، كۆلێجی زمان ، زانكۆی سلێمانی .
- تالیب حوسێن عەلی ( ٢٠٠٥ ) فەرهەنگی زاراوەكانی دەنگسازی ، لە بلاّوكراوەكانی گۆڤاری ئاسۆیی پەروەردەیی ، ژ. ( ٢٨ ) ، چاپی یەكەم ، هەولێر .
- غازی فاتح وەیس ( ١٩٨٤ ) فۆنەتیك ، مطبعة الادیب البغدادیة ، بغداد .
- وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ ) چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی ، دەزگای ئاراس - هەولێر.

# ناونان و هەست

**بەشی یەکەم** **ڕێژنە ئیسماعیل**

**تەوەری یەکەم: هەست و واتا**

**١-پێناسەی هەست:**

(هەست وەرگرتن و پێشوازیکردنی مرۆڤە بۆ زانیارییە وروژێنەرەکان و ئەو ڕووداو و دیاردانەی کە لە دەورووبەری هەن بەکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکان دەژمێردرێت لە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی) (طلعت منصور و غیرة، ١٩٨٤، ١٦٠).

کەواتە هەست کاریگەری بەسەر هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ هەیە، هەست کاریگەری بەسەر یەکێ لە ئەندامانی مرۆڤ بەجێ دێڵێ بۆ نموونە (کاتێ گڵۆپی سوور دەبینین دەبێ ڕاوەستێ، کاتێ تەلەفۆنەکەی لێدەدات، وەڵامی دەداتەوە، هەست وا دەکات مرۆڤ دەنگی برادەرەکانی بناسێتەوە و لە یەکتریان جیا بکاتەوە، هەروەها بۆنی نانەواخانە و زۆر شتی تریش)(سەرچاوەی پێشوو، ١٩٨٤، ١٦٠).

ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بەوەرگرتنی زانیارییەوە هەیە کە پێی دەڵێن هەست.

**٢-ڕەوشتی هەست**

هەست ساکارترین کردەی دەروونییە لە ئەنجامی کارتێکردنی چەند شتێك یان چەند دیاردەیەك و ڕووداوە یەك لە دوای یەکەکانی جیهانی دەرەوە دێتە کایەوە. (سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٨٤، ١٦٠).

هەست لە ئەنجامی کارتێکردن و ڕەنگدانەوەی تاکەکەسیش دروست دەبێت، لەم

ڕەنگدانەوە تایبەتیانەشی ناوە، واتە ڕەنگدانەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ و ئەندامەکانی هەستکردنی مرۆڤ، چونکە بێگومان هەموو مرۆڤێك بەرامبەر بەناوەکەی خۆی هەستێکی دیاریکراوی هەیە، جا ئەو هەستە لایەنی باش و خراپ دەگرێتەوە.

**٣- تایبەتمەندییەکانی هەست:**

هەست بریتی نییە لە سیفەتێکی جێگیر یان پێوانە بێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، جاری وا هەیە چالاکییەکان دڵخۆشکەرن یان زۆر ناخۆشن.

بێگومان هەست ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە ڕەفتار، بۆیە هەستەکان بەردەوام لە گۆڕان دان، بەپێی ئەم کاتەی تییای دەژی. هەست کۆنترۆڵی لەسەر ناکرێ، وە هیچ کاتێك پێوانە ناکرێ.

هەستەکان کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر کارەکانمان بۆیە کاتێ مرۆڤ هەست بەخۆشی شتێك دەکات هەوڵ دەدات لێی نزیك بێتەوە وە کاتێ هەست بەشتێك دەکات کە ناخۆشە یان بەئازارە خۆی دوورە پەرێز ڕادەگرێ.

زۆرجار هەست بەشتێك دەکرێ جارێ ڕووی نەداوە، یاخود هەر ڕوونادا، بەڵام تۆ هەستت بۆی دەچێ. ( برنهارت، ١٩٨٤، ٨٢).

**٤-بنەماکانی هەست:**

هەست جۆرێکە لە هەڵچوون، لایەنێکی بنەڕەتییە لە ژیانی دەروونی مرۆڤایەتی و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. هەروەها (سۆز ئامادەبوونێکی ویژدانی و ئاوێتەیە و ڕێکخستنێکی تایبەتە کە لە هەڵچوونەوە وەرگیراوە، بەرەو هەڵوێستێکی تایبەت کە خاوەنەکەی بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێکی تایبەت دەبا، بەواتا ئەگەر کۆمەڵێك هەڵچوون لە دەوروبەری بابەتێك کۆبوونەوە سۆزێکی تایبەت دەبەخشێ و خاوەنەکەی بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێکی تایبەت دەبا) (طلعت منصور و غيرة، ١٩٨٤، ١٥٥).

ئەو ڕەفتارە تایبەتییەی مرۆڤ لە ناونان ڕەنگی داوەتەوە هەروەها (سۆز لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی ژیانی تاکە) (عبدالرحمان محمد عيسوي، ١٩٧٢، ١٣٠).

بەڵام مرۆڤ دەبێ ئەوە بزانێ کە کاردانەوەی هەڵچوونەکەی دڵخۆشکەرە یان نا، چونکە ئەمە هاندەرە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە مەبەستە. ئەگەر دڵخۆشکەر بوو کاردانەوەکە (ئەرێ)یە، ئیجابی دەبێ ئەگەر دڵخۆشکەر نەبوو کاردانەوەکە (نەرێی)

سلبی دەبیّ، چونکە مـرۆڤ کـاتیّ بیردەکاتـەوە و هەسـت دەکـا کاریّـك ئـەنجام دەدا، هەموو ئەمانە کاریگەری باری کۆمەلایەتی بەسەردا زالـە. (فوزیـة العطیـة، ١٩٩٢، ٢٦٩).


جگەلەوانەش خۆشەویستی کاردانەوەیەکی هەلّچونە بەگـشت جۆرەکانییـەوە. (نبیهـة صالح السامرائي، عپمان علی أمیمن، ٢٠٠٢، ١٢٩)، دەتوانین بلّیّین ئەم لایەنـەش پەیوەندی بەناونانەوە هەیە ئەگەر لە ژیّر رۆشنایی لایەنی خۆشەویستی مرۆڤ بەرامبـەر یاردەیەك یان کەسیّك یان هەر شتیّکی تر ئەوا لە ناونانەکەی رِەنگ دەداتەوە، رِقـیش بەهەمان شیّوە، چونکە زۆرجار مرۆڤ رِقی لە یەکیّکە، هەموو ئەو کەسانەی رِق لیّیە کە لە شیّوەی ئەو دەکەن یان هەلّگری ئەو ناوەن کە ناوی ئەوە، بەلاّم کەلیّی دەپرسـن بۆ رِقت لەم ناوەیە دەلّیّ بەدەست خۆم نییە، زۆربەی مرۆڤ هەست بـەکار و کاردانـەوە دەروونییەکانیان ناکەن. (امیمة علي خان، ١٩٧٠، ١١٦ ).

گرنگی هەلّچوون لە ژیانی رۆژانەمان لەم خالاّنە کۆدەبیّتەوە (پەیوەنـدی، ریّکخـستن، هیّمـاکردن، پالّنـەرەکان، هەلّـسەنگاندن، خەملانـدن، راویّـژکاری، پاراسـتن و بەرگرکردن. (محمد بني یونس، ٢٠٠٤، ٢٨٤- ٢٨٥).

ئەوەی بەلای ئیّمە گرنگ بیّ و کاریگەری هەبیّ لەسەر ناونان پالّنەرەکانە، چونکە لـە پالّ پالّنەریّکەوە ناو لە شتەکان دەنریّت.

**٥-هەست وەك بنەمایەکی واتایی :**

(نرخ ومەبەست بیروکاریگەری بنەماکانی واتاپیّـك دیّـنن) (نورالهـدی لوشـن، ١٩٩٥، ٤٨.)(کاریگـەری لەسـەر بنـچینەی هەسـت وسـوز بنیـات دەنریـت) Hartm a .(stork(N.D)34)




کەواتە هەست بەشیّکەلەبنەماکانی واتا (هەلّویّست وهەستی کەس دەردەخا بەرامبـەر

کەس و ڕووداوو شت... کە بە پێی کەس و کومەڵگا دەگۆڕێت. )( محمد علی الخولی،١٩٩١، ٨)

(زور جاریش بەپیی تاقی کردنەوەو دەوروبەر گورانی بەسەردادیت )(محمد علی ابو حمده،١٩٨١، ١٧٧)زۆر وشە هەیەهەڵگری واتای کاریگەرییە هەست دەوروژێێنی وەك ئاوڵناو وئامرازەکانی ڕامان وەك(ئاخ، ئۆف، ئای،ئوخەی،وەیرۆ،پەککو،هۆیهاو هوی حەی و...ئەمانە هەست و ئارەزوی نێرەر دەردەخەن بەشدارن لە داڕشتنی ڕستەی سەرسوڕمان وئازار دەربڕین وگاڵتە پێکردن و سەرنج ڕاکیشان.

ئەم گۆڕانەش بەسەر هەموو وشەیەکدا نایەت و وشە لەخۆیەوە واتای کاریگەری لێ کۆ نابێتەوەو هەست ناوروژێنێ بەڵکو هەندێ هۆکار هەن دەبنە هۆی ئەوەی کە وشە و دەربڕینەکان هەڵگری واتای کاریگەری بن وەك:

**دووبارە بوونەوە:**

ئەو وشانەی لە بۆنەی باش و خراپدا بەکار دەهێنرێت و زۆر دووبارە دەبنەوە و لەگەڵ یەکدا دێن، زیاتر بارگاوی تر دەبن بەهێزێکی دەروونی لە لایەن بەکار هێنەر و وشە کە هەستی کەسی تیا ڕەنگدەداتەوە. (عزیز حنا داود وناظم هاشم العبیدي، ١٩٩٠، ٢٦١)، (چونکە هەر کەسێ بەکاری دێنێ هێزێکی دەروونی پێ دەبەخشێت و واتایەکی زیادە دەخاتە سەر واتا هۆشەکییەکە) Lyons،1977، (449 ).

بۆ نموونە وشەی (باوەژن) لەگەڵ دووبارە بوونەوە و بەیەکەوە هاتنی لەگەڵ وشەی (بێ بەزەیی و خوانەترس) ئەوا بۆتە واتایەکی زیادە چۆتە سەر واتای (باوەژن) (ئومێد مەسعودی، ٢٠٠٢، ٥٠).

**٢- تاقیکردنەوە:**

زۆر وشە بەتایبەتی ناوەکان هەڵگری واتای دەروونی نین، بەڵام یادگاری و تاقیکردنەوە لەگەڵ ئەم وشانە وا دەکات هەڵگری واتای دەروونی بێت بۆ نموونە (بورجی ئیڤل، یان دیواری بەرلین) بەبێ تاقیکردنەوە هیچ واتایەکی دەروونی نییە، بەڵام لە وانەشە هەندێ کەس یادگاری تاڵ و شیرینیان لەگەڵیان هەبێت ئەوەی نەشیدیبێ لای ئاساییە. (نور الهدی لوشن، ٩٩،١٩٩٥). هەروەها وشەیەکی وەك ئەنفال یان هەڵەبجە لەبەرئەوەی کورد تاقیکردنەوەیەکی خراپی لەگەڵ ئەم وشانەدا هەیە ئەو بۆتە هۆی ئەوەی ئەم وشانە هەڵگری کاریگەری خراپ بن.

**٣- ناونان:**

بیروباوەڕ و بیرکردنەوە لە ناونان ڕەنگدەداتەوە ( فاروق عومەر سدیق، ١٩٩٠، ١٦٢)، چونکە کاتێ مرۆڤ ناو لە شتێ یان کەسێك یان ڕووداوێك دەنێت، چۆنی دەبینێت ئاوا ناوی لێدەنێت بۆ نموونە ناوەکانی (چەتە، تیرۆریست، ئاژاوەگێڕ، خەباتکار، بەرگریکەر، شۆڕشگێڕ...) زادەی هەست و سۆزی نێرەرن.

**٤- هێز و ئاواز:**

هێز و ئاواز و خێرایی قسەکردن هۆکارێکن بۆ هەڵگری واتای کاریگەری ئەگەر هێزی بەرامبەری لەسەر هەر وشەیەك بێت ئەوا بۆ ئەوەیە کە وەرگر بۆچوونێك وەربگرێ لەسەر نێرەر، واتە هێز لەسەر کام وشە بێت، ئەم وشەی بەلای نێرەرەوە گرنگە. هەر ئەمەشە وای لە شاعیران کردووە گرنگی بدەن بەدەنگ و مۆسیقای وشە و دووبارەبوونەوەی دەنگ کە جۆرە هەست و سۆزێکی دەروونی دەبەخشێ.

**تەوەری دووەم: ناونان و هەست:**

**١- ناونانو هەست:**

هەموو ناوێك لە پاڵ هەستێکەوە دەنرێت، بەڵام کۆمەڵێك پاڵنەر هەن کار لە هەستی مرۆڤ دەکەن و پاڵنەرانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ناونان‌دا هەیە، هەست لە پرۆسەی ناونان‌دا دەورێکی بالای هەیە و کاریگەری لەسەر کەسەکان هەیە کە ئەنجامدەری ناونانەکەن.

بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی هۆکارەکانی ناونان ڕاپرسییەکمان ئەنجام داوە لە نیوان (١٠٠) بنەماڵە، ئەم بنەماڵانە لە چینە جۆربە جۆرەکانی کۆمەڵگا پێکهاتبون ،هۆکارەکانی ناونانیان بۆ ئەم هۆکارانە گەڕاندەوە کە لەم خشتەیەدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە:

خشتەی ژمارە (١)

| هۆکاری ناونان | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| ١- هەستی نەتەوایەتی | ٢١ | ٪٢١ |
| ٢- ئاینی | ١٧ | ٪١٧ |
| ٣- هۆکاری سیاسی | ٧ | ٪٧ |
| ٤- سروشت | ٨ | ٪٨ |
| ٥- ئەدەب | ٧ | ٪٧ |
| ٦- فەلسەفە | ٣ | ٪٣ |
| ٧- هونەر | ٦ | ٪٦ |
| ٨- جیهانگیری | ٣ | ٪٣ |
| ٩- کەلتور | ٤ | ٪٤ |
| ١٠- سەرواو ئاواز | ٩ | ٪٩ |
| ١١- بەناوکردنەوە | ١٠ | ٪١٠ |
| ١٢- خەون | ٥ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

لەم ڕاپرسییەدا ئەوەی ئاشکرایە هەستی نەتەوایەتی هۆکارێکی سەرەکی ناونانە، لەکۆی(١٠٠)کەس،(٢١)کەس بەڕێژەی (٪٢١) ئاماژەیان پێکردوە،دواترئاین(١٧) کەس، بەڕێژەی (٪١٧) دواتر هۆکاری سیاسی(٧)کەس بەڕێژەی(٪٧)،دواتر سروشت(٨) کەس بەڕێژەی (٪٨)،دواتر ئەدەب(٧) کەس بەڕێژەی(٪٧)، دواتر فەلسەفە (٣)کەس بەڕێژەی(٪٣)،دواتر هونەر(٦)کەس بەڕێژەی(٪٦)،دواتر جیهانگیری (٣)کەس بەڕێژەی(٪٣)،دواتر کەلتور(٤)کەس بەڕێژەی(٪٤)،دواتر سەرواوئاواز(٩)کەس بەڕێژەی(٪٩)، دواتر بەناوکردنەوە(١٠)کەس بەڕێژەی(٪١٠)،خەونیش(٥)کەس بەڕێژەی(٪٥)ئاماژەیان پێکردوە،کۆی هەموی دەکاتە(١٠٠)کەس بەڕێژەی(٪١٠٠).

**١- هەستی نەتەوایەتی:**

هەستی نەتەوایەتی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ناونان ئەم دیاردەیە زۆر بەزەقی لە ناوناندا ڕەنگی داوەتەوە. کورد بەدرێژایی هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە ژیان بەسەر دەبات هەرچی کارەسات و نەهامەتی و کوێرەوەری هەیە چێژتوویەتی و هەتا پێی کرابێت بەرگری لە مانەوەی خۆی کردووە، توانیویەتی پشت بەکێ و چیا سەرکەشەکان و ڕەسەنی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ لە سەرووی هەمووشیانەوە زمانە کە بەهۆیەوە مانەوەی خۆی جێگیر کردووە ئەویش زۆرتری ناوی کەس و تاکەکانی میللەتەکەمانە بەزمانی خۆمان، باو و باپیرانمان بەقەدەر بۆ لەوان ناوە نەتەوەییەکانیان پاراستووە و بەشوێن ناوی وا دەگەڕێن کە ناوی نەتەوەکانیان پێ ناوزەد بکەن ئەگەر یەکێ کوردی باش نەزانێ پرسیاری واتای ناوەکە دەکات.

نەتەوەی کورد وەکو بەشێك لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەوڵی داوە ناوی کوردی لە ڕۆڵەکانی خۆی بنێ وەکو بەشێك لە دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆی تەنانەت ئەگەر ناوەکانیش کوردی نەبووبن ئەمە سەرەڕای دڵسۆزی و پابەندبوونی کورد بە ئاینی ئیسلام و ئەو ناوانەی کە لە ڕێگای ئیسلامەوە لە منداڵەکانی خۆی ناوە ڕووپۆشێکی کوردی پێ بەخشیوە، وەکو: محەمەدی کردۆتە حەمە و عبداللەی کردۆتە عەولا.

هەروەها شۆڕشی ئەیلول کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ناوی کوردی بەهەمان شێوە دوای ڕاپەڕین ئەو ناوە شیرینانەی کوردی کە پێناسەیان لە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد کرد بووە بەشێك لە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی بەجۆرێك ناوی کوردی وەکو نەریتێك لە شار و لادێکاندا پەرەی سەندووە ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕینی ناوی شەقام و قوتابخانە و نەخۆشخانە و شوێنە گشتییەکان بۆ ناوی کوردی ڕەسەن.

سیاسەتی داگیرکارانی کورد هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە زمان و ناوی کوردی بنەبڕ بکەن، بەڵام ئەم کارەیان پێنەکراوە و ناشکرێت، چونکە ناو و ناونان ڕاستەوخۆ تەعبیر لە دۆخی کەس و میللەت و کۆمەڵگا دەکات. هەروەها تەعبیریش لەو قۆناغە دەکات کە میللەتی تێدایە، بۆیە میللەتیش لە هەموو کاتەکاندا بەناو لە روحی خۆڕاگری و بەرگری خۆی دەدوێ ، بۆیە زۆرێك لەو کەسانە لە دژوارترین باری ژیانیاندا ناوی کۆرپەکانیان بەناوی چیا و ڕەمزە کوردییەکان کردووە وەك (هەندرێن،

مەتین، سەفین، پیران...) هەروەها ناوی (**ڕێباز، شۆڕش، قارەمان، جەنگی، شێروان**...) ئەمەش دیارە کاریگەری ئەو رۆژگارە بووە کە دەسەڵاتەکان دروستیان کردووە. هەروەها لایەنێکی دیکەی هەستی نەتەوایەتی لە ناوناندا، ناوی ئەو قارەمانانەیە کە لە رێی سەرفیزای کورد گیانیان لە دەست داوە و تێکۆشانیان کردووە وەکو (**شێخ مەحمودی حەفید، مستەفا بارزانی، سمکۆی شکاک، لیلی قاسم**).

جگە لە ناوی کەسەکان ناوی میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانیش بەگوێرەی قۆناغەکانی مێژووییەوە زۆر ناویان بۆ جێ هێشتووین، کە ئەو ناوانەش تەعبیر لەو کەسانە دەکەن کە لەو سەردەمەدا لە شوێنێکی دیاردا حوکمڕانی بەشێکی کوردییان کردووە جا ناوی ئەم میرنشینانە وەگیراوە بۆ منالانی کورد، وەك (**سۆران، بابان، بۆتان**، ...).

ناو تەعبیر لە هەستی کەسەکان دەکات بەگوێرەی ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتییەی تیایدا دەژی، واقیعی کۆمەلایەتی کورد لە ژیانی کە پڕە لە کارەسات و مەینەتی نائومێدی، ئەمە وای کردووە ئەم واقیعە لە ناوناندا ڕەنگ بداتەوە، وەکو کۆچڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) کە بارودۆخێکە میللەتی کورد قەت لە بیری ناچێتەوە، بۆیە لەو کاتەدا زۆربەی منداڵانی کورد بەناوی ئەو دیاردەیەوە کراون (ئاوارە، بێوار،نامۆ...)، کە ئەمانە زادەی بیری کوردن لەم قۆناغەدا.

هەستی نەتەوایەتی بەزۆر شێوە لە ناونان ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە:

- باوکێك ناوی لە منالەکانی ناوە (ئەژین، کاروان، بۆ کورد) مەبەستی ئەوەیە بلێ (ئەژین بۆ کاروانی کورد).
- ئیبراهیم ناوی لە کوڕەکەی ناوە (ئاری) و ناوی کچەکەشی ناوە (میدیا) مەبەستی ئەوەیە (کوردی ئارین و لە نەتەوەی میدیا).
- (هیوا و ئومید) باوکی ناوی لێیان ناوە، چونکە ئەوان لە دەرەوەی کوردستان لە دایك ببون باوکەکەش بە هیوا و ئومێدی گەڕانەوە بووە بۆ کوردستان.
- (داستان) باپیری ناوی لێناوە چونکە لە داستانی خواکورك بەشداری کردووە.
- (شاد و یاد) دایك و باوکی ناویان لێناون، چونکە لە دەرەوەی کوردستان لە دایك بووینە، واتا (یادی کوردستان دەکەین و بە کوردستان شاد دەبینەوە).

هەروەها باوکی (**حەمەنەجم جاف و حەمەساڵح جاف**) کاتی خۆی وتوویەتی (کوڕەکانم وا ناو دەنێم، هەرکەس گوێی لە ناوەکانیان بێت بزانێ کوردن، چونکە حەمە بوو

بەدەقێکی کوردی و با هەرچیی لە دواوە بێت خەڵك هەر بە کوردییان ئەزانێت).
هەروەها (عەلی بەگ جاف) کە خۆی پێشمەرگەی دێرینە ئەو ناوانەی بۆ منداڵەکانی هەڵبژاردووە، کە پیتەکان لە ڕێنووسی کوردی دان و لە عەرەبیدا نییە وەکو (**ڕێژەن، دژوار، ئاژێن**). جگە لەمانەش لەناو بنەماڵەی خۆمان ئێمە هەموو ناوەکانمان کوردییە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە باوکم پێش شۆڕشی ئەیلوول کوردایەتی کردووە ، لە شۆڕشی ئەیلولیش گیانی کوردایەتی بڵاوکردۆتەوە. ئەمانە ئەو پەڕی شانازی کردنە بە زمانی کوردی و نەتەوەکەمان.

**٢- ئایین**

ئایین کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی هەر نەتەوەیەك،لە کۆمەڵگای کوردیشدا ناوەکانی پێش ئاینی ئیسلام لە دینەکانی زەردەشت و یەزیدیدا جیاواز بوون لە ناوەکانی دوای ئیسلام. دینی ئیسلام کاریگەری لەسەر دینەکانی پێش خۆشی هەبووە، بۆ نموونە کە دینی یەزیدی پێش ئیسلام هەبوو بەدەربوو لە کاریگەری ئیسلام، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام ئێستا دەبینین یەزیدییەکانیش جۆرەها ناوی عەرەبی و ڕەمزە ئیسلامییەکانیان هەیە، وەك (مەجید، **مەحمود**.. هتد).
کۆمەڵگەی کوردی پڕە لە ناوی عەرەبی ئیسلامی، کە بەهاتنی ئیسلام ئەم ناوانە بڵاوبوونەتەوە، ئەمجۆرە ناوانەش لە ژێر کاریگەری ئەوەیە کە دایك و باوك هەست دەکەن ئەم ناوانە وەکو سمبولی ئاینی دەبێ بە بەرز و پیرۆز ڕابگیرێن لایەنێکی تری ئەم ناونانەش ئەوەیە کە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێ (خیر الاسماء ماعبد وحمد) واتە (باشترین ناو ئەو ناوانەن کە مانای بەندەیی خوا ئەبەخشن و باسی حەمد و سەنای خوایان تێدایە) ( فاروق عمر سدیق ، ١٩٩٠، ١٦٤) ناوەکانیش بریتین لە (**عبدالکریم، عبدالعزیز، عبدالباریٔ، صابر، رحیم، رحمان، ئیمان، فاتمە، زەهرا، حەلیمە، عائیشە، زەینەب**...) ناوەکان هەم بۆ کوڕ و بۆ کچ بەکار دەهێنرێت.
ئاینی ئیسلام کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە لە ناونانی منداڵەکانیان، بە درێژایی چەندین سەدە هەست بەو کاریگەرییە دەکرێت. ناوی پێغەمبەر (محمد) یەکێکە لە ناوە هەرە بڵاو و باوەکانی کورد، هەروەها ناوەکانی دیکەی وەك خەلیفەکانی ڕاشدین و سەرکردە ئیسلامییەکان و ناوی ژنەکانی پێغەمبەر زۆر بڵاون قورئان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ناوی کەسەکان کردووە.

کورد لە ڕووی مێژووییەوە چەندین ئاینی هەبووە، هەر هەموو ئاینەکان بەگوێرەی قۆناغە مێژووییەکان ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە لەسەر هەستی مرۆڤەکان و ناونانی کەسەکان ئەم کاریگەریەش تا ئێستا بەردەوامە و بەهێزە. دایك و باوك زۆر جار کە ناو بۆ منالەکەیان هەلدەبژێرن جگە لە هۆکارە ئاینییەکە دەیانەوێ منالەکەیان لە ڕێگای ناوەکەیەوە هەلگری سیفەت و واتای ناوەکە بێت وەکو (**مطیع، صابر، رحیم...**).

**٣- هۆکاری سیاسی**

دیارە یەکێك لەو کایە گرنگانەی لە کۆمەلگەی کوردیدا کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی خەلك و هەست و ژیانیان هەیە، سیاسەتە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسە ناوناندا هەیە، کورد لەگەلّ پەیدابوون و دەرکەوتنی پارت و لایەنە سیاسییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمەلگای کوردی و کاریگەری بەسەر نوخبەیەك لە مرۆڤی کورد زۆربەی ناوی ئەو کەسایەتیانەی کە دەرکەوتوون دووبارە دەبنەوە وەکو ناوی سەرکردە و دار و دەستە حزبییەکان وەك (مەسعود، نێچیرڤان، کۆسرەت، نەوشیروان، مەسروور...) ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر کەسەکان هەبووە کە ئەم ناوانەیان هەلبژاردووە بۆ منالەکانیان.

هەروەها لە دەرەوەی ناوە کوردییەکانیش لە سەردەمی بەهێزبوونی ئاراستەی مارکسییەن لە کوردستان زۆر ناوی (لینین و ستالین) زۆر بوون، یان ناوی ئەو سەرکردانەی کە کاریگەری زۆریان لەسەر خەلك و دنیا و ولات هەبووە وەکو (هیتلەر و گیڤارا).

لە سەردەمانی ڕژێمی بەعس ناوی (صدام، حەلا، عودەی...) وەك نیشانەیەك لە لایەن بنەمالەی ئەو کەسانەوە بۆ وەفاداری و ڕیزگرتنی دەسەلاتی سیاسی ئەوسا ئەم ناوانەیان بۆ منالەکانیان هەلدەبژارد. بەلام ئێستا بەشێوەیەکی ترە.

هەر بۆ مەبەستی کاریگەری سیاسەت لەسەر ناونان چەند نموونەیەکی زیندوو دێنمەوە:

- مستەفا کوڕی خۆی ناوناوە (مەسعود).
- مستەفا کوڕی خۆی ناوناوە (نەوشیروان).

ئەم دوو ناوە تەعبیر لە دوو دەسەلاتی حزبی جیاواز دەکەن.

- (مەلبەند) باوکی ناوی لێناوە، چونکە باوکەکە ئەندامی کارگێڕی یەکێتی بووە.
- (نێچیروان) باوکی ناوی لێناوە لەبەر خۆشەویستی بەرامبەر (نێچیروان بارزانی).

ناوی کۆمەڵە سەرکردەیەکی دەسەڵاتی کوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەڕین زیادیان کرد، چونکە ئەو کەسانە پەیوەندییەکی هەستەوەری و سۆزدارییان بەتاکی کۆمەڵە کەسانێکەوە هەیە، بۆیە ناونانی منداڵ و نەوەی نوێ بەم ناوانەوە مەغزایەکی سۆزداری هەیە.

**٤- سروشت:**

هەندێك ناوە کوردییەکان و سروشت ئەگەڕێننەوە سەر ئاینی زەردەشت، بەوەی ئاینی زەردەشت چوار توخمی سەرەکی بۆ ژیان دەستنیشان کردووە کە ئەمانەن: (ئاو، ئاگر، هەوا، خاك) کە ناوی مرۆڤەکانی کوردیش دەگەڕێننەوە بۆ ئەو توخمانە.

کوردستان ئاوی زۆرە و خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە و هەوایەکی ساردی هەیە و پێویستی بە ئاگر هەیە بۆ گەرم بوونەوە ئەم توخمانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەناوی ڕەگەزەکانەوە هەیە (نێر و مێ) کە زیاتر توخمە مێینەکان بۆ توخمی (ئاو و ئاگر) ئەگەڕێتەوە، توخمی نێریش بۆ هەوا و خاك) وەك ناوەکانی مێینە (**خوناو، گوڵاڵە، هەتاو، فێنك، سروە، شەپۆڵ، بڵێسە، ڕووبار، تریسکە، باران، دەریا...**) ناوی کوڕانەش زۆریان لە توخمەکانی خاك و هەواوە هەیە وەك: (**چیا، بڵند، دەشتی، بەرزی، شەماڵ، سەرکەش...**) هەروەها جگە لەو ناوانەش ناوی هاوبەش لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیەکە دەگەڕێنەوە سەر ئەو توخمانەی ژیان دروست دەکەن.

سروشت کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر هەستی مرۆڤەکاندا هەیە، باران کاریگەری خۆی هەیە وەك چۆن هەتاو و هەور و سەوزایی و دەشت و شینایی ئاسمان و چیاو و دەشت. هەریەکەیان بەشێوەیەك کار لە مرۆڤ دەکەن و مرۆڤ پێیان سەرسامە، ئەمە ڕاستەوخۆ لە ناوناندا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە ئەو کەسانەی لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژین ناوی وا هەڵدەبژێرن لەگەڵ سروشتی ناوچەکەیانبگونجێت، بۆ نموونە لە شەقڵاوە ناوی سەفین زۆرە چونکە چیای سەفین بۆتە ڕەمزێك بۆ شەقڵاوە، هەروەها لە دهۆك ناوی مەتین زۆرە چونکە چیای مەتین لەو دەڤەرەیە، جگە لە مانەش لە هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش ناوی چیا و شوێنە سروشتییەکان و دار و درەخت و گوڵ و رووبار و دەشتەکان کاریگەری لەسەر دانانی ناوەکان لەسەر مرۆڤەکان هەیە، وەکو ( **تاڤگە، شەوبۆ، شلێر، باران، چیا، رووبار، زریان...**) هەروەها زۆر خێزانی گوندنشین کە دوورن لە شار و هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەستە بەشار، دەبینین ناو بەگوێرەی دەوروبەرەکەیان بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن، واتە بەگوێرەی سروشتی

ناوچەکەیان ناوەکان هەڵدەبژێرن و چ شتێکی لە دەوروبەریان هەبێت دەیکەن بەناوی منداڵەکانیان وەکو (**سنەوبەر، کانی، سێوێ...**).
هەروەها وەرزەکانی ساڵیش کەم دەرو نین لەسەر ناونان لە کۆمەڵگای کوردەواری، منداڵەکە لە کامە وەرز بەرگی ژیان لەبەر بکا بەم وەرزە ناو دەنرێت وەك: (بەهار، هاوین، زستان، پایز). جگە لەوانەش کەش و هەوای سروشتی ناوچەکە کاریگەری هەیە لەسەر ناونان، منداڵەکە لە چ کەش و هەوایەك لە دایك بێت ئەم ناوەی لێ دەنرێت وەك (**باران، لافاو، تەزرە، ساماڵ، فێنك، زریان، ڕەهێڵ، ڕێژنە...**)
هەروەها جوانی دیمەنی دێ و شار و شارۆچکەکانی کوردستان وایان لە مرۆڤ کردووە منداڵەکانیان بەو ناوانە بکەن کە خۆیان لەم ناوچانە ژیانیان بەسەر بردووە، یان بەڕێکەوت لەوێ گوزەریان کردووە، بەجوانی ناوچەکە سەرسام بوونە وەك (**شنۆ، مهاباد، رانیە، چۆمان، هیران، خۆشناو، بارزان... هتد**).
هەروەها جگە لە ناوی تایبەتی مرۆڤ ناوی گەڕەك و قوتابخانە و شەقام و رۆژنامە و گۆڤار و ناوەندە رۆشنبیری و ئەدەبییەکان و... هتد هەر لە ژێر ئەو کاریگەریەدان، بۆیە بە ئاسانی دەتوانین دەستنیشانی جۆرەها ناو بکەین کە پەیوەندییان بەسروشتەوە هەیە، بۆ نموونە گۆڤاری باران، قوتابخانەی کانی سەرەتایی.

**٥- ئەدەب**

دیارە ئەدەبیاتیش یەکێکە لەو کایانەی بەزۆر شێوە کاری لە ناونان کردووە لە زۆر ئاستدا، چ لە ئاستی ناوی کتێب و چیرۆك و ڕۆمان و شیعرەوە بێت، یان لە ناوی نوسەران و شاعیران و ئەدیبەکان خۆیانەوەبێت. ناوی شاعیر و رۆمانووسەکان کاریان کردۆتە سەر خەڵکی و منداڵەکانیان بەو ناوانەوە ناون، وەك ( **هەژار، هێمن، سافی، زیوەر، گۆران، دڵدار، بێکەس...**) هەروەها ناوی شاعیر و نووسەری کورد نەك تەنیا کاریگەری هەبێ لەسەر ناونانی تایبەتی، بەڵکو زۆر ناوی قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان بەناوی ئەوانەوە کراون وەکو (**دواناوەندی ئەحمەدی خانی، و قوتابخانەی نالی سەرەتایی و مەولەوی سەرەتایی و پیرەمێردی سەرەتایی سێڕیانی سافی و چوارڕیانی زوبێر بیلال ئیسماعیل و... هتد**).
هەروەها زۆر کەسی تر لە ئەنجامی کاریگەری کتێبێك یان ڕۆمانێك ناوی پاڵەوانەکان بۆتە ناوی منداڵەکانیان بۆ نموونە دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی) هەندێك منداڵ بەناوی (سەریاس) کران یان دوای بڵاوبوونەوە

ڕۆمانی (دایکی مەکسیم گۆرکیێ) زۆر منداڵ بەناوی (پاڤێل)ەوە کران، هەروەها کچ ناوی جەمیلە کران دوای شعرەکەی کامەران موکری.

هەروەها داستانە کوردییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ناونان هەبوو زۆربەی کەس ناوی منالّەکانیان بەناوی داستانەکان کردووە وەکو (شیرن و فەرهاد، مەم و زین، خەج و سیامەند... هتد) زۆرجار ئەو وشە و زاراوانەی شاعیرانی کلاسیك لە شیعرەکانیان بەکاری دێنن، کاریگەرییەکی زۆر دەخاتە سەر ئەو کەسانەی کە خوێنەری شیعری کلاسیکن و سەرسامن بەو شاعیرانە، بۆیە ناوی منالّەکانیان لە شیعرەمانەوە دیاری دەکەن:

**- (یەڵدا) دایکی ناوی لێناوە، چونکە سەرسام بووە بەو شیعرەی نالّی کە دەڵێ: (شەوی یەڵدایە یان دەیجورە ئەمشەو).**

**- (بەقا) باوکی ناوی لێناوە ئەم زاراوەیە لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی شاعیرانی کلاسیك زۆر بەرچاو دەکەوێ ئەویش سەرسامە بەشیعری کلاسیك.**

**- باوك و دایکێك بڕیاریان داوە ناوی منالّەکەیان بکەن بە (مانی) چونکە سەرسامن بەشیعری (چاوەڕوانی) سالم کە لەو شیعرە ناوی (مانی) هێناوە.**

**- (حەبیبە) دایکی بەناوی حەبیبەی نالی کردووە.**

**٦- فەلسەفە**

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفە زانستێکی تازە و نوێیە سەبارەت بە رۆشنبیری کوردی هەندێ ناوە فەلسەفییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە بۆ ناونانی کەسەکان، بۆ نموونە:

**- (هۆشەنگ): کە خۆی کۆمەڵە شیعرێکی لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە بەناوی (نێرڤانا) بلاّوی کردۆتەوە کچەکەشی بەناوی (نێرڤانا) کردووە، نێرڤاناش گەڕانەوەیە بۆ (فەلسەفەی بودا).**

**- (زیاد) کوڕەکەی ناوناوە (ئوشا) کە لە فەلسەفەی زەردەشتی بەناوی (تریفەی ڕاستگۆیی) دێ.**

**- (عەلی) کوڕەکەی ناوناوە (میترا) کەئەمەش ناوی خاوەندەکانە.**

**- یەکێکی تر کوڕەکەی ناوەناوە (باخوس) ئەمەش خواوەندی تایبەتی (مەی)ە لای یۆنانییەکان.**

**٧- هونەر**

هونـەریش دیـسان کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر ناونانـدا هـەبووە و هەیـە، یەکـەم کاریگەری هەڵبژاردنی ناوە هونەرییەکانە لە لایەن هونەرمەنـدان خۆیانـەوە دواتـریش کاریگەری ناوی ئەوان لەسەر گوێگران و خەڵکی. بۆ نموونە (**حەسەن زیرەك**) کە تـەنیا بەزیرەکیش ناسراوە خۆی ئەو نازناوەی هەڵبژاردووە، ناوەکەشی کاریگـەری زۆر بـووە لەسـەر خـەڵکی، بۆیـە زۆرێـك لـە خـەڵکی کورەکانیـان ناونـاوە زیـرەك لـە خۆشەویستییانەوە بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەك هەروەها نموونەی دیکـەش زۆرن چ لـە جیهانی مۆسیقای کوردی یان عـەرەبی و... هتـد. کۆمەڵـە گۆرانیبێـژێك کاریگـەری زۆریان هەبووە لەسەر هەستی خەڵکی و خەڵکیش لە ئـەنجامی خۆشەویـستی و ڕێـزی زۆریـان بـۆ ئـەو هونەرمەندانـە، نـاوی منداڵـەکانیان بـەو ناوانـەوە کـردووە وەکـو (**ئەسمەهان، فەیروز، کەلسوم، صباح، صونگوڵ**) ئێستا ڕەنگە نـاوی زەکـەریا وەك هونەرمەندێکی نوێ و گـەنج جێگـەی بایـەخێکی زۆر لـە گـوێگرانی بێـت، چـونکە کەسێکە بەگۆرانی و هونەرەکەی کاریگەرییەکەی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی خەڵك نـاوی ئەو دانێتە سەر کۆرپەکانیان، لێرەدا زەکەریا پێش ئەو ناوی پێغەمبەرێك بـووە بـەڵام لە ناو کـورد لـە سـاڵانی ٢٠٠١- ٢٠٠٢ دوای دەرکـەوتنی زەکـەریای هونەرمەنـد جارێکی دیکە ئەو ناوە بڵاوبۆتەوە، جگە لەویش (**هەردی و لیلی فـەریقی و چـۆپی و باخان و... هتد**) بەهەمان شێوە کاریان لە هەستی گوێگرەکانیان کردووە و کاریگـەری هەبووە لەسەر ناونانی منداڵەکانیان. هەروەها جگە لـە هونـەری گـۆرانی، مۆسـیقا و شێوەکاری و شانۆش بەزۆر شێوە کار لـە هەسـتی خـەڵکی دەکـەن و کۆمەڵـە ناوێـك دروست دەکەن، بۆ نموونە لە دنیای هونـەری شـێوەکاری ناوەکـانی (**نیگـار، تـابلۆ، ڕەنگین، شێوە**) لە ناوی کچ بەرچاو دەکەون.

هەر سەبارەت بە کاریگەری هونـەر لەسـەر ناونـان، ئـەو زنجـیرە دۆبلاژکراوانـەی وەردەگێڕدرێنـە سـەر زمـانی کـوردی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ کاریـان لـە هەسـتی بینەرەکانیان کردووە و کاریگەرییان هـەبووە لەسـەر ناونـان وەکـو زنجـیرەی (پیـاوانی ئەشکەوت و چیرۆکی خۆشەویـستی خـەمناك و سـۆناتای زسـتان و...) ئەگـەر نـاوی منداڵەکانیشیان بەپاڵەوانانی ئەم زنجیرانەوە نەکردبن ئەوا ناوی شوێنیان بەناویان کردووە وەك (**سەرتاشخانەی ژوانیۆن، ئارێشگای هاین، شوێنی هێلین**...).

**٨- جیهانگیریی**

دیارە کاریگەری جیهانگیری هەمـوو ئاستەکانی گرتۆتەوە کە بەلێشاو بەرهەمی نوێ و

تێگەیشتنی نوێ، ناو بەرهەم دێنێت و بەخێراترین کاتیش دەیگەیەنێتە هەموو سوچەکانی دنیا، یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەو کاریگەرییە، ناوی باڵەخانە و شوێنە گشتییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونە، وەك ناوەکانی (**گوندی ئینگلیزی، گوندی ئەڵمانی نیوستی، های ستی، هاپی تایم، ئەکوا پارك، مۆدێرن ستی، دریم ستی، سوپەرمارکێت، مۆڵ**...) دەردەکەوێت.

هەروەها دیسانەوە لە ناوی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانی ئەنتەرنێتیشدا ئەو کاریگەرییە دیارە، وەك (**کوردستان نێت، کوردستان پۆست، کوردستان ڕاپۆرت، کوردستان فۆرنیوز، گلۆبال و زۆر ناوی دیکە**).

**٩- کەلتوور**

لە ڕووی کەلتوورییەوە نەتەوەی کورد وەکو زۆربەی نەتەوەکان ناوی دابەشکردۆتە سەر ڕەگەزی نێر و مێ، کۆمەڵە ناوێك هەن تایبەتن بەڕەگەزی نێر، کۆمەڵە ناوێکیش تایبەتن بەڕەگەزی مێ، هەندێ ناویش هەن بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بەکاردێن. ناوی نێرینەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی توندوتیژییان پێوە دیارە کە ڕەمزێکن بۆ هێز و دەسەڵات و وزەیەکی عەقڵی گەورە، وەك (**قارەمان، پاڵەوان، شێرکۆ، دڵشێر، بەهێز، سەنگەر، چاپوك، زانا، دانا، شاڵاو، هۆشمەند، دلێر، توانا، چالاك، زیرەك**...) ئەگەر تێبینی بکەین ئەم ناوانە تایبەتن بەرەگەزی نێر، کەس بۆ ڕەگەزی مێ بەکاریان ناهێنێ. چونکە ئەم ناوانە هێمای هێزی جەستەییان تێدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووەلەسەر هەستی تاکی کورد بۆ ناونانی کەسەکان، کورد لە ناوە بەهێز و توندەکاندا هەست بەگەورەیی و هێز و دەسەڵات دەکات، لە بەرامبەریشدا بەرامبەر ناوی کچ و ڕەگەزی مێینە ناوی نەرم و نیان و شتە ناسکەکان سروشتیان بۆ هەڵدەبژێرێت وەك (**تریفە، ناسکە، جوان، نیان، چیمەن، وەنەوشە، پەری، نێرگز، شەونم، شنە، باران**...).

دابەشکردنی ناو لە کولتوری کوردیدا بەسەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارەی کوردی تێدا ژیاوە.

*** مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین**

# با زمانەکەمان بپارێزین

مستەفای سەید مینە
مامۆستای کۆلیژی زمان//قەڵادزێ
زانکۆی کۆیە

هەڵبەت زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەندەکانی دنیا و ، ئەگەر وەکو پێویست خەمی لێ بخورێت و خزمەتی بکرێت ، زۆر بەئاسانیی دەچێتە ڕیزی زمانی هەرە پێشکەوتووەکان ، ئەوەش بە مشوور لێخواردنی دەبێت بەهۆی تۆمارکردن و پاراستنی وشەو زاراوە و پەند و ئیدیۆمەکانی.

ئەگەر بێتو هەر کەس لەبەر خۆیەوە لەو کارە وەخۆ کەوێت ، خزمەتێکی گەورەی زمانە شیرنەکەمانە ، جا ئەوە من لێرەدا هەندێك لەو وشانە لێکدەدەمەوە کە کەمتر بەکاردێن و دەکرێ لە گەلێك بواردا کەلێنی چاك بگرن ، شایانی باسە ، زۆر لەو وشانە تایبەتن بە بواری مێش هەنگوین (هەنگ) و مێشداریی ، هیوادارم مایەی سوود بەخشین بن...

ئەغڵەب: بەزۆریی ، زۆرجار

ئاورەسۆ: گێڕانی دەستە چیلکەیەکی ئاگر لەنێو خەڵێف تا هەرچی مێش و مەگەز وهێلانەکانیانی لێن ، لەنێو بچن و، ئەو مێوەی تێشیدایە قاڵ بێت ، تا خەڵێفەکە بۆن خۆش بێت .

ئامبازی دەبێ: لەگەڵی تێك دەگیرێ و دەبەری ڕادەچێت.

ئەسپاردەی خوایان کەم: حەواڵەی خوایان کەم (کینایە "درکە"یە لەوازلێهێنان).

بژوێن: چخورد، زەمەند ، شوێنێك گوڵ و گژوگیای ، چڕو پڕو لێك هالاّوبێ.
بواریان نەداوە: ڕێیان نەداوە ، مەودایان نەداوە.
بەخڕیی: بەتێکڕایی ، بەگشتیی.
بەر درێژ: درێژ خایەن ، شتێك زۆری پێ بچێت.
برش: کەڕوو.
باعیس: هۆ ، سەبەب ، سەبەبکار.
بەدوورا دەکا: لەنێوەڕاستەوە لەتی دەکات ، دەیکاتە دوو بەشی یەکسان.
بکەونەتێی: بکەونە نێوی.
بزووتبن: جوولاّبن.
بزووتن: جوولاّن ، ڕۆیشتن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.
بڕینەوەی مێش: لێکردنەوەو هەلگرتنی هەنگوین.
بیچم: روخسار ، فۆڕم.
پەژیوان: ژەوان ، پەشیمان.
پەیسەر: سۆراغ.
پاشەوارە: گەڕانەوەی مێشەنگوین (هەنگ) ، لەو شوێنەوە بۆی گوازراوەتەوە ، بۆ ئەو شوێنەی لێی گوازراوەتەوە.
پلّ: پنۆك ، پەلّە.
تاقەت کراون: چاك هەلّگیراون.
تفاق: ئالیك.
توێسکە: تویژاڵی تەنگ.
تیك: درز ، قەلّشی بچووك.
تەڕدەست: خێرا ، دەستبەجێ.
جیرە: بژێو ، مەعاش.
جاترە: گیایاکی بۆنخۆشی کوێستانە ، بەوشك کراوەیی لەگەڵ هەندێك چێشت بەکاردێت.
حەوجێ بوون: پێویست پێ بوون.
خەلّێف: ئەو شوێنەی مێشەهەنگوینە (هەنگ) تێیدا دەژیت.
خۆیان تێ نەدەگەیاند: گوێیان نەدەدایە.
دەنگۆ: شایعە.
دەتولّێتەوە: دەپلّیشێتەوە.
دلّسارد: نائومێد ، تەمابڕاو ، بێ هیوا.
داکردن: خستنە نێو ژووریّ.
دەستوەکەریی: دەستکردنەوەو بەرگریی کردن.
دەخۆیان ڕادیی: بەخۆیان ڕاپەرموو ، باوەڕیان بەخۆیان هەبوو.
دانەسەکناو: هەدانەداو ، بێ ئارام و زۆر جوولاّو.
دژکردەوە: رد الفعل ، بەرتەك.
دەدەلّێنن: لێیان دەتکێ ، لێیان دەچۆڕێ، لێیان دێتە دەرێ.
ڕەنێو بێنیّ: پەروەردەکات ، بەخێوکات.
ریوە: پیسایی و پاشەڕۆك.
رمووده: تامەزرۆی خووپێوەگر(مدمن).
زەیـن دان: تێفکرین ، لێ ڕوانین ، تەماشاکردن ، سویّ دان.

زەمەند: بژوێن.
زگم پێ سووتا: بەزەییم پێداهاتەوە.
زارك: کونی خەڵێف کـەمێش هاتوچـۆی پێدادەکەن.
زەرگەتە: زەردەواڵە.
زارفش: شتێك دەمی گەورەو کراوەبێ.
ژوورا: بۆسەرێ.
ژەنگەسوورە: زەردەواڵەیەکی گەورەیە.
سویَ دان: زەین دان ، تەماشاکردن.
سەرتووز: شانە هەنگوینی پڕ کەبەتالاّیی تێدا نەبێت.
سەغڵت: نیگەران ، نارەحەت.
سەرسەرەکیی: سەرپێ یی ، سەرچیخ.
سـپێرۆژ: ڕۆژێـك کەتوێژاڵـە هـەورێکی تـەنگ بـەری ئاسمـانی گرتبـێ و ، نەخۆرەتاو بێ و، نەهەور.
سووك و سـەقاوەت: چـاپووك و گـورج و گۆڵ و بەڕاپەڕ.
سپیایی: شیرەمەنی ، شیرو بەرهەمەکانی ،وەکو ماست و شیرێژو لۆرك و ...هتد.
شڵخە: پوورە.
شتاق: هیچ کام ، هیچیان.
شەمچە: شقارتە.
شالیزار: ئەو زەوییەی برنجی لێ چێنراوە.
عاملاندن: ڕاهێنان و پەروەردە کردن.
قڕ دەبن: قڕانێ دەکـەن ، هـەموو لـەنێو دەچن.
قەڵش: درزی گەورە.
قانگ دان: دووکەڵ کردن بۆ مێـشان تـا ئاگایان لەخۆ نەمێنێ.
قەف: گەو ، ئەڵقە.
قەوەز: رکە ، قەفەز.
کووکردن: گەرم کردنەوەی شتێك بەفووی گەرم.
کوت: لەت ، لەتك ، پارچە.
کێرد: چەقۆی گەورە ، ساتۆر.
کوڵـووك: گوڵـووك ، گـوڵی کێـویی کەبەهاران دەپشکوون.
کـەلاك: لاك ، لاشـە ، لەشـی مـردوو ، کەلەش.
کفەڵیی: فشۆڵیی و ناپتەویی.
گۆرین: تاین ، ناوبراو.
لەقەدەر: تاڕادەیەك ، مەیلەو.
لـەپێ دەپـەڕێ: دەکـەوێ و توانـای ڕۆیشتنی نامێنێ.
لـەعۆدەی دێتـە دەرێ: دەرەقـەتی دێ ، پێی ئەنجام دەدرێت.
لێڕەوار: دارستان ، جەنگەڵ.
لەبنەو پاڵەوە: لەجێوە ، لەپەنا خۆی.
لەباتیان: لەجیاتیی ئەوە.
مەوتەن: زێدو نیشتمان.
مـۆر: سـەرمۆر ، شـوێن نەشـکاو ، پێچەوانەی هەڵڕژاو(فەل).
مێشی دەدی: مێشانی تر.
موزاییك: کاشیی.

نێرەزێیی: نێر لێ پەیدابوون ، شتێك بزێت و بێچووی نێری لێ پەیدابێت.
وەکوڵ نەیەت: نەیەتە کوڵ ، نەکوڵێت.
وەگیر نەکەون: وەدەست نەکەون ، پەیدانەبن.
واز: حەز ، کەیف ، ئارەزوو.
وەتاقەت دەکەون: خۆدەگرن و هێزیان پەیدا دەبێ.
هەڵداوێررێن: جیا دەکرێنەوە.
هەڵی دەپازنێ: توند ڕایدەگووشێت ، تا ئاوی لێ بێت و وشك بێتەوە.
هەڵدەن: گەورە بن ، زیادکەن.
هەنگین: هەنگێ ، هەینێ ، ئەوکاتە.
هەر لەجێ: دەمودەست ، دەستبەجێ ، یەکسەر.
هەوریی: سرکەیی ، دەسماڵێکی گوڵداری نەرم و تەنکە ، ئافرەت بەسەری خۆیدا دەدات.
هەڕەد: گەرمە ، جەنگە ، تەواو وەخت هاتن.
هەڵۆڵ: زۆر کلۆرو بۆشایی.
یەکسم: وڵاخە بەرزەی وەکو ئێستر و ئەسپ و ماین.
یەك بەبنی: بەقەدەر بنەکەی.

# واتای ڕسته لای هالیدای

شوكر محەمەد گەلالی

هالیدای باوەڕی وایە زمان لەسەر بنەمایەكی فرەئەركی بنیات نراوە ، ئەم بنەمایەش لەسیستەمی زمانەوانیدا رەنگدەداتەوە ،كەهەربنیادیكی زمان جۆرە ئەركیكی جیاوازی هەیە. بەكارهینەری زمان چەند هۆكارییێكی دەربرین پەیرەو دەكات ،كەبەهۆیەوە گوزارشت لەبیرو هزرەكانی بكات .ئەم هۆكارانەش لەواقیعدا بریتیە لەبەكارهێنانێكی ڕاستی سیستەمی زمان و ئەو توانستەزمانیانەی لەزمانەكەدا هەن ،كەبریتین لەتایبەتمەندی هەرزمانێك .لێرەدا دەمەوێت ئەوە بلێم لەڕێزمانی كلاسیكدا (كۆن) تەنها لەئاستی سەرەوەی ڕستە لەكەرەسەكان دەكۆلرایەوە ،جیا لەوەی لەئاستی ژێرەوە چەند ئەركێكی جیاجیا دەبینێت كەزۆر بایەخ دارترو گرنگترن .بۆیە منیش لەسەر ئەم سیستەمە لەكەرەسەكانی ڕستەم كۆڵیوەتەوەو بەپێی ئەركیان دابەشم كردوون ...

نووسینەكەم لەپێشەكییەك و دووبەش پێكهاتووە:-

بەشی یەكەم ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت:( پێناسەی ڕستە، واتای ڕستە، پێكهاتەی ڕستە، ریزبوونی كەرەسەكانی ڕستە، ڕستەی بنجی، پەیوەندی كەرەسەیی ڕستە).وەهەروەها بەشی دووەمیش لەم سەر دێرانە پێكهاتووە:( ناولێنان، كارودەسەلاتی لە ڕستە، جۆروكانی كار لای هالیدای(كاری ڕووداو، كاری بارگەیەن،

کاری ڕەوشتی، کاری دەروونی)،جۆرەکانی بکەر لای هالیدای(بکەری دەروونی، بکەری ڕێزمانی ،بکەری لۆجیکی )،بەرکار لای هالیدای کە وەك کارتێکراو دەردەکەوێت . لەکۆتاییدا کورتەی باسەکەم بەچەند خالێك لەئەنجامدا خستۆتە ڕوو..

## بەشی یەکەم

**پێناسەی ڕستە :**

ڕستە گەورەترین یەکەی دانەی ڕێزمانە چەند شێوەیەك دەگرێتەوە ( سادە ، لێکدراو ، ئالۆز) .ئەم ڕستانەش بۆچەند مەبەستێك بەکاردێت وەك (هەوالدان ، پرسیارکردن ،داواکردن ، سەرسورمان ...هتد) .

ڕستە چەند ئاستێکی هەیە وەکو ئاستەکانی دەنگسازی ، ئاستی وشەسازی ، ئاستی ڕستەسازی ئاستی واتاسازی (محمد معروف فتاح:٢٠٠٧:٢٩).

**واتای ڕستە:**

واتای ڕستە پێك دیت لە (واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی) ،بۆیەش ڕستە دووجۆر واتا دەدات یەکی فەرهەنگی و ئەوەی تریان ڕێزمانی. دەشێت ڕستە لەم دوو ڕوانگەیەوە لێی بکۆلرێتەوە.

١- ڕستەیەکی دوور لە دەوروبەر، کە ڕێزمانی شەکلی دەگرێتەوە .


٢- ڕستەیەکی پابەند بەدەورو بەر ، کە ڕێزمانی واتایی (لۆجیکی) دەگرێتەوە: ئەمەش باسەکەی ئێمەیە ،کە لە بەشی دووەمدا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین (جولیا اس فالك:١٣٧٧:٣٥٢)

**پێکهاتەی ڕستە:**

ڕستە پێك دێت لە وشە ،گرێ ،لاڕستە(محمدعلی خولی:١٢٥٤:٩٨٣). و دانەی سەرەکی ڕستەسازی وشەیە، ڕستەش لە چەند بەشێکی بنجی پێك دێت ، هەر دانەیەکی ڕێزمانی دەتوانێ دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێرێت و گرێ پێك بێنێت ، سادەترین گرێی ناوی لە ناوێك یان ڕاناوێك پێك دێت و سادەترین گرێی کاریش لە ڕەگی کار (فرمان ) و ڕاناوێك پێك دێت ، ئەرکی ڕاناوی لکاویش ڕێککەوتنە لە نێوان بکەرو بەرکاردا .بەرکار پێداویستی کارە، بۆیە لەشیکردنەوەی سەرەتادا بەر گرێی کاری دەکەوێت(وریا عمر ئەمین:٢٠٠٤:١٩٩). وەك هێلکاری ژمارە(١).

**هێلکاری ژماره(١) پێکهاتەی ڕستە**

-ئازادی برام قەلەمەکەی شکاند.




**ریزبوونی کەرەسەکان لەڕستەدا:**

هەر زمانێك ڕێگایەکی هەیە بۆئەوەی پەیوەندی پەیوەندی نێوان وشەکانی نیشان بدات ، لە هەندێ زماندا بۆئەوەی پەیوەندی سینتاکسی نیشان بدات پشتی بە وشەو ریزبوون بەستووە(ئاوازحمدسدیق بەگیخانی:١٩٩٦:٥٣).

ئەم پەیوەندیە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی ئاسۆیی وشەکان لەگەڵ گرێکان لەناو ڕستەدا ،هەروەها ئەو بنەما سەرەکیانەی کەکەرەسەکان لە ڕستەدا پابەندی دەبن ،بۆنموونە :ئەگەر زمانی ئینگلیزی وەرگرین وشە ریزبوون دەور دەبینێ ، چونکە ئەو ناوەی پێش

کارەکە دەکەوێت بکەری ڕستەیەو نـاوی دوای کارەکـە بـەرکاری ڕسـتەیە وە گـۆڕانی شوێنەکانیان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکانیان .زمانی کوردیش بەم شێوەیە . وەك لـەم نموونەی خوارەوە هاتووە:

**چیا لە بڵندی دا**

بڵند لەچیای دا.

جا ئەم ریزبوونە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت بەپێی سروشـتی پێکهـاتی زمانەکە.هەندێ لەزمانەوانی کورد ریزبوونی بنجـی لـە زمـانی کوردیـدا بـە جـۆری (بکەر،بەرکار ،کار) دادەنێن وەك لە نووسینەکانیان ئاماژەیان بۆکردووە .

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەزۆربەی ڕستە کوردییەکان پێکهاتێکی بنچینەیی هەیـە وەك خاسیەتی زمانە کە خۆی ،ئەویش ئەوەیە کە سەرەتای هەر ڕستەیەك (بکـەر)ە ، لە کۆتاییەکەیشی کارە،بەلاّم هەندی جار بۆ دەربڕینی شێوازی جیاواز لەقسەکردن وەك لە ڕستە کورت بڕەکان پێش و پاشی پێدەکریت .

بەگشتی لەزماندا دووجۆر ریزبوون بەدی دەکرێت:-

ریزبوونی چەسپاو

ریزبونی ئازاد(تالب حسێن علی :١٩٩٨:١٠)

**ریزبوونی چەسپاو /**

لێرەدا هەرگۆڕانێك لە ڕیزی کەرەسەکان لەسنوری گرێکان ڕوودات، دەبێتـە هـۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە بەمەش واتاکەی دەگۆڕێت . نموونە:

ئارام منی بینی .

من ئارامم بینی .

کابرا مارەکەی کوشت .

مارەکە کابرای کوشت.

**ڕیزبوونی ئازاد /**

سیستەمێکی ڕیزبوونە ،ریزبوونی وشەکانە لەناو ڕستەدا بەچەند شێوەیەکی جیـاواز بێئەوەی واتای ڕستەکە بگۆڕێت .واتا پێش و پاشخستنی کەرەسـەکان نابێتـە گـۆرانی واتای ڕستەکە و ئەرکی ڕێزمانی ،نموونە :

**براکەم ئەم کتێبەی کڕی.**

**ئەم کتێبە براکەم کڕی.**

**منالّەکە ژێر پیالّەکەی شکاند.**
**ژێر پیالّەکە منالّەکە شکاندی .**

لێرەدا پێش خستنی بەرکار جێی بایەخ پێدانی گوێگرە ، بۆیە بەپێش خستراوە .

**ڕستەی بنجی:**

ڕستەی بنجی ئەو ڕستەیەیە کە تەنها پێویستیە سەرەکیەکانی هەیە(M.M.F:1998:246)

مەبەست لەپێویستیە سەرەکیەکان (بکەر ،بەرکار ،کار)ە کەڕستە بەنەبوونی هەریەکێك لەمانە واتای تێك دەچێت.بەلام پێویستیە لاوەکیەکان وەکو ئاوەلّناو ،دیارخەر،...هتد.

لەئاستی ڕستەسازیدا ئەگەر ڕستە بەگەورەترین دانە وەربگرین و شیبکەینەوە بۆپێکهێنەرە ڕاستەوخۆکانی بەپێی ئەرکەکەی لەڕستەدا دەبینین هەرپێکهێنەرێك وەك (بکەر ،کار،بەرکار،تەواوکەر) دەکرێ پێنج قالبی ڕستەی کوردی (ناوەڕاست) دەستنیشان بکەین ،بەم شێوەیەی خوارەوە :-

| قالـــب | ڕستە |
|---|---|
| ١-بکەر .کار | منالّەکەڕۆیشت. |
| ٢- بکەر .بەرکار .کار | ژن ژن ناخوات. |
| ٣-بکەر .تەواوکەر.کار | بنێشت بەدەستیەوە لکا. |
| ٤-بکەر.بەرکار.کار.تەواوکەر | دەستی خستە ئاوەکە . |
| ٥-بکەر.بەرکار.تەواوکەر.کار | من تۆ بەئازا دەزانم(M.M.F:1998:246) |

**پەیوەندی کەرەسەیی ڕستە:-**

ئەم پەیوەندیە بریتیە لەپەیوەندی ڕێزمانی وشە بە وشەکانی پاشترو پێشتری خۆیەتی .واتا جێ بەجێ کردنی چەند یاسایەکی ڕێزمانی بۆنموونە :-

- منالّەکان لەژورەکەدا نوست *

لەم ڕستەیەدا یاسایەکی ڕێزمانی جێ بەجێ نەکراوە ،ئەویش ڕێکنەکەوتنی بکەرو کارەکەیە لەکەس و ژمارەدا .

**١- دارسێوەکە زیرەکە ***
**٢- منالّەکە شکا***

لەم ڕستانەدا(٢،١) دوچاری کێشەی گونجان و نەگونجان دەبین لە بەکار هێنانی وشەکان ،کەدەبێ لەریزبونیان سنوری لەگەڵ یەکهاتنی کەرەسەکان ڕەچاوبکریت ،هەروەها ئەو وشانەی دەشێ لەهەمان بیئە لەشوێنی یەکتردا بەکار بێت .بۆ دەرکەوتنی وشەکان لە هەرڕستەیەك لەو رستانە دەبێ دووجۆر پەیوەندی ڕەچاو بکرێت ئەمانیش بریتین لە :-

١- پەیوەندی ئاسۆیی

٢- پەوەندی ستوونی

١- پەیوەندی ئاسۆیی (سینتاکماتیکی)

بریتیە لەپەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و پلەی لەگەڵ یەك هاتنیان لەناوڕستەدا .بەشێوەیەکی ئاسۆیی ،واتە وشەکان تاچەند هاوڕێیەتیان لەگەل یەك هەیە تاوەکو بەیەکەوە بێن. بۆنموونە :دار سێو هاوڕیەتی لەگەل زیرەك نیە ،یان منال لەگەل شکان ،بەلاّم دارسێو و شکان لەگەل یەك هاوڕێیەتیان هەیە دەگونجین وەهەروەها منال و زیرەکیش بەهەمان شێوە

**دارسێوەکە شکا.**
**منالەکە زیرەکە.**

٢-پەیوەندی ستوونی (پارادیکماتیکی )

بریتیە لەپەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان و دیار نەبوونی وشە هاوواتاکان لەهەمان شوێن لەسەر باری ستوونی .بێئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێنێ .واتا دەکرێ لەشوێنی بکەر یان بەرکار یان هەر بەشێکی تری ڕستەکە دەرکەوێ .بۆ نموونە: وشەی ئازا لەگەڵ هەردوو وشەی خۆشەویست و زیرەك دەتوانێ لەشوێنی یەکتر بێن ،چونکە هەرسێکیان سەر بەیەك بەشەئاخاوتنن (سەلام ناوخۆش:٢٠٠٥:٣١)


دلێر کوڕێکی ئازایە

زیرەکە

خۆشەویستە

دەکرێت ئەم دوو پەیوەندییەی باسکرا لەم هێلکاریەی خوارەوە دیار بکەین:

هێلکاری ژمارە (٢)




## بەشی دووەم

**ناولێنان :-**


مەبەست لەناولێنان دانانی ناوە بۆ بەشەکانی ڕستە ،بۆیە ڕێگایەکی دیاری کردنی توخمەکانە .ناولێنان هەتدێك پێناسەمان دەربارەی یەکەکانی ڕستە دەداتێ ، کەهەریەك لە بەشەکان بە یەکەیەکی گەورەتر پێناسەکراون .جا دوو ڕێگا هەیە بۆناونانی یەکە زمانەوانیەکان، واتە دوو ڕێسا هەیە بۆ ناونان لە پێکهاتە ڕێزمانیەکان ئەوانیش:-

پۆلێن

ئەرك

زۆر لەزاراوە تەکنیکە زمانەوانیەکان کە ڕۆژانە لەکاتی بەکارهێنانیانەوە پێیان ئاشناین لەکاتی ناولێنانیان بەیەکێك لەم دوو ڕێگایەی سەرەوە دەبێت .(M.H:1977:27)

زاراوەکانی وەکو (کار،ناو،ئاوەڵناو ،ئاوەڵفرمان ،ڕاناو...هتد). ئەمانە ناوی پۆلێنن. هەروەها زاراوەکانی وەکو (بکەر،بەرکار،کارا،تەواوکەر ،دیارخەر دیاخراو...)ئەمانە ناوی ئەرکین ،چونکە ئەرك ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت .




یەکێك لەئەندامانی ئاخاوتن ناو دەتوانی ئەرکی دیارخەری وەربگرێ یا تەواوکەر...هتد.

**کارو دەسەلاتی لەڕستە :**

به باوەڕی هالیدای دنیای بیر دووجۆر کەرەسەی تیایە :-

بار

واتە رووداو گەیەن کە بەکار دەردەبڕێت.

شت

کەبەناو دەردەبڕێت، جا ناوەکە فیزیکی یان واتایی .

هالیدای باوەڕی وایە کەفرمان لەڕستەدا زاڵە بەسەر کەرەسەکانی ترو فەرمانڕەوای ڕستەیە ( M.H:1977:235). هەروەها لەپێش ئەمیش چۆمسکی لە دەسەلاّت و تیۆری بەستنەوە باسی لەمە کردووە (سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥:٨٨). بۆیە هالیدای دەلێت :-

١- هەموو جۆرە ڕستەیەك دەبێت کاری تێدا بێت .

٢- کار ژمارەی ئەو ناوانە دیاری دەکات کە دەبێت لەگەلیدا بێت بەم پێیەش کاردابەش دەبێت بۆ تێپەڕو تێنەپەڕ .بۆنموونە فرمانی( شکا) ئەوناوانەی کە پێویستی پێیەتی جیاوازە لەگەڵ پێداویستی فرمانی (شکاند).

قەڵەمەکە شکا. (بکەر +فرمانی تێنەپەڕ)

ئازاد قەڵەمەکەی شکاند ( بکەر +بەرکار+فرمانی تێپەڕ)

فرمانی تێپەڕ هەمیشە لەکەرەسەیەك زیاتری دەوێت بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

٣- کار جۆری واتای گرێیە ناوییەکان دیاری دەکات ،واتە هەڵبژاردن بەدەست کارە ئایا پێویستی بە بکەرە یان کارا.بۆنموونە

**بەرخەکە فری .**

**چۆڵەکەکە فڕی .**

٤- کاریگەری کار بەسەر هەموو ڕستەکە بلاّو دەبێتەوە ،بەلاّم کاریگەری ناو هەر بۆخۆیەتی.

**جۆرەکانی کار لای هالیدای:**

کار کە دەربڕینە بۆڕودانی کارێك لەکات و شوێنێکی تایبەتیدا .بەپێی لێکۆڵینەوەکان چوار جۆر کارهەن(**محمد** معروف فتاح :وانەکانی خوێندنی بالاّ)

١- کاری ڕووداو /

ئەم جۆرە کارە جوڵەی تێدایە و خۆکردە لە ژێرکاریگەری بکەردایە ،تێپەڕن بکەرەکەی دەبێت کارا بێت و دەستی هەبێت لەڕودانی کارەکە (**محمد** معروف فتاح:١٩٨٩:٤٨). وەك (ئاگر تێبەردان ،دڵپیسکردن،...هتد). ئەم جۆرە کارانە بەیارمەتی کاری بەتاڵی یاریدەدەری (گرت ،خوارد،را،برد...هتد.) سوێند خواردن ،لەباوەشگرتن،رەنجی دا،خولی خوارد...هتد وەك:

ئازاد کەوەکەی گرت.

< گرت ، ئازاد ، کەو >

↓ ↓ ↓

کار کارا بەرکار(کارتیکراو)

٢- کاری بارگەیەن /

ئەم جۆرە کارە جوڵەی تێدا بێت یان تێدا نەبێت خۆنەکردە و لەژێر دەسەلاّتی بکەردا نییە و لەدوو لەت پێکهاتووە بەزۆری ئاوەڵناو یا ئاوەڵکارە ،ناوی بکەر ،ناوی بەرکار ،چاوگ...هتد. لەتەکەی تری کارێکی داڕێژراوە بە یارمەتی کاری(بوون) وەك لاوازبوون،بێهێزبوون،نەخۆشکەوتن ، زەردهەڵگەڕان ،سپی چوونەوە ...هتد(وریا عمر ئەمین:٢٠٠٠:١٩٩).

کچەکە سپی هەڵەڕا .

< کچەکە ، سپی هەڵگەڕا >

↓ ↓

بارمەند بار

٣- کاری ڕەوشتی /

ئەم جۆرە کارە پەیوەندی بە دەرون و هەست و پەی بردن و بیرکردنەوە هەیە و ڕودانی تێناکەوێ .وەك

من رقم لەماسیە .

< من ، ڕق لەماسی بوون >

↓ ↓

ئەزمونکار دیاردە

٤- کاری دەروونی /

ئەم جۆرە وەسفی ڕوداوێکی فیزیکی دەکات .کەجوڵەی تیایە وە روداوەکەش بەسەر کەسدا تێناپەڕێ.وەك

منداڵەکە ترسا .

< منداڵەکە ، ترسا >

↓ ↓

ڕەوشتکار ڕەوشت

جۆرەکانی بکەر لای هالیدای :-

هالیدای لە ڕێزمانی ئەرکیدا سێ جۆرە بکەر دەست نیشان دەکات، کە ئەمانەن:-

١- بکەری دەروونی Theme

٢- بکەری ڕێزمانی Subject

٣- بکەری لۆجیکی (کارا) Actor

١- بکەری دەروونی /

مەبەست ئەوەیە کە ئەوەی پەیوەندی بەپەیامەکەوە هەیە، قسەکەر وەکو خاڵێکی دەست پێکردنی قسەکەی (ئەوەی لە مێشکی دایە و دەیەوێت دەری بڕێت ) بۆ بەرهەم هێنانی ڕستەکە .نموونە:-

**ئەم قۆریەیە پورم لەلایەن پیاوەکەوە پێی دراوە**

ب.دەروونییە

٢- بکەری ڕێزمانی /

هەندێ جار نیهادیشی پێدەگوترێت ،پێکهاتەی بکەر بە پەیوەندیەکی پوخت دادەنرێت وە ڕاستی و ناڕاستی دەستەواژەکە بۆ ئەم دەگەڕێتەوە .نموونە :-

کورەکە گوڵەکەی دایەکچەکە. ئالاّ زیرەکە.

ب.ڕێزمانییە ب.ڕێزمانییە

٣- بکەری لۆجیکی / (کارا)

مەبەست لەمە (ئەنجامدانی کردارێکە ) کە ئەنجامدەر توانای لەسەر ئەنجامدانی کارەکە هەبێ(M.H:1977:336). نموونە:-

مامۆستاکە ڕۆژنامەکەی حوێندەوە.

وەستایەکە کاتژمێرەکەی چاککردەوە .

**بەرکار لای هالیدای:-**

ئەوەی جێی سەرنجە بەرکار لای مایکل هالیدای پێویستیەکی سەرەکیە لەو ڕستانەی کە کارەکەی تێپەڕە ، کە هەمیشە بە (کارتێکراو) ناودەبرێت وەك لەم نموونەی خوارەوەدا :-

قوتابییەکە قەلەمەکەی شکاند .

کارتێکراوە

( قەلەم) کارتێکراوە لەڕستەی سەرەوە ، چونکە کاری شکاندنی بەسەردا جێ بەجێ کراوە لەلایەن قوتابییەکەوە .

وەك دیارە لەپێشەوە باسی جۆرەکانی کار کراوە کە تەنها لەژمارە یەك (کاری ڕووداو) وەژمارە سێ (کاری ڕەوشتی) دا ئەگەر لێیان ورد بینەوە دەبینین لەو کارانەی کە مانای ڕوداو دەگەیەنن پێویستیان بەبەرکارێك هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکە هەروەك دیارە وشەی (کەو)بۆتە بەرکار،چونکە کاری گرتنی لەلایەن کورەکەو بەسەرا هاتووە ،کەکارێکی تێپەڕە . هەروەها لەکاری ڕەوشتی ئەگەرچی ڕودانی تێناکەوێ ، بەلاّم دەبینین فرمانەکەی تێپەرە بەمەش پێستی بەبەرکاریك دەبێت تاوەکو وەکو ئەزمونکارێك هەستی دەرونی بخاتە ڕوو بەرامبەر بەدیاردەکە (ڕق لێبونەوەیە ) لە (ماسی ) کە دەبێتە بەرکاری ڕستەکە .بەلاّم دوو جۆرەکەی تری (کاری بارگەیەن)وە (کاری دەرونی ) پێویستیان بەبەرکارنابێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانیان .

**ئەنجام :**

١- ڕستە بریتیە لە کارو پێداویستیە سەرەکیەکانی .

٢- ڕستە پێکدیت لە وشە،گرێ ،لاڕستە ،واتاکەشی بریتیە لەواتای وشەکان +کاریگەری ڕێزمانی . بۆیەش ڕستە دوو واتای دەدات یەکی فەرهەنگی ئەوەی تریان ڕێزمانی

٣-ڕۆنانی ڕستە لەزمانی کوردیدا بەگشتی پێك دیت لە : گ.ن ،گ .ك ...هتد .

٤- ڕستەی زمانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی ڕیزدەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە ،بەمەرجیك کارەکەی تێپەر بێت

بکەر+بەرکار+کار

ئازاد نان دەخوات.

بەلاْم ئەگەر کارەکەی تێنەپەر بێت

بکەر+کار

ئالاْ هات .

٥- بۆ دەرکەوتنی وشەکان و گونجانیان لەو بیئەی کەلێی بەکاردێت لەگەڵ وشە هاوواتاکانی دووپەیوەندی هەیە پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستوونی .

٦- کار لای هالیدای بەشێکی بنەڕەتی ڕستەیە و دەبێتە چوار جۆر ( کاری ڕووداو ،بارگەیەن ،ڕەوشتی ،دەروونی)

٧- لە ڕێزمانی ئەرکیدا هالیدای سێ جۆر بکەر دەستنیشان دەکات (بکەری دەرونی ، ڕێزمانی ،لۆجیکی )

٨-بەرکاریش پێداویستیەکی سەرەکیە لە ڕستەی کاری تێپەر لادانی تەمومژی دروست دەکات

٩-بەرکار لای هالیدای هەمیشە وەك کارتێکراو بەدیار دەکەوێ.

**سەرچاوەکان :-**

١- وریا عمر ئەمین –ئاسۆیەکی تری زمانەوانی-دەزگای ئاراس-هەولێر-٢٠٠٤.

٢- محمد معروف فتاح -وانەکانی خوێندنی بالآ-دکتۆرای زمان-کۆرسی یەکەم-٢٠٠٠-٢٠٠١

٣ -محمد معروف فتاح -زمانەوانی-زانکۆی سەلآحەدین-هەولێر-١٩٨٩.

٤- سەلام ناوخۆش -پوختەیەك دەربارەی زمانناسی مێژوویی.بونیاتگەری.چۆمسکی-چاپخانەی چوارچرا-هەلێر-٢٠٠٥.

٥- محمد علی خولی -معجم علم اللغة النظرية(انگليزى-عربى)-بيروت-لبنان-١٩٩١.

٦- جوليا اس فالك-زبانشناسی و زبان بر رسی مفاهيم وبنيادی _زبان شناسی-ترجمەخسرۆغلاميلی زادە-چاپی پێنجم -تهران-١٣٧٧ .

7-MOHAMMAD.M. F. Generative Grammar of Kurdish-Sulaimani-1997.N.P.

8-M.A.K Halliday - An introductional to functional grammar LONDON.

نامەکان :

١- ئاواز حەمەسدیق بەگیخانی -ریزبوونی کەرەسەلەزمانی کوردی-نامەی ماستەر-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلآحەدین-هەلێر-١٩٩٦.

٢- تالب حسێن علی -هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا-نامەی دکتۆرا-کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلآحەدین-هەلێر-١٩٩٨.

گۆڤارەکان :

١-محمد معروف فتاح -بواری زمانەوانی و ئاستەکانی شیکردنەوە-گ.ئەکادیمی، ژمارە (٥)-ل٢٩-هەولێر-٢٠٠٧.

٢-وریا عومەر ئەمین-بنج و سیماویاساکانی گوێزانەوە – گ رۆشنبیری نوێ، ژ (١٢١) .

# چەمك و پێناسەی زاراوە

د.شەهاب شێخ تەیب
مامۆستای كۆلێژی زمان - قەلادزێ

لە باسكردنی زاراوەدا پێویستە (چەمك)ی دیاری بكرێت و بە وردی پێناسە بكرێت ، ئایە چەمك چییە و پێوەندیی بە زاراوەوە چییە و جیاوازی نێوانیان چییە و سەرچاوەكانی چەمك و زاراوەكان چین؟ بۆ سنووردانان و جیاكردنەوەیان یەك بەیەك لێیان دەدوێین:

**پێناسە و ڕوونكردنەوەی چەمك :**

ئەگەر هاتوو زاراوەكە ، وشەیەك یان دەقێكی بەكارهاتووبوو لە زماندا ، دەستنیشان كردنی پێناسەی چەمك و بەدەرخستنی واتاكەی ، یەكێكە لەو دۆزانەی كە كارێكی ئاسان نەبێت ، تەنانەت لە فەلسەفەی تازەشدا — بەوەی كە لە نەژاد دا سەر بە فەرهەنگی فەلسەفیە — فەرهەنگە( معجم ) فەلسەفییەكانیش جیاوازییەكی زۆریان بە خۆوە بینیوە لە پرۆسەی پێناسەكردندا ، گرفتەكەش زیاتر دەبو كاتێ واتای چەمكە بەكارهاتووەكەی میانەی ژیربێژی و فەلسەفی بەراورد بكرێت لەگەڵ واتای زاراوە زۆر بەكارهاتووەكەی گشت بوارە زانستییەكاندا ، بۆ پەیبردن بە واتای چەمك.

لەبەر ئەو گیروگرفتانەی تووشی زاراوە دەبوون، هەندێ لە نووسەران و

زمانەوان دان بەوەدا دەنێن ، کە زانستی زاراوەســازی زانــستێکی ســەربەخۆی تۆکمەیە ، بـەوەی کـە گـشت زانـستێك پێویستی بـە کۆمـەڵێك زاراوەی دیـاری کـراو دەبێـت ، ، بـە پێـی ئەمـە هـیچ زانستێك بـێ زاراوە نابێـت(١) . گـشت زانستێك پێویستی بە زیاتر لەیـەك بـوار لـەبوارەکانی زانیـاریی و پێویـستی بـە کۆمـــەڵێك زاراوەی وردی دیـــاریکراو دەبێت ، کە لە ڕێیەوە بتوانێت گوزارشت لەو چەمکانەی کە پێویـستی پـێ دەبـن بکات ، لەسەر ئەم بنەمایـە زمانـەوانان هەســتان بـــە جیــاوازی نێــوان زاراوە ( Terme ) و زاراوەســـــــــازی ( Terminology ) .

گومـانی تێـدا نییـە زاراوە ڕۆڵێکـی بنەڕەتی و چالاکی لە پێکهێنانی زانیاری ، لە هەر بـوارێکی ڕۆشـنبیریدا هەیـە ، لەســەر پێــی خــۆی ناوەســتێ و پــێش ناکـەوێ گـەر بێـت و زاراوەی واتـادار و ڕوونی ئەو بەرهەمە زانیارییە ئاراسـتە و ڕێبەریی نـەکات ، بـە هـەمان شـێوەش ڕۆشنبیریی هەر نەتەوەیەك لە نەتـەوەکان تووشی نەمان و لەناوچوون و تێکـشکان دەبێت لەبەر گەلێك هـۆ گرنگترینیـان ، تێکچوونی واتای زاراوەکە و زۆربوونیـان و نەچەســـپاندیان و یـــەك نـــەگرتنی چەمکەکانە .

زاراوە لە زمانی کوردیـدا هەرچـەندە لە جەمسەری هێڵە گشتییەکانی زانستی زمـــان و لێکۆڵینـــەوەی زاراوە لـــە زمانــەکانی ئــەم ســەر زمینــەدا یــەك دەگرێتــەوە ، بــەڵام هاوکــات کێــشەی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ نموونە تا ئێـستا چـــەمکی زاراوە لـــە زانـــستی زمـــانی کوردیـــدا ڕەچـــاو نـــەکراوە و شـــوورەی جیاکەرەوەی لە چەشنەکانی تری وشە بـۆ دانەنراوە و سەرچاوەکانی هەڵهێنجانـدنی دەستنیـــــشان نـــــەکراوە و ڕێگـــــای پەرەسەندنی خۆی نەگرتووە و ڕێبازەکانی لە دایکبونی نەخراونەتەوە بـەر تیـشکی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی(٢) ، پێـــوەری ڕاســـتەقینەی ســـەرکەوتنی زاراوەیەك لـەوەوە هەڵـدەقوڵێ کـە ئـەو زاراوەیـــە زمـــانی زۆربـــەی کۆمـــەڵانی پێڕاهاتووە .

چـــەمك بـــەرەو وشـــەیەکی تـــری بـــەکارهاتووی کتێبـــەکانی ژیربێـــژی و فەلسەفەوە دەچـێت ، ئـەویش وێنـاکردن (٣)(تصور)ە ، بـە واتـای ( پەیـدابوونی وێنەی وشەیەك لە عەقڵـدا )یـە(٤)، بـە واتایەکی تر ، واتاکان وێنەیـەکی بیریـن لــە ئاکامیــدا وشــەکان دانــراون ، ئــەو وێنەیەی کە لە عەقڵدا پەیـدابوە لـەوەی مەبەست لە وشەکەیە بە واتا ناو دەبرێت

، هەروەها لەوەی ئەو وشەیەی لە عەقڵدا پەیدابووە ناو دەبرێت بە چەمك .

یەكێ لەو پێناسانەی چەمك ، دەڵێت : بنیاتێكی عەقڵییە ، هەروەها چەمك یەكەیەكی فیكرییە بەیەكەوە بە سیمای هاوبەش بەستراوە. هەروەها پسپۆڕان لە بواری زانستی زاراوەسازیدا پێناسەیەكی زۆر گونجاویان بۆ داناوە ، بەوەی كە چەمك : هێمایەكی زمانی دیاریكراوە بۆ یەك چەمك . دووپاتیشی دەكەنەوە كە لە سەر دوو بنەمای سەرەكی ڕادەوەستێ ، ئەویش : ( هێمای زمانی ) و ( چەمك ) كە فێڵبەر ( FELBER ) بەم شێوەیە پێناسەی دەكات و دەڵێت : بریتییە لە بنیاتێكی عەقڵی – فیكری ، لە شتێكی دیاریكراو داڕێژراوە . بە كورتی وێنەی بیریی ( فكری ) شتێكە لە جیهانی دەرەوە و ناوەوەدا هەیە و بۆ ئەوەی بگەینە ئەو بنیاتە ئاوەزییەی هێمای بۆ دادەنرێت ،بۆ ئەوەی گوزارشتی لێ بكات.

زانایانی زاراوەسازیی بایەخیان بە دیاریكردنی مەبەست لە (هێمای زمانی) كە گوزارشت لە چەمك دەكات داوە و جیاوازیی نێوان سێ جۆر لە هێما زمانییەكانیان كردووە(٥).

لێرەدا پێوەندیەكی ژیربێژی لە نێوان زاراوە و چەمكدا هەیە ، ئەم پێوەندییەش ڕێكخەرە ( منظمة)، بەلاّم ئەو پێوەندییە لە نێوان ناو و ناونراودا نییە ، بۆ نمونە ئەگەر ویستمان زاراوەیەكی وەك ( گەیەنەر ) بۆ ئامێرێك دابنێین و ببێتە زاراوە ، پێویستە ئەو ئامێرە كاری ئەوەی ببێت یان تایبەتێتی گەیاندنی هەبێت ، ئەمەش پێوەندییەكی ژیربێژییە كە دەبێت لە نێوان زاراوە و چەمكەكە دا هەبێت ، بەلاّم ناو ، لەوانەیە ناوی یەكێك بنێین ( سالار )، لە واقیعیشدا (سالار ) نەبێت .

لە ڕوانگەی ئەوەی باسكرا لە بارەی چەمك و پێناسە جۆر بە جۆرەكانییەوە دەتوانرێت تێبینی ئەوە بكرێت ، كە چەمك لە بنیاتی زانیاریی و دەرك پێكردنی جیهانی دەوروبەر بە كاردێت و ئەو ڕێبازە فیكرییە جۆر بە جۆرانەش پێناسەی جیاوازیان بۆ چەمك دانا . لەوەوە قورسی دیاریكردنی پێناسەی چەمكمان بۆ دەردەكەوێت ، بەڵكو ئێستا پێناسەیەكی گونجاوی پێویست كە هەموو لایەنەكانی لەخۆ بگرێت لە ژێر دەست نییە.

دیاری كردنی چەمك و بەرهەمهێنانی بە گشتی پێوەندە ، بە ڕۆشنبیری و زانیارییەوە ، چ پێوەندبێت بە زانستە ڕۆشنبیرییەكان یان زانستە

سرووشتییەکان ، کە ئەمیش پێوەندیەکی بەهێزی بە هێما و زمان و بواری واتــایی و زۆربەی زۆری ئەو لایەنانــەی بەشــداری لــە دروســت کردنــی دەکــەن هەیــە(٦). گۆڕان و پێــشکەوتنی خێــرای زانــست ، هۆیەکی سەرکی بوو بۆ زیادبوونی چەمك و واتاکان ، تاوەکو ژیان بــەرە و پێــشتر بــــڕوات واتاکــــان بــــەربلاۆتر دەبــــن ، بەڕادەیەك کە وشــەکانی زمــان بەشــیان ناکەن ، لەبەر ئەوە پێویست دەکــات بــە دوای شێوازی چاککردنی ئەم کێــشەیەدا بگــەڕێین و بــە شــێوەیەکی زانــستییانە هەوڵی دانان و هەڵبژاردنی زاراوەی نــوێ بــدەین کــە بــە وردی ئــەو چــەمکانە دەربېڕن(٧).

چــەمکیش دوای جیابوونــەوەی لــە بــــواره فەلــــسەفییەکەی وای لێ هــــات ئــالۆزتربوو ، بــۆ ئــەوەی لــە میانــەی جیاوازییەکانی تردا بەکاربێت ، لەوانە ( زانستە زمانەوانییەکان و فەلسەفییەکان و ئەو زانستانەیتر کە پێوەندییان پێوەی هەیــە ) تــا وای لێ هــات چــەمك وەك هاوواتــا لەگــەڵ زاراوەدا بــەکاردەهات ، ئەمەش وامان لێ دەکات بــۆ دەرك پــێ کردنی و پێوەندی بەچەمکەوە لــە واتــای زاراوە بکۆڵینەوە .

لەوانەیە چەمك و سیستەمەکانی لــە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازبێــت و زۆر پێویستە لەگشت زمانەکاندا هەمان شت بن ، واتای زاراوە یــان چــەمك کــە دەردەبڕدرێت لە زمانێکەوە بۆ زمــانێکی تــر جیــاوازە ، ئــەم دیــاردە زانــستییە یەکێکە لە گیروگرفتەکانی پێش پرۆسەکە ، یــان کــاری گەیانــدن یــان گۆڕینــەوەی زانیاری لەسەر هەردوو ئاستی نەتــەوەیی و جیهانی(٨) ، بۆیە لێرەدا پێویست بوو زاراوەکــان یــەکخرێن ، یەکخــستنێکی پێوانەیی لــە ســەر بنــەمای ڕێککــەوتن لەســــەر چــــەمکەکان و سیــــستەمەکانی بنیاتنرابێت ( بــە واتایــەکی تــر لەســەر واتاکان و بوارە واتاییەکان ) لەبەر ئەمە پــسپۆران لێکۆڵینەوەیــەکی بــەراوردی واتا جیاوازەکــانی چــەمك و سیــستەمی چــەمکەکان لــە زمانــە جیاوازەکانــدا دەکەن.

بایەخدانی زاراوەسازیی بە چــەمك و هۆیــەکان ، یەکــەم هــەنگاوی دانــانی زاراوەمــــان بــــۆ دەردەخــــات ، کــــە کۆکردنەوەی چەمکەکان و ڕێکخــستنیان لــە کۆمەڵەیــەکی خــاوەن پێوەندییــەکی هاوشــانە ، پاشــان دەبێــت لــە چــەمك بگەین، بــە تایبەتییــەکانی و خەسڵەتە جۆراوجــۆرە ڕاســتی و ناڕاســتییەکانی و هــەروەها پێوەنــدی ئــەم چــەمکە بــە چــــەمکەکانی تــــرەوە لەهــــەمان ئــــەو کۆمەڵــەی کــە لێیــەتی و دەستنیــشان

کردنی جێگەکەی و پاشان هەوڵدەدەین بۆ پێشنیازکردنی زاراوەیەکی گونجاو بۆی ، کە پێوەندییەکی واتایی بەو زاراوانەوە هەبێت و پاشان هەنگاوێکی پێویست لە نێوان بایەخدان بە چەمکی تازە و پێشنیازکردنی هێمایەکی زمانی بۆی ، ئەویش دانانی پێناسەیەکە بۆ ئەو چەمکە ، کە مەبەستمان وەسفێکی وشەییە بۆی ، بە بەکارهێنانی چەمکی تری کە پێش وەخت لامان ناسراوە ، پێویستە لە پێناسەدا دیاریکراو و وردبێت و ئەو تایبەتییانە لەخۆ بگرێت کە ئەو چەمکە هەیەتی و یارمەتی بەیانکردنی جێگەی چەمکە تازەکەی لە سیستەمێکی دیاریکراو لە چەمکەکان ، کە لە یەك کۆمەڵە بەشدار دەبێت لەگەڵیدا بدات. ڕوونکردنەوەکانیش لەوانەیە سوودیان لە دیاریکردنی چەمك و ڕوونکردنەوەی زۆربێت ، کە لەو مەرجانە بۆی دانران ،ئەمەیە دەبێتە ژیربێژی (منطق) و پێناسەکەشی پێناسەیەکی زانستی دەبێت.

جیاوازیی پێناسەی زانستی لە پێناسەی زمانەوانی ئاسایی ئەوەیە : پێناسە زانستییەکان بریتین لە کۆمەڵێك چەمکی چەسپاوە ، بە پێچەوانەی ڕێبازە فەلسەفی و ژیربێژییەکانی سەر بە کۆمەڵێکی بەستراوی هاوشانن ، بەلام پێناسەکانی زمانەوانی لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر ، لەوانەیە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگەکان و توانستی ڕۆشنبیری و عەقڵیدا(٩) جیاوازبێت و سەربەستن .

فێڵبەر ( FELBER ) ئەوەی پێشان دا کە وردیی زاراوەکان پشت بە هێما زمانییەکان نابەستێ ، بەڵکو بە چەمکەکان لە ( فیزساکر- Weizsacker)ەوە ، وەرگیراوە و شیکردنەوەی ئەم دەستەواژەییەی سەرەوەی کردووە بەوەی ، کە : تێگەیشتنی سەرکەوتوو لە زماندا پشت بە وردێتی زمان نابەستێت ، بەڵکو پشت بە وردێتی ڕێکخستنی چەمکی شتەکان کە دیراسەی لەسەر دەکەین دەبەستێ(١٠) . دەبێت ئەمە لەبیر نەکەین کە کاری زاراوەسازی یان دانانی زاراوەکان پێویستە هەموو کات لە چەمکەکانەوە دەست پێ بکات ، وەك باسکرا، پاشان پێناسە ئنجا هێمای زمانی ( زاراوە)، بۆ هەموو چەمکێك زاراوەیەك دابنرێ و لەگەڵ زاراوەی تر تێکەڵ نەکرێ و گونجان و تێگەیشتن لە توانست دابێت کاتێ کە یەك زاراوە بۆ یەك چەمك دابنرێت و بە پێچەوانەوەش ...

ئەركی پسپۆر لە زانستدا مامەڵە كردن لەگەڵ چەمكەكان و ڕوونكردنەوە و پێناسەكردنیانە و ئەركی زمانەوانیش هەڵبژاردنی زاراوەكانە ( وشە یان هێمای زمانی ) بە پێی دەستوورەكانی دانان كە لە زمانەكان و زانستی زاراوەسازی تیۆری ناسراوە ، پاشان وەسفكردنی بەكارهێنانی ئەو وشانە ، ئنجا دەوری زاراوەسازی پسپۆر لە زانستی زاراوەسازیدا دێت ، كە ئەوانەی وتران ، بەسەر دەكاتەوە و بڕیاری زاراوەیەكی گونجاو و ڕێكوپێكی بۆ دەدات ، بۆ بەكارهێنان بە پێی ئەو ڕێبازانەی كە زانستی زاراوەسازی و پێوانەیی بڕیاریان لەسەر داوە ، بەمەش وردبینی و واتا لە بواری زانستی و زمان و ژیربێژی بۆ زاراوەكانمان دابین دەكەین.

پرۆسەی پێوانەیی زاراوە لە زانستی زاراوەسازیدا ، بە دوو لایەن بە ئەنجام دەگەیێنرێت : لایەنی ژیربێژی ( مەنتق ) و لایەنی زمانەوانی ( اللغوي ) لایەنی ژیربێژی ، چەمكەكان دەگرێتەخۆ ( وێناكردنە ئاوەزییەكان — التصورات الذهنية ) بە پێوانەیی و یەكخستن ، لایەنی زمانەوانیش بریتییە لە ڕێگاكانی دانانی زاراوە و لێكۆڵینەوەی بنیاتی زاراوەی ئینگلیزی ، ئەگەر بۆ ئەو چەمكە تازەیە زاراوەیەكی ئینگلیزی هەبێت لەوانەیە ببێتە ڕێگە خۆشكەر و یارمەتیدانێك بۆ پێشنیار كردنی زاراوەیەكی گونجاو بەرانبەری(١١). لەمەڕ چۆنێتی مامەڵە كردن لەگەڵ چەمكی جیاوازدا و دانانی زاراوەی گونجاوی یەكگرتوو و بلاۆكردنەوەیان ... هتد . ئەو چەمكانەش دەتوانرێت لەسەر سێ شێوەبن كە ئەمانەن :

**یەكەم :**

چەمك هەیە پێمان گەیشتووە ، كەرستەكانی لە لامان ناسراوە و بلاۆوە ، ئەمیش دوو بەشە:

١- چەمك كە زاراوەی كوردیی هەیە و ئەمیش دوو بەشە لە ڕووی ژمارەی ئەو زاراوانەی بۆ دەلالەت لەسەركردنی دانراون:

أ- چەمكێك كە یەك زاراوەی كوردیی هەبێت ، ئەم زاراوەیەش لە لای گشت كەسێك بلاۆ وناسراوە ، یان وەرگیراوە یان لە زمانێكی ترەوە هاتۆتە نێو زمانی كوردی ، یان كوردییەكی پەتییە یان وشەیەكی گشتییە .

ب- چەمكێك كە ژمارەیەك لە زاراوەی كوردی یان وەرگیراوی هاوواتای هەبێت ، ئەو زاراوانەش بۆ ئەوەی لە هاوواتا ڕزگارمان بێت پێویستیان بە چارەسەر هەیە.

٢- چەمکێك کە هێشتا زاراوەی بڵاو وناسراوی نەبێت ، وەك ( ڤیدیۆ ، دی ڤی دی ، ... ) ئەم جۆرەش بە دانانی لە ژێر دەستی لیژنەی زانیاری و هونەری تایبەت ، بۆ دانانی زاراوەی کوردی بۆیان دەبێت زوو چارەسەر بکرێت .

دووەم :

چەمکێك تازە لە دەرەوە دانراوە یان تازە دانراوە و کەرەسە و چەمکەکانیمان هێشتا پێنەگەیشتوون ، ئەمیش دوو جۆری هەیە :

أ- چەمکی شتە مادییە هەست پێ کراوەکان.

ب- چەمکی تیۆری مەعنەویی ڕووت ، هەروەك لە بواری زانستە ڕووتەکان دا .

سێیەم :

چەمکێك کە خۆمان و زاناکانمان لە توێژینەوە زانستییە تایبەتییەکاندا دەیدۆزینەوە .

**ڕوونکردنەوە و پێناسەی زاراوە :**

زاراوە وەك لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بۆ کردووە ، واتایەکە ئاماژە بۆ ڕێککەوتن دەکات ، ئەم واتایەش ئاماژە بۆ تایبەتییەکی گرنگیی زاراوە دەکات ، کە ئەویش ڕێککەوتنە لەسەر واتایەکی تایبەتی بۆ زاراوە دووای جیاوازیکردن لە واتاکەی وەك ئەوەی ، زاراوەکە لە ناکۆکیدا بێت تا واتا زانستییەکەی بە شێوەیەکی ڕوون لە نێوەرۆکەکەیدا دەربکەوێت . ئەمەش بۆ تایبەتێتی ڕێککەوتن تایبەتێتی ڕوونی و زانستی پێدەبەخشێت .

ئەم تایبەتییانە کاتێك لە وشەیەکدا کۆ دەبنەوە بۆ گەیاندنی یا ئاماژە بۆ کردنی واتایەکی تایبەتی کە گوێی لێدەگیرێ لە هەلومەرجی بەکارهێنانیدا تا دەبێتە زاراوە ، بەڵام دووبارە بوونەوە و بەردەوامی لە مێژوودا ئەوە وا لە وشەکە دەکات ببێتە زاراوە و واتا تازەکەی بچەسپێنێ .

ئەوەی لە نێو ئەهلی زانست و هونەردا ( زاراوە )ی پێدەگوترێت ، چەند وشە و دەربڕینێکی تایبەتین کە بۆ گەیاندنی واتایەکی تایبەتی دانراون ، یان لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی لەهەر زانست و هونەرێکدا، وردەوردە واتایەکی تایبەتییان بەسەردا بڕاوە، شێوەی زاراوەیان وەرگرتووە . چەمکەکانی زاراوەش وەکو چەمکە زمانییەکانی وشە ، یان دانانین — واتا ، بە خواست و مەبەستێکی تایبەتی دادەنرێن ، یان بە مانایەکی دیکە ( دانانی )ن ، و وشەیەك وردەوردە واتا و چەمکی زمانەوانی خۆی لەدەست دەدات و لە زانستێکدا ڕەوشی زاراوە بەخۆوە دەگرێت .

هەڵبەت بە شێوەیەکی گشتی ، واتای زاراوەیی وشە ، لەگەڵ واتای زمانەوانی وشە دەگونجێت ، بۆ نموونە زاراوەی (ڕۆژوو) و (نوێژ) لە شەریعەت دا ، بە واتای ئەنجامدانی کارێکی تایبەتی ، یان ڕەوش و دەستوورێکی تایبەتییە ، کە بەڕێز لە ڕووی زمانەوە دەست لێهەڵگرتن و دوعا دەگرنەوە ، بەلاّم ناکرێ بە هەموو دەست بەرزکردنەوە و نزایەك بگوترێ ( ڕۆژوو ) و( نوێژ ). ئەوە بۆ هەموو زاراوەیەك ، لەوانە زاراوەکانی سۆفیگەریش ، ڕاستە ، وەکو چۆن بابای سۆفی لە کاتی جەزبە وحاڵ لێهاتندا چەند وشە و دەربڕینێکی بەسەر زاردا هاتووە ، یان شێخە گەورەکان بە نیازی پەنددادان و ئامۆژگاریی کردنی مریدان ، چەند وشە و دەربڕینێکیان گوتووە ، کە بەهۆی دووبارەکردنەوە و زۆر بە کارهێنانەوە وردەوردە شێوەی زاراوەیان وەرگرتووە . هەندێك شاعیرانی سۆفی مەشرەبیش بە سوود وەرگرتن لە خواستن و درکە و خوازە ، چەند دەربڕینێکیان هێناونەتە کایە ، کە لە شێوەی هێمادا بوون ، پاشان وردەوردە شێوەی زاراوەیان بەخۆوە گرتووە(١٢) .

زاراوە کە گرنگییەکی زۆری لە گشت بوارەکانی زماندا هەیە نیشانەیەکی بێ گیانە و ڕەمزێکی ئامێرییە و هیچ ئەرکێك جگە لە مانا بۆبەکارهێنراوەکەی بەرێوە نابا ، هەروەها هیچ کەسێك بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی زاراوەی بێگانە وەربگرێت و دارشتنەکەی بگۆڕێت و زمانە نەتەوایەتییەکەی پێ پینە بکات و بەئارەزووی خۆی ماناکەی بسازێنێ و بە زۆرە ملێ بەسەر چەمك و مەفهومێکی جیاوازدا بیسەپێنێ(١٣) و زمانەوانەکانیش بە درێژایی مێژووی زمانی مرۆڤایەتی چ یۆنانی و ڕۆمانی بن ، چ عەرەب لەسەر ئەوە یەکدگیرن ، کە زاراوە وشەیەکە ، ئەمڕۆ زاراوە لە هەموو ڕوویەکەوە ، وەك زانستێکی بایەخدار لە گەلێك لە زانکۆ بە ناوبانگەکاندا دەخوێنرێت لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر دەکرێت و کۆبوونەوەی ساڵانەی جیهانی بۆ دەگیرێت . زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسەنی پوخت و پاراو ، هەرچەندە لە زاراوەی زانستی مرۆڤایەتی و تەکنەلۆژی دا هێشتا فرەنەدارە ، بەلاّم زمانەکەی خۆی وەك زۆربەی زمانەکانی هیند و ئەوەروپایی بۆ فراوانبوون و زاراوە سازکردن گەلێك لە بارە(١٤). کەواتە لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ هەندێ پێناسەی

جۆراوجۆری زاراوه چ لـه لای زمانـەوانی کورد چ لای بێگانه بکەین .

لێـرەدا دەبـێ هەوڵـدەین ئامـاژه بـۆ پێناسەی جیاواز بکەین و بپرسـین زاراوه چییه و چ نیشانەیەك لە جۆرەکانی وشـه جیـای دەکاتـەوه ؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئەمەش دەبێ پەنا بەرینه بەر زمانەکانی تر تا بزانین به چـی وەڵام دراوەتـەوه ؟ ، زانایەکی وەك ( الـشريف الجرجـاني) کـه واژەی (الاصطلاح )ی به زمانی عـەرەبی دانـاوه پێناسـەی کـردووه و دەڵێـت : (الاصطلاح )واتـا زاراوه — ڕێککـەوتنی تاقمێکه لە کۆمەڵانی خەڵکی دەربـارەی ناونانی شتێك یاخود کارێك به وشـەیەك کـه لـه واتایەکـەوه بـۆ واتایـەکی تـر گوازرابێتەوه . دوا به دوای ئەم زانایـه ( الکفـوی ) لەسـەر هـەمان ڕێـچکه هەنگاوی نـاوه و پێناسـەی (الاصـطلاح )ی بـه دووپاتکردنـەوەی قـسەکانی (الجرجـانی) کـردووه، سـەرەڕای ڕوونکردنەوەیـەکی تـازەی لایەنـەکانی پێناسەکه به باسـکردنی ئـەوەی : زاراوه وشەیەکی تایبەتییـه ، لـه بابـەتێك لـه بابەتەکانی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و شارستانییەت و لە کاروباری ڕۆژانه دا و بـەهۆی ئەوانـەی پێوەنـدییان بـەو بابەتەوه هەیه و بـەکاری دەهیـنن(١٥)، لەبـەر ئـەوه لێـرەدا دەتوانرێـت هەنـدێ چەمك بۆ زاراوه دەستنیشان بکرێت :

١- زاراوه چەشنێکه لە وشه .

٢- زاراوه تاقمێك لە کۆمەڵانی خـەڵکی سازیدەکەن و بۆ ئیش و کـاری تایبـەتی خۆیان بەکاری دەهێنن .

٣- ڕێبازی سەرەکی لە ڕێبازەکانی دانان و لـه دایکبـوونی زاراوه ، گواسـتنەوەی وشەیەکه لـه واتایەکـەوه بـۆ واتایـەکی تازەتر ، کەوابوو هەموو وشـەیەك زاراوه نییه ، بەڵام هەموو زاراوەیەك وشـەیەکه و ئەم وشەیەش سـنوورێکی تەنگەبـەری هەیه ، کـه بـه بـەکارهێنانی لـه لایـەن تاقمێـك لـه خـەڵکی لـه کۆڕێـك لـه کۆڕەکانی ژیاندا شوورەی کێشراوه و لـه وشـەی فەرهەنگییـەوه وەرگـیراوه(١٦)(١٧)، ئەمـه و چـەندان خەسڵەتی تر بۆ زاراوه لـه ئـارادان و لـه هـەموو زمـانێکی زیندووشـدا ئـەو تایبەتییانـه بەرچـاو دەکـەون ، چـونکه زاراوه وەك لە گشت زمانێکی زینـدوودا ، بەشێکی زۆری وشـەکانی ئـەو زمانـه دەگرێتـەوه ، ئـەم بەشـەش بابەتـەکانی زانست و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونـەر و ئـابووریی و سیاسـەت و ... هتـد ، دەگرێتەوه .

زاراوه بنـچینەی زمـانی سـتانداردی نەتەوەیـه ، دیالێکتـەکانی لێـك نزیـك

دەکاتەوە پێوەندییان بە هێزتر دەکات ، دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی دەربڕین و بنچینەی ئامراز و هزر و بیر و داهێنان بۆ نەوەکانی داهاتوو بە یەکگرتوویی(١٨) هەروەها زاراوە بە گشتی بەوە پێناسە دەکرێت : کۆمەڵێك هێمای زمانین ، لەبوارەکانی زانستی یان تەکنەلۆژی ئاماژە بۆ چەندین چەمك و شت دەکەن .

ڕێکخراوی پێوانەیی نێودەوڵەتی بەوەی پێناسە دەکات : زاراوە هێمایەکە لەسەری ڕێککەوتوون بۆ گەیاندنی چەمکێك لەچەندین دەنگی تێکبەستراو یان لە وێنەی نووسراوی ئەم دەنگانە (پیتەکان ) پێك دێت . بۆیەپێویستە دوو مەرجی سەرەکی تێدابێت :

١- پێویستە هەر چەمکێك یان شتێك بە زاراوەیەکی سەربەخۆ دەربڕدرێت .

٢- زیاتر لە یەك زاراوە بۆ چەمکێك یان شتێك دانەنرێت ، بەلاّم بەگشتی ئەم دوو مەرجە لە زمانی کوردیدا سەدی سەد لە زۆر زاراوەدا نەهاتۆتە دی ، لەبەر ئەوە زۆر جار دەبینین یەك زاراوە بۆ چەندین واتای جیاواز بەکاردێت ، کە جۆرێك تەمومژی واتایی دروست دەکات ، زمانناسان بەم دیاردەیە دەڵێن هاوبێژی یان هاودەنگی و هاوبەشی لە بێژەدا(١٩) . لە پێناسەیەکی تری زاراوەدا هاتووە : زاراڤ د ئەزمانیدا ، پەیڤەکە یان ژ پەیڤەکێ پترە ، دیار کرنا ڕامانەکا تایبەتی و خۆمالی ددەت ، و ئارمانجەکا دیارکری دگەهینیت ، لەورا ( زاراڤ ) ڕامانەکا دورتر کورتر ژ ڕامانا پەیڤا ئاسایە خویا دکەت ، و مەودایەکە بەرفرەهتر وەردگریت و جوانیەکا باشتر ددەتێ .. هەبوونا زاراڤ دناڤ هەر ئەزمانەکی دا ، نیشان و سیفەتا هیز و شیان و پێڤە هاتنێت وی ئەزمانێیە و کەڤناتی و ڕەسانەیەتی وەراو و گەش و بوونا بەردەواما وی ئەزمانی دیار دکەت(٢٠) ... هەروەها لە جێگەیەکی تریشەوە لە بارەی زاراوەوە وتراوە : زاراوە وشەیەکە کۆمەڵێك پسپۆر بۆ مەبەستێکی زانستی ڕایان دەکەن بەیەك و دایدەنێن ، دەشبێ بۆنە یان هاوبەشی یان وێکچوونێکی زۆر یان کەم لە نێوان مانا زمانییەکەی و مانای زاراوەییەکەیدا هەبێت(٢١) و لەگەڵ ئەوەشدا ، ( زاراوە ) تەنها ( شێوە )ی چەمکە زانستییە نوێیکانە و بە زۆری کرۆکی ئەو ڕاستییە زانستییە دەپێکێت ، کە دەمانەوێ دەری بڕین ، بەلاّم وای لێ هاتووە گرنگترین کۆسپ لە ڕێی کورداندنی خوێندنی بالاّدا ، دۆزینەوەی زاراوەی کوردیی ئەوتۆیە ، کە لەگەڵ ئەو وشە و چەمکە زانستییە بیانیانەدا

بگونجێ ، چونکە زاراوە هۆی سەرەکیی دروستکردن و ڕێکخستن و گەشەپێکردنی زانستە(٢٢) .

زاراوە چەشنە وشەیەکە و گواستنەوەی وشەیەکە بۆ واتایەکی نوێتر ، زاراوە وشەی فەرهەنگیی سەر زمانی خەڵکی نییە ، بەڵکو وشەیەکی نوێباوە بۆ واتایەکی نوێ ، لە کۆڕێکی زانستی یان ڕوناکبیری سەردەمدا سازکراوە . زاراوە واژەیەکی بابەتییە ،پسپۆرەکان لەسەری ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراوی زۆر بە وردی و ڕوونی پێ دەربڕن ، بەجۆرێك لە بواری دەقە زانستییەکەدا هیچ شێواوی و ئاڵۆزییەك لە بیری خوێنەر و گوێگردا پەیدا نەکات.

خاڵێکی گرنگ بۆ ئەوەی ( زاراوە ) بە ( وشە ) بناسێنین دەبێ ( ئاوەڵناوی ڕەسەن )ی بخەینە پاڵ و بڵێین : زاراوە وشەیەکی ڕەسەنە و ئەو وشەیەش بە گشتی سێ بەشە ، ئامراز و ناو و فرمان ، لەبەر ئەوەی ئامراز و فرمان بۆ زاراوەسازی دەست نادەن ، دەبێ واژەی ( وشە ) لە پێناسەکەدا بکەین بە ( ناو ) و بڵێین : زاراوە ، ناوێکی ڕەسەنە(٢٣) .

لەبەر ئەوەی زاراوەسازانی کورد لە کاری زاراوە و پێناسەکردنیدا یەك ڕانین ، بۆیە لەم بوارەدا دوو دیاردەی نابەجێ بەرچاو دەکەوێت:

یەکەم : بەهەڵە داتاشینی زاراوە .

دووەم : دانانی لە زاراوەیەك زۆرتر بۆ یەك واتا .

لەئەنجامدا دەگەینە ئەوەی ، کە :

١- زاراوەی کوردی ، ناوێکە ، دەشێ ( سادە ) و دەشێ ( ناسادە )بێت .

٢- ئەم ( ناو )ە وشەیەکی کوردی ڕەسەنە .

٣- پێویستە ، لە نێوان زاراوە و واتاکەی پێشووی جۆرە پێوەندییەك هەبێت .

٤- دەبێ ( هەر زاراوەیەك ) تەنیا بۆ یەك مەبەست دانرابێت .

٥- دەبێ ( زاراوە )کە لەبەر ڕوناکایی یەکێك لە ڕێبازەکانی پەیدابوون و سازکردنی ( وشە )ی کوردیدا سازکرابێت .

٦- نابێ خەڵکی ناپسپۆڕ ( زاراوە ) لە زماندا ساز بکەن .

٧- ( زاراوە ) تایبەتە بە بابەتێك یان لایەنێکی زانیاری و ژیاری و ڕوناکبیری(٢٤)(٢٥).

کەواتە بە پێی ئەم خاڵانە ، دەتوانین زاراوەی کوردی بەم جۆرە پێناسە بکەین: زاراوە ناوێکی ڕەسەنە ، لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە بە پێی ڕێبازێکی وشەسازیی کوردی ، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە کۆڕی پسپۆریتیدا سازکراوە .

هــەروەها ئەگــەر ســەیری هەنــدێ سەرچاوەی تر بکەین لە بارەی زاراوەوە ، دەبینین ئاماژە بۆ ئــەوە دەکــەن : زاراوە واژەیەکە ، وشەیەك یان چــەند وشــەیەك کە چەمکێك هەڵدەگرێت مادیی بێت یان مەعنــەویی یــان وشــەیەك یــان چــەند وشەیەکە ، کە خاوەنی واتایەکی زانستی یان ژیاری بێــت(٢٦)، زاراوە وەك بینــرا ڕێککــەوتنی کۆمــەڵێك خەڵکــە لەســەر زاراوەیەك ، بۆ بەکارهێنان و ناونانی ئەو شــتەی کــە دەیانــەوێت دەری بــڕن لــە کاروبــاری ڕۆژانەیانــدا ، لەبــەر ئــەوەی زاراوە وێنەیــەکی چــڕی ئــەو پێوەندییــە ئەندامییەیە ، لە نێوان ئــاوەز (عقــل) و زماندا ڕاوەستاوە ، هــەروەها پێوەنــدیی بــە دیــاردە زانیارییەکانــەوە هەیــە ، زاراوەش لە هەر زانستێ ، لە زانستەکان بە ناوکی چــەق دادنرێــت ، کــە لایــەنی ڕۆشنایی زانیاریی پێ بــەردەوام دەبــێ و هێنــانی فیکــری پــێ دەچەســپێت(٢٧)، هــەموو ئەمــەش بــۆ پێکــەوە بەســتنی ژیاری نەتەوەکانە .

پێناسەی تازەی زاراوە دووپاتی ئەوە دەکاتــەوە ، مێــژووی زاراوە ، مێــژووی زانــستەکانە ، هــەموو زانــستێکی تــازە پێویــستی بــە زاراوەی تــازە دەبێــت و، هەموو وێناکردنێ ( تــصور ) تــازەش وا لە خاوەنەکەی دەکــات ، زاراوەی تــازەی بــۆ دروســت بکـــات ، یـــەکێ لـــە تایبەتییــەکانی زانــستە سروشــتییەکان ئەوەیە ، کە پەرەسەندنێکی بەردەوامیان هەیــە ، ورد و ڕێکــوپێکن ، شــایەنی خۆگەیاندنی ماوەیــەکی دوور و درێــژیان هەیە ، بۆیە پێویستە و دەبێــت بــۆ ئــەو زانستە هەمان ئەو زاراوانــە هــەبێت بــە هــەمان تایبــەتی ئــەو زانــستە(٢٨) . هــەروەها پێناســەیەکی تــر لــە بــارەی زاراوەوە دووپاتی ئــەوە دەکاتــەوە ، کــە زاراوە لە نەژاد دا ڕێککەوتنی توێژەرانــە لەسەر هەڵبــژاردنی بــۆ دیــاریکردنی لــە بارەی چەمکێکی دیاریکراو لە زانستێك یان هونەرێکی دیاریکراو . زۆر جــاریش زاراوە بە شــێوە واژەیــەکی تــاك دێــت ، وەك فەرهەنگ ، جێناو ... یان ، چــەند وشەیەك وەك ، ئەنــدازیاری کارەبــایی ، زانستی زەویناسی .... هتد .

زاراوە بریتییــە لــە وشــەیەك یــان کۆمەڵە وشەیەك لە زمــانێکی تایبــەتی زانستی یان تەکنیکی ، بۆ دەربــڕین لــە چــەمکەکان و ئامــاژە بــۆ کردنــی شــتە مادییە دیاریکراوەکان بــەکاردێت . بــەم واتایە زاراوە دەبێتە گوزارشت کــردن لــە چەمکەکان و شــتە مادییــەکان ، بــەڵام ڕاوبۆچــوونی گونجــاو لــە لای پــسپۆڕانی زانستی زاراوەســازیی ئەوەیــە کــە ، تــا ڕادەیەك لە لایەن گــۆکردن و ڕێنووســەوە

کۆکن دەربارەی وشەی ( زاراوە ) لە زمانە جیاوازەکان بەم شێوە جیاوازە دەینووسن و گۆی دەکەن ، بە ئینگلیزی و هۆڵەندیی و دانمارکی و نەرویجی و سویدی وشەی ( Term ) و بە ئەڵمانی وشەی ( Trem )و بە فەرەنسی ( Terme )و بە ئیتاڵی (Termine )و بە ئیسپانی و بولگاری و رۆمانی و سلۆڤینی و چیکی و پۆڵەندی( Terminos )و بە پورتوگالی ( Termo)و بە رووسی (Termin )ی پێ دەڵێن ، وشەی تری زمانە ئەوروپییەکان کە سەر بەهەمان بنەماڵەی زمانن(٣٠). لە لای عەرەبیش وەرگیراوە بە( اصطلاح ) و ( مصطلح )(٢٩) و لە زمانی کوردییشدا بە ( زاراو) و(زاراوە )بەکارهاتووە ، بەلاَم هەر وشەی ( زاراوە )کە چەسپاوە . کەواتە زاراوە بەهەر شێوەیەك بنووسرێت و گۆ بکرێت ناونانێکی زمانی دەسەپێنێ(٣١) ، کە لە زمانێکی تایبەتیدا چەمکێکی دیاریکراوە.

**جیاوازیی نێوان چەمك و زاراوە :**

لەم چەرخەی ئێستادا ، زاراوە بۆتە باسی زانستێکی سەربەخۆ ، کە بە زانستی زاراوەسازی ناودەبرێت و بە شێوەیێکی زانستی لە چەمکەکان و زاراوە بەکار هاتووەکان لە زمانێکی تایبەتی دەکۆڵێتەوە ، زاراوەسازیش ( Terminology ) وەك زانستێك بایەخ بە دارِشتنی زاراوە و دیاری کردن و دروستکردنی دەدات . کەواتە زاراوە = نێوەرۆك ( پلەیەکی واتایی ) + دەربرِین ( دارِشتەیەکی زمانی گەیەنەری )ە ، یان هێمایەکی رێککەوتییە بۆ تێروانینێك لە دەنگی گۆکراو یان شێوە کە بە نووسین دەردەبرِێت ( بە پیت ) پێك دێت.

زاراوە لەوانەیە وشەیەك یان دەستەواژەیەك بێت ، ئەگەر چەمك نواندنی بیری شتێك بێت ( هەست پێکراو یان روون ) یان بۆ پۆلێك کە سیمای هاوبەشی هەیە و بە زاراوەیەك یان هێمایەك گوزارشتی لێ دەکات . زاراوە هەر یەکەیەکی ( زمانی ) واتاییە کە لە وشە پێك هاتووە ( زاراوەی سادە ) یان چەند وشەیەك ( زاراوەی لێکدراو ) ، کە بەچەمکێکی دیاریکراو ناو دەبرێت بە شێوەیەکی یەك لا لەناو بوارێکدا یان چەمکێکی تایبەتی ، بریتییە لە وێناکردنێکی ئەرکی بۆ تایبەتێتی زانیاریی زاراوەکە(٣٢) ، ئەم دەستوورانە ، زاراوە لە پێوەندیکردنی بە چەمکەوە زیاتر لێڵ دەکات ، چەمکیش لە میانەی پێناسەکانی زاراوەدا لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا لە زاراوە تایبەتیی ترە و

به واتای وێناکردن ( التصور ) بەکاردێت ، چونکە چەمکەکان مەرجی بەردەوامی و کرۆکیی زمانن و لە ڕێگەیەوە مرۆڤ جیاوازی لە نێوان شتێك و شتێکی تردا دەکات .چەمکەکانیش پێویستیان بە جۆرە ڕێکخستنێك هەیە بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو پارچەکانی .

زاراوەش بریتییە لە چوارچێوەی وێناکاری (تصوریە ) و گوزارشتی چەمکەکان . زاراوەکان بە پێی ئەوەی دەرکیان پێدەکەین هێمان بۆ چەمکەکان ، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە چەمکەکان لەڕوانگەی تایبەتێتی چەمك دەربارەی زاراوە لەپێش زاراوەکان دۆزراوتەوە و دروست بووە ، لەبەر ئەوەی زانستی زاراوەسازی، زاراوەکان بە چەمکەکانەوە دەبەستێت ، نەك بە پێچەوانەوە ، هەر لەبەر ئەمەش بایەخ بە سیستەمێکی چەمکی ڕەها نادات ، بەلاّم لە پێناوی ئاسنکاریی بەردەوامی تەنیا بایەخ بە سیستەمە دانراوەکە دەدات ، بەلاّم ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەو پێوەندییەی نێوان چەمك و زاراوە و لادان و نەهێشتنی ئەو تێکەڵییەی نێوانیان و لایەنی جیاوازییان بەسە؟ .

ئەوەی لەبارەی پێناسەی چەمك و زاراوە ڕوونمان کردەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تێکەڵییەی کە لێیەوە کەوتینە باسکردنی ، مەبەست دیاریکردنی جیاوازیی نێوان چەمك و زاراوەیە، لێکۆڵینەوەی یەکەی چەمك و تایبەتییە بنچینەییەکەی لە دەوروبەری فەلسەفیدا و یەکەی زاراوە تایبەتییەکەیەتی لە دەوروبەری زمانەوانیدا، وای لەو دوو یەکەیە کردووە ، لە واتاکانیاندا لێڵی هەبێت ، بەقەد ئەو لێڵییەی نێوانیان و بەکارهێنانیان و باوی هاوواتایی نێوانیان بە ئاسانی و ڕوونی دەبینین ، تەنانەت ئەو فەرهەنگ و پێناسانەی ، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا بکەن بایەخیان بە دیاریکردنی واتای نێوان چەمك و زاراوە داوە ، هەردوو چەمك و زاراوەیان وەك هاوواتایەك کردە ناونیشانی نووسینەکانیان(٣٣). هەروەها لەوانەی بۆ دیاریکردنی زاراوە لێکۆڵینەوەیان لە باری زانستی زاراوەسازیدا کردووە ، جیاوازییان لە نێوان زاراوە و چەمك کردووە ، کە دەڵێن زاراوە دیاری کردنی چەمکێکە لە شێوەی پیتە یان ژمارە یان نووسینی وێنەیی یان داهێنانێك لەم ڕەگەزانە ، لە میانەی ئەمەدا بینییان زاراوە پێوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ چەمك هەیە و ، لەم ڕوانگەیەوە دیاری کردنێکیان پێشکەش کرد کەچەمکەکان زاراوە نین(٣٤) لێرەدا باسەکە ئەوە نییە چەمك بە پلەی یەکەم سەر بە فەرهەنگی

فەلسەفییە ، پاشان پەرەیسەند و لە بواری زمانەوانیدا ، وەك هاوواتایەکی زاراوە لە بوارە جیاوازەکاندا و دیاریکردنی جیاوازیی نێوان چەمك و زاراوە و پێوەندیی نێوانیان ، کە گشت زمانەوانەکان دانی پێدادەنێن بەکار دەهات ، کەچی تێکەڵیی دیاری کردنی ئەو جیاوازییە لەبیر ناکەن ، لە دەرەوەی چوارچێوەی نێوان چەمك و زاراوە بەیەك واتا بەکاردێنن .

ئەو جیاوازییەی بینیمان لە ئاکامیدا ئەوە دروست دەبێت ،ئەو دانەیەی ناو دەنرێت ( چەمك ) دانەیەکی تر دەتوانێ لە دەربڕینی هەمان واتا هاوبەشی بکات لەگەڵی ، بەلاّم ئەو دانەیەی ناو دەنرێت ( زاراوە ) ئەو دانەیە هەر ئەو واتایە دەردەبڕێت و سەر بۆ هاوواتا ناکێشێ ، ئەمەش تایبەتێتی زاراوەیە(٣٥) . کاتێ کە وشەیەکی یان زاراوەیەکی وەك ، ڕۆشنبیریی ، ژیار ، دیموکراسی ، فیدراڵی ، ... بەکار دێنین ، ئەمانە چەمکن بریتییە لە واتایەك ، پێکهێنانی و خڕکردنەوەی بە وشەیەك قورسە ، لەبەر ئەوە توێژەر بۆ هەر یەك لەوانە بە سەدەها پێناسە دەدۆزێتەوە ، سەرەڕای ڕێککەوتنی نێوانیان لەسەر دابەشە هاوبەشەکانی ، کە پێوەندە بە واژەکەوە (اللفظ ) ، ڕۆژێك دێت واتای ئەو وشانە یان ئەو چەمکانە تەسك دەبێت و بە واژەیەك دەردەبڕێت و دەبێتە زاراوە ، بەلاّم زاراوە ئەو توانستەی نییە لە پێناسەکردندا کراوەبێت و بلاّوبێت ، لەبەر ئەوەی سنووردارە و گشت واژەیەکیش لە پێناسەکردنیدا خاوەنی واتایە ، لەوانەیە داڕشتەی پێناسە بۆ زاراوە زۆر هەبێت ، بەلاّم هەموویان لە هاوبەشی تەنگەبەری و تەسکبوونی واتاکەیدا بەشداری دەکەن(٣٦)، بۆیە سنووری پێناسە وا دەکات زاراوە لە چەمك جیاوازبێت ،چونکە چەمك بەڕاییکردن (اجرائی ) پێناسە دەکرێت و ناتوانرێت بە ڕەها( حدیاً) پێناسە بکرێت ، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە ڕەها پێناسە کرا دەبێتە زاراوە ، بەلاّم زاراوە بە ڕەها پێناسە دەکرێت و دەتوانرێت بەڕاییکردنیش پێناسە بکرێت ، لە پێناو ڕوونکردنەوەی و نزیك -خستنەوەی لەگەڵ پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە جیای دەکاتەوە ، وەك زاراوەیەك چەمك دەتوانێت ببێتە زاراوە ، ئەویش بە پەرەسەندنی مێژوویی بەکارهێنانی ، هەروەها زاراوەش دەتوانێت ببێتە چەمك ، ئەویش بە پێی فراوانکردنی واتاکەی کاتێ پشتگوێ بخرێ ، وەك زاراوەیەك بەکارهێنانی بۆ واتایەکی گشتی تەشەنە بکا ، هەروەها دانە وشەیەك لە هەمان

کات دا دەتوانێ ببێتە زاراوە و چەمك ، بەڵاّم بە پێی سیاقی جیاواز ، هەروەها چەمك لە لایەن ئەوانەی ، کە بایەخی پێ دەدەن هەریەکێك لەوانە واتایەکی پێ دەدەن جێگەی جیاوازیی ومشتومڕە ، بەڵاّم زاراوە لە نێو ئەوانەی ، بایەخی پێ دەدەن جێگەی مشتومڕ و جیاوازیی بیر و ڕا نییە ، چونکە لە نێو ئەوانەی بەکاری دەهێنن دیاریکراوە ، هیچ کەسێکیش دەسەلاّتی بەسەر واتاکەیدا نییە(٣٧) .

سەرچاوەکانی چەمك و زاراوە :

دەتوانرێت سەرچاوەکانی چەمك و زاراوە بەسێ خاڵ دیاری بکرێن :

یەکەم - مێژوویی :

ڕوونە کە مێژووی تایبەتی بە میانەیەکی ( سیاقی ) دیاریکراو لە هەڵبژاردنی هەندێ وشەی زمانەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ ئەوەی ببێتە نیشانە لە نێوانیاندا و بتوانرێت لەو دەوروبەرانەوە لەو جۆرە زاراوانە تێبگەین .

دووەم - سەرچاوەی کەسی :

مەبەست ئەوەیە ئەوەی کە پێشنیازە و لە لایەن کەسێکی پسپۆر لە بوارێکی دیاریکراودا بەکاردێت وشەیەك دیاری دەکات بۆ ئاماژە بۆ کردنی واتایەکی دیاریکراو ، ئەو لەو حاڵەتەدا دەبێتە سەرچاوەی پێناسەکردنی ئەو زاراوەیەی ، کە دروستی کردووە .

ئەوەی دیاریکرد لە چەمك و زاراوە دەبێتە چوونە ژوورەوەیەك بۆ ناسینی بیرەکانی و تێگەیشتنی دەقەکانی ، لەوانە ئەو زاراوەیە داتاشین یان داڕشتن لە زاراوەیەکی کۆنەوە یان بەرهەمێکی تازەبێت .

سێیەم - سەرچاوەی دەق :

بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دەقەکە تایبەتییەکی زمانەوانی هەبێت و لە دەقەکانی تر جیاوازتربێت و هەندێ لەو وشانەی تێدا بەکاردێن و لە جێگا جیاوازەکاندا دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە کلیلێك بۆ تێگەیشتنی دەقەکە(٣٨).

پەراوێز و سەرچاوەکان:
١- د.مولاي علي بوخاتم ، مصلحات النقد العربي السيماءوي الاشكالية والاصول والامتداد ، ل٥١
٢- د.كامل بەصير ، زاراوەی کوردی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە ، ل١١.
٣. وێناکردن: مەبەست ( التصور)ە ، کە بە مانای ( هێنانەپێش چاو ، بەبیراهاتن ، ڕامان ، بیرلێکردنەوە ، تێڕوانین. ..) دێت .
٤ـ انترنيت / تربوي اون لاين : عبدالرحمن حللي ، المفهوم والمصطلح ( تعاريفه واختلافاته ومصادره ).
Tarbawy on line.com – mafahim 1.html
٥ـ انترنيت : صوت العربية www.alarabiyah.ws/section.php?getsectionid=3
0د.علي توفيق الحمد ، في المصطلح العربي ( قراءة في شروطه وتوحيده ) .
٦. انترنيت : تربوي اون لاين on line .com المفهوم والمصطلح ( تعاريفه واختلافاته ومصادره ) .
٧- رۆژان نوری عبدالله ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، ل١٧.
٨- د.علي القاسمي ، مقدمة في علم المصطلح ، ل٣٤.
٩. انترنيت : د.علي توفيق الحمد ، في المصطلح العربي قراءة في شروطه وتوحيده .
١٠. انترنيت : د.علي توفيق الحمد ، في المصطلح العربي قراءة في شروطه وتوحيده.
١١- د.محمد حلمي هليل ، خطوات نحو تقييس المصطلح اللساني في الوطن العربي ، بحث مقدم الى الندوة ( التقييس والتوحيد المصطلحيان في النظرية والتطبيق ) ، تونس ، ١٣-١٧ مارس ١٩٨٩ ، ل١٠ .
١٢ـ دكتر سيد جعفر سجادی ، فرهنگ اصطلاحات و تعبيرات عرفانی ، چاپی هشتم ، انتشارات طهوری ، تەهران ، ١٣٨٦ ، سرأغاز ، ص هفت .
١٣ـ د.كامل بەصير ، هۆنراوەی کوردی و زاراوەی کلاسیزم لە ڕەخنەسازی ئەوروپیدا ، گۆڤاری ( بەيان ) ، ژمارە ( ٧٥ ) ، بەغدا ، کانوونی یەکەم ١٩٨١ ، ل١٣ .
١٤- ئيبراهيم ئەمين باڵدار ، زاراوە و زمان لە کاروانی زانیاری ئەمڕۆدا ، گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژمارە ( ١١٢ ) ، ل٢١٧.

١٥. د.كامل بەصیر ، زاراوەی كوردی هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوە ، ل١٥-١٦.
١٦. هەمان سەرچاوە ، ل١٦-١٧.
١٧ـ د.كامل بەصیر ، پێناسینی زاراوە ، گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژمارە ( ١١١ )، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل٢١٧ .
١٨ـ محەمەد وەسمان ، گیروگرفتەكانی زاراوەدانان لە زمانی كوردیدا ، ل٥.
١٩. ڕۆژان نوری عبدالله ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی ، ل٢٣٤-٢٣٥.
٢٠. رشید فندی ، زاراڤێت ئەدەبی د مەم و زینا خانی دا ، گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژمارە ( ١١١ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل٣٠٣.
٢١. عبدالرزاق بیمار ، زاراوەكانی ناو كتێبانی قوتابخانەكان ،گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژمارە ( ١١١ ) ، ل٢٨٩. هەروەها بڕوانە : عەبدولڕەحمان عوسمان ، زاراوەزانی و زاراوەی زانستی كوردی ، گۆڤاری ( بانە ڕۆژ ) ، ژمارە ( ٢١ ) ، ل٦٣ .
٢٢ـ جەمال عەبدول ، بەركولێكی زانستە زاراوەسازی كوردی ، ل٦.
٢٣ـ جەمال عەبدول ،زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی كوردی ، گۆڤاری ئەكادیمی كوردی ، ژمارە ( ٧ ) ، ل١٨.
٢٤ـ جەمال عەبدول ، زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی كوردی ، گۆڤاری ئەكادیمی كوردی ، ژمارە ( ٧ ) ، ل١٨٤- ١٨٥ .
٢٥. هەمان سەرچاوە ، ل١٨٤-١٨٥.
٢٦ـ انترنیت : منتدى اللسانيات : منتدى المصطلح اللساني ، محمد احمد ، المصطلح العلمي بين السيرورة والاندثار .
٢٧ـ د.مولاي علي بوخاتم ، مصطلحات النقد العربي السيماءوي الاشكالية والاصول والامتداد ، ل٣١
٢٨ـ محمد كامل حسين ، القواعد العامة لوضع المصطلحات العلمية ، مجلة مجمع اللغة العربية بالقاهرة ، الجزء ( الحادي عشر ) ، القاهرة ، ١٩٥٥ ، ل١٣٧ .
٢٩ـ د.محمود فهمي الحجازي ، الاسس الغوية لعلم المصطلح ، ل٩.
(*) هەروەها لە بارەی هەندێ پێناسەی تری زاراوە ، بڕوانە :
أ- قاسم السارة ، تعريب المصطلح العلمي ( اشكالية المنهج ) ، مجلة ( عالم الفكر ) ، المجلد التاسع عشر ،

العدد الرابع، وزارة الاعلام ، الكويت ، ينـاير – فبرايـر – مـارس ١٩٨٩ ، ل٨٣–٨٤.
ب– د. ابـــراهيم كايـــد محمـــود ، المصطلح ومشكلات تحقيقه ، مجلة ( الـتراث العربـي ) ، العـدد ( ٩٧ ) ، الـسنة (٢٤) ، دمـشق ، اذار ٢٠٠٥ ، ل١٧–١٩ .
ج – شـحادة الخـوري ، دراسـات في الترجمـة والمـصطلح والتعريـب ، الطبعـــة الثانيـــة ، دار طـــلاس للدراسات الترجمة والنشر ، دمشق ١٩٩٢، ل١٧٢.
٣٠ـ د.محمـود فهمـي الحجـازي ، الاسس الغوية لعلم المصطلح ، ل٩.
٣١ـ د. اينـاس كمـال الحديـدي ، المـصطلحات النحويـة في الـتراث النحـوي في ضـوء علـم الاصـطلاح الحديث ، ل٣٢.
٣٢ـ انترنيـت : تربـوي اون لايـن on line .com المفهـوم والمـصطلح ( تعاريفـه واختلافاتـه ومصادره ) .
٣٣ـ انترنيـت : تربـوي اون لايـن ، المفهـــوم والمـــصطلح ( تعاريفـــه واختلافاته ومصادره ) .
٣٤ـ د.مـــولاي علـــي بوخـــاتم ، مصطلحات النقد العربي السيماءوي الاشكالية والاصول والامتداد ، ل٤١.
٣٥ـ شـحادة الخـوري ، دراسـات في الترجمـة والمـصطلح والتعريـب ، ل٧٣.
٣٦ـ د.اينـاس كمـال الحديـدي ، المـصطلحات النحويـة في الـتراث النحـوي في ضـوء علـم الاصـطلاح الحديث ، ل٣٢ .
٣٧ـ انترنيـت : تربـوي اون لايـن ، المفهـــوم والمـــصطلح ( تعاريفـــه واختلافاته ومصادره ) .
٣٨ـ انترنيـت : تربـوي اون لايـن ، المفهـــوم والمـــصطلح ( تعاريفـــه واختلافاته ومصادره ) .

## ئەرشیفی زمانناسی

# گەردانی ـ بوون

ئەرشیف

رەئووف ئەحمەد ئالانی

لـە دەربازگـەی بڕوامـەوە ـ بـە زمـانی یـەکگرتوی ئـەدەبیی کـوردی ـ جـار بەجاریَ هەڵەی باو دەخەمـە بەرچـاو... کاتیَ سامالیَ زمانی نووسین دەردەکەویَ کە ـ بۆ پـیَ فیَربـوون و پـیَ فیَرکردنـی، لەژیَر رکیَفی دەسـتووری دابینکـەردابیَ، دەنا لـە وزەی دوو تـویَی هـیچ کتیَبیَـك نیە، ئەوەی سەرجەمی خەلکی ـ لەکاری رۆژانەیانـدا ـ قـسەی پیَدەکـەن، بەگرامـەریَکی گونجـاو بکریَتـە خـوانی بەردەمی ـ مەردومگەلەکە،

بـڕوام وایـە کـە زۆر دەقـە زمـانی لەئاخاوەتنـدا بەحـەلاَلی دەقۆزیَنـەوە ، بەلاَم لە نووسـیندا حـەرامن کـارم بـەو نووسەرانەوە نیە کـە بەهەڵـەی خۆیانـدا ناچـنەوەو بـەناوی سەلیقەسـازی، چـیان بەدەم خۆش بیَ ئاواشی دابریَژن.

ئەگـەر چـی لیَکۆلینەوەکـەم لایـەنیَکی زانستانەیە ، بـەناڕەوای نـازانم کـە ئـەم کۆڵە سەرگوزشتەیەی تـیَ چـیَن بکـەم : منداڵ بووم و ــ لە گوندەکـەی جارانمـان ــ بۆیان دەگیَڕامەوە:ـ

((پـەنجاو شـەش سـالیَك لەمـەو بـەر ، ئاغایـەك چەرچـیەك رووت دەکاتـەوە ، لەنیَو وردەواڵەکەیدا گوژمەیەك ڕەحەتـە لقـوومی تیَـدا دەبـیَ ، ئاغامـان مەرحەمەت لەگەڵ سۆفی عـەلی ناویَـك دەکـا و چـەند دانەیـەکی لیَ دەداتـیَ ،

ئەویش لەبەر بەربەرۆژکە دەیانگلێنێ .
مسکێنێك پێی دەڵێ: سۆفی ! خۆت دەزانی کە ئەو شەکرۆکانە زەوتەنی و حەرمن ؟!.. ئەویش هەر ئەوەندە دەڵێ ـ بەخوا .. بەزاریم ڕەحەتن...))
لارەدەنکی و برگەسوانەوە لەزمانی قسەدا و ناوچە بەناوچە و خێل بەخێل ، دیاردەیەکی ئاساییە. بەو بەرڕەهاییە لە نوسیندا تاو نادرێن ، بیتو ئەو هەڕەمەکاریە بچڕێتە زمانی نووسینیشەوە خۆ خەریك کردن بەدەستوورسازی زمانەوە کارێکی بێهوودەیە .. لەلایەکی دیکەوە خۆدزینەوەیە لەتەلاق دان بۆ یەکێتی زمان و نەتەوە!!
لافی ئەوە لێنادەم کە ڕەمەکی نووس نەبووم.. یان نەبم . دەمەوێ بەرلەوەی کە بەهەڵەی ئەم و ئەودا بچمەوە لە گیرو گازی خۆمەوە دەست پێ بکەم و بەقسەی نەزۆك گەمە بەزەینی کەس نەکەم . ئەگینا فتوای حەرام گوی وام کەوتوەتە بەرچاو کە لە (حرف جرر) فعلی سازاندوە ! ئەمەش هەر لەزمانی کوردی رووی داوە!؟

**گەردانێك بە چاووگی ــ بوون ــ:**

ئەو چاوگە لە توخمی کارە یاریدەدەرەکانەو بێ هێزو تێنەپەڕە ... بەقەدو ڕەگیەوە دەکەوێتە گەردان ، وەك ﴿ بوو ، دەبێ ، ببە ... هتد﴾
لە وشەلکێنیدا ((الالصاقیه)) کە دیاردەیەکی هەرە زاڵی زمانەکەمانە ـ دەورێکی بە تەوژمی هەیە ، بەچەشنی کاری ((کردن)) کە ئەمیان تێ پەڕە .
نموونەی لکێن ، وەك ــ ئاوابوون ، سواربوون ، بووە ، زۆربوون ... هتد گیروگرفتیان کەمەو پێیان دەگوترێ ــ چاوگی دەست کرد ــ .
لە حالەتێکدا قەدی ( بوون ) بە مۆرفێمەوە گەردان ، ڕەت بڵاودەبێ ، لە شێ کردنەوەدا سەخت گیردەبێ ، بەتایبەتی لەزمانی نووسیندا .

**١ـ بوو ــ لەسەر کێشی ــ چوو:**

کاری رابردووی رەبەقەو قەدی چاوگی ــ بوون ــ ە ، بەکرتاندنی دەنگی ــ ن ــ . لەهەمان دۆخداو لە ئاخاوتنی گۆمیان و کرمانجی سەروودا ــ ئەو درێژە بزوێنە ﴿ .. وو ﴾ لەسەر ئاهەنگی تورکی بە دوولۆ = دیفتۆنگ دەشکێتەوە ، واتە
دەنگ + تێکرای ــ iu
ــ نەبوو ــ لەدۆخی نەفیدا . لە گۆرانی و ئەردەلانیدا ، دەبێتەوە بە ﴿ نەوو ﴾ بە گۆڕینی دەنگی / ب / بەدەنگی / و / . فەرهەنگی مەردۆخ ــ ل ٤ ــ بەرگی یەکەم ــ دەڵێ : ــ

(( لەم دنیای خەما منی شەیدائی
چاوێکم کردەوە لە بۆ بینائی ....
هەرچەنم کۆشا کەس خەوەرەو ( نەبوو)
لە تەنیائییا فیچ چوومە خەو ...)

٢ـ دەبوو ـــ وەك ـــ دەچوو:
پێك هاتووە لە نیشانەی ﴿ دە = ئە + قەدی بوو﴾ ڕابوردووی بەردەوامیە . باری ئیلزامیش دەگرێتە خۆی ، کە دەڵێین : ﴿ دەبوو بم کردایە ﴾ لەو ڕێژگە = صیغە ـ یەدا ، پێ ویستە ڕاست بکرێتەوە ، پاشکۆی ﴿ بەهامبەر وەربگرێ و بنوسرێ ((دەبووایە بم کردایە)) لە هەندێ ناوچەدا ، دەگوترێ : ((دەبوا بم کردایە)) بەهەر حاڵ بێتو بەو چەند شێوەیە بخرێتەکار قالبێکی هاوبەش بەناڕەوا دێتە گۆڕێ و دەبێتە مایەی ئالۆزکان .

**٣ - ببوایە - کاری ڕابووردووی دانانی و مەرجی :**

پێك هاتووە لە نیشانەی ﴿ ب + قەدی بوو + پاشکۆی ـــ ایە . بە هاوکێشەی بنووستایە﴾ . ئەم ڕێژگەیە وردبینی تێدا دەکرێ :

أ - دوو بزوێنی / .. وو + ١٠٠ / لێکیان داوەو گۆکردنیان مەحاڵە!

ب ـ بەهاوکێشەی / .. وو ، و + ی + بزوێن = / و / ی دەنگ + بزوێن ، دەبێە (ببوایە Bibwaye هەندێ زمانەوان لە تێ ڕوانینی جووتە واوەکە ، دەهێنن بزوێنی / .. وو = u / دوولەت دەکەن ، بەم گەمەکاریە بڕگەی لێ سازدەدەن :

ب ـ / بو / وا / یە = Bibu waye

جـ ـ سازدانی نێو بڕ بەدەنگدار لە نێ،انی جووتە بزوێندا ، بۆ ئەوەی کە هیچیان فەرامۆش نەکرێن : (ببوو + یـ + ایە = ببووایە ) لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا ئەو پاراستنە زاڵە . وێنەی تێ چوون و تێ نەچونشمان زۆرە ، وەك : ـــ گا + ەکە = گاکە ، یان گایەکە

لە دەستە شێوە سۆراندا ، ڕابووردووی دانانی = انشائی ، بەم شێوەیەیە :

أ ـــ بـــ + ب + ایە = ببایە . واتە بزوێنی قەدی ـــ بوو ـــ بە تەواوی تێدادەچێ و تەنها ڕەگی / ب / لە کارەکەدا ، دەمێنێتەوە ، ئەم ڕێژگەیە، چونکە دیاردەی دەستەشێوەیەکە ، بەهەڵە دانانرێ .. بەڵام چونکە قەدی کارەکە - بوو -ەو تێ چوونی بزوێنەرەکەی لەباری ناچاریەوە نیە ـــ ڕێژگەی ـ ببوایە ـــ پەسند دەکرێ لە نووسیندا .

ب ـ- ئەگەر لە ببایەدا دەنگی / ب / ی دوەم بەڕگەکار خۆی ساغ بکاتەوە ، دەبێ لە وێنەی - بخواردبایە - دا بە چی دابنرێ ؟

لـەو بارەیـەوە هەنـدێ زمانـەوان - وەك مامۆسـتا مـسعوود محەمـەد - لـە لێکۆڵینـەوەکانی خۆیـدا ، وەك پاشـگر بەرەسـەنتری دادەنـێ ، واتـە پەنجـە بـۆ وێنەی ــ بکردبایە ـــ رادەکێشێ .

لـە بۆچـوونی خۆمـەوە ڕام جیـاوازە ، گومانی تێدانیە کە (ایە) پاشکۆی کاری ڕابـووردووی دانانیـە : (بـــ ... ایــە) ەمێنێتەوە پسانەوەو نەپسانەوەی تێکڕای نیشانەی (بایە) ژیربێژیانە بۆی دابچین لە سۆرانیدا ڕێژگەکە بەم چەشنەیە : بووبایە ، کردبایـە ... لـەم دۆخـەدا تێکـڕای نیشانەکە بریتیە لە (بایە) بەنەپساوەیش دەلکێ بە کۆتایی کارەکەوە .

کە لە برێ ئاخاوتنیشدا دەگرترێ :

بکردبایە ، بدابایە ... وای بۆ دەچم کـە لە تێکەڵ بوونی دوو شێوە وە پەیدا بووی بێ - واتە بەرایی نیشانەکە لـە بابانیـدا شارباژێری ــ خـۆی ڕاگـوێز کردبـی بـۆ سۆرانی وتێکرای ﴿ بـ ...بایە ) هاتێتـە کایەوە ، لـەم کارتـێ کرانـەوە وێنـەمان زۆرە وەك ئامرازی پەیوەندی (لە بۆ = لۆ + بۆ )

بەسەرنجدانی ئەدەبیاتی ناوچەی سلێمانی لەبەرهـەمی شـیعرە پێـشینەکانی زەق بوونەوەی (لەبۆ) مـان بـۆ دەردەکـەوێ ، ئەم کارتێ کرانەش ڕەوتێکـی مێژوویـە لە گشت زمانێکدا ، ئـەو نەپـسانەوەیە ــ بەچاو مۆرفێمەکە- لە دەست شـێوەی سۆراندا ، لەبارترە ، بەڵام لە دۆخی نەفی و ئیسپاتدا بەدەست جێ گۆڕکێی ڕاناوی چـالاك ـــ چـمیر متـصل -ـــ ەوە گیردەخۆین، بەڵام لەئاخاوتنە بابانیەکەدا یەك ڕەوت دەبێ و پـاش و پـێش ناکـا ، وەك :

أ ــ بابانی : ــ بم کردایە ، نەم کردایە.

ب ـــ سـۆرانی : ـــ کردبامایـە ، نـەم کردبایە .

ئینجا بۆ ئەوەی کە تووشی ئـەم هـەموو گێرمـەو کێـشەیە نـەبین و بەخواسـتی زمـانی نووسـین تـەنها قالبێکیـان لێ بخرێتەکار،

**٤ - بووبوو ـــ کاری ڕابووردووی دوور:**

پێك هاتوە بە دووبـارە خـۆی کارەکـە ، وەك دەردەکەوێ قاڵبەکە ــ بـوو + بـوو ــ لە ئاخاوتنی سلێمانیدا بە کامڵی گـۆ دەکرێ . بەڵام لەدەستە شێوەی موکریـدا ، کـارە بنجیەکـە لـە بڕگـەی کـراوەوە دەشـکێتەوە بـۆ بڕگـەی گـیر ، کـە بزوێنەرەکەی بە پیتی عەرەبی نانووسـرێ ، وەك ئەم شێ کردنەوەیە :

((ب / = بوو + بوو = ببوو = Bibu))

ئەم قالبە تێك شـکاوە لـەزمانی قـسەدا لەزۆر هەرێمـدا زاڵـە و نووسـەرانیش لـە ئـــەدەبیاتی تۆمارکراویانـــدا بـــەکاری دەهێنن ، بەش بـەخۆم ئەگـەر لەقـسەدا

وەهام دەق پێوە گرتبێ ، لە نووسیندا کردە پەشیمانم ، مەبەستم ئەوەیە کە بەخواستی وشەسازی دەست چنی قەدە زمانییەکان بکەین و ڕێگەی ئاسان بدۆزینەوە لە دەستورسازیدا .

**٥ ـــ بووە ـــ کاری ڕابووردووی نزیکەو لەسەر کێشی ـــ چووە : پێك هاتوە لە :** (بوو + وە ) . لەسەر فۆرمی نیشانەی ڕابووردووی نزیك و کێشەو دەمەقالی بەردەوامە ،

أ ـــ ڕابووردووی ڕەبەق + نیشانەی ـــــ وە ـــــ. بەپێێ لێکۆلینەوەکانی خۆم بڕوام بەم لایەنەیە .

ب ـــ ڕێژگەی بنچینە کە ئاوەڵ ناوە و دەنگی / وو /ی درێژ پاش گرە ، نیشانەکەش تەنها بریتیە لە / ٥٠٠ / ی بزوێن ، ئینجا ئەویش ڕاناو بێ یان کاری یاریدەدەربێ

جـ ـــ ڕای سێیەم : نیشانەکە بەدوای دەنگداردا / وو /ی ڕووتە ، وەك ـت ڕشت + وو ـــ بەدوای بزوێنیشەوە تەنها / ـــ و / یە ، وەك :

ـــ زانی + و ـــ ئەمە یەرەیە ساکارانە بۆی چوون و هێمایان بۆ بزوێنی / ٥٠٠/ ی نەکردوە.

تێبینی : لە کتێبە دەست نووسەکەمدا : (قریوەیەك لە چوار وەرزەی زمانی کوردیدا ) ئەو لایەنانەم یەکالا کردونەوەو لێرەدا بواری پەل پێ هاوێشتنم نیە ..

ـــ کاری ( بوو = وە ) لە نێوان زمانی نووسین و قسەدا ، ئالۆزکاوەو بەگشتی نووسەران ئاوڕێکیان لە لایەنە زانستیەکەی نەداوەتەوە:

أ ـــ لە ڕووی دەنگسازیەوە ، ڕێگە لەوە نەگیراوە کە بڕگەی ـــ وە ـــ ببێ و بگوترێ : (بوو وە) بەڵام لە دەر پۆقاندنی لچو لیوو بێ بوارە بەدوا یەکداهاتنی ئەو دوو بڕگەتەنافیە ، قورسی پەیدا دەبێ و بڕگەی یەکەم کورت هەڵ دێتەوەو زیان بە ساختمانی وشەکەش ناگا ، کە بنووسرێ :

ـــ بو وە ـــ نەك بنووسرێ : ـ بوو وە ـــ .

ب ـ لە ڕستەسازیدا بەدوای کاری ـ بووە ـــ دا نیشانەکە پەیوەندی /٥٠٠/ بەرەنگاری بزوێنی نیشانەکە دەبێ، دیارە دەبێتە ـ ٥ + ٥ ـ گۆکردنیان بەیەکەوە مەحاڵە. بۆ پارستنیان نێوبڕ = ئینفۆنیکی /ت/ دێتەکایەوە و دەبێژرێ: (بو + وە + ت + ە — پیاو) لەزمانی قسەدا و بۆ بارسوکیی لچولێو، ئەو ساختمانە هەرەس دەهێنێ و کاتی بیخەینە ژێر ڕکێفی شێ کردنەوەوە بەدەستییەوە گیردەخۆین، وەك بڵێین: ـــ ڕەگی / ـ ب = بوو.

وو + وە = ۆ ـ . لێرەدا قەدی کارەکەو فۆڕمی نیشانەی ـ وە ـ لە تاکە بڕگەی بۆ ـ دا، سەری تێدا دەچێ . لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێگە لە قاڵبە کامڵەکە نەگیراوە. کەواتە ڕەوای کارنییە کە لەباتی (بووەتە..) بنووسرێ (بۆتە..).

جـ ـ دیسان هەر لەوشەسازیدا کاری ـ بوو ـ لەگەڵ پاشگری /ەوە/ ی دووبارەو بەرەبەرەدا، لەگرێژنە دەچێ، بەنیگایەك ئەم ڕێژگانە گەمارووی زەنیمان دەدەن:

**١ـ** بو / وە/ وە = بووەوە

**٢ـ** ب / وە / وە = بووەوە

**٣ـ** بۆ / وە = بۆوە.

باری زانست و سەردەمی تیژەڕو، تەنها ماوە بەوە دەدا کە ڕێژگەکە لە دەقی (بوەوە) دا خۆی بچەسپێنێتە نووسینەوە، چونکە قاڵبی ـ بۆوە ـ وەك (ـ بۆتەوە، چۆتەوە) کە لەمەوبەر لەسەری ڕۆیشتم بەجارێ سەریان تێدا دەچێ. قاڵبی (بووەوە)ش زێدەرەوی تێدا هەیە، چونکە درێژە بزوێنی /..وو/ ی دوای ـ بوو ـ بەزەبری بزوێنەکەی دی دەبێتەوە بەدەنگدارو سەرەتای بڕگە و دەنگی / ب / وەك بڕگەیەکی گێر بەجێ دەهێڵێ، نیمچە بۆری / ..و/ یان نیمچە ژێری ـ i ـ لەم ئەلفوبێیەدا هێمایان بۆ دانەنراوە، وەك لە وشەی (چیا، چوار) دا هەستیان پێ دەکرێ و نانووسرێ (چییا، چووار). بەخواستی ئەو لێ کۆڵینەوەیە وەها پێ ویستە کە

بنووسین

بوەوە = Biwewe

....................

بووەتە..

نەنووسین

بووەوە

بۆوە

بۆتە...

بوووەتە..

بوەتە...

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨٠)ی ساڵی (١٩٨٠)، لە لاپەڕە (١٣ - ١٥) بڵاوکراوەتەو ە.**




# خوێندنەوەیەك بۆ فەرهەنگا کورمانجی ـ ئینگلیزی

سەلام ناوخۆش

*** پێناسەیەك بۆ فەرهەنگەکە**

فەرهەنگی (کورمانجی ـ ئینگلیزی) ناوی فەرهەنگەکەیە، بەواتای فەرهەنگەکە هیچ ناوێکی نییە وەك زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان. ئەم فەرهەنگە (مایکل چایت) نووسیویەتی. زانکۆی Yale لەساڵی ٢٠٠٣ بۆی بڵاوکردۆتەوە.

مایکل دەروازەی فەرهەنگەکەی ناو ناوە (بیرەوەری و هیڤی). دەروازەکە لە لاپەرە Vll حەوتی ڕۆمانی هەتا لاپەرە Vll ی حەڤدەی ڕۆمانی گرتووە. لاپەڕە هەشتی ڕۆمانی هەتا بیستی بریتییە لە چەند سوپاسنامەو ڕێزو پێزانین بۆ ئەوکەس و دام و دەزگایانەی یارمەتی مەیکلیان داوە لەنووسینی ئەم فەرهەنگەدا.

هەر فەرهەنگێك چەند ڕێنماییەکی هەیە بۆ ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، لەم فەرهەنگەش لاپەڕە (٢٠) و (٢١) تەرخانکراوە بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی فەرهەنگەکە، لەبەر ئەوەی فەرهەنگەکە لە دەسپێکدا بەگوێرەی ئەلفبێی لاتینی نووسراوە، بۆیە بیانییەکان تووشی گرفتی ئەوتۆ نابن!

لەلاپەڕە (٢٢) و (٢٣)دا کورتکراوەکان خراونەتەڕوو، ئەم دیاردەیە لەفەرهەنگدا زۆر هاریکارە، فەرامۆشکردنی جگە لەوەی ڕووبەرێکی زۆر داگیردەکات، هەتا کار لەشێوازی نووسینی فەرهەنگیش دەکات، هەروەها ئەمەیان زیاتر پەیوەستە بەکەسانی پسپۆڕ نەك خوێنەرو کەسی عەوام.

لاپەڕە (٢٤) هەتا (٣٢) تایبەتکراوە بەکورتکراوەی ئەو سەرچاوانەی فەرهەنگنووس سوودی لێوەرگرتوون، هەروەها لاپەڕە (٣٣) هەتا (٣٦) تەرخانکراوە بۆ ئەو ژێدەرانەی لەبواری بەراوردکردنی زمانەوانیی سوودیان لێبینراوە. بەحوکمی ئەوەی کورمانجی دەڤەرێکی فرە لەکوردستان دەگرێتەوە، لەو هەموو دەڤەرەش هۆزو عەشیرەت و خێل و تیرەی زۆر هەن، بۆیە وشەکانی شێوەو خوێندنەوەی جودایان هەیە. ئەمەو ئەو زارەی کوردی قسەکەری زیاتر لەدەقی نووسین! لەم ڕوانگەوە، مایکل لەلاپەڕە (٣٧) و (٣٨) ناوی ئەو شوێنانەی تۆمارکردووە، کە (وشە) و (شرۆڤەی وشەکەی) لە زانیاریدەرەکان وەرگرتووە. ئەمەش لایەکی ئەکادیمیی زانستی فەرهەنگەکەیە.

نووسینی کورمانجی بەسێ ئەلفبایێ دەنووسرێ. هەر سێ ڕێنووسی (لاتینی) (عەرەبی!) (سیریلی) لەلاپەڕە (٣٩) و (٤٠) ڕێنووسی (ستاندەرد)ی هەرسێ ئەلفبایەکە خراونەتەڕوو. هەرچەندە لەریزبەندی وشەکاندا هەردوو ڕێنووسی لاتینی و کوردی بەکارهاتوون.

لەلاپەڕە (چل و یەك و چل و دوو) سیستەمی ساڵنامەی فارسی (ئێرانی، و عیسایی (زایینی) خراونەتەڕوو ئاماژە بۆ مانگەکانی ئەو دوو سیستەمە جودایە کراون، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ ساڵنامەی کوردی نەکراوەو ناوی مانگەکانی کوردیش نەنووسراون! ئەمەش کێماسیەکە.

وشەکانی فەرهەنگەکە لە (A)ی هەتا (Z) (٦٩٩) لاپەڕەی گرتووە. لەو هەموو لاپەڕەیە هەر تەنیا واتای وشەکە نەدراوە، بەڵکو ڕستەش هەیە، لەلاپەڕە (٧٠٣) هەتا لاپەڕە (٨٤٧) دانە وشە ـ Vocabulary ئینگلیزی ـ کوردی هەیە.

لەم بەشەدا، فەرهەنگنووس بەشێوەی ئەبجەدی وشەی ئینگلیزی هێناوە لە بەرامبەریش واتاکەی (تەنیا واتاکەی) بە کوردی داوە. لێرەش هەردوو ئەلفبای لاتینی و کوردی بەکارهێناوە.

**ئەدگارەکانی ئەم فەرهەنگە:**

لەماوەی ئەم چوار سەدەیەدا (سەدەی هەژدەو نۆزدەو بیست و بیست و یەك) چەندەها بیانی بە بیانووی جودا، فەرهەنگی(کوردی) و زمانەکەی خۆیان یان بە پێچەوانەوە نووسیوە، ئیتالی، کوردی ، فەرەنسی ، کوردی ، رووسی ، کوردی ، ئینگلیزی کوردی هەندێ لەو فەرهەنگانە موژدەدەرە مەسیحیەکان نووسیووینە. هەوڵیان داوە (کتێب پیرۆز) بەتایبەتی پەیمانی نوێ ـ ئینجیل بۆ کوردان راڤە بکەن هەتا لە هەندێ شوێنی کوردستان (ئینجیل) کراوەتەوە کوردی. ئەو دەقە کوردییەی ئینجیل بەیەکەم دەقی پەخشانی کوردی یاخود نووسینی کوردای دانراوە.

لەلایەکی تر، ئیشکردنی لەسەر زمانی کوردی و نووسینی فەرهەنگی کوردی و ڕێزمانی کوردی بە بەهانەی سیاسی کراوە. ژمارەیەك لە ڕۆژهەلاتناس و کوردناسان مژۆلی ئەو جۆرە کارانە بوونە. وێڕای ئەو هەنجەتە سیاسیە، بەلام کارەکەیان لە ئاکام بە قازانجی زمان و کەلتووری کوردەوە تەواو بووە.

کۆمەڵەی سێیەم، ئەو کەسانەن کە بە بیانووی (زانستی) (مەعریفی) (زمانەوانی) و (خولیا) بەو کارە هەلساون. بەڕای من ئەم فەرهەنگە زیاتر لەئەو کۆمەڵەیەیە، چونکە تەکنەلۆژیای سەردەم هەموو سنوورەکانی بڕیوە. ئەوەی ئێستا دەکرێ زیاتر مۆرکێکی زانستی پێوە دیارە. لەپێش ئەم فەرهەنگە، زۆر فەرهەنگی تر نووسراون، بەلام ئەمەیان چەند تایبەتمەندێکی هەیە لەوانی تر دانین:

١ـ وشە کوردییەکە بەهەردوو ڕێنووسی لاتینی و کوردی نووسراون. لەم ڕوانگەوە لەسەراپای کوردستان لەلایەك و دەرەوەی کوردستان خوێنەر دەتوانێ فەرهەنگەکە بخوێنێتەوە.

٢ـ بەهاوکاری (مارتن چوارتز) ئیتۆمۆلۆژی هەندێ وشەکانی شرۆڤەکردووە.

٣ـ خوێندنەوەی دەنگی وشەکە ـ ئەوەی بەلاتینی نووسراوە، بە ئەلفبای کوردی دەربڕاوە لەهەندێ شوێنیش بەپێچەوانە.

٤ـ بەشە ئاخاوتنی وشەکە نیشاندراوە. بەواتای ئەگەر وشەکە لەکوردی (ئاوەڵناو) بووبێ، ئەوە لە ئینگلیزیەکەش وشەیەکی ئاوەڵناویی هێناوە و هێمای (adj) لەپێش داناوە.

٥ـ جێندەری وشەکە دیارکراوە. کورمانجی زارێکە وەك زمانی فەرەنسی جێندەر تێیدا زۆر گرنگە ئەمەش بە (F) بۆ مێینە (M) بۆ نێر بەکارهاتووە.

٦ـ دیاردەی فرەواتا لەکوردیدا مشەیە، هەروەها هەندێ جار لەمە دیاردە زمانەوانییەدا لێلی ambiguity دروست دەبێ. یەکێ لە هۆکارەکانی لابردنی لێلی دەوروبەرە Context .

ئەمەش بەدوو جۆر دەبێ:

سیاقی زمانەوانی، سیاقی نازمانەوانی. ڕستە هێنانەوە بەشێك لە سیاقی زمانەوانی لە فەرهەنگ پێکدێنێ. ئەم فەرهەنگە گرنگییەکی باش بەم دیاردە داوە. خوێنەر لەبەرانبەر واتا جیاوازەکانی کورمانجیدا تووشی سەر لێشێوان نابێ. هەروەها هێنانەوەی ڕستە بۆ واتا جیاوازەکان هەر وشەیەك، پڕۆسەی وەرگێڕانیش ئاسان دەکات.

## هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٥/٢٣) کاتژمێر (٩) ی بەیانی گفتوگۆی تێزی دکتۆرای قوتابی (عومەر مەحموود کەریم) بەناونیشانی (سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان) لەهۆڵی مامۆستا (تاهیر بەکر) لەکۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیە تاوتوێکرا، لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١ـ پ. د. یوسف شەریف سەعید زانکۆی سەلاحەدین سەرۆکی لیژنە
٢ـ پ. ی. د. محەمەد مەحوی زانکۆی سلێمانی ئەندام
٣ـ پ. ی. د. طالب حوسێن عەلی زانکۆی سەلاحەددین ئەندام
٤ـ پ. ی. د. عەبدوڵڵا حوسێن رسول زانکۆی سەلاحەددین ئەندام
٥ـ پ. ی. د. بەکر عمر عەلی زانکۆی سلێمانی ئەندام
٦ـ پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح زانکۆی سەلاحەددین ئەندام و سەرپەرشت

دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، تێزەکە وەك خۆی و بە پلەی (نایاب) وەرگیرا.




## هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١/٢٢) سەعات (٩) ی بەیانی نامەی ماستەری قوتابی (عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان) بەناونیشانی (فرێزی بەند لەزمانی کوردیدا) لەهۆڵی مامۆستا (تاهیر بەکر) لەکۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیە تاوتوێکرا، لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١ـ پ. د. وریا عومەر ئەمین زانکۆی بەغدا سەرۆکی لیژنە
٢ـ پ. د. یوسف شەریف سەعید زانکۆی سەلاحەددین ئەندام
٣ـ پ. ی. د. طالب حوسێن عەلی زانکۆی سەلاحەددین ئەندام
٤ـ د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم زانکۆی سەلاحەددین ئەندام و سەرپەرشت

دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، نامەکە وەك خۆی و بە پلەی (زۆر باشە) وەرگیرا.



## هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٢/٥) سەعات (٩) ی بەیانی نامەی ماستەری قوتابی (بابا ڕەسوول نوری ڕەسوول) بەناونیشانی (پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا) لەکۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین تاوتوێکرا، لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:


١ـ پ. ی. د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد زانکۆی سلێمانی سەرۆکی لیژنە

٢ـ پ. ی. د. عەبدوڵڵا حوسێن زانکۆی سەلاحەددین ئەندام

٣ـ د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم زانکۆی سەلاحەددین ئەندام

٤ـ پ. د. یوسف شەریف سەعید زانکۆی سەلاحەددین ئەندام و سەرپەرشت

دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، نامەکە وەك خۆی و بە پلەی (زۆر باشە) وەرگیرا.



## هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی هەواڵی زمانناسی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٥/٩) سەعات (٩)ی بەیانی تێزی دکتۆرای قوتابی (شێرکۆ حەمەئەمین قادر) بەناونیشانی (شیکارکردنێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ) لەهۆڵی مامۆستا (تاهیر بەکر) لەکۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیە تاوتوێکرا، لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ پ. د. وریا عومەر ئەمین | زانکۆی بەغدا | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- پ. د. یوسف شەریف سەعید | زانکۆی سەلاحەددین | ئەندام |
| ٣- پ. ی. د. بەکر عومەر عەلی | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٤ـ پ. ی. د. هۆگر مەحمود فەرەج | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٥- پ. ی. د. قەیس کاکل تۆفیق | زانکۆی سەلاحەددین | ئەندام |
| ٦- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح | زانکۆی سەلاحەددین | ئەندام و سەرپەرشت |

دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، تێزەکە وەك خۆی و بە پلەی (نایاب) وەرگیرا.

# ڕێنمایی و ڕوونکردنەوە:

١ـ ئەو بابەتەی بڵاوناکرێتەوە بە خاوەنەکەی دەدرێتەوە.
٢ـ ئەو بابەتەی بڵاو دەبێتەوە، نووسەر دەتوانێ لەشوێنی دیکە بڵاوی بکاتەوە.
٣ـ بابەتەکان تاپپ کرابن ، هەروەها ( زمانناسی) بۆخۆی بەگوێرەی ڕێنووسی خۆی دایدەبەزێنی.
٤ـ لەبەرانبەر بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك یان چاوپێکەوتنێکدا هیچ پاداشتێك نییە.
٥ـ باس و بابەتەکانی نێو گۆڤار جگە لە زمانی کوردی ، ئەوا بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش لە ژمارەکانی داهاتوو بڵاودەکەینەوە.

## سەرەتایەك بۆ بە كوردیكردنی زانستەكان



چاپخانەی منارە - هەولێر